


# ژن ژیان ئازادی

**WOMAN LIFE FREEDOM**



بەشی: ٢٥

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست


١- ساڵی هیوا ........................................................................ کەریم پەرویزی ......... ٤
٢- یەکگرتنەوە و شۆڕشی ژینا (ساڵی ١٤٠١) ......................................... سمایل شەرەفی ......... ٩
٣- شۆڕشی ژینا پێ نایە یەکەم بــەهاری تەمەنی ! ........................................ بیژەن قارەمانی ......... ١٣
٤- خالید عەزیزی: ئێرانی داهاتوو بەبێ دانانی بە مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دروست نابێتەوە
............................................................................ دیمانە: شەماڵ تەرغیبی ......... ١٧
٥- محەممەدنەزیف قادری: ئامانجی شۆڕشی ژینا ڕزگاری لە چنگ دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری، دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵە ............................................. دیمانە: دیاکۆ دانا ......... ٢٢
٦- مەیلی ئازادی لەم خاکە نابڕێ ............................................... ئاسۆ مینبەری ......... ٢٧
٧- وانەکانی شۆڕشی ٥٧ بۆ لێفێربوون و بەردەوامیی شۆڕشی ژینا ......................... ڕەزا محەممەدئەمینی ......... ٣٠
٨- ساڵی بەردەم، ساڵی چارەنووس ............................................... عەلی بداغی ......... ٣٥
٩- شیکارییەکی کورت لە نارەزایەتییەکانی شەش مانگی ڕابردوو ......................... سۆران شەمسی ......... ٣٨
١٠- بە پێشوازیی نەورۆز ........................................................ ئاسۆ مینا ......... ٤٣
١١- سەقامگیرییەکی کاتی یان دارمانێکی یەکجاری ...................................... ئومید محەممەدپووری ......... ٤٦
١٢- لە ٢٠٠ ڕۆژەی شۆڕشی ژینادا ............................................... سمایل شەرەفی ......... ٥١
١٣- ئێعدام لە پێناو دەستەبەری ئامانجە سیاسییەکاندا ................................ عومەر باڵەکی ......... ٥٥
١٤- چەواشەکردنی چەمکەکان: جێگۆڕکێی بەهاکان و دژبەهاکان .......................... د.کامران ئەمین‌ئاوە ......... ٥٩
١٥- بەرخۆدانی بەردەوام ............................................................ کەریم پەرویزی ......... ٦٢
١٧- گرینگتر لە قۆناغی بنیاتنانەوە ................................................ عەلی بداغی ......... ٦٦
١٨- مازۆخیزمی کۆماری ئیسلامی .................................................... شەماڵ تەرغیبی ......... ٦٩
١٩- ئایا ئێران لە بەردەم شۆڕشدایە؟ ........................................ هەڤپەیڤین لەگەڵ جەک گۆڵدستۆن ............
فارسی: مێهرداد واعیزینەژاد وەرگێڕانی بۆ کوردی: ساماڵ ئەحمەدی ............................................ ٧٢




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٠- شۆڕش پرۆسەی بنیاتنانی دامەزراوەکانی بەرخۆدانی خەڵکە ................................ سۆران شەمسی ......... ٩١
٢١- ئاوڕدانەوەیەک لە نارەزایەتییەکان و چۆنیەتیی بەشداریی کورد لەم شۆڕشە .......... ئومید محەممەدپووری ...... ٩٧
٢٢- ترس لە ژن لە شۆڕشی ژینادا ............................................................ سمایل شەرەفی ......... ١٠١
٢٣- لە ئازایەتیی کچان دەترسێ! ............................................................ ئاسۆ مینبەری ......... ١٠٤
٢٤- کوردستان، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و ڕێکخراو ................................ سمایل شەرەفی ......... ١٠٧
٢٥- درێژەی شۆڕش .............................................................................. بابەک ناسری ......... ١١٠
٢٦- حیجابی زۆرەملێ و شۆڕشی ژینا ................................................ ڕەزا دانشجوو ......... ١١٣
٢٧- چینی بنیاتنەر بەڵام پەراوێزخراو ................................................ عەلی بداغی ......... ١١٨
٢٨- پرسیاری نوێ ................................................................................ کەریم پەرویزی ......... ١٢٢
٢٩- ئاستی وشیاریی نەتەوەیی کورد لەهەمبەر فاشیزمی ئایینی و قەومیدا ................. شەهرام سوبحانی ....... ١٢٦
٣٠- پێویستیی بناغەیەکی پتەو بۆ داهاتوویەکی یەکانگیر ................................ ڕەزا محەممەدئەمینی ........ ١٣٠
٣١- ویستی ئێمە لە خواستی ئەوان ناچێ! ................................................ ئاسۆ مینبەری ......... ١٣٥
٣٢- ژنانی کورد ئەو هێزەیان هەبووە شەقامەکانی شار بجووڵێنن ......................... د. کوێستان گادانی ......... ١٣٨
٣٣- دیمانە لەگەڵ مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری و بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات ... ١٤٤
٣٤- ئاساییکردنەوە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا ............................................. سمایل شەرەفی ......... ١٥٤
٣٥- هەلومەرجی هەنوکەیی و ئەرکی ڕێکخراوە کوردستانییەکان ................................ مستەفا شەڵماشی ........ ١٥٧
٣٦- ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست لە دەلاقەی "شۆڕشی ژینا"وە .................................. ئەلبورز ڕوویینتەن ......... ١٦٢
٣٧- هۆکارەکانی بە ئاکامنەگەیشتنی شۆڕشی ژینا و ئەرکی لایەنە سیاسییەکان لە ئێستادا ..... شەهرام سوبحان ..... ١٦٥
٣٨- شۆڕشی ژینا دژی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی ................................................ خەبات ساڵحپوور ......... ١٦٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ساڵی هیوا



**کەریم پەرویزی**

تازەترین تراژێدی کە ڕەنگە دوایین تراژێدی نەبێ، لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا ڕووی دا، کاتێک کە دەرگای زیندانیان کردەوە و زیندانییەکی دلێر و چاونەترسیان لە زیندان دەر هێنا و بردیانە ژووری تاکەکەسی و پێیان وت کە بۆ ئێعدامی دەبەن! ڕۆژی دواتریشی بنەماڵەکەیان بانگ کرد و پێیان گوتن کە دواماڵاویی لە ئازیزەکەتان بکەن چوونکە دیداری بە نسیبتان نابێتەوە!! ئەو زیندانییە چاونەترس و بەورەیەش دەم بە پێکەنینەوە بە بنەماڵەکەی وت کە نابێ بگرین و دوژمن شاد بکەن، بەڵکوو بە بزەوە بەرەوڕووی گوللەکانی دوژمن دەبینەوە تاکوو پێیان بڵێین ڕووسوورترین لە هەموو کات و لە هەمووتان!

ڕۆژی هەینی ٢٦ی ڕەشەمە، زیندانیی سیاسیی کورد مەحیەدین ئیبراهیمییان ئێعدام کرد تاکوو بە کوردستان بڵێنەوە کە لە هەر دۆخ و هەلومەرجێکدا فەرامۆشتان ناکەین و ژاری ڕق و کینتان بەسەردا دەبارێنین!

بەیانییەک کە دەرگای ژووری داخراو و تاکەکەسی دەکەنەوە، هەر تەقەی کلیل و دەنگی پێیەک کە بەرەو ژوورە تاکەکەسییەکە دەڕوات، دڵەڕاوکێیەک دەخاتە دڵی دیلێکی دەستی ستەمکارەوە کە چاوەڕێی هاتنی جەللاد و بردنی بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەردەم گرووپی دەسرێژی ژەهر و کینەیە و لەگەڵ دەنگی شریخەی گوللەی ستەمکاران، ناوێکی دیکە بەسەر تاشەبەردەکانی مێژووەوە بە سەربەرزی تۆمار دەکرێ.

ئێعدام پەیامێکی هەمیشەیی کۆماری سێدارە و سەرکوتە بۆ کوردستان کە بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیەیە بەو پەیام و فەرمانەوە هرووژمی هێناوە بۆ کوردستان.

ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەمە، ڕێک شەش مانگ بە سەر ٢٦ی خەرماناندا تێدەپەڕی. ٢٦ی خەرمانانێک کە سی ساڵ پێش لە ئێستا، دوکتۆر شەرەفکەندییان دایە بەر دەسرێژی ڕق و کین و لە خەرمانانی ئەمساڵیشدا لە ٢٦ی خەرماناندا ژینای نیشتمان لە خاکی پیرۆزی کوردستان بەخاک ئەسپێردرا و ناوی بوو بە ڕەمز بۆ سەرهەڵدانەوە و ڕاپەڕین.

ئەم ساڵەی کە تێپەڕی دەتوانین ناوی بنێین ساڵی عاشقان، عاشقانی ژین و سەربەستی و و بەسەربەرزی ژیان.

وەکوو شاملووی بەرزەیاد دەیگووت:

حرفت را به من بگو
قلبت را به من بده
من ریشه‌های تو را دریافته‌ام
با لبانت برای همه لب‌ها سخن گفته‌ام
و دست‌هایت با دستان من آشناست.
در خلوت روشن با تو گریسته‌ام
برای خاطر زنده‌گان،
و در گورستان  تاریک با تو خوانده‌ام
زیباترین سرودها را
زیرا که مرده‌گان  این سال
عاشق‌ترین زنده‌گان بوده‌اند.

"لە بەر ئەوەی کە مردووانی ئەمساڵ، عاشقترینی زیندووەکان بوون!"



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەمساڵدا سەدان کەس لە وڵاتی بەڵاڵێدراوی ئێران بەدەستی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستێندرا و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی ڕێی ئازادییەوە. ئەمساڵ شۆڕشێک بەرپا بوو کە لە جیهاندا دەنگی دایەوە و زایەڵەی هەموو دونیای گرتەوە و گەڕایەوە نێو وڵات و نێو کۆمەڵگای فرەنەتەوەی ئێران.

لە شۆڕشی ژینادا کە لە کوردستان و لە شاری سەقزەوە چەخماخەی لێ درا و هەر لە کوردستانەوە و لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان و بانە و تا دەگاتە کرماشان و ئیلام  باڵای کرد و هەر لە شارەکەی سنەی باوانەوە بوو کە بە خۆڕاگریی زیاتر لە یەک مانگەی، کۆڵەکەی شۆڕشی وەسەر پێ خستەوە و هەموو ئێرانی هێنایەوە سەر خەتی شۆڕشگێڕی و هەستانە سەر پێ و بە گژ ستەمکاریدا ڕۆیشتنەوە، هەر بۆیە کوردستانیش بوو بە لانکەی لەدایکبوونی دروشمی نوێی شۆڕش و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە دەنگی هەڵبڕی و لە هەموو ئێران و جیهاندا دەنگی دایەوە.

ئەوانەی لەم شۆڕشەدا هاتنە سەرشەقام، دەستیان بەتاڵ بوو بەڵام دڵیان پڕ لە هیوا بوو و ئەوان دەیانویست کە ژیانی نێو ئەم جوغرافیایە، ژیانێکی شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێ. ئەوان دژی نەریتی کۆنەپەرستانەی بەکۆیلەکردنی ژن و بە سووک چاولێکردن لە مرۆڤەکانی دیکە بوون و پەیام و بانگەوازی بەرابەریی مرۆڤەکانیان پێ بوو. ئاواتی ئەوان تەنیا بەرابەریی ئابووری نەبوو، لەو خانەدا قەتیسیان نەکردەوە و بەڵکوو ئەوان خولیای ژیانێک و دونیایەکیان هەبوو کە تێییدا هیچ مرۆڤێک بەدەستی مرۆڤی دیکە نەچەوسێتەوە و هیچ مرۆڤێک بە سووک چاوی لێ نەکرێ و کەرامەتی پێشێل نەکرێ.

شۆڕشی ژینا، شۆڕش بوو بۆ ژیان، کە تێیدا ئازادی و کەرامەت و بەختەوەری و هەموو بەهاکان، لە دروشمەوە بکرێن بە کردەوەی واقیعیی سەر کۆڵان و شەقام و هەر بۆیە ژیان لای شۆڕشی ژینا مانایەکی دیکەی هەبوو لە دەرەوەی مانا ساناکەی کە شوکرانەبژێر بین کە هێشتا زیندووین، بەڵکوو ژیان بەو مانایە کە هیچ مرۆڤێک سەرووەریی نەبێ بەسەر مرۆڤی دیکەدا و کەرامەتی هەموو مرۆڤەکانی نێو ئەم جوغرافیایە هاوتا و یەکسان بێ.

شۆڕشی ژیان دژی بەمێگەلکردنی کۆمەڵگا و دژی داخرانی مێشکەکان و دژی قوفڵ لێدان لە زمانەکان بوو و بۆیە کاتێک لە بەلووچستان خودانوور لە بەردەم لیوانێک ئاودا دەبەسترێتەوە، لە زانکۆی کوردستان سەدان خوێندکار نمایشی هەمان شت دەکەنەوە تاکوو ڕەنگدانەوەی ئازادیخوازی و پێبەندی بە کەرامەتی مرۆڤ لە هەموو  قوژبنێکی ئێران ببینرێتەوە.
هەر لەم شۆڕشەدا کاتێک هەوڵ درا کە بەلارێدا ببرێ و لە باتی بەرابەری و ژیانی ئازاد و ڕێزگرتن لە کەرامەتی هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی، دروشمی دیکە بدرێ و کۆنەپەرستی و سیستمی ڕووخاو زیندوو بکرێتەوە، هەمو تێکڕا دەنگیان بەرز



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کردەوە و دروشمی دێموکراسی و بەرابەرییان دا.

بۆیە شۆڕشی ژینا، شۆڕشی ژیانی ئازاد و یەکسان و بەختەوەرانە بووە و هەموو ئەوانەی دەنگیان هەڵبڕی و لە شۆڕشدا بەشدار بوون، بە خۆشەویستی بۆ ژیانێکی وەها هاتنە سەرشەقام کەچی لەگەڵ دڕندەترین هێزی سەرکوتکەر بەرەوڕوو بوون و بە تەقەکردن لە چاو و شوێنی هەستیاریان هەزاران کەسیان بریندار کرد و بە سەدان کەس لەم شۆڕشەدا شەهید بوون. ئەوانەی لەم ساڵدا بەرەورووی مەرگ بوونەوە، نەک مەرگدۆست نەبوون و حەزیان لە مردن نەبوو و ئیدئۆلۆژییان وەکوو ڕێژیم مەرگدۆستی نەبوو بەڵکوو لە پێناوی ژیانی باشتر و لە پێناوی خۆشەویستی بۆ ژیان و ژینی بەکەرامەتەوە هاتنە سەر شەقام، بۆیە کۆچکردووەکانی ئەمساڵ عاشقترینی زیندووکان بوون، چونکە عاشقی ڕەسەنترین شت واتە ژیانی ئازاد و بەکرامەتەوە بوون.

ئەوەی لە درێژەی شۆڕشی ژینادا هاتە ئاراوە، لەبەر نەبوونی ڕێبەریەکی ڕێک خراو و هاواهەنگ بەداخەوە دەرەتان و دەرفەتەکە بەرەو لاوازی ڕۆیشت. هەرچەند لەنێو ڕۆژانی سەرهەڵدان و ڕاپەرینەکدا کە وێنەی حەماسەیی زۆر خولقێندرا و وەکوو لە حەماسەی چلەی ژیاندا ڕووی دا مێژوویترین وێنەکان تۆمار کران، یان لە شوێنەکانی دیکە شکۆی سەرهەڵدان و ڕاپەرین و ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران چ لە کوردستان و چ لە لوڕستان یان بەلووچستان یان لەنێو نەتەوەی گیلەک و شوێنەکانی دیکە، خاوێنترین وێنەکانی خۆشەویستی بۆ ژیان و ئیرادەی سەرهەڵدان و بەپێوە ڕاوەستان تۆمار کران؛ بەڵام نەبوونی ڕێبەریی هاواهەنگ، دەرەتانەکەی کز کرد و ئاکام وەرگرتنەکەی ماوەتەوە بۆ قۆناخی دیکە.

بوونی ڕێبەری بۆ هەر سەرهەڵدان و شۆڕشێک پێویستییەکی بنەماییە کە دەتوانێ هێزەکان بە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و لە پەرتەوازەیی دەریانبێنێ و دونیایەکی دیکەی داهاتوو بخاتە بەرچاوی خەڵک کە بەرەو شوێنێکی هاوبەش و دیاریکراو هان بدرێن.
لە دۆخی ئێستادا کە کۆمەڵگای ئێران پێیدا تێدەپەڕێ، ئەو ڕێبەرییە ناتوانێ ڕێبەرییەکی فەردی و تاک بێ چونکە هەرجۆرە هەوڵدانێک بۆ تاکپەرستی یان زاڵکردنی تاک بەسەر شۆڕشدا، دژی بایەخەکانی شۆڕشی ژینایە و خەڵک وەبیری ساڵی ١٣٥٧ دەخاتەوە کە خومەینیی دڕندە کرا بە ڕێبەری سەرەڕۆی شۆڕشەکە و لەئاکامدا کوشتار وماڵوێرانیی خراپتر لە پێشووی لێ کەوتەوە.
بۆیە هەر جۆرە ڕێبەرییەک لە درێژەی شۆڕشدا بێتە ئاراوە، دەبێ ڕێبەریی هاوپەیمانی و بەرەیی بێ کە لە تاکپەرستی و زاڵبوونی تاک دەربازی بووبێ و گرووپی ڕێکخراو کە بەرچاویان ڕوونە و درۆ لەگەڵ یەک ناکەن ببنە هاوکار و هاواهەنگ بۆ ڕێکخستنی شۆڕش.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مەرجی ئەو پێکەوەبوونەش بریتییە لەوەی کە تانوپۆی کۆمەڵگای ئێران بناسرێ و دان بە واقیعییەتەکاندا بنرێ. ڕێبەریی شۆڕش ناتوانێ دوور بێ لە واقیعی پێکهاتەی کۆمەڵگا، بە واتایەکی دیکە ناکرێ لە کاتێکدا کۆمەڵگای ئێران لە ئیدئۆلۆژیی چەقبەستوو دەربازی بووە و هاواری یەکسانیی ژن و پیاو دەکەن و باوەڕی بە دەسەڵاتداریی نەژادی و خوێنی و ... و نەریتی کۆن نییە و کۆمەڵگایەکی فرەچەشن و وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، ئەو ڕاستییانە لەبەرچاو نەگیرێ و یەکێک بیەوێ کۆمەڵگا بگەڕێنێتەوە بۆ سەد ساڵی پێش و یەکی دیکە بۆ ٢٥٠٠ ساڵی پێش و ئەوی تر حاشا لە بوونی نەتەوەکان بکا یان گرووپێک بیەوێ ئیدئۆلۆژیی داخراو یان فاشیستی بەسەر وڵاتدا زاڵ بکا! بۆیە یەکەم مەرجی ڕێبەریی هاواهەنگی شۆڕش و سەرهەڵدان بریتییە لەوەی ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگا بێ.

ئەوەی کە سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکە لە کزیی داوە و بەداخەوە سەرکوتکاران دەستیان کردووە بە کوشتار و ئێعدامی ڕۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێران، نیشانەی ڕۆژانێکی سەخت و دژوارن لەسەر ڕێی کۆمەڵگای ئێران و نەتەوە مافخوازەکان لە ئێراندا. نیشانەکان و هەڕەشە و گوڕەشە و جموجۆڵەکانی ڕێژیم وامان پێ دەڵێن کە ڕۆژانی سەخت و دژوار بەڕێوەن؛ ڕۆژانێکی سەخت و دژوار بۆ هەموو خەڵکانی ئێران و لەولاشەوە ڕۆژانی سەخت و دژوار بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. چونکە ڕێژیمیش لە قەیران تێنەپەڕیوە تا بە ئاسوودەیی دەست بکا بە سەرکوت و ئەوەی دەیەوێ، بۆی بڕواتە سەر! بەڵکوو تا دێ دۆخی ڕێژیمی دژوارتر دەبێ و قەیرانەکان لە ساڵی داهاتوو زیاتر بەرۆکی دەگرن، ستەمیشی لەسەر خەڵک زۆرتر دەبێ!

لە ململانێی نێوان ڕێژیمی ستەمکاری کۆماری ئیسلامی و نەتەوەکانی ئێراندا، لە ساڵی داهاتوودا، چاوەڕوانیی ڕۆژانی دژوار و سەخت دەکرێ، بەڵام لەوپەڕی سەختی و دژواریدا، تیشکی ڕووناکی لە بن هەورە ڕەشەکانەوە دیارە و بەسەر وڵاتدا زاڵ دەبێ. هیوای ئازادیخوازان و خەباتکاران و مافخوازان بۆ سەرکەوتن بە سەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و ستەمکاردا زیاتر و زیاتر دەبێ. ڕێژیمێک کە هیچ ڕەواییەکی نەماوە و تەنیا و تەنیا بەسەر شمشێرە ڕزیوەکەیەوە بەپێوە ڕاوەستاوە، لەم بەرەوڕووبوونەوە دژاوەردا لایەنی دۆڕاو دەبێ چونکە هەر وەکوو ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملوو دەڵێ، لە مێژووودا تۆمار نەکراوە کە نەتەوە و گەلێک کە ئامادەی نرخدان لە پێناوی ئازادیدا بێ، لەنێو بچێ. ڕووخان و لەنێوچوون ئاکام و دواڕۆژی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی کۆماری ئیسلامییە و ساڵی داهاتوو ساڵی گەشەکردن و تیشک هاویشتنی هیوا دەبێ.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢ی کوردی = ١٩ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# یەکگرتنەوە و شۆڕشی ژینا (ساڵی ١٤٠١)



سمایل شەرەفی

ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، لە ڕووی سیاسییەوە ساڵێکی پڕ لە دەسکەوت و ئەزموون بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی بوو. وەک لە درووشمی سەرەکیی ڕێورەسمە نەورۆزییەکانیدا ڕەنگی دابۆوە، هەستکردن بە یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکان هیوا و هومێدێکی زۆری لێدەکرا کە بزووتنەوەی کوردستان دوای ساڵانێک لە لێکدابڕان و جیایی، جارێکی دیکە یەکێتی و یەکگرتوویی خۆی وەدەست بێنێتەوە. پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە زیاتر لە دوو ساڵ بوو بەجیدیی کاری لەسەر دەکرا، بۆ خەڵک ببوو بە هیوا و ئاواتێکی گەورەی سیاسی. کە بەخۆشییەوە دوای زیاتر لە ١٥ ساڵ لە لێکدابڕان، دێموکراتەکان لە ڕێکەوتی ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١دا یەکیان گرتەوە و هیوا و هومێدێکی تایبەتیان خستە دڵی تێکۆشەران دێموکرات و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە. هەر لەم پێوەندییەدا یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی کۆمەڵەش بەشێک بوو لەو زەروورەتە سیاسییە.

ڕووداوەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠١ی و کە درێژکراوەی جووڵانەوە نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، نیشاندەری گۆڕانکارییەکی بەرزی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون. خەڵکی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا لە هێندێک دەرفەتی تایبەتی وەک؛ بوومەلەرزەکەی ئەزگەلە لە پارێزگای کرماشان، کەرنەڤاڵە نەورۆزییەکان، بزووتنەوەی بەرینی فێرخوازیی زمانی کوردی و چالاکییە ژینگەپارێزییەکان و دژکردەوەیان بەرانبەر بە لەسێدارەدانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێکۆشەرانی سیاسی، مانگرتنی جەماوەریی ٢١ی خەرمانانیان بە نیشانەی مەحکوومکردنی موشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٨٧ی هەتاوی و پشتیوانییان لە ڕاسانەوەی ڕۆژهەڵات، نیشانیان دابوو کە کۆمەڵگەی کوردستان لە ناخی خۆیدا هەڵگری چ گۆڕانکارییەکی بەرز و قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسییە.

لە کۆتاییدا بە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ژینا لە کوردستان و بڵاوبوونەوەی درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بە تەواوی ئێران و جیهان لە ٢٦ی خەرمانانەدا ، ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی بۆ هەمیشە ناوی خۆی لە مێژووی جیهانی سیاسەت و مرۆڤایەتیدا بۆ هەتاهەتایە تۆمار کرد.

شۆڕشی ژینا کە بەرهەمی پەنگخواردنەوەی ڕق و بێزاریی خەڵک لە نیزامی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە نیشانی بەرزیی ئاستی شعووری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بوو، بۆ کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی، خۆی وەک دەرفەتێکی ناوازە دەرخست. دووپاتکردنەوەی درووشمەکانی کوردستان لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران لە سەرووی هەمووانەوە "ژن، ژیان، ئازادی" کە زۆری نەخایاند زۆربەی شەقامەکانی دنیای دەرەوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و پارلمانەکانی دنیای تەنی، کوردستان کرد بە "چاو و چرای" گشت نەتەوەیکانی دیکەی ئێران و کورد وەک هێما و کوردستان وەک پێشەنگی ئەم شۆڕشە هاتە ناساندن.

هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە پێی ڕۆڵ و ئەرکێکی تاریخیی کە حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات لەسەر شانی بوو لە گوڕ و تین بەخشین بە ڕاپەڕینی ژینا بە شێوەی جەماوەری و مەدەنی کاریگەر و شوێندانەر بوون. ناوەندی هاوکاری بە دەرکردنی بانگەوازی مانگرتن و داخستنی دوکان و بازاڕەکان، بە گشتگیرکردنی ڕاپەڕینەکە توانی هاوکات لەگەڵ ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهان، جورئەت و جەسارەتی بەشداری لە شوینەکانی دیکەش بەرێتە سەرێ کە زۆری نەخایاند خەڵکی شارو ناوچەکانی دیکەی ئێران بە بەرزکردنەوەی درووشمەکانی "کوردستان، کوردستان، پشتیوانیت لێ دەکەین"، "کوردستان، کوردستان، چاو و چرای ئێران"، پەیوەست بە ڕاپەڕینی ژینا بوون و شۆڕشی ژینا لە فازێکی دیکەی بەرین و پێکهاتەشکێنڎا درێژەی بە مەیدانداریی خۆی دژ بە "دیکتاتۆری" دا.

دوژمن چاوی بەم دەسکەوت و پێشەنگایەتییەی کوردستان هەڵنەهات و هاوکات لەگەڵ تۆڵەکردنەوە لە خەڵکی کوردستان و سەرکوتکردنیان، بۆ بەلارێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران لەسەر شاز دەروشانەوەی کوردستان، کەوتە پیلانگێڕی. سپای سەرکوتکەری پاسداران لە گەڵ هێرشکردنەسەر خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان لە سەر شەقامەکان و تەقەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕاستەوخۆیان لە جەماوەر، بە دەیان مووشەک و درۆن و، سەدان تۆپی دوورهاوێژ، بۆ جارێکی دیکە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ پەلاماری بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی کوردستان و هێزی پێشمەرگەیدا و تەنانەت هێرشی مووشەکیی کردە سەر کەمپە مەدەنییەکان و قوتابخانەی منداڵان و بە دەیان کەس لە تێکۆشەرانی سیاسی و ژن و منداڵی بێتاوانی کرد قوربانی.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە "کۆدرەمز"ی "تجزیه‌طلب"ی هێرشی کردە سەر حیزبەکان، لە لایەک دەیهەویست بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بەرانبەر بە کوردستان بەلارێدا بەرێت و بیانترسێنێت لەو ئیدیعا درۆیینەی کە خەڵکی کوردستان جیاییخوازن و ئامانجیان لەتلەتکردنی ئێرانە!! و، لە لایەکی دیکەوە هەدەفی ئەوە بوو کە بە هاندانی حیزبەکان بۆ دژکردەوە لەخۆنیشاندان، شەڕێک بەسەر کوردستان و حیزبەکاندا بسەپێنێ.

هەڵوێستی ژیرانەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و بەرزیی هوشیاریی گەلانی ئێران و ناسیاوییان لەسەر کورد و خەباتە ڕەواکەی، بەخۆشییەوە هەردوو پیلانەکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان پوچەڵ و بێئاکام هێشتەوە.

لە درێژەی شۆڕشی ژینادا کۆمەڵگەی کوردستان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ - سەرەڕای سیاسەتی سەرکوت و پیلانگێڕیی ژوورە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی - یەکگرتووانە لەسەر نەمانی ئەم ڕێژیمە و هەوڵدانیان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان سوورترن. ترییبوونی مزگەوتەکانی کوردستان بە هۆی مامۆستایانی ئایینیی نیشتمانپەروەرەوە، بوونەتە دەنگێکی بەرزی داکۆکیکاری لە ناڕازییانی سەرشەقام و گیراوانی سیاسی. ژنان و کچانی هوشیار و ئازای کوردستان، بوونەتە پێشەنگ و ڕچەشکێن. جەسارەت و وریایی لاوانی کوردستان و داهێنانەکانیان لە چۆنیەتی درێژەدان بە شۆڕشی ژینادا، تادێ دوورەدیمەنی سەربەستیی نیشتمان ڕوونتر دەنوێنێ.

هەر لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاویدا بوو کە نوینەرایەتیی ڕەسەن و هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی لە فازێکی دیکەی شۆڕشی ژینادا، بە دوور لە ژاوەژاو و پڕوپاگاندای بۆنگای ئەقڵییەتی تەوایەتخواز و، نەکەوتنە نێو گێژاوی هەڵپەهەڵپی خۆدەرخستن و دەسەڵاتخوازی، ئازایانە داکۆکی لە شوناسی نەتەوەیی بزووتنەوەی کوردستان و کەرامەتی ئینسانی کورد و مافە نەتەوایەتییەکان کردەوە.

ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵی ١٤٠١ هاوکات لەگەڵ دەرخستنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا وەک دیاردەیەکی سیاسیی فرە لایەن، بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران بەتایبەت بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەبەردەم تاقیکارییەکی گەورەی مێژوویی‌دا داناوە کە بێگومان ڕەوتی ڕووداو و پیشهاتە سیاسییەکان لە هەر سێ بەستێنی نێوخۆی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی‌دا، ڕۆڵی و کاریگەریی خۆیان دەبێ.

**٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢ی کوردی = ٢٠ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شۆرشی ژینا پێ نایە یەکەم بـــەهاری تەمەنی!




**بیژەن قارەمانی**

شۆرشی ژینا « ژن، ژیان، ئازادی » شەش مانگی خویناوی و نەورۆزیکی سووری بڕ کرد پڕ کرد و پێنایە سەرەتای یەکەمین بەهاری تەمەنی ، شۆرشیک وەهیچ یەک لە شۆرش و بزوتنەوەکانی پیش خۆی ناچیت نە لە بواری سیاسی نە کۆمەڵایەتی نە فەرهەنگی جل و بەرگیکی تایبەتی کردووتە بەر لە جوانیدا بێ وێنەیە...

شۆرشی هەمووانە بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی چارەنووس فرە ڕەهەندە فرە نەتەوەیە فرە زمانە فرە کلتورە.

ئاکامی مەرگ قەتلی حکومەتی کچە کوردی سەقزی ژینا ئەمینی لە تاران ناوەندی دەسەڵاتی فارس «سەفەوی / پەهلەوی » هەر زۆلف ئەگریجەی بەبادانەدا، بگرە جهانبینیکی نوێ خۆلقاند سنورە دەستکردەکانی ئیدولۆژی شاە و شێخ و مەلای بەزاند سهۆڵبندانی بیری یەک نەتەوە یەک دەوڵەت یەک زمانی تواندەوە مێژووی ساختە چەواشەکاری ٢٥٠٠ ساڵەی کردە بریشکەی سەر سێلی بەدەم بای شەماڵی دادا...

**شۆرشی ژینا و کوردستان...**

ئەو شۆرشە لە کوردستان سەری هەڵدا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بە ڕەمزی «ژینا گیان تۆ نامری» لە نەهایەتدا هەموو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان هەموو ئێران هەموو جیهانی تەنیووە یەکەم مەنشوور و مانیفێستی خۆی لەگەڵ خۆی هێنا ژن ژیان ئازادی....
ئەو سێ وشە و نیوەروکی ماناداری « سیاسی فەرهەنگی ڕەگەزی کلتوری چینایەتی و نەتەوایەتی لە خۆیدا تاپۆ کردبوو» کاریکی کرد هەر زۆر زوو خۆی بە هەموو کلین و قوژبنی کوردستان و ئێران و جیهاندا کرد سرنجی بیرو رای گشتی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکیشا....
ماهیەت و نیوەروکی کوردیانە/ کوردستانی شۆرشی ژینا ئەوەندە دەوڵەمەند و پڕ نیوەروک هەستیار لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بوو نەک پایەکانی ئیدولۆژی زەهنیەتی دواکەوتووانەی دەسەڵاتی بەئامانج گرت بگرە پاوانخوازی یەکەتازی دەسەڵاتیشی لە ناوخۆ و ناوچە جیهان تووشی دارمان ڕۆخاندن وەستان پێداچوونەوە کرد..

شۆرشی ژینا بە باگراوەندە بەهێزەکەی بە مانیفێستە جیهانییکەی توانایی کۆکردنەوە هێنانە سەر شەقامی هەموو نەتەوەکانی ئێرانی لەخۆیدا دەستەبەر کرد وەک پەلکەزێرینەی پاش بارانی بەهاری وابوو زەرفیەتی هەموو ڕەنگەکان و دەنگەکان و ژینگە و ناوچەکانی لەخۆیدا تێکەڵکرد.

یەکەم مەنشوور و مانیفێستی نیشتمانی بە پاشخانی فکری نەتەوەیی پاش مەرگی ژینا لە کوردستان لەسەر گوڕی شەهید کۆماری درئوفتادە لە کاتی ئەسپاردەکردنی تەرمی جوان جوانەمەرگی دا لە زمان باوکی دڵ سووتای هاتە سەر زمان بوو بە هەوینی ژێرخانی ئەو شۆرشە بۆ هەموو کوردستان...

**ئەو کوری من لە ٢٥ی گلاوێژ لە دایکبوو ناوم نا کۆمار!**

ئەگەر ئەم ڕستەی باوکی کۆمار لە پەنای دەستنووسی بەردی سەر گوڕی ژینا « ژینا گیان تۆ نامری » بە هیندیک ئەولاتریش لە قەد دروشمی جیهانی ژن ، ژیان و ئازادی دابنین بۆمان ڕووندبیتەوە ئەم سێ دروشمە ڕمز و ڕازدارە ئاشی شۆرشی ژینایان نەک بە ئاو بە خوینی ڕولەکانیان گێرا گەیاندیانە نەورۆز و کەوتە ناو یەکەمین بەهاری تەمەنی....

بەهەر بواریکدا لێکدانەوە و شرۆڤەی شەش مانگی یەکەمی شۆرشی ژینا بەکەین ناتوانیان جیاوازیەکانی کوردستانی بەلووچستانی ئەو شۆرشە لەگەڵ بەشە ئێرانیەکی لێک هەڵناویرین چوون یەکجار جیاوازن...

یەکیان تا ئیستاش هەر لەسەر شەقامە یەکیان لە پشت شوشەی پەنجەری ماڵەکانی خۆیان سەرقاڵی دروشمانن.
یەکیان جهانبینیکی ئاوەڵا ئینسانی و مرۆڤ دۆستانە فرە ڕەهەند بی سنوری گرتووتە بەر...



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەویتریان خەریکی داماڵێن و سانسوڕ و سنوردارکردن سناریو سازکردنە بۆ دزینی شۆرشەکە تەنانەت بۆ داسپاندنی بیری پاوانخوازانە هەموو سنورە ئەخلاقیەکان دەبەزینی
یەکیان شۆرشگێری سەر شەقامە خوێن دەبخشی بۆ ئازادی دیموکراسی، ئەویتریان شۆرشگێری سەر شاشەکانی میدیای زبلاح و بەلاشە بۆ تێکدانی شۆرش لە تاراوگە خەونی دەسەلات و تاج تەختی باب و باپیرانی دەبینی!
یەکیان بەداوی دەسەلات و دەوڵەتێکی سکۆلار و دیموکرات و ئازاد لە ئێرانیکی فرە نەتەوە و فیدراڵ دایە...
ئەویتریان حاشان لە نەتەوە زمان و فەرهەنگی جیاواز دەکات گیرەیٚ لە هەولێری دەگەڕی...
سەرەرای هەموو ئاستەنگەکان هەڕشە و گرتن و زیندان و سێدارە شۆرش کەوتە ناو بەهاری تەمەنی بە رووی سوور پێ نایە سەوزایی دشت در و کێوی کوردستان وەک شەونم لەسەر سەوزەی نیشت..

شۆرشیک دیوویکی کــوردستانیە «دیووی جوانی» و دیووکی نەتەوەکانیترە و دیووکیشی ئێرانیە ، ئەو شۆرشە دەور و ڕوولی کورد بە هەموو جۆر تا ئیوارەی نەورۆزی ١٤٠٢ نیشانی دا کە هیچ ئالۆگوریک بێ کورد لە ئێران سەر ناگری هیچ دەسەلاتیکیش لە داهاتووی ئێران بێ وەبەرچاوگرتنی مافەکانی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران سەقامگیر نابیت...

شۆرشی ژینا نەک زەهنیەتی پاوانخوازانە بگرە سنور و جغرافیا دەستکردەکانیشی گۆڕی ئێتر لەمەبەدواوە ئێران لەسەر خەریتەی وەهم و سناریو شێعری شاعیران تەواوەیەتی حەرزی یەک نەتەوە و یەک زمان پێناسە ناکری....

ئێران وەلاتێکی فرە نەتەوە فرە زمان و کلتور و فەرهەنگە کە فارسیش یەک لەو نەتەوانەیە نە زیاتر و نە کەمتر ،تاریفی قەوارە و پێکهاتەی وەلاتێک لە رووی جغرافیای سیاسی ئەو وەلاتە دیاری دەکرد نەقشە ڕێگا و مەنشوور و یاسای بنەڕەتی بۆ دەنووسریتەوە نەک بە وەهم و خیاڵ....

بەرهەمی سەد ساڵ دیکتاتوری شاە و شێخ و مەلا لە ئێراندا کە بەردەوام گێژ دەخوا بەدەوری خۆییدا دەسووڕیتەوە راست لەم خوێندنەوە هەڵەیە سەرچاوی گرتووە وەلاتیکی فرە رەنگ و نەتەوە زمان و جغرافیا و فەرهەنگیان لە دوای دەوڵەت سازی جەعلی لە ناوچەکەدا وەک یەک دەوڵەت و نەتەوە ناساندووە کە بەداخەوە کوردیش راست چووە ناو ئەو جەغزە بە جبری مێژوو و هەڵەی خۆی مەلی دا بە دابشکردنیکی ناواقعی بە پیچەوانەی ویستی خۆی بە زۆر ناسنامەی نەتەوەی خۆیان لە ئەستاند ڕەگزنامەی ساختەی عەرب و عجم « فارس » و تورکیان لێ بار کرد...

شۆرشی ژینا پاشکو و ژێرخانی ڕەهەند فکریەکانی زیاتر لە سەد ساڵ خەباتی گەلی کوردە بۆ ئازادی لە ژێر دستی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داگیرکەر لە شێخ سەعید و شێخ مەحمود و سمکۆی شکاک و هەمزائاغای مەنگور و قازی مەحمەد و مستەفا بارزانی و قاسملوو و فواد و ئوجلان .....بگرە تا ئەم کاروانە نەگاتە ئامانج ئەو شۆرشە دانامرکێ.....

بە وەرددانەوەی شەش مانگەی شۆرشی ژینا چە کوردستانی و چە ئێرانی و جیهانیی بە دەستکەوتەکانی بە خەسارەکانی بە ئەگەرەکانی داهاتووی کوردستان گرینگترین دەور رووڵی گیڕا لە تەنیشت بەلووچستان هەنووکەش بەردەوامە..

یەکەم شەرتی بەردەوامی مانەوە زیندوو ڕاگرتنی شۆرش بەدەرجەی یەکەم خودی کوردستانە بە سەرجم پێکهاتەو و حیزب سازمان و تاک و خەڵکی ئاساییە خۆیان لە کوێ شۆرشەکە بەکەن بە خاون هەرچەند تا ئێرە بوون بەڵام پێکەوە بوونمان وەک کورد قورسایی شۆرشەکە داخوازیەکانی گەلەکەمان زیاتر دەکات....

ئەوە ڕاستە خوێندنەوەی هەر حیزبێکی سیاسی لەگەڵ حیزبێکی تر جیاوازە هەر کامەیان خاوەنی دوو روانگە دنیابینی تایبەت بە خۆیانن ، ئەوە بۆ تاکیش بۆ مامۆستایان زانکۆ و روناکیرانیش هەر راستە بەڵام دەبی ئەو راستیەی قبوڵ کەیین شۆرشی ژینا لە شەش مانگی ڕابردوو دا نیشانی دایین چارەی سەرەکی مانەوەمان و گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتنمان تەنیا لە پێکەوبوونمان دایە....

هەموو نەتەوەیەک بۆ گەیشتن بە ئازادی بەسەر ویستە تاکە کەسی و حیزبیەکاندا بازدەدا خۆی فیدای بەرژەوەندی درێژخایین و چارەنووس سازەکان دەکات....

شۆرشی ژینا و جەماوری کوردستان گۆژکراو بە بیری نیشتمان پروری ئەو دەرسەی کردە ئاوێزەی گوێ برپرسانی حیزبی ئەو نیشتمانە هی هەمووانە ئازار و درد کەسەرەکانیشی بەش نەکراوە بە بێ یەکبوون محاڵە رزگار بوون لە دەست داگیرکەرانی خاک و بیر و هزر و ئەندیشەی نەتەوەیەک....
هێز دەتوانیت سنوری مافەکانمان بۆ دیاری کا نەک دروشم، هێزیش باوڕ و ئێرادەی خەڵکە کە شۆرشی ژینا نیشانی دا ئەو خەڵکە ڕیشەی لە خاکدایە لەبن نایە...

٢٩ی رەشەمەی ٢٧٢٢ی کوردی = ٢٠ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خالید عەزیزی: ئێرانی داهاتوو بەبێ دانان بە مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دروست نابێتەوە




**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

**ئاماژە: کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ کوردکاناڵ سیاسەت و خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت پرسە گرینگ و ڕۆژەڤەکانی کوردستان و ئێرانی شی کردەوە. "کوردستان" کاکڵی باسەکانی کاک خالید عەزیزیی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

### شۆڕشی ژینا لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا

پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەجێدا تەنیا لەسەر بنەڕەتی دێموکراسی و ماف دروست نەبوون و لەسەر بنەمای هێندێک یاسا و ڕێسا دادەمەزرێن و بەرژەوەندییش فاکتەرێکی سەرەکییە. بۆیە وڵاتانی دێموکراتیک کاتێک چاو لەو شۆڕشە دەکەن، بە ئیعتباری کۆمەڵگەکەیان کە دێموکراسیی تێدا هەیە، پشتیوانیی لێ دەکەن. بەڵام نەفسی ئەو پشتیوانییە بە مانای ئەوە نییە وا بەئاسانی بگەنە قۆناغێک دژکردەوەی مەیدانیی لەدژی ئێران لێ بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، پشتیوانیی نێودەوڵەتیی لە شۆڕشی ژینا زۆر بوو. بەڵام ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی دەدات هەر خەڵکی ئێرانن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەبەر ئەوەی لە وڵاتانە کێبڕکێی سیاسی لەنێوان حیزبەکاندا هەیە، هەموو شتێک دەکەوێتە بازنەی کێبڕکێی سیاسی کە کێ دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ و ئەوەی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ ڕوانگەی بۆ ئێران چ دەبێت. بەڵام، بەگشتی هەمووان بەو ئاکامە گەیشتوون دەرنگ یا زوو دەبێ دێموکراسی لە ئێراندا دابمەزرێ و ئەو جووڵانەوەیە دەبێ سەر بکەوێت. ڕاستە خۆپیشاندانەکان دژی کۆماری ئیسلامی کاریگەریی لەسەر بیرووڕای گشتیی جیهان داناوە، بەڵام نیزامێکی سیاسی تەنیا بە خۆپیشاندان ناڕووخێ. ئەوەی ئەو نیزامە لەنێو دەبا، بەدیل و ئاڵترناتیڤە. کۆمەڵگەی دنیای دەرەوە لە ئێستادا، بەدووی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا ناگەڕێ. دنیای دەرەوە نەک لە ڕوانگەی مافەوە، بەڵکوو لە سۆنگەی ئەمنییەتی جیهانیی‌یەوە چاو لە مەسەلەی ئێران دەکا و دەپرسن ئەو نیزامە بڕوا و نەمێنێ کێ جێگای دەگرێتەوە؟

## پرسی ئاڵترناتیڤ و هاوپەیمانیی سەراسەری دژی کۆماری ئیسلامی

بەردی بناغەی دروستبوونی حیزبی دێموکرات لەسەر پێناسەی نەتەوایەتی و مافی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بۆ ئەوەی ئەو مافانە بەدی بێن و بۆ ئەوەی ئێمە دەستمان ئاواڵا بێ چۆن لەسەر ئەو مافانە دانوستان بکەین، قەت بە نیسبەت داهاتووی ئێران بێتەفاوەت نەبووین. دارولەلەی ئەوەشمان ئاوا داناوە کە دەبێ ئێران دێموکراسیی تێدا هەبێ و ئەو دێموکراسییەش بە ئێمەی کورد بەتەنیا دانامەزرێ. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و چارەسەرکردنی مەسەلەکەش تابعێکە لەو ڕاستییە. ئێمە لە هەموو ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی هەتا ئێستا لەگەڵیان دانیشتووین، پێمان گوتوون وەکوو حیزبی دێموکرات بۆ دروستکردنەوەی ئێران لەگەڵ ئێوە شان وەبەر دەدەین، بەڵام لەبیرتان نەچێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندنەوەیەی خۆی بۆ داهاتووی ئێران هەیە و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەو وڵاتە لە پێش هەموو شتێکەوەن. بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە، یەکجار زۆر بڵاون ئێمەش نەمانویستووە لەگەڵ لایەک بچینە نێو جۆرێک هاوپەیمانی و بکەوینە نێو دژایەتیی لایەنەکانی دی. ئێمە بێ تەفاوەت نین و لەنێو دژبەرانی کۆماری ئیسلامییشدا کەس بە دوژمنی خۆمان دانەنێن، لەگەڵ هەموو لایەنەکان دانیشتنمان دەبێ، بەس کە دەگەڕێینەوە سەر چەندوچۆنی و ئیدارە و مودیرییەتی سیاسیی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتیی نیزامی سیاسیی، لێرەدا قسەی خۆمان هەیە و ئەو قسانەش تابعێکە لە بەرنامەی سیاسی و بیروباوەڕەکانی حیزب دێموکرات.

## ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزب لەسەر داهاتووی ئێران

ئێمە لە ڕابردوودا لەوپەڕی خەباتی پێشمەرگانە و نیزامیی خۆماندا کە دژی کۆماری ئیسلامی بەرگریمان لە کوردستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکرد لە هاوپەیمانییەکدا بووین بە ناوی شورای میللیی بەرگری. تەنانەت لەو شوڕایەدا بەڵگەنامەی خودموختاریی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا ئیمزا کراوە. ئەگەر وایە ئەزموونمان لەوەدا هەیە یەکەم. دوویەم، ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەو نەتەوانەی باوەڕیان بە ئیدارەی ئێران بە شیوەیەکی فێدراتیو هەیە، کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدراڵی ئێرانمان وێک هێناوە و لەگەڵ ئەوانیش هاوپەیمانیمان هەیە. سێهەم، جیا لەوە لەگەڵ هێندێک لە لایەنەکانی دیکە کە بۆ دێموکراسی کار دەکەن و هەماهەنگی و هاوکارییەکیان لە دەرەوەی وڵات هەیە و بە جۆرێک بە هاوپەیمانی خۆمانیان دەزانین، لەگەڵ ئەوانیش چەند هاوپەیمانییەک هەیە. دواجار لە تەنیشت ئەوانەشدا لەگەڵ زۆر لایەنی دیکە لە وتوویژداین لەسەر ئەوەی چۆن دەتوانین مەنشوورێک ڕابگەیەنین یا ڕێککەوتنێکمان هەبێت، بۆ ئەوەش دەبێ هەمووان ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران قبووڵ بکەین. ئێمە چەند سێلبریتییەک نین کە ڕابردووی حیزبیمان نەبێت و ڕەنگە زۆربەشیان عادتیان بە دارولەلەی چەندوچۆنیی دروستکردنی ئاڵترناتیف نەبێت؛ ئێمە حیزبێکی سیاسیی بەڕابردووی زیاتر لە حەفتا ساڵەین و زۆر سرووشتییە حیزبی دێموکرات سەنگوسووکیی خۆی لەهەمبەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا هەبێت.

## حیزب و "مەنشوور"ەکانی تا ئێستا

بێگومان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئێران ڕێگاچارەی جۆراوجۆر و تەیفی جۆراوجۆر و مەنشووری جۆراوجۆر دەبن، بەڵام ئێمە بە ڕاشکاوی گوتوومانە لەگەڵ دوو سیستەمەو یان دوو نیزامی سیاسی نین، چونکە تەجرووبە کراون. یەکیان نیزامی پاشایەتیی ئەوی دیکەشیان نیزامی ئیستبدادی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی. جا ئەگەر وایە ئێمە ئەگەر ئەوەمان وەلا نا، دەبێ بیینە سەر شکڵی ئیدارەی حکوومەتی داهاتووی ئێران. ئێمە لەگەڵ سیستمی کۆماری هیچ دژایەتییەکمان نییە و بە شتێکی زۆر باشی دەزانین. بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە کە ئێران بە شێوەیەکی فیدڕاتیو ئیدارە بکرێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێرانیش لە بەرنامەی خۆیدا فیدڕاڵیزمی هێناوە. لە تەنیشت ئەوانەدا کۆمەڵێک حەللی دیکەش هەیە. ئێمە تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە دانیشتنەکانی خۆمان هەیە، لەڕاستیدا ئەو مەنشوورەی بەردی بناغەکەی لە جۆرج تاون داندرا و ئێستا لە هەشت کەسەکە شەش کەسیان ئیمزایان کردووە، ئێمە دوژمنایەتییان ناکەین بەڵام تێبینیمان هەیە و پێمان وایە ڕوحی ئەو مەنشوورە لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران نایەتەوە.

خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران ئەوەیە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و دەبێ ماف نەتەوەکان بە جۆرێک کە ئێمە ڕێککەوتنی لەسەر دەکەین، تێیدا دیار بێ. گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران لە دەرەوە ئەوەیە بەپێچەوانەی ڕوحی هاوکاریی و هەماهەنگی لە نێوخۆی ئێران کاتێک کە دێینە سەر چەندوچۆنی قسەکردن لەسەر ڕێگاچارەکان زۆر زوو باسی تەواویەتی ئەرزیی ئێران دەکەن و زۆر زووش پێیان وایە ئەوە لایەنێکە ئێران تەجزییە دەکا. بەشێک لەوانە بەدوای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەدا نین کە لە داهاتووی ئێراندا چ لە تاران و چ لە ئیدارەی ناوچەیی نەتەوەکانی ئێراندا قسەی لەسەر بکەن و ئێمە کێشەمان هەیە لەگەڵیان. بەڵام با ئەوان بۆچوونی خۆیان بێنن و ئێمە بۆچوونی خۆمان دێنین قسەیان لەسەر دەکەین. لە کۆتاییدا ئێمە تێدەکۆشین پێوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان باش بێت، بەتایبەتی لەگەڵ زۆرێک لە لایەنەکان کە بەدوای ئاڵترناتیڤی کۆماریدا دەگەڕێن بۆ داهاتووی ئێران و نەتەوەکانی ئێرانی فدراڵ لە وتووێژەکانمان بەردەوام بین. ئێمە نابێ بەپەلە بچینە نێو هەر ئاڵترناتیڤێک. ئێمە حیزبین و بەپێی ئوسوولی حیزبی خۆمان کار دەکەین، ئەو حیزبەش پێی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانی ئێرانە و خەڵکی کوردستان چاوەڕوانییان لەو حیزبە هەیە. بۆیە زۆر بەڕاشکاوی و بە ئیعتباری خەبات و تێکۆشانی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات و ئەو جووڵانەوەیەی لەنێوخۆی وڵاتدا هەیە، ئێرانی داهاتوو ئەگەر کوردی بە مافەکانیەوە لەگەڵ نەبێ هەرگیز ئەمنییەت و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ. ئێران بەبێ کورد و میللەتەکانی دیکە دروست نابێتەوە. ئەوانیدی دەبێ قبووڵی بکەن ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و هەرکات دانیان بەوە دانا، شۆڕ دەبینەوە بۆ بابەتەکانی دی و لەسەر چارەسەرەکان ساغ دەبینەوە.

### جۆراوجۆرییە نەتەوەییەکان لە ئێرانی داهاتوودا

ئێمە ئێمە شتێکمان نییە بە ناوی نەتەوەی ئێران. نەتەوە دەبێ ڕاستەوخۆ پێوەندی بە شوناسێکی ئێتنیکی، میللی و زمانی هەبێ، ئێمە کورد، بەلووچ، تورک، فارس، عەرەب و نەتەوەی دیکەمان لەو جوغرافیایەدا هەیە کە پێچەوانەی دەستەواژەی باو هیچیان کەمایەتی نین. ئەمن وەک خۆم لە ئێراندا باوەڕم بە کەمینە و زۆرینە نییە. کام نەتەوە لە بەرامبەر نەتەوەکەی دیکەدا کەمینەیە، هیچیان. وەک نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتیش بەنیسبەت داهاتووی ئێران لەسەر ئەو بنەمایە بێتەفاوت نەبووین و نین. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات پەلەمان نەکردووە و ئاوا لە بابەتەکە ناڕوانین کە چەند کەس و سێلێبریتی کۆ ببنەوە و وەکوو ئەوەی "جۆرج تاون"ی واشینگتۆن شتێک بدەنێ دەرێ و ئیدی تەواو. بە باوەڕی ئێمە هەر شتێکی گرینگ و شوێندانەر دەبێ لاقی لەسەر عەرز بێ. بۆ؟ چونکی هەروەک گوتم ئێمە بەرانبەر بە خەڵک خۆمان بە بەرپرس دەزانین و جووڵانەوەکەش کۆمەڵە ئەرکێکی بۆ ئێمە داناوە. ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە بەها و بایەخەکانی ئەم شۆڕشە بپارێزین، هەڵبەت ئەو بەو مانایەش نییە کە ئێمە دەرگای دیالۆگ و دانوستان لە خۆمان دابخەین. ئێمە بڵێی و نەڵێی پێویستیمان بە هاوپەیمان هەیە، چونکە نە بەتەنیا ئەو نیزامەمان بۆ دەڕووخێ و نە دەتوانین بە تەنیا ببین بە ئاڵترناتیڤ.

### حیزبی دێموکرات و موجاهیدین و داهاتووی ناوەندی هاوکاری

ناوەندی هاوکاری لەجێدا ناوەندی هاوکارییە. دوو لایەنی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداو و بابەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژانە، لەگەڵ یەکتر هاوکارییان هەیە. ناوەند هەڵناوەشێتەوە و دەبێ لە درێژەی کاری خۆیدا ببێ بە بەرە و ئێمە هەتا وەک حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە و هەتا ئێستاش بە هەست بە بەرپرسیارێتییەوە درێژەی بە کاری ئەو ناوەندە داوە.

بەڵام لەبارەی موجاهیدینەوە، سروشتییە کە حیزبی دێموکرات بە دوای دۆست و پارتنەردا دەگەڕێت و لەو چوارچێوەیەدا لەگەڵ موجاهیدینیش یەکتریمان بینیوە. حیزبی دێموکرات دوژمنایەتیی لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی نییە و دەیەوێ بەردەنگ بۆ کورد ببینێتەوە و ئەوە سیاسەتێکی بەرپرسانەیە. دانیشتن لەگەڵ موجاهیدین، دانیشتن لەگەڵ کۆماریخوازان، دانیشتن لەگەڵ ئەو سلێبریتییانە، دانیشتن لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەکان، دانیشتن لەگەڵ هەموو ئەو ئێرانییانەی دژبەری ڕێژیم ئەرکی ئێمەیە و لە پێناو دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و ئاڵترناتیڤێکی کارا کە جێگای کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە؛ دەبێ لەسەری بەردەوام بین. دواجار وەکوو حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەداین کە یەکڕیزیی نێوماڵی کوردی دەتوانێ پێگەیەکی تایبەت بە کورد ببەخشێت و ببێتە بەشێک لە ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٢ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## محەممەدنەزیف قادری: ئامانجی شۆڕشی ژینا ڕزگاری لە چنگ دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری، دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدڕاڵە



**دیمانە: دیاکۆ دانا**

**بەرایی:**

**دوای تێپەڕینی شەش مانگ لە شۆڕشی ژینا لەمەڕ هۆکارەکان، کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران، ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کورد و هەروەها شوێنکاری لەسەر دۆخی نێوخۆیی و دەرەکیی کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئەو شۆڕشە بیروبۆچونی جیاواز لە ئارادایە. لەو نێوەدا هەرکەس و لایەنێک بە شێوازی تایبەت بە خۆی و لە گۆشەنیگای خۆیەوە لێکدانەوە بۆ ئەو شۆڕشە و دەرنجامەکانی دەکات. "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەو بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ کاک محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی ناوەندیی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە.**

**دیاکۆ دانا: کاک محەممەدنەزیف شەش مانگ لە شۆڕشی ژینا تێپەڕی. لە ئێستادا هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم شۆڕشە بە گشتی چۆنە و بە بڕوای ئێوە دەستکەوتەکانی بۆ خەڵکی ئێران و بە تایبەت کوردستان کامانەن؟**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**محەممەدنەزیف قادری**: بە بڕوای من و زۆر کەسی تر کە لە نیزیکەوە ئەم قۆناغە نوێیە کە بە شۆڕشی ژینا ئەمینی (مەهسا) ناودێر کراوە ئاگادارین، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە شەهیدکردنی ئەم کچە کوردە بێتاوانە، مەرگی سیاسیی خۆیان واژۆ کرد. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی شەهیدکردنی ژینا، دوای ئەزیەت و ئازارێکی زۆری ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و بە تایبەت ژنانی مافخواز و خەباتگێڕ، ئەم تاوانەیان لەقاو دا و ڕای گشتی گوشارێکی زۆری خستە سەر ڕێژیم و داوایان کرد تاوانبارانی ئەم جینایەتە سامناکە بە سزای ئەو تاوانەیان بگەیەنن.

بەرپرسانی ڕێژیم وەک هەمیشە ئەم نارەزایەتییانەیان پشتگوێ خست و بە شێوەی جۆراوجۆر پاساویان هێنایەوە و تا ڕادەیەک هەڕەشەیان لە بنەماڵەی ژینا کرد، کە بێدەنگی بگرنە بەر و بێ خەبەر بوون لەوەی کە خەڵکی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان و چالاکڤانانی ژن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر ئەم تاوانە بێدەنگ نابن. ئەوە بوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەیانییەیەکدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی کرد لە بەرامبەر ئەم کردەوە دژە مرۆییەدا بێ دەنگ نەبن. ئەوە بوو بێ دواکەوتن خەڵکی بوێری کوردستان ئەم ڕووداوەیان کردە دەستپێکی شۆڕشێکی نوێ و لە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی تەرمی خاتوو ژینا لە سەرتاسەری ئێرانەوە لە هەموو چین و توێژەکانەوە بەشدارییەکی مێژوویی و بێ وێنە کرا و شاری سەقز بوو بە مەکۆی ئەم شۆڕشە و دواتر شاری سنە و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێرانی گرتەوە.

لە ئاستی ئێراندا ئەم شۆڕشە گوتاری ئازادیخوازی، مافخوازی و وەلانانی ئەو بە نێو یاسا و ڕێسایانە بوو دژی ژن و... بانگەشەی یەکیەتی و یەکریزیی گەلانی ئێران و هەمبەستەگی و هاوخەباتی لە سەرتاسەری وڵات بوو. جیاوازییەکی ئەم شۆڕشە لەگەڵ بزووتنەوەکانی ساڵانی ڕابردوو لەوەدا بوو کە خۆپێشاندەران یەکدەنگ دروشمی ڕووخانی ڕێژیمیان هەڵگرت و تا ڕادەیەک ئەوانەش کە بە جۆرێک بە هیوای ئاڵوگۆڕ لە ڕێژیمدا بوون بە ئەم شۆڕشەوە پەیوەست بوون و ڕێبەرانییان پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا لەژێر ناوی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرتاسەری ئێران و دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشی تەنییەوە و ئێستا شۆڕشی ژینا بۆتە هیوایەک بۆ داهاتووی ئێران و ئازادبوونی وڵات لە دیکتاتۆریی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
لە ئاستی کوردستانیشدا شۆڕشی ژینا سیمایەکی مرۆڤدۆستانە، شۆڕشێکی ئەمرۆیی لەسەر بنەمای هاوخەباتی و پێکەوەژیانی گەلانی ئێرانی پیشان دا. جارێکی دیکە ڕۆڵ و دەوری کوردی دەرخست و گەلی کورد و کوردستان بوونە هەوێنی ئەم شۆڕشە سەرتاسەرییە بە تایبەت ژنان، لاوان، خوێندکاران، هونەرمەندان و وەرزشوانان پێشەنگی ئەم کاروانە پڕ لە شانازییە بوون و هەر ئەم یەکیەتی و یەکریزییەی گەلی کورد بوو کە لە سەرتاسەری ئێرانەوە دەیان دروشمی شیاو بۆ کوردستان درا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**دیاکۆ دانا:** **لە ڕەوتی ئەم شۆڕشەدا دیتمان کۆماری ئیسلامی، بە توندترین شێوە خۆپیشاندەرانی سەرکوت کرد و ڕەفتاری سەرکوتکارانەی ڕێژیم کاردانەوەی جیددی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدواوە بوو. بە بڕوای ئێوە بە گشتی ئەو شۆڕشە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی ئەو ڕێژیمە لە ئاستی نێودەوڵەتی دانا؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** هەروەک ئاماژەم پێ دا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەکردن لە بنەماڵەی ئەم شەهیدە و وەجووڵەخستنی هێزەکانی بۆ سەرکوت و گرتن و ئازار و ئەشکەنجەی پێشڕەوانی ئەم شۆڕشە، لە تەواوی شارەکان کەشێکی ئەمنییەتیی وەڕێ خست و بە سەدان کەسی شەهید و بریندار و هەزاران کەسیشی قۆڵبەست و ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکان کرد. لە بەرانبەر ئەم کردەوە فاشیستییانەی ڕێژیم، لە سەرتاسەری جیهان وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتوو، ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بە تایبەت کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پارلمانی ئورووپا، کۆنگرەی ئامریکا و ڕاگەیەنەکان پشتیوانییان لەم شۆڕشە کرد و لە چەندین شاریش لە ئورووپا و... شەقامەکانییان بە ناوی ژیناوە ناودێر کرد و ئەم شۆڕشەیان وەک شۆڕشێکی مرۆڤدۆستانە و دێموکراسیخوازانە پێناسە کردووە و هەنووکەش لەژێر ڕووناکایی ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە کۆڕوکۆبوونەوە دەگیرێ.

لە پارلمانی ئورووپا پرسی بە تێرۆریستی ناساندنی سپای پاسداران پەسەند کرا و لە ناوەندەکانی بڕیار لە ئورووپا و ئامریکا و... بە دەیان کەس لە بەرپرسانی دژی گەلیی ڕێژیم گەمارۆییان خرایە سەر. خاڵی بەهێزی ئەم شۆڕشە لەوەدایە تا دوێنێ وڵاتانی دەرەوە باسی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمیان دەکرد و هەنووکە لە ناوەندەکانی دیپلۆماسیدا پرسی گۆڕینی ڕێژیم باسی لێوە دەکرێ و سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرەوە ئەوە هەنگاو دەنێ ئەم ڕێژیمە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی. بانگهێشتنەکردنی هەییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆبوونەوەی ئاسایشی جیهانی لە میونیخ لە ئاڵمان دەرخەری ئەم ڕاستییەیە.

**دیاکۆ دانا:** **وەک دەزانین تا ئێستا لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنێکی گشتگیر لەنێوان ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و ئۆپۆزیسیۆنی کورد نەهاتووەتە ئاراوە. بە بڕوای ئێوە هۆکارەکانی ئەو لێکتێنەگەیشتنە چییە؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** پرسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کورد پرسێکی هەستیارە. ڕوانگەکان جیاوازن بۆ گەیشتن بە هاوپەیمانییەکی سەرتاسەری و جێگرەوەیەک بۆ ڕێژیم و هەوڵەکان تا ئێستا بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوون. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵێکی چڕوپڕمان داوە و لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چاوپێکەوتن و کۆڕوکۆبوونەوەمان بووە و جگە لە هەوڵەکانی حیزب، لە ناوەندی هاوکارییش لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە هەوڵ و تەقەلا داین و ئەم هەوڵانەشمان بەردەوامە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان و دۆستانمان بە ڕێککەوتنێک بگەین.

بۆ ئێمە شوناسی نەتەوەیی، ئامانجە نەتەوەییەکان و کوردستانێکی خاوەن سیستمی حوکمڕانی کە دەرخەری هێمایەکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک، فێدراڵ و سێکۆلار بێ گرینگە. بەداخەوە بەشێک لە بەناو ئۆپۆزیسیۆن، بیرکردنەوەیەکی فاشیستانەیان هەیە و ئامادە نیین ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەن کە وڵاتی ئێران فرەنەتەوە و فرەزمانە، ئەم بیرکردنەوەیە یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای هاوکارییە و لەمپەرە بۆ یەکگرتوویی بەرینتر. دیارە هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە نە لەنێوخۆی وڵات و لەنێو گەلانی ئێران و هێزە چەپ و دێموکراتەکاندا زۆر دەوریان نییە. ئەوەی دەتوانێ دەوری ئەرێنی بگێڕێ ئەو هێزانەن کە لە گۆڕەپانی خەباتدان.

**دیاکۆ دانا**: لە ماوەی ڕابردوودا، شێوازی چالاکی و ڕوانگە و بیرۆچوونی سەڵتەنەتخوازەکان کاردانەوەی زۆری لایەنەکانی تری ئێرانی و کوردستانی لێ کەوتوەتەوە. حیزبی دێموکراتیش ڕایگەیاندووە ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی نییە. ئایا ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکرات بە واتای مەرجدارکردنی هاوکارییە یان بە گشتی ڕەتکردنەوەی سیستەمی سەڵتەنەتە بۆ داهاتووی ئێران؟

**محەممەدنەزیف قادری**: سەبارەت بە سەڵتەنەتخوازی، ئەزموونی سیستمی پاشایەتی ئەزموونێکی تاڵ و شکست خواردووە و گەلانی ئێران لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا وەلایان ناوە. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە و دەوروبەرییان ئێستاش بە ئەو عەقڵییەتەوە دەیانەوێ سیاسەت بکەن و ڕێبازی شۆڕشی ژینا بە لاڕێدا ببەن، شۆڕشێک کە لەسەر بنەمای هەمبەستگی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی مافە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران و هەڵگرتن و لابردنی یاسا و ڕێسا دژەمرۆییەکان بەرامبەر بە ژنان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران قوربانیی بۆ دراوە، کەچی دەبینین لایەنگرانی ئەو بیرە کە هەر ئێستا ڕێگە خۆشکەرن بۆ ڕێکخستنەوەی سپای پاسداران و قاتڵانی خەباتگێڕانی شۆڕشی ژینا.

بۆیە ئامانجی شۆڕشی ژینا ئامانجێکە کە بانگەشە بۆ ڕزگاریی ئێران لە چنگ دیکتاتۆریی و دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری، دێموکراتیک، سێکۆلار و فێدراڵ دەکات. ئێمە پێمان وایە ئامانجەکانی خەڵکی ئێران لەو جۆرە سیستمە حوکمڕانییەدا وەدی دێ و ئەرکی هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و خەباتگێڕەکانە کە ئەم سیاسەتە بگرنە بەر. چونکە ئەزموونی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە سیستمێکی ناوەندگەرا و پاوانخواز ناتوانێ ویستی خەڵک دابین بکا، سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش زۆر ڕوون و ئاشکرا پشتبەستووانە بە ئیرادەی گەلی کورد پێداگری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەسەر شوناسی نەتەوەیی و هاوخەباتی لەگەڵ ئەو حیزب و لایەنانەیە کە باوەڕمەند بە ئەو سیستمە حوکمڕانییەن کە خەڵک لە سێبەریدا بە ئاسوودەییەوە بژین.

**دیاکۆ دانا**: کاک محەممەدنەزیف لە ئێستادا دەزگای پڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات وای بنوێنێت شۆڕشی ژینا کۆتایی هاتووە و لێدوانی بەرپرسانی باڵای ئەو ڕێژیمە بە جۆرێکە کە گوایە دوژمنێکی دەرەکییان شکست داوە. ئەمەش بەئاشکرا بووەتە هۆی تووڕەیی خەڵک. بە گشتی خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم دۆخەی ئێستا چۆنە و داهاتووی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و ئێران چۆن دەبینن؟

**محەممەدنەزیف قادری**: من پێچەوانەی پڕوپاگەندەکانی سەرانی ڕێژیم، لەو باوەڕەدام شۆڕشی ژینا پەیامێکی بە کۆمەڵانی خەڵک داوە لە خەبات و بەرخۆدان بەردەوام بن، ئیرادەی خەباتگێڕیی کوران و کچان و ژنانی بەهەڵوێست نیشانیان دا لە هیچ هەڕەشەیەکی ڕێژیم سڵ ناکەن و تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان و بە چۆکداهێنانی ڕێژیم لە خەبات بەردەوام دەبن. پەیامی شۆڕشی ژینا یەکیەتی و هەمبەستەگییە بە ئامانجێکی مرۆڤدۆستانە و یەکسانیخوازانەوە. دروشمەکانی ئەم شۆڕشە دژی هەر جۆرە هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆریی و کۆنەپەرستی. بە ئەو هیوایەوە گەلی کورد و گەلانی ئێران و هەموو ڕۆڵە مافخوازەکانی وڵات لەژێر سێبەری شۆڕشی ژن، ژیان. ئازادیدا بە ئاواتەکانییان بگەن.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٢ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مەیلی ئازادی لەم خاکە نابڕێ




**ئاسۆ مینبەری**

جەلال مەلەکشا، شاعیری نەمری کورد لە کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی کارەساتدا، چیرۆکێک باس دەکا؛ چیرۆکێک لەژێر ناوی "خاک مەیلبڕە!"

چیرۆکەکە لە زمانی پیاوێکەوە دەگێردرێتەوە و باس لە قۆناغی نەخۆشبوونی خۆی هەتا مردنی دەکا. دەگێڕێتەوە کە چۆن لە سەرەتاوە هاوسەرەکەی و منداڵەکانی هەموو ڕۆژێک چوونەتە سەر مەزارەکەی و بارانی فرمێسکیان هەڵوەراندووە. بەڵام دواتر هاتوچۆ کەم دەبێتەوە بە جۆرێک کە سەردانەکان لە حەفتەوە بۆ دوو حەفتە و دواتریش بۆ ساڵ دوا دەکەون. ڕۆژێک وای لێ دێ کە وێنەکەشی لە سەر دیواری ماڵەکەیان لادەبردرێ و جلوبەرگەکەی دەبەخشرێت و ناسنامەکەی باتڵ دەکرێتەوە و ناوی لەیاد دەکرێ. ئاسەوارێکی لێ نامێنێ و کابرایەک جێگای دەگرێتەوە و وێنەکەشی لە جێگای وێنەکەی ئەم هەڵدەواسرێ. منداڵەکانی دوای چارەنووسی خۆیان دەکەون و وەک بڵێی کە هەر نەژیاوە، دەبێتە بەشێک لە گۆڕستانێکی پڕ لە مردوو کە خاکی سەر گۆڕەکان مەیلی ئازیزانی بڕیون و ئیتر سەردانیان ناکەن!

مەلەکشا ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە تا باس لە بێوەفایی مرۆڤ بکا، مرۆڤگەلێک کە پاش لەدەستدانی ئازیزانیان وەک بڵێی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هیچکات نەژیاون، لەبیریان دەکەن و ژیانێکی نوێ بەبێ ئەوان دەست پێ دەکەن، ڕاستییەک کە ڕەنگە زۆربەمان هەستمان پێ کردبێ.

بەم پێشەکییەوە دێمەوە سەر ڕووداوەکانی مانگەکانی ڕابردوو.

پاش شەهیدبوونی ژینا، بە دەیان لاوی خوێنگەرم هاتنە مەیدان و بەرەنگاری داگیرکەر بوونەوە تاکوو بیسەلمێنن چیرۆکەکان هەمیشە بڕیار نییە وەک ڕابردوو دووپات بکرێنەوە، دەکرێ خاک ئازیزان لە ئامێز بگرێ بەڵام مەیل نەبڕێ! پاش شەهیدبوونی ژینا، خەڵکی کوردستان هاتنە سەر شەقام تاکوو تۆڵەی کچەکەیان لە ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئیسلامیی ئێران بکەنەوە و لەم پێناوەشدا گیانی ئازیزیان بەخت کرد.

ئەوان مانای ژیانیان بە جۆرێکی تر بۆ گێڕاینەوە و هەر کامەیان بە چیرۆکی ژیان و شەهیدبوونیان، پێناسەی ئازادییان بۆ دووبارە کردینەوە.

لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی باوەڕی باوی کۆمەڵگە کە مردن و نەمانی فیزیکی بە هۆکاری لەبیرکردن دەزانێ، زۆر جار مردن دەتوانێ خودی ژیان بێت! وەک ئەو مەرگەی کە لاوێک خۆی هەڵیدەبژێرێ و چیرۆکی ژیانەکەی بە ویستی خۆی تۆمار دەکات.

کۆماری شەهید لە ئینستاگرامەکەیدا ستۆرییەک بڵاو دەکاتەوە و دەنووسێ: "لە هەموو شتێک زیاتر ئازادیتان خۆش بوێ". ئەم نووسینە و ئەم هزرەی لە پشت ئەم نووسینەیە ئەویش لە زمانی لاوێکی کەمتەمەنی وەکوو کۆمارەوە، نیشان دەدات کە ئازادی چەندە بەنرخە و چۆنە کە پاش ئەم هەموو ساڵ بەرخودان و بەرەنگاربوونەوەیە، هیچ زەبر و ستەم و ئاستەنگێک نەیتوانی مەیلی ئازادی لە کوردستان و لە ڕۆڵەکانی ببڕێ.

کۆمار و کۆمارەکان ئامادەی گیانفیدایین تاکوو خاکی نیشتمان هەناسەی ئازادی هەڵمژێ، ژیناکان دەبنە قوربانی و بە دەیان کچی دیکە قۆڵی لێ هەڵدەماڵن تاکوو تۆڵەی ژیناکان بکەنەوە، دەزانن ڕێگاکە دژوارە و پڕ کەندوکۆسپ بەڵام دیسانەوە ئازادی لای ئەوان بەنرخترە، بەنرختر لە گیان!

چیرۆکی خاک مەیلبڕەی مەلەکشا وا لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێگای گرتووە و پێمان وایە کە دوای مردن وردەوردە مرۆڤەکان


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەبیر دەچنەوە و ڕۆژێک وای لێ دێ کە هەر لە بیریشمان نامێنێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵیان ژیاوین، بەڵام ڕووداوە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە فێرمان دەکەن کە ئازادی نە لە سێدارە دەدرێ و نە دەخرێتە ژێر خاکەوە.

لە نزیک ٦ مانگی ڕابردوودا لاوانی کوردستان، بە تێکۆشانی بەردەوام، هەوڵیان دا چیرۆکی نوێ تۆمار بکەنەوە، نزیک ٦ مانگە ژینا بە جەستە لە نێوماندا نەماوە. بەڵام وەک لەسەر کێلی مەزارەکەی نووسرابوو، ناوی بوو ڕەمز، ڕەمزێک بۆ بونیاتنانەوەی نیشتمان ئەویش لەسەر دەستی کیژ و کوڕانێک کە تەمەنیان وەک تەمەنی ژینا بوو، و وەک ئەو هەزاران ئاوات و ئارەزوویان بۆ ژیان و داهاتوویان هەبوو.

هاتنەمەیدانی لاوان پاش مەرگی ناخهەژێنی ژینا سەلماندی کە چیرۆکەکان دەکرێ جۆرێکی تر مانا بکرێنەوە، ژینا لەلایەن ڕێژیمێکی مرۆڤکوژی دژەژنەوە گیانی لێ ئەستێندرا، بەڵام خەڵکی کوردستان بە ئەسپەردەکردنی ڕۆحی دووبارەیان وەبەر تێکۆشانی خۆیان بۆ گەیشتن بە ئازادیدا کردەوە، خاکی گۆڕستانی ئایچی بەپێچەوانەی خاکی چیرۆکە هەمیشەییەکە نەیتوانی مەیل ببڕێ، بەپێچەوانە مەیلی تێکۆشانی نوێ کردەوە.

لە ئاخرین پێنجشەممەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاویدا، خەڵک لە شارەکانی کوردستان چوونە سەر مەزاری شەهیدانی شۆڕشی ژینا و بە دانی دروشم و ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدەکانی ئەم شۆڕشە، مەیل و بەڵێنی بەردەوامبوونیان دووپات کردەوە.

خاکی کوردستان ئەگەرچی ئازیزەکانمان لە ئامێز دەگرێ، بەڵام هیچکات یاد و بیرەوەریی لاوەکانمان لەگەڵ خۆی ون ناکات، خاکی کوردستان خاکێکی داگیرکراوە و هەموو تێکۆشانێکی لاوانی ئەم خاکە بۆ ڕزگارکردنی لە چنگی داگیرکەرانە، ئەوان لە ئامێزی خاکدا جێگا دەگرن و دەبنە گوڵاڵەسوورەکانی نیشتمان و مەیلی ژیان نوێ دەکەنەوە!

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٢ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## وانەکانی شۆڕشی ٥٧ بۆ لێفێربوون و بەردەوامیی شۆڕشی ژینا



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

شۆڕشی ئێستای کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە بەحەق ناوی شۆڕشی "ژینا"، شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"ی لێنراوە، لەلایەک لێکەوتە و درێژەی شۆڕشەکانی ڕابردووی گەلانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخە و لەلایکی دیکە دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە شۆڕشەکانی ڕابردوو بە شۆڕشی مەشرووتەشەوە، هەتا شۆڕشی ٥٧ و ڕاپەڕینەکانی دو دەیەی ڕابردوو نەیانتوانییوە ئامانجە سەرەکییەکانی گەلانی ئێران وەدی بێنن؛ ئامانجگەلێک کە دەستەبەرکردنی نان، کار و ئازادی و نەمانی سەرەڕۆیی، وەک کۆڵەکەی سەرەکیی شۆڕشەکان بوون.

شۆڕشی ٥٧ کە بەداخەوە لەلایەن خومەینی و ئاخوندەکانەوە بەلارێدا برا و دزرا، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و بەرفراوان بوو کە دەیتوانی بە لەبەرچاوگرتنی زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی، بۆ هەمیشە کۆتایی بە داپڵۆسین و سەرەڕویی و دەسەڵاتی زۆرداران لە ئێراندا بێنێ؛ بەڵام بەداخەوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی نەک هەر بەئازادیی و مافە ڕەواکانیان نەگەیشتن، بەڵکوو هەروەک دەرکەوت لە چاڵەوە هاتنە دەر، بەڵام دەچاڵاوی کەوتن.

دیارە لەوەدا کە ڕێژیمی دژیگەلیی پاشایەتی، ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر و ئازادیکوژ بووە هیچ شک و گومانێک نییە و کار و کردەوەکان و کارنامەی پەهلەوییەکان نیشان دەدا ئەوان نەک هەر هیچکات لە سەرکوتی کۆمەڵانی ئازادیخوازی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی ئێران دەستیان نەپاراستووە، بگرە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان لە ناوچەش (سەرکوتی شۆڕشی زۆففار لە وڵاتی عەممان) هێزیان ناردووە و وەک ژاندارمی ناوچەی ڕۆژهەڵات سیاسەتیان کردووە. لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتی سەرکوت و قەڵاچۆکردنی نەتەوەکەمان پەهلەوییەکان کارنامەیەکی زۆر ڕەش و پڕ لە شەرم و شووڕەیی و جینایەتیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە. سەرکوتی شۆڕشی مەزنی سمکۆی شکاک و تیرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنە بە فێڵوتەڵەکە و هەروەها هاوکاریی دەوڵەتی کوردکوژی تورکیە بۆ سەرکوتی شۆڕشی باکوری کوردستان "ئاراراتی" لە ساڵی ١٩٣١ زایینی، تەنیا دوو نموونەن لە سیاسەتی دژەکوردی ڕەزاخانی قەززاق. پەهلەویی دووهەمیش هەمان ڕێچکەی بابی بۆ سەرکوتی گەلانی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد گرتەبەر و دۆسییەیەکی ڕەشتری تۆمار کرد. لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی سەدان تێکۆشەری حیزب و گەلی کورد لە گرتووخانەکان لەلایەن ساواک و دەزگای بێدادی حەمەڕەزاشا و هەروەها مۆرکردنی ڕێککەوتنی ئەلجەزایر لەگەڵ دەوڵەتی بەعسی عیراق و لە ئاکامدا تێکشکاندنی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان چەند بەڵگەیەکن کە نیشان دەدا، پەهلەوییەکان بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد تەنیا مەبەستیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبووە و دژایەتیی کورد و مافخوازیی نەتەوەکەمان بۆ ئەوان سنوور ناناسێ.

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە شۆڕشی ٥٧ بەهەراوی هاتنە سەر شەقامەکان و پاش چەند مانگ خۆپێشاندانیی خوێناوی و مانگرتنی سەرانسەری دەسەڵاتی پەهلەوییان تێکەوە پێچا و کۆتاییان بە نیزامی پاشایەتی هێنا، بەڵام هەروەک دیتمان ئەووەی جڵەوی شۆڕشی بەدەستەوە گرت و پاشان کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە، لە هەموو بوارەکاندا درندەتر، هارتر و ڕووهەڵماڵاوتر بوو لە سەرکوتی گەلانی ئێران. ڕێژیمێک هاتە سەر کار و بەرهەمی خوێنی شەهیدانی شۆڕشی ٥٧ی چنیەوە کە لە ڕاستیدا و لە سەرەتادا نێوەرۆکەکەی بۆ زۆر کەس و لایەن ڕوون نەبوو. خومەینی زۆر سەرەڕۆیانە دوو ڕێگای لە بەردەمی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دانا، (کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نا)، هەرئەوەش بوو کە خەڵکی ئێران، جگە لە گەلی کورد، دەنگیان بە ڕێژیمێک دا کە نەیاندەناسی و نەیاندەزانی چارەنووسیان بەرەو کوێ دەبا. گەلی کورد و حیزبی دێموکرات لەو بەناو ڕێفراندۆمەدا بەشدارییان نەکرد و بەمشێوەیە هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕاپرسییەیان بە نادێموکراتیک و ناتەبا لەگەڵ پرەنسیپەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد دانا کە لەودا داهاتووی گەلانی ئێران ناڕوون و لێڵ بوو.

ڕێژیمی پاشایەتی، تۆتالیتەر، دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و داپڵۆسێنەر بوو، دیکتاتۆرێکی بەرواڵەت مۆدێرن کە لەودا دەسەڵات تێدەکۆشا سەرپۆش لەسەر سیاسەت و کردەوە سەرکوتکارییەکانی دابنێ، وانیشان بدا ئێران دوورگەیەکی ئارامە لە ناوچەی قەیراناویی ڕۆژهەڵات و ناڕەزایی سیاسیی بوونی نییە و هەمووکەس بە ئازادی دەژین. بەڵام ئەوە ڕواڵەتی نیزامی پاشایەتی بوو و ساواک و ئەشکەنجەگاکان و سەرکوتی هەرچەشنە بیر و باوەڕی نەیار، سیاسەتی فەرمی دەسەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەهلەوییەکان بوو. دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوەیەک و پەراوێزخستن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس بە هەموو شێوەکانی نەرم و تەنانەت سەرکوت و زەبروزەنگ، سیاسەتی سەرەکیی نیزامیی پاشایەتی بۆ یەکدەستکردنی خەڵکی ئێران بوو؛ دیارە شک لەوەدانییە لە دوای بەناو "شۆڕشی سپی" و هەڵتەکاندنی دەرەبەگایەتی و دابەشکردنی بەشێک لە زەوی و زارەکان، کە لەڕاستیدا بەسەقەتی ئەنجام درا و بوو بەهۆی تێکچوونی بافتی حەشیمەتی سرووشتی وڵات و چۆلکردنی گوندەکان و پێکهاتنی دیاردەی پەراوێزنشینی (حاشیەنشینی) لە شارە گەورەکان، ئازادییە تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتییەکان، ئازادی ژنان و زۆر ماف و ویستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هەتا ئەو جێگایەی ڕەنگ و بۆنی سیاسیی و دژایەتی دەسەڵاتی پێوەدیار نەبووبا و نەبووبێتە مەترسی بۆ بەناو بەرژەوەندییەکانی نیزام، لەبەرچاو دەگیرا، بەڵام بۆ وێنە هەرچەشنە چالاکی سیاسیی و ڕێکخراوەیی و تەنانەت خوێندنەوەی زۆر لە کتێب و ڕۆمانەکان کە کەمترین بۆنی ئازادیخوازی لە هاتبا سزای قورسی بەدواوە بوو. لەو نێوەدا کتێبی کوردی و باسی کوردبوون کردن ، کوردگوتەنی هەر باسی سەر بوو.

لە پاش پەهلەوییەکان نیزامێک و دەسەڵاتێک هاتە سەر کار کە هەر لە مانگەکانی سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات نیشانی دا چ نێوەڕۆکێکی دواکەوتووانە، دژی گەلی و جینایەتکارانەی هەیە. بەپێچەوانەی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا کە تێدەکۆشا ڕواڵەتێکی پێشکەوتوو و ئەورووپایانە لە دەسەڵاتەکەی پیشانی خەڵکی ئێران و جیهان بدا، ئاخوندەکان و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی، هەر لە سەرەتاوە نیشانیان دا چییان دەوێ و بەتەمای چین. هەرچەند گەلانی ئێران، جگە لە گەلی کورد، درەنگ لە ناخی دۆزەخەکەی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتن و شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقیش دەفریای بوون و مانەوەی ئەو ڕێژیمە گەندەڵ و سەرەڕۆیە کەوت و بوو بە هۆی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان.

هێرش بۆ سەر گەلی کورد و کوردستان وەک مەتەرێزی ئازادیخوازی لە ئێراندا، قەڵاچۆکردنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، تەنانەت ئەوانەی کە بەپاساوی بەناو دژیی ئەمپریالیستبوونی کۆماری ئیسلامی پشتیوانییان لێدەکرد، لەسێدارەدانی هەزاران زیندانی سیاسیی و لاوەکان، بەتایبەت لە جەنگەی هێرش بۆ سەر کوردستان و پاش کۆتایی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق و دەیان و سەدان جینایەت کە ئەو ڕێژیمە لە ماوەی تەمەنی ٤٤ ساڵەی خۆیدا خوڵقاندوویەتی، ئەگەر تاڵ و خوێناوی و خەسارەتێکی یەکجار گەورە بووە کە بەر ئێران و کۆمەڵانی ئازادیخوازیی ئێران کەوتووە، لە هەمان کاتدا زۆر وانەی بەنرخی بۆ ئێمە و بەرەکانی داهاتوو تۆمار کردووە. ئەو وانانە بە ئێمە دەڵێن ئەزموونی ڕابردوو، سەرەڕای شکان و پاشەکشێیەکانی، دەبێ ببێ بە چرا و مەشخەڵی خەباتمان بۆ ڕزگاربوون لە چنگی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی گڵاوی ئاخوندەکان. دەبێ گەلانی ئێران، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و سیما ناسراوەکانی کۆمەڵگە، ئاوڕ لە ڕابردوو بدەنەوە و لە خاڵەلاواز و سیاسەتە هەڵەکانی خۆیان لە شۆڕشی ٥٧ فێر ببن و بۆ شۆڕشی ئێستامان، شۆڕشی ژینای کوردان، کەڵکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێ وەرگرن.

شۆڕشی ٥٧ پێمان دەڵێ هیچ ئۆپۆزیسیۆنێک ناتوانێ کۆدەنگیی وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دەستەبەر بکا، هەتا ئەوکاتەی لەبەرنامە و مەنشووری خۆیدا بوونی نەتەوەکانی ئێران و مافی ڕەوای ئەوان بەفەرمی نەناسێ. شۆڕشی ٥٧ پێمان دەڵێ هەر ئۆپۆزیسیۆنێک پەیڕەوی لە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت بەبێ جیاوازیی لە بۆچوونەکاندا (ئیسلامی، ناسیۆنالیستی، مارکسیستی و...) بکا، جاڕنامەی مافی مرۆڤ بەهەموو برگە و بەندەکانیەوە قەبووڵ نەکا، لە کۆتایی و لە ئەگەری هاتنە سەر دەسەڵات دەبێتە ڕێژیمێکی "تەک ڕەهەند"ی دیکتاتۆری. هەروەها ئەو شۆڕشە سەلماندوویەتی ڕێبەری تاکەکەسیی وەک خومەینی، ئەو پۆتانسیەلەیان تێدایە کە بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی بەلاڕێدا ببەن. یەکێکی دیکە لە وانەکانی شۆڕشی ٥٧ ئەوەیە کە نەتەوەکانی ئێران یەکگرتووتر بن و لە بەرەیەکەوە و لە سەرەتاوە داوای ویست و داخوازییەکانیان بکەن، نەک وەک ساڵەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ لە ڕووی نەزانی و دابەزینی ئاستی شوناسی نەتەوەیی، بەگژ یەک، بەتایبەت بەگژ کورددا بێنەوە کە لە ئێراندا هەمیشە ئاڵاهەڵگری ئازادیخوازیی بووە.

شۆڕشی ٥٧ بە هەموو لاوازی و کەموکووڕی و دەسکەوت و دەرکەوتەکانی و ئەوەی وەک کۆماری ئاخوندەکان لێی شین بۆوە، بۆ لاپەڕەکانی مێژوو مایەوە و ئەوەی ئێستا لە ئێران لە ئارادایە، شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادیی"ە" کە لە ماوەی زیاتر لە شەش مانگی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی تاساندووە. شۆڕشێک کە بە لەبەرچاوگرتنی گشتگیربوونی، فرەڕەهەندیی، کۆمەڵایەتیبوون و بەتایبەت کە ئاوێتەی بانگی ئازادیی ژنان وەک چەوساوەترین بەشی کۆمەڵ لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندەکاندا بووە، بەدڵنیاییەوە ئەو هێزەی هەیە کۆماری ئیسلامی ڕامالێ؛ بەڵام هەموو دۆخێکی شۆڕش و هەموو شۆڕشێک ئاکامەکەی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانی نییە، هەروەک چۆن شۆڕشی ٥٧ سەرەرای بەشداریی دەیان میلیۆنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، ئامانجەکانی نەپێکا و دۆخەکە لە خراپ بۆ خراپتربوون ڕۆیشت.

کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات هیچ ڕەواییەکی نەماوە؛ لەڕاستیدا ئەوەی ئەو نیزامە فاشیل و فاسیدەی ڕاگرتووە لەلایەک زەبری هێزە سەرکوتکەرەکانیەتی و لەلایەکی دیکە نایەکگرتوویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە کە هەرکامە بۆچوونێکیان هەیە. ئەو ڕێژیمە لەگەڵ دەیان قەیران و ئاستەنگ لە نێوخۆ بەرەوڕوویە و ڕۆژ نییە لە چەند شارێکی ئێران بەرەوڕووی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی خەڵکی نەبێتەوە، لە ئاستی دەرەوەشدا بۆ یەکەمجارە کۆدەنگییەکی باش لە نێوان وڵاتانی جیهان، بەتایبەت ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا لەبەرانبەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینین. کەوابوو ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕێڕەوی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" شۆڕشی ژینای کوردان و شۆڕشی هەموو گەلانی ئێران پێمان دەڵێن، کاتی "نەرمینواندنی قارەمانانە "، واتە قەبووڵی "شکستی سەرشۆڕانە" و هەڵلووشینی جامە ژەهرەکە بۆ پاراستنی نیزام بەسەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چووە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە کەمتر لە ڕووخانی نیزامی ئاخوندەکان ڕازی نابن و شۆڕشی ژینا سەرەڕای ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا بەڕواڵەت لەژێر سەرکوت و کوشتاری دەزگاداپلۆسێنەرەکانی ئاخوندەکان لە شەقامەکان پاشەکشێی پێ کراوە، بەڵام بەردەوام بووە، پەنگی خواردووەتەوە و سەرەڕای ئەوەی ڕێبەرییەکەی هەرشەقام و نارەزایەتییەکەی، جگە لە ئەکسیۆنە کرێکارییەکان، خۆڕسک بووە، هیوابەخشە و نابێ نیگەرانی سەرنەکەوتنی بین. بێگومان ئەو شۆڕشە وەک بڵێسە و ژیلەمۆ وایە، بەردەوامە و لە نێوەڕۆکدا پتەوتربووە. زۆر پێویست ناکا دوور بڕوانین، داهاتووی گەلانی ئێران گەلێک ڕوون و پڕشنگدارە.

٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٤ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ساڵی بەردەم، ساڵی چارەنووس



عەلی بداغی

دەکرێ بەدڵنیاییەوە ساڵی ڕابردوو (١٤٠١) بە ساڵی وەرچەرخانی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێراندا دابندرێ. ساڵێک کە شۆڕشی ژینا کۆتایی بە وێژمانی ڕێفۆرمیستی بۆ چارەسەری قەیرانەکانی وڵات هێنا و بۆ یەکەمجار زۆرایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ناڕازی و هێزە سیاسییەکان لە ئاستی سەرانسەریدا هاتنە پشتی وێژمانی شۆڕشگێڕیی "شۆڕشی ژینا، ژن، ژیان، ئازادی" و؛ هەروەها تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییان بە فازی یەکەمی ئەو شۆڕشە سیاسی-کۆمەڵایەتییە قووڵ و هەمەلایەنەیە دانا.

ساڵی ١٤٠١ لە هەلومەرجێکدا دەستی پێ کردبوو کە بناژۆخوازەکان جڵەوی ڕەهای هەر سێ دەسەڵاتی داد، دەوڵەت و قانووندانانیان گرتبووە دەست، هاوکات هەوساری هەموو ناوەندە دەسەڵاتە نافەرمییەکانیشیان وەک هەمیشە بەدەستەوە بوو؛ بەڵام گەندەڵیی سەرتاپاگیر، ناکارامەیی سیاسی و ئیداری لە چارەسەری قەیرانەکانی وڵات، پشتکردن لە وادە و بەڵێنەکانیان بە خەڵک و پەنابردنەوە بەر سەرکوت و زەبروزەنگ وەک سیاسەتی هەمیشەییان لە هەمبەر ویست و داخوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان؛ ئیدی هیچ شەرعییەتێکی بۆ تەواوەتیی ڕێژیم و هیچ هیوایەکیشی بۆ کۆمەڵانی خەڵک نەهێشتەوە. کارەساتی کوشتنی ژیناش شەمچەی بە عەمباری باڕووتی تووڕەیی و بێزاریی خەڵکەوە نا و جمەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خستەوە شەقام و بڵێسەی شۆڕش لە هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگەوە ئاسمانی وڵاتی داگرت.

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەلایەک بە کوشتنی سەدان کەس، بریندارکردن و نقوستانکردنی هەزاران کەس و دەسبەسەرکردنی دەیان هەزار کەس کە زۆریان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا و، لەلایەکی دیکە بە میلیتاریزەکردنی ڕەهای شەقام و جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک، پەرەدان بە زەبروزەنگ و تۆقاندنی خەڵک تا ئاستی دەرمانداوکردنی منداڵانی قوتابی توانی بڵێسەکانی شۆڕش لە چەند مانگی کۆتایی ساڵدا دابمرکێنێت، بەڵام بۆخۆشیان دەزانن کە شۆڕشی خەڵک وەک ئاگری بن خۆڵەمێش، چاوەڕوانی دەرفەتێک بۆ گەشانەوەیە. بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایە با لە باسی کۆبوونەوە نهێنییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیمەوە چەند فاکت بێنینەوە:

لە ئاکامی باسە دزەپێکراوەکانی کۆبوونەوە گرینگەکەی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەمەی پەنجاوچەند فەرماندەی پلەبەرزی سپای پاسداران لەگەڵ خامنەییدا دەردەکەوێ داماویی ڕێژیم تەنیا لە چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام و ڕاپەڕینی خەڵکدا نییە، بەڵکوو چارەسەرنەکرانی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و بارگرانیی لەڕادەبەدەری هەژاری و بێئەنوایی لەسەر شانی خەڵک، ناوەندە ئەمنییەتییەکان و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی لە کۆنترۆلکردنی نارەزایەتییەکاندا دەستەوەستان و ماندوو کردووە. ئیسماعیلی خەتیب، وەزیری ئیتلاعات لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای ئاماژە بەوەی کە بە سەرکوت و زەبروزەنگ توانیویانە بە سەر خۆپێشاندانەکان و ٢٨ مانگرتنی سەرانسەری لە پیشەسازیی نەوت و گازدا زاڵ بن، ترسی لەڕادەبەدەری خۆی لە پەرەسەندنی مانگرتنەکان ئەویش لە بەشی پیشەسازیی وڵات بەتایبەت کەرتی نەوتدا کە دەتوانێ شادەماری هەناسەدانی ڕێژیم بوەستێنێ نەشاردۆتەوە. یان سەرهەنگەکانی سپا لە ناوچە و پارێزگا پەراوێزخراوەکان بەئاشکرا گوتویانە کە بەرحەقبوونی ویست و داواکانی خەڵک وایکردووە هێزەکانیان لە هەموو ئاستەکاندا پێملی بڕیارەکان بۆ سەرکوتی خەڵک نەبن و دانیان بەوە داناوە کە بەدەنەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم تووشی هەرەس و داڕمان بووە.

ساڵی ڕابردوودا هاوکات تاقیکارییەکیش بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بوو. لە کاتێکدا لاوانی وڵات سینگیان بە گوللەوە نابوو، و یەکدەنگ و یەکریز بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕاسابوون؛ بەڵام نەبوونی یەکریزی و هاودەنگی لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا دەرفەتی بە کۆماری ئیسلامی دا جارێکی دی پشووی بێتەوە بەر خۆی. بەڵام بابەتی بنەڕەتی هەر نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارامە بۆ ڕێبەریکردنی شۆڕش لە نێوخۆی وڵاتدا نەبوو، بەڵکوو پاوانخوازیی لایەنگەلێکە کە دەیانەوێ سواری شەپۆلی شۆڕشی ژینا و نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانیان بن و شوورەییش تا ئەو ئاستەی ڕاپەڕینی خەڵک بە مەترسی بۆ سەر تەواوەتیی خاکی ئێران بزانن و؛ لە ڕێگەی میدیا پڕبینەرەکانەوە توێژی خۆڵەمێشیی کۆمەڵگە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لایەنگرانی ناوەندگەرایی لێ بپرینگێننەوە! بەڵام سەرەڕای ئەم واقعەتاڵە لە ڕەوشی ئۆپۆزیسیۆن و ئەزموونی سەرکەوتووانەی تائێستای کۆماری ئیسلامی لە قۆستنەوەی پێکدژیی بەرژەوەندیی وڵاتان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بە قازانجی خۆی، دۆخی شۆڕش لە ئێران بەردەوامە؛ قەیرانەکانیش بۆ کۆماری ئیسلامی لەجێی خۆیانن و زۆرتریش بوون.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا پێویستیی بە شەرعییەتی خەڵکی هەیە کە نییەتی، پێویستیی بە یەکگریی نێوخۆیی بازنەی دەسەڵات هەیە کە درزیان تێکەوتووە، پێویستیی بە چارەسەری قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و پەروەردەییەکانی وڵات هەیە کە لە بەرانبەریاندا دۆشداماوە. بۆیە گوشارەکان لە نێوخۆی وڵات لەلایەن خەڵکەوە و پشتگیرییەکانیش لە شۆڕش لە دەرەوەی وڵات وا دەکەن دۆخەکە بۆ ڕێژیم لەساڵی نوێدا دژوارتر و ئەستەمتر ببێت.

"شۆڕشی ژینا" بە قۆناغەکانی هەوراز و نشێوی خۆیدا دەڕوات. ڕوون و ئاشکرایە کە زۆرینەی ڕەهای خەڵک لە ئێران خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی سیاسیی دێموکرات و سێکۆلارن و ئامادەن تێچووی ئەو گۆڕانکارییە قووڵەش بدەن. بۆیە لە داهاتوویەکی نیزیکدا شەقامەکان بەخاوەن دەکرێنەوە و خەڵک بە ئەزموونوەرگرتن لە ڕاپەڕینی پاییزی ١٤٠١ باشتر و ڕێکوپێکتر خۆتان ڕێکدەخەنەوە، مانگرتنەکان لە هەموو کەرتەکان بەتایبەت لە پیشەسازیی نەوتدا پتر کاریگەریی دیاری خۆیان دادەنێن، ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵاتیش ناچارن ناکۆکییە ئیدئۆلۆژییەکانی خۆیان وەلا بنێن و لەسەر لانیکەمی ویستە ڕەواکانیان ڕێک بکەون. بێگومان لەوەها دۆخێکدا وڵاتانی ڕۆژئاوایی خاوەنبڕیاریش بە سەرنجدان بە ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی کە بە درێژایی مێژوو هۆکاری ناسەقامگیری لە ناوچە و جیهان بووە و ناشتوانێ ئەو سیاسەتانەی وەلا بنێت؛ ڕوو دەکەنە شۆڕشی خەڵک و ناچار دەبن پشتی ڕێژیم بەربدەن.

بێگومان ئەوەی دەبێ بڕوات کۆماری ئیسلامییە و، داهاتوو بۆ شۆڕشی ژینا و خەڵکی مافویست و ئازادیخوازی کوردستان و ئێرانە.

٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٥ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شیکارییەکی کورت لە ناڕەزایەتییەکانی شەش مانگی ڕابردوو



**سۆران شەمسی**

شەش مانگ دوای دەستپێکردنی ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکان لە ئێران، بیروڕای گشتی و کۆمەڵگەی ئێران زیاتر لە جاران ڕووبەڕووی پرسیاری سەرەکی بوونەتەوە، کە وڵامی کۆتایی ئەو پرسیارانە دەتوانێت چارەنووس و داهاتووی نەتەوەکانی ئێران ڕوون بکاتەوە، هەروەها بۆ کۆمەڵەیەکی گەورەی هاوڵاتییانی وڵاتانی دیکە گرنگییەکی زۆریان هەیە.

گێڕانەوەی ڕەسمی ڕێژیم ئەوەیە کە دوای کوژرانی (شەهیدبوونی) ژینا ئەمینی، کۆمەڵێک بریکار کە هیچ پەیوەندییەکیان بە "خەڵکی" ئێرانەوە نییە، بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لە سەدان شاری ئەو وڵاتە دەستیان بە ناڕەزایەتیی سەرتاسەری کرد و ئەم "پیلانگێڕییە" لەلایەن بریکارەکانەوە پووچەڵ کرایەوە و ناڕەزایەتییەکان کۆتاییان هاتووە.

بەڵام لە ڕاستیدا وڵامێکی لەو شێوەیە لە ئاستە جیاوازەکاندا قەبووڵکراو نییە. نەتەوەکانی ئێران لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەڵێن لە ناوەڕاستی "شۆڕش"دان بۆ ڕووخاندنی سیستمی سیاسیی دەسەڵاتدار، ئەم شۆڕشەش لە ماوەیەکی کورتدا ناگاتە ئەنجامی خوازراو و پرۆسەیەکە کە نەوستاوە و خەباتی ئۆپۆزسیۆن بەردەوامە.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە ڕووی دەرەوە شەقامەکانی کۆتایی مانگی شەشی ناڕەزایەتییەکان هاوشێوەی چوار مانگی یەکەم



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نین. ژمارەی خۆپیشاندانەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و دوای چەند مانگێک لە سەرکوتکردنی توند، کاریگەرییەکانی ئەو پێکدادانانە لەسەر بوونی خۆپیشاندەران لەسەر شەقامەکان دیارە.

بەڵام سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییە، لە ئێستادا ئەو هۆکارانەی کە لە بنەڕەتدا بوونە هۆی ئەم ناڕەزایەتییانە، هێشتا لە شوێنی خۆیانن و هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەو هەلومەرجەدا ڕووی نەداوە کە بووە هۆی ناڕەزایەتییەکان.

نەک هەر سیستمی سیاسیی دەسەڵاتدار وەک ڕژێمێکی "ئیسلامی" بەردەوامە لە کارکردن و نەتەوەکانی ئێرانیش لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی سنووردارکردنەوەی زیاتر دەبنەوە، بەڵکوو لە دۆخی مافەکانی مرۆڤ یان ئاستی ئازادییە سەرەتاییەکان، بەتایبەتی ئازادییە دیموکراتیکەکان، هەروەها ئەوانیش چاوەڕوانییەکان لە حکوومەت بە شێوەیەکی کاریگەرە کە هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەداوە.

تەنانەت بە ئاماژەدان بە کوشتنی نزیکەی ٥٠٠ کەس لە شەقامەکان و لەسێدارەدانی دەیان کەس کە لە کاتی ناڕەزایەتییەکاندا دەستگیرکران، بەردەوامی دادگاییکردنی سەدان چالاکوان و ڕۆژنامەنووسی سیاسی و خوێندکاری و ئەو سانسۆرە توندەی کە ئیدارەی ڕاگەیاندنەکان دەکات و بێگومان ئەوە... قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریی وڵات و دابەزینی بەردەوامی ئاستی خۆشگوزەرانی هاووڵاتییان، دەتوانرێت بڵێین دۆخەکە خراپتر بووە.

لەم ماوەیەدا دۆسییەی بێشومار لە دژی خوێندکاران و ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مەدەنی لە بوارە جیاجیاکاندا تۆمار کراوە. سەدان کەس ڕووبەڕووی سزای زیندان بوونەتەوە و ژمارەیەکی زۆریان تا ئێستاش لە زینداندان. لە هەمان کاتدا ژیان و چالاکیی سەدان کەس کە بە کەفالەت لە زیندان ئازاد کراون، لەژێر هەڕەشەی دادگا و دادگاییکردن و سزای زینداندا بەسەر دەچێت.

سیاسەتی دەرەوەی گرژی و دژە ڕۆژاوایی حکوومەتی ئێران بەردەوامە و هیچ ئاسۆیەک بۆ پێشهاتەکانی لەئارادا نییە. ئابووریی ئێران، جگە لە کێشە ڕەگداکوتاوەکان، گەندەڵی و ناکارایی سیستماتیک، بەهەمان شێوە بەدەست ئەم سیاسەتە دەرەکییە و لێکەوتەکانییەوە دەناڵێنێت و پرۆسەی هەژارتربوونی ئێرانییەکانیش نەوەستاوە.

سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژی و سەختییە بۆ ناڕەزایەتیی ئاشتییانە، جارجارە خۆپیشاندەران بیانووی وەک یادکردنەوەی شەهیدەکان یان ئاهەنگگێڕانی چوارشەممەسووری و سەری ساڵی تازە بۆ دەربڕینی دژایەتیی خۆیان بۆ حکوومەتی ئێستا و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرکردەکانی و دەسپێشخەری وەک دروشمی شەوانە بەکاردەهێنن، شوعار نووسینی دیوار یان هەڵواسینی نووسینی نارەزایەتی لەسەر ڕێگە سەرەکییەکان. ڕۆژانە دەبینرێن.

لە هەلومەرجێکی وەهادا ئەگەر هاووڵاتییان لە دەرفەتی دەربڕینی نارەزایی خۆیان بێبەش بکرێن، هیچ هۆکارێکی لۆژیکی نییە کە پرەنسیپی دژایەتی و نارەزایەتی و نارەزایی لەدەست چووبێت. چونکە هۆکاری ئەو نارەزاییانە هێشتا هەر ماون. ڕێژیم بارگرانیی "سەرکوتی توند"ی نارازییان هەڵناگرێت و کاربەدەستانی ڕێژیم بە تایبەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک سەرکوت نەبووە و تا ئێستاش ئێرانییەکان ڕێگەیان پێ نادرێت هەرکاتێک بیانەوێت بێنە سەر شەقامەکان و بە ئاشتیانە نارەزایەتی خۆیان بۆ حکوومەت دەردەبڕن. بۆ ئەوەی نیشان بدەن بە کردەوە ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان پۆلیس، سپا و سیستەمی دادوەری، لەگەڵ دروشمی ئاسایی سەرۆکانی سەربازی و ڕێکلامە بەرفراوانەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی، ئەوە دەردەخەن کە ئاستی لێبوردەیی حکوومەت بۆ نارەزایەتییەکان زۆر نزمە؛ ماوەی چەند مانگێکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕووی لە هەوڵێکی بەرفراوان و هەمەلایەنە کردووە بۆ زیادکردنی تێچووی هەر نارەزایەتییەک. ئاستی توندی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەران لەگەڵ بانگەشەی پروپاگەندەی حکوومەتدا ناگونجێت کە بانگەشەی ئەوە دەکات ئاوەکە نالەرزێت. بە پێچەوانەوە پرسیاری گرنگ لە ئاست متمانەبەخۆبوونی سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار لە بەرامبەر نارەزایەتییەکاندا دەوروژێنێت و نیشان دەدات کە نیگەرانیی جیددی هەیە سەبارەت بەم دەربڕینە دژە لەلایەن هاووڵاتییانەوە لە بەرزترین ئاستی بڕیاردان.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە مانگی ڕابردوودا حکوومەت هەوڵی دا وێنەیەکی بەهێز و سەقامگیری خۆی لە ڕێگەی "لێبوردن"ەوە دروست بکات لەو زیندانییانەی کە لە کاتی نارەزایەتییەکاندا دەستگیرکرابوون. پێکهاتەیەک کە خەمی ئازادکردنی هەزاران هاووڵاتیی نارازی نییە و متمانەی بە هەڵوێستی خۆی هەیە.

بەڵام لە پشت ئەم وێنە دەرەکییەوە نیگەرانییەکی بەرچاو هەیە کە بناغەی حکوومەت ژیان بە بناغەی حکوومەت بگات؛ نیگەرانییەک کە بە تێڕوانین لە ئاستی سەرکوتکردنی نەیارانی ناسراو و بەردەوامی سانسۆری میدیای باو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین ئەوەیە کە چەندە جیددیە بۆ سەرکردەکانی حکوومەت.

ئەم ئاستە لە سەرکوتکردن لەگەڵ پروپاگەندەی حکوومەتدا ناگونجێت کە نارەزایەتییەکان کۆتاییان هاتووە یان بێکاریگەرن. بە پێچەوانەوە نیشانەیەکی ئاشکرای دڵەڕاوکێی بەربڵاو لەنێو ئەو بڕیاردەرانەی کە نیگەرانن لە گەڕانەوەی خۆپیشاندەران بۆ سەر شەقامەکان و ڕەنگە سەرکەوتنیان لە ڕووخاندنی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتدار.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی وڵات دەڵێن درەنگ یان زوو کۆماری ئیسلامی دەڕوخێنن و کۆتایی بە دیکتاتۆری دینی دێنن. ئێران بەبێ دیکتاتۆرییەت، وەدیهاتنی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و هەیکەلی دێموکراسییانەی دەسەڵات، بەڵێنی سەرەکیی ئەو کەسانەیە کە لەم ڕۆژانەدا باس لە "شۆڕشی گەلی ئێران" دەکەن دژی سیستەمی دەسەڵاتدار.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی نەک هەر لە پرۆپاگەندەکانیدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو شتێکی لەژێر کۆنترۆڵدایە و بە هیچ شێوەیەک لەرزۆک نەبووە، بەڵکوو "خەڵکی ئێران" هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ ئەم سیستەمەدا نییە و ناڕەزایەتییەکان دەرئەنجامی چالاکییەکانی و وڵاتانی دیکە و ڕکابەرە ژێۆپۆلەتیکیەکان کە دەسەڵاتی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانن، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان لە ناکۆکیدایە.

لەم چوار دەیەیەدا کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی گۆشەگیریی جیهانی بووەتەوە و بووەتە یەکێک لە وڵاتە شەڕەنگێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تا ئەو جێگایەی تا ڕادەی گۆشەگیریی نێودەوڵەتیی ئێران لەم ماوەیەدا، هەرگیز لە مێژووی مۆدێرنی ئێراندا نەبینراوە.

ڕێبەرانی سیستەمی حوکمڕانی بە هۆی ناپەسەندبوونیان لە ئاستی جیهانیدا هەموو ئەو شتانەی لەم شەش مانگەدا لە وڵاتدا ڕوویان داوە، نووسیویانە و لانیکەم لە ڕێکلامە گشتییەکاندا دەرنەکەوتوون بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئاژانس بدەن بە خەڵکی ئاسایی ئێران کە بەشدارییان لە ناڕەزایەتییەکان کردووە و ناڕەزایی قووڵیان بزانن.

بەڵام بە کردەوە، هەرگیز بەڵگەی ڕوونیان بۆ وابێژییەکانیان نەخستە ڕوو، زۆربەی ئاماژەکان سنووردار بوون بە ڕوومالْکردنی هەواڵی ناڕەزایەتییەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات؛ ئارگومێنتێک کە تێیدا هیچ باسێک لە هۆکارەکانی دەستپێکردنی ناڕەزایەتییەکان نەکراوە و تەنیا پشت بە ئیدیعای "هاندانی" هاووڵاتییانی ناڕازی لەلایەن ئەکتەرە ناوچەییەکان دەبەسترێت.

لە چوارچێوەی ئەو گێڕانەوەیەی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکات، ناڕازییان نەک لەبەر ناڕەزایی، بەڵکوو بە هۆی پڕوپاگەندەی ناڕاستی میدیای بیانی "فریودراون" و هاتوونەتە سەر شەقامەکان. وەک ئەوە وایە ئەو هاووڵاتییانە جەماوەرێکی بەبێ ئامانج و بەبێ بیرکردنەوە بن کە بەبێ هیچ دەسەڵاتێکی بڕیاردان لە کەمترین هۆشیاری گشتی بێبەشن و ئەگەر ئەم "فیڵە" نەبوایە، خۆپیشاندەران هەرگیز بە هۆی بارودۆخی ژیانیان و سنووردارکردنی بەرفراوان و نەبوونی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان، یان بارودۆخی ئابووریی سەخت، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاوڕان، دژایەتییان نەکرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە کۆتاییدا، هەوڵە بەرفراوانەکانی حکوومەت بۆ بانگەشەی ئەوەی کە ئەوەی ڕووی دا کاری "دوژمنی بیانی"یە، ڕووبەڕووی چەندین سەختی بووەتەوە و بەبێ گوێدانە ئاست و ڕادەی هەر دەستوەردانێکی ئەگەری، لەلایەن هەر ئەکتەرێکی بیانییەوە، ئەم شێوازە لە حکوومەت نەک تەنها بووەتە هۆی ڕەزامەندی نابێت هیچ هەنگاوێک بۆ ئارامکردنەوەی ناڕازییان بنرێت، بەڵام تەنانەت نابێت ڕەگی ئەم ناڕازییانەش بناسرێتەوە.

بە سادەیی، کەلێنی نێوان کۆمەڵێک هاووڵاتیی ئێرانی و حکوومەتی "کۆماری ئیسلامی" لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا قووڵتر بووەتەوە و لە چوارچێوەی پڕوپاگەندەی فەرمیی حکوومەتدا بوونی نییە و بە شێوەیەکی سروشتی ئەگەر لایەنێکی ئەم مشتومڕە بوونی بۆشاییەکە قبوڵ نەکات، هیچ هەنگاوێک نانێت بۆ چاککردنەوەی.

لە غیابی ئاسۆیەک بۆ ئەوەی حکوومەت دڵی خۆپیشاندەران بەدەست بهێنێت و قەناعەتیان پێ بکات کە هیچ دەرفەتێک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بەکارنەهێنن، دۆزینەوەی هۆکاری بەڵگەدار بۆ قبوڵکردنی بانگەشەی پڕوپاگەندەی حکوومەت کە دەڵێت ئاو نەلەرزێت و ئێران ئەمڕۆ ئێرانە، هەروایە شەش مانگ لەمەوبەر، ناتوانرێت.

بە پێچەوانەوە هەموو بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم شەش مانگە کاریگەرییەکی هێندە قووڵی لەسەر پەیوەندی نێوان حکوومەت و هاووڵاتییان لە ئێران بەجێ هێشتووە کە دوای زیاتر لە ٤٠ ساڵ حوکمڕانی بەناوی ئیسلامەوە، هێشتا خەڵکی دەسەڵاتدار بەرەوڕووی مێژووییترین و جدیترین تەحەدای سیاسی بۆ بەردەوامبوون لە دەسەڵاتەکەیان بوونەتەوە، ئەم تەحەدایە دوای شەش مانگ ئەوەندە جیدییە کە لە لووتکەی نارەزایەتییەکانی سەر شەقامەکاندا بوو.

ئەوەی چاوەڕێی ئێران دەکات، هەرچییەک بێت، بەئەنجامگەیشتنی ئەم ناکۆکییە مێژووییە و ڕوونکردنەوەی ئەرکی ئەم تەحەدایە بێ وێنەیە، کە لە ئێستادا هیچ ئاسۆیەک کۆتایی نەهاتووە، کاریگەری لەسەر دەبێت؛ هەرچەندە ئەم مشتومڕە سیاسییە چارەنووسسازە لە هێڵی کۆتاییەوە دوور بێت.

٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٦ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بە پێشوازیی نەورۆز




**ئاسۆ مینا**

دیسانیش ساڵ نوێ بووەوە و کۆتایی بە ساڵێکی پڕ لە ڕووداو و پێشهاتی جۆراوجۆر هات. لەمساڵدا ڕووداوگەلێکی زۆر ڕوویان دا کە چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و بەتایبەت کوردستانیان بە ئاقارێکی دیکەدا برد.

ئەوەی پەیوەست بە ئێران و بەتایبەت کوردستانی ئێمەوەیە ڕووداوگەلێکی بە لانی زۆردا تاڵ و هەندێک ڕووداوی شیرینیش بوون کە ڕوویان دا. لەمساڵدا لەسەر دەستی پۆلیسی بەناو ئەخلاقی ڕێژیم کچێکی کورد بەناوی "ژینا" گیانی لەدەست دا و ئەوە بوو بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی گشتگیری سەرانسەری کە کەم شوێنی ئێران هەبوو کە خەڵکەکەی نەیەنە سەر شەقام و دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان هەڵنەبڕن و دروشمی ڕووخانی ڕێژیم نەدەن.

ئەو شۆڕشە کە بە مۆدێرنترین و دیموکراتیکترین شۆڕش و جووڵەی خەڵک لە زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا هەژمار دەکرێ لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" جەوهەری شۆڕشەکە بوو. ئەو شۆڕشە لە مێژووی چل ساڵی ڕابردوودا دەگمەن بوو و لە هەناوی خەڵکەوە سەری هەڵدا و ڕێبەری جووڵانەوەکە بەدەست خەڵکەوە بوو و لەلایەکی دیکەوە ئەو جووڵانەوە و شۆڕشە ئەوەندە بەهێز بوو کە بنەچەی ڕێژیمی خستە لەرزە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو شۆڕش و سەرهەڵدانە بێ تێچووش نەبوو و کوردستان و بەلووچستان بەهۆی ئەوەی شۆڕش لەو دوو ناوچەیە گەرمتر لە شوێنەکانی دیکە بوو، تێچووی زیاتریشی لەو ناوچانە لێکەوتەوە. شۆڕش لە کوردستان بە دانی نزیک بە ١٤٠ شەهید و سەدان بریندار و گیراو هەتا ئەوڕۆی هێناوە و ئێستاش کە بێدەنگییەکی ڕواڵەتی باڵی بەسەر شۆڕشی سەرانسەریدا کێشاوە بەڵام کاروانی شەهیدانی ئەم شۆڕشە لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ درێژتر دەبێتەوە.

لە سەرەتای ئەو جووڵانەوەیەدا کوردستان بەهۆی ئەوەی خاوەن حیزب و ڕێکخراوی ڕەسەن و خەڵکی و شۆڕشگێڕ بوو، ڕێڕەوی شۆڕشەکە چالاکانە ڕێبەری کرا و خەڵک لە کوردستان هەر زوو و یەکگرتووانە دروشمی دژی ڕێژیمیان بەرز کردەوە وەک چۆن لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیم هەروا بوون و هێرشیان کردە سەر بنکە و ناوەندە گرینگە سیاسییەکانی ڕێژیم لە شارەکان. ڕقی هەراوی خەڵک لە کوردستان بە شێوەیەک بوو کە بیروڕای گشتیی جیهانی و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بەتایبەت ئامریکای هێنایە سەر خەت بەڵام سستی و نەبوونی سازماندەیی و ڕۆحی شۆڕش لە شارەکانی ناوەندی ئێران پێشکەوتن و سەرکەوتنی بزاوتەکەی وەدوا خست و سەرەڕای حەشیمەتی ملیۆنی لەو شارانە بەڵام ئەو شۆڕشە لە ناوەندی ئێران خاوەنی حەشیمەتی سەدان کەسیش نەبوو لەسەر شەقام.

گەرچی ئێستا شۆڕشەکە وەکوو سەرەتا خاوەنی ئەو خەڵکە لەسەر شەقام نییە کە لە دەسپێکدا هەیبوو و ساردیی بە خۆیەوە دیتووە بەڵام سووژە بۆ سەرلەنوێ هەستانەوە و دەسپێکردنەوەی شۆڕش زۆرن کە یەک لەوان دەتوانین ئاماژە بە نەورۆز بدەین کە دەتوانێ کۆکەرەوەی خەڵک لە دەوری یەکتر و ماکەی یەکگرتوویی هەموو نەتەوەکان و مەجالێکی دیکە بێ بۆ هەستانەوەیەکی نوێتر.

نەورۆزی ئەمساڵ لە چەند بارەوە دەتوانێ جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو بێ، یەکەمیان ئەوەی کە ڕق و تووڕەیی و هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم لەوپەڕی خۆیدایە و نەورۆز وەکوو بۆنەیەکی نەتەوەیی دەتوانێ هەلێکی باش و گونجاو بێ بۆ سەرلەنوێ هاتنەوە سەر شەقام و بەرزکردنەوەی ئاڵای شۆڕش و ورەی خەڵک لەوپەڕی خۆیدایە. دووەم ئەوەی کە ڕێژیم ماندوو بووە و هێزی ڕێژیم بەرگەی دەریای بێ پایانی ئەمجارەی خەڵکی تووڕە ناگرێت چونکە ئەمجارە خەڵک بێتەوە سەر شەقام، کۆنترۆڵکردنی زۆر سەخت و دژوار دەبێت یا هەر ناکرێ.

سێهەم ئەوەی کە جووڵەی ئەوجارەی خەڵک دەتوانێ دنیای دەرەوە زیاتر بێنێتە سەر خەت و شەرعییەتی زیاتر بۆ ڕووخانی ڕێژیم پەیدا بکات. لەو نێوەدا قسەوباس و کۆبوونەوەکان بۆ ساغبوونەوە لەسەر داهاتووی ئێران لەنێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان زیاتر بوون. حیزبی دێموکرات سەراحەتەن ڕایگەیاندووە کە دژی کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندی ئێران بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر پاساوێکە و ئەو حیزبە لەمێژە لەو چەشنە لە حکوومەت و بەڕێوەبەرانی ئەو جۆرە سیستەمە ناوەندگەرایانەی چەشنی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی تێپەڕیوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەش ڕێژیمی ئێران لە کاری خۆی نەوەستاوە و ئەو بێدەنگییەی هاتووەتە پێش هەلی بۆ ڕێژیم ڕەخساندووە کە خۆی بەهێز و تاکتیکی شوومی دیکە بۆ سەرکوتی خەڵک و دژبەرانی دابڕێژێ. لە بەرەبەری نەورۆزدا کە خۆشترین بۆنەی ساڵ بەتایبەت بۆ کورد لە کوردستانە و شادی و خۆشحاڵی و هەڵپەڕکێ و ڕێوڕەسمی تایبەتی بە دواوەیە و لە هەمووی گرینگتر بۆنی سەرهەڵدانێکی سەرانسەری لێوە دێ، ڕێژیم هەوڵ دەدا ئەو شادی و خۆشحاڵییە لە خەڵک تێک بدات و لەسێدارەدانی "مەحیەدین ئیبراهیمی" زیندانیی سیاسیی کورد یەکێک لەو کارە دژەئینسانییانەی ڕێژیمە کە بە ئامانجی تێکدانی شادی و خۆشی خەڵک کرا.

کورد میللەتێکی ئازاردیتووە بەڵام فەلسەفەی بوون و ژینی ئەوەیە کە بە خۆشی و بەختیاری دەژی. کورد گەلی فرمێسک و خوێنە، بارتەقای ئەو خوێن و فرمێسکەش، هەوڵدەرە بۆ ئازادی و ڕزگاری. کورد لە سەختترین کاتەکاندا ناتوانێ خەم دابگرێ بۆیە کاتێک شەهیدێکی خاک و وڵات لەنێو کورددا دەنێژرێ، لەسەر گۆڕەکەی شین ناگێڕدرێ، بەڵکوو شایی دەکرێ چونکە ئەو شەهیدە وەکوو سەرمایەیەکی بەختکراو بۆ ئامانجێکی پیرۆز چاوی لێ دەکرێ و شانازی پێوە دەکرێ و هەست ناکرێ کە بەخۆڕایی چووە.

نەورۆزی ئەمساڵ لە کوردستان زیاتر لە ساڵان خاوەنی گۆڕوتینێکی نەتەوەییانە و شۆڕشگێڕانە بوو و خەڵکی کورد لە شار و گوندەکانی کوردستان بە هەست بە ئازادییەکی ڕەها و ڕزگاربوو لە دەستی ڕێژیمی غەددرار جێژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد. ئاگری نەورۆز مەزهەری هەستانە و ڕاسانەوەیەکی دیکە و هۆشداری و هەڕەشەیەکی نوێتر بوو بۆ دوژمن. ئەوەی کە خەڵک بە ئازادییەکی ڕەها جێژنی خۆیان گرت، نیشان لەوەیە کە هیچ حیسابێک بۆ وجوودی دوژمن لە کوردستان ناکرێت و بۆیە درەنگ یا زوو باروبنەی ئەم سیستێمە دژەئینسانییە دەبێ کۆ بکرێتەوە و لە کۆتاییدا نەمان و مردن بۆ ئەوان و هەستان و ژیانەوە و نۆێبوونەوە بەشی گەلی ئێمەیە.

٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٦ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## سەقامگیرییەکی کاتی یان داڕمانێکی یەکجاری



**ئومید محەممەدپووری**

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناوخۆی ئێران و ناسەقامگیریی ئابووری، ئەمنی و ئاسایشی و قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی نێوخۆ، ئێران پێویستی بە کەمێک کات کڕینەوە و وەبەرنانەوەی هەناسەیەکی نوێیە تا بەسەر ئەم دۆخەدا تێپەر بێت.

زیاتر لە شەش مانگە خەڵکی ناڕازی لە ئێران بەوپەڕی جدییەت و پێداگرییەوە سوورن لەسەر خواستەکانیان، ئەوان باوەڕیان وایە کە دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێران چیدیکە جێگای متمانە نەماوە و نابێت پشتی پێ ببەستی و دەبێ سیستەم و نیزامێکی نوێ جێگیر بێت، هەتا بتوانێت ویست و داخوازەکانی خەڵک بەجێ بێنێت.

بۆیە هەر جارەو لە شوێنێک یان ناوچەیەک لە نێوخۆی ئێران دەنگی نارەزایەتییەکان بەرز دەکرێنەوە و خەڵک دەڕژێنە سەر شەقامەکان.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تا ئێستا و بەوپەڕی هەوڵ و تەقەلای خۆیەوە، نەیتوانیوە کۆتایی بەم نارەزایەتییانە لە دژی دەسەڵاتەکەی بێنێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەتوانین بڵێین تا ئێستا بە هۆی ئەو دەرفەتە، ئاڵترناتیڤێک کە دەبا هاتبایەتە ئاراوە پێک نەهاتووە، ئەم هەوڵانەی خۆپیشاندەران و نارەزایەتییەکان نەیتوانیوە بە ویست و داخوازەکانی خۆی بگات. بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە خەڵکی نارازی لە ئێران چیدیکە متمانەیان بە بەرپرسانی رێژیم و بە رێکارەکانی کە لەلایەن کاربەدەستانەوە دەگیردرێنە بەر نەماوە و تین و گوری نارەزایەتییەکان ناخەوێتەوە. بۆیە رێژیم بۆ تێپەراندنی ئەم دۆخە کە خەریکە بەرەو نەمان و دارمانێکی یەکجاریی دەبات دەبێ دەست بۆ بژاردەی تر بەرێت، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێگەی لە ناوچە چەندە دادەبەزێت و دەبێ سنوور بۆ دەسەڵاتەکەی خۆی لە دەرەوەی چوارچێوەی ئێران دیاری بکات.

بە وەبیرخستنەوەی گرێبەستی ٥٩٨ لە شەری ٨ ساڵەی ئێران و عێراق دەتوانین بڵێین کە ئەم بابەتەش مێژوویەکی هاوبەش و هاوچەرخی هەیە لەگەڵ پیاڵە ژەهرەکەی خومەینی کە ئەوکات دانی پێدا نا بە بەستنی ئەو گرێبەستە خواردوویەتیەوە.

بۆیە ئەمجارەیان پەنا دەبات بۆ دانوستان و وتووێژ لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و لە سەرەوەی هەمووان عەرەبستانی سعوودی کە دوای حەوت ساڵ گرژی و توندوتیژی لە نێوانیان دیسان گەرانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ.

دەتوانین بڵێین ئەوە تەنیا هەواڵێک بوو کە لەو دۆخە ناسەقامگیرەی ناوچە لە ئێستادا کەس چاوەروانی نەدەکرد بۆیە بۆتە جێگای سەرسورمانی هەموو لایەک.

بە ئاوردانەوەیەک لە هۆکاری دروستبوونی گرژی لە نێوان ئێران و سعوودییە و پچرانی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان و داخستنی سەفارەتخانەکانی هەر دوو لا کەمێک وردتر دەبینەوە سەر بابەتەکە.

ململانێی نێوان سعوودییە و ئێران لەم ساڵانەی دواییدا گەیشتە لووتکە، هەر دوو وڵات لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناڤین بە هەموو شێوازێکی بەردەستییان دژایەتیی یەکتریان دەکرد، زیاتر لەوەش لە سووریە، یەمەن و تەنانەت عێراق و لوبنانیش بە نوێنەرایەتیی یەکتر شەریان دەکرد.

بە چاوخشاندنێکی خێرا بۆمان دەردەکەوێت کە لە سەرجەم ئەم مەیدانە شەرە بەرفراوانەدا سعوودییە لە شکست و ئێرانیش لە هەڵکشانی زیاتردا بوو، تا گەیشتە شۆرشی ژینا کە هەموو هاوکێشەکان بەنیسبەت پێگە و خاوەندارەتیی ئێران لە ناوچەکە گۆری و ئەمجارە شەر و ئاژاوەکە کەوتە نێوخۆی ئێرانەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە هەموو ئەم هەلومەرجە ئاڵۆز و پەشۆکاو و پڕ لە گێروگرفتەدا، دەسەڵاتدارە سعوودییەکان بەردەوام پیلانی ڕاکێشانی گرووپە شیعە ناڕازییەکانی عێراقیان دەدا، بەتایبەتی ئەوانەی لە هێژموونیی ئێران لە ناوچەکەدا نیگەرانن وەکوو ڕەوتی سەدر.

ئەمە یەکەمجار نەبووە کە گرژی لە نێوان ڕیاز و تاران سەر هەڵبدات بەڵکوو لە هێرشی خۆپیشاندەران بۆ سەر سەفارەتی عەرەبستان کە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥ ساڵ پێش ئێستا و گیانلەدەستدانی دیپلۆماتکارێکی عەرەبی، کێشەکان هەر بوونی هەبووە بەشی پتری کێشەکان لە نێوان ئەو دوو وڵاتە دەتوانین بڵێین جیاوازی و ئیختلافاتی مەزهەبی بووە.

ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە عەرەبستان پاڵپشتی مەزهەبی سوننە و ئێران پاڵپشتی شیعەگەری بووە لە ناوچەکە بەڵام کۆتا هۆکار کە پەرەی بە گرژیی نێوان ڕیاز و تاران دا، ئێعدامی شێخ نمر ڕووحانیی ناسراوی شیعەی عەرەبی لەلایەن وڵاتی عەرەبستانەوە بوو کە کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران چەندین جار هۆشدارییان بە ڕیاز دا کە نابێت ئێعدام بکرێت، بەڵام ئەم داوایە لەلایەن ڕیازەوە پشتگوێ خرا.

لە دوای ئێعدامی شێخ نمر سەفارەتی عەرەبستان لە تاران پاش ٢٥ ساڵ بۆ جارێکی تر لەلایەن خۆپیشاندەرانی ناڕازییەوە هێرشی کرایە سەر و ئاگرییان تێبەردا.

دوای ئاگردانی سەفارەتخانە، عەرەبستان ڕایگەیاند کە پێوەندیی سیاسی نێوان خۆی و ئێران ڕادەگرێ و هۆشداری بە دیپلۆماتەکانی ئێران دا کە ٤٨ کاتژمێریان لەبەردەستە هەتا ڕیاز بەجێ بهێڵن.

سەبارەت بە وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو، دەکرێ بگۆترێت کە ئەوان لەوە تێگەیشتوون کە ئێران هەڕەشەیەکی جدییە بۆ سەروەریی وڵاتیان، هەر لە بەر ئەمەش گەورە بەرپرسانی عەرەب لە کەنداو چەندین جار گوتوویانە هەڕەشەی ئێران بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی گەورەتر و مەترسیدارترە لە هەڕەشەی ئیسرائیل بۆ سەر عەرەب .ئەم ترسە لەخۆڕا و بێهۆ نەبوو، زۆرجار بەرپرسە باڵاکانی ئێران هەڕەشەی توندیان لەدژی وڵاتانی کەنداو بەتایبەت سعوودییە و ئیمارات کردووە، تەنانەت هەڕەشەی وەشاندنی گورزی سەربازیش.

هەر بۆ نموونە پاسدار فیرووزئابادی ڕاوێژکاری سەربازی تایبەت دەڵێت: ئەگەر بێتوو ئارام و سەبری ئێمە تەواو بێت، ئەوە وڵاتی سعوودییە لە سەر نەخشە دەسڕینەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جگە لە وڵاتانی سعوودییە و کەنداو، ئێران مەترسییەکی گەورەشە بۆ سەر ئێسرائیل کە ئەویش دەبێ لەو نێوەدا لە لێڵیی پێوەندیی نێوان ئێران و سعوودییە کەڵک وەربگرێت و یارییەکە لە ناوچەدا بە قازانجی خۆی بگۆڕێت.

نێتانیاهۆ لە کۆنفرانسێکدا لەگەڵ ترامپ لە ساڵی ٢٠١٨ دەڵێت: ئێمە دەبێ ئێران بوەستێنین، ئێستا خەریکە تاریکیی ئێران باڵ بەسەر تەواوی ناوچەکەماندا دەکێشێت، ئێران خەریکی بونیاتنانی ئێمپراتۆرییەکی بەرفراوانی توندوتیژییە کە جگە لە ناوچەکانی خۆی وڵاتانی عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن و غەزەش دەگرێتەوە و تەنانەت چەند ساڵێکە بە بیانووی پاراستنی سەروەریی وڵاتی سووریە خەریکی بونیاتنانی بنکە و پێگە مووشەکییەکانی خۆیەتی لەم وڵاتەدا، بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە دەستی بە ئیسرائیل بگات و لەئەنجامدا لەنێوی بەرێت.

لەلایەکی ترەوە، هەڵوێستی وڵاتانی ئیسرائیل و سعوودییە بە شێوەیەکی بەرفراوان دژی فراوانخوازیی ئەو وڵاتە و سەپاندنی هەیمەنەی شیعە نێگەتیڤ بوو. لە کۆنفرانسی ئاسایشی مونیخ لە ٢٠١٧دا ئەمە بە ڕوونی ڕەنگی دایەوە.

ئەڤیگدۆر لیبرمان، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل لەو کۆبوونەوەیەدا وتی کە ئامانجی سەرەکیی ئێران، لاوازکردنی سعوودییە لە خۆرهەڵاتی ناڤینە و هەر بۆیەش ئیسرائیل داوای وتووێژ لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توخمەکانی توندوتیژی لەو ناوچەیە دەکات و هەروەها دەڵێت ئامانجی سەرەکیی ئێران لاوازکردنی سەقامگیری لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤین و لەئەنجامدا لاوازکردنی سعوودییەیە.

عادڵ ئەلجوبەیر، وەزیری دەرەوەی سعوودییەش لەو دانیشتنەدا ئێرانی وەکوو سەرەکیترین وڵاتی پشتیوانی تێرۆریزم لە جیهاندا ناساند و گوتی: ئێمە ناتوانین کردەوەکانی ئێران لەم ناوچە ئاڵۆزەدا لەبەرچاو نەگرین، هەر وەک پێشتریش وتوومانە، ئەوان بە دوای هەناردەکردنی شۆڕشەکەیانەوەن. ئێمە چۆن دەتوانین لەگەڵ نەتەوەیەک کە ئامانجەکەی لەنێوبردنی ئێمە بێت، پێوەندیمان هەبێت، تا کاتێک کە ئێران لە کردەوەکانی خۆی و لەو ڕێسایانە کە لە سەر ئەو وڵاتە زاڵە گۆڕانکاری پێک نەهێنێت زۆر ئەستەمە کە بکرێ پێوەندیی لەگەڵدا ساز بکرێت. تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئێران هەمان ئێرانە و سیاستەکانیشی هەمان سیاسەتن، تەنیا ئاڵۆزیی نێوخۆی ئێران بۆتە هۆکار بۆ ملکەچبوون بەم دانوستانە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو پێوەندییانەی لە نێوان سعوودییە و وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل هەیە، هەموویان لەسەر یەک خاڵ، کە ئێران هەڕەشەیە بۆسەر هەموو لایەک کۆکن و بۆمان دەرکەوت کە بابەتەکە زۆر ئاڵۆزتر و پڕپێچ و پەناتر لەوەیە کە بە چەند ڕستەیەک بتوانین شرۆڤەی بۆ بکەین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە حاڵی ئێستادا کە تاران و ڕیاز پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانیان لەسەر گرتۆتەوە و خەریکن دەرگای دانوستانەکان بە ڕووی یەک دەکەنەوە، دیسان مەترسییەکی گەورەی ئاسایشی و ئەمنی بۆسەر وڵاتی ئیسرائیل ساز دەبێت کە هەر لە دانیشتنە ڕۆژنامەوانییەکانیش لەلایەن نێتانیاهۆ و سەرانی ئیسرائیلەوە بە ئاشکرا بەدی دەکرێت، بۆیە لەهەمبەر پێوەندی و دۆستایەتیی سعوودییە و ئیسرائیل ئاڵترناتیڤێک بەنێوی ئێران سەری هەڵداوەتەوە کە جێگرەوەی ئامریکا و ئیسرائیلە و دەتوانێت مەترسیەکی جیددی و کاریگەر بێت بۆسەر خاکی ئیسرائیل و پشکی ئامریکا لە ناوچەکەدا.

جگە لەمانەش ئەگەر چاو لێ بکەین ئەو دانوستانانە بە نێوبژیوانیی چین کراوە کە ڕەکابەرێکی سەرەکییە بۆ ئامریکا لەباری ئابووری و ئەویش بە بەشی خۆی خەریکە هەژموونیی خۆی لە ناوچەکەدا دەسەپێنێت و جێگە و پێگەی ئامریکا لاواز دەکات، بۆیە ئەمەش لە خۆیەوە دیسان وەزعەکە ئەوەندەی تر ئاڵۆز و ناڕوون دەکات.

مانەوەی ئێران بەستراوەتەوە بەوە کە ئەم دوو وڵاتە یانی ئامریکا و ئیسرائیل کە تا ئێستا تێچوویەکی زۆری مادی و مەعنەویان داوە تا چ ڕێژەیەک دەتوانن بەنیسبەت مەوازع و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەدا پاشەکشە بکەن و هەڵگری چ ڕێژەیەک لە خەسار بن کە بە بڕوای ئێمە ئەمە خۆی پرۆسەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێش دەخات و دەبێتە خاڵێکی بەهێز کە وڵاتانی دراوسێ و زلهێزکان بەر خویان بێنەوە. مەبەستی ئێران تەنیا کات کڕینەوەیە بۆ وەدواخستنی پرۆسەی نەمانی و ئەم لایەنانەش دەبێ بە بەرچاوڕوونییەکی زیاترەوە بەرەوپیری سیاسەتە درۆیانەکەی ئێران ببنەوە، چون مێژووی کاربەدەستانی ئێران دەریخستووە لەسەر هیچکام لە پەیمان و بەڵێنەکانی خۆیان ڕاوەستەیان نەکردووە.

١١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٣١ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە ٢٠٠ڕۆژەی شۆڕشی ژینادا




**سمایل شەرەفی**

ئەمڕۆ دووشەممە، ڕێکەوتی ١٤ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ ی هەتاوی، ٢٠٠ ڕۆژ بەسەر شۆڕشی ژینادا تێپەڕ دەبێ. ئەم شۆڕشە کە بە شەهیدبوونی کچێکی کوردی تەمەن ٢٢ ساڵە(ژینا ئەمینی) لە شاری تاران دەستی پێکرد، نەتەنیا لە مێژووی جووڵانەوەی گەلانی ئێراندا دژ بە دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکوو لەسەر ئاستی جیهان لە شێوە و شێوازدا لە ڕیزی شۆڕشە کەموێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا جێ دەگرێ. لەم شۆڕشەدا کە لە کوردستان و بە تێم و دروشمێکی تایبەتیی وەک "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە دەستی پێکرد، تەواویەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران کرایە ئامانج و نەمان و ڕووخانی ئەم ڕێژیمە تا ئێستاش، مەرامی سەرەکی و بنەڕەتییە.

ئێستا کە ٢٠٠ ڕۆژ بەسەر شۆڕشی ژینادا تێپەڕ دەبێ، لەوانەیە شۆڕشەکە لە ڕووی مەیدانییەوە تووشی نوشست و دامرکان بووبێ، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە - بە پشتبەستن بە پۆتانسییێلێکی هەرە بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نەتەوەکانی ئێران - کە بریتین لە بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆری و هەوڵدان بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتێکی ئازاد و دەسەڵاتێکی خەڵکی و دێموکرات، هەروا لە جێی خۆیاندان. لە هەر دەرفەتێکی گونجاو و مومکیندا شەقامی شارەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وڵات، یەکگرتووانە پڕ دەبنەوە لە دروشمەکانی؛ "ژن، ژیان، ئازادی" و "مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر" و، شۆڕشی ژینا بەهێز و ئەزموونێکی دیکەوە پێ دەنێتە نێو فازێکی دیکە لە نزیکبوونەوە لە ئامانجە بەرزەکانی خۆی.

شۆڕشی ژینا لە ماوەی ٢٠٠ ڕۆژی ڕابردووی خۆیدا بە کۆمەڵێک قۆناغ و وێستگەی جیاواز و پڕ لە ئەزمووندا تێپەڕیوە. ئەم شۆڕشە لە نێوەڕۆک و ماهییەتدا لە ڕیزی شۆڕشە مودێرن و پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکاندا جێ دەگرێ کە تیادا کۆمەڵێک چەمک و مەفهوومی ئەمرۆژی دەبنە تەوەری سەرەکی و ڕەهەندێکی جیهانی پێ دەبەخشن. بەرزکردنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە تیایدا ژن تێم و مەفهوومی سەرەکیی شۆڕشەکەیە، دەبێتە هۆی ئەوەیکە ژنان و کچان لە ڕیزی پێشەوەیدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن و بەگوڕتر لە هەمیشە بەگژ ڕێژیمێکدا بچنەوە کە ژنان ٤٤ ساڵە بەهۆیەوە بێڕێزی بە ڕەگەز و کەرامەتی ئینسانییان دەکرێ. هەروەها دیاربوون و ڕۆڵی بەرچاوی نەتەوەکانی ئێران و لە سەرووی هەمووانەوە دوو نەتەوەی کورد و بەلووچ لەم شۆڕشە کە دواتر بۆ پشتیوانیی ئەوان گەورەشارەکان لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا خرۆشان و پەیوەست بە شۆڕشەکە بوون، سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

لە شۆڕشی ژینادا ئەوەندەی پێوەندی بە نێوخۆی وڵاتەوە هەیە، خەڵک بە هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە، یەکگرتووانە زۆر ڕاشکاوانە و ڕوون بە هاتنە سەر شەقامەکان پەیامی خۆیان بە گوێی تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دا کە "ئەو نیزامەیان ناوێ". لەم پێناوەدا ئەوان لە ماوەی ئەو ٢٠٠ ڕۆژەدا و بەتایبەت لە مانگەکانی سەرەتای شۆڕشەکەوە ڕووبەڕووی بێبەزەییانەترین سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم بوونەوە و بە دانی نزیک بە ٦٠٠ شەهید، هەزاران بریندار و دەیان هەزار زیندانی، سەلماندیان کە وەک شۆڕشگێڕانێکی لیبڕاو، شۆڕشێکی یەکلاکەرەوەیان دژ بە کۆماری ئیسلامی دەست پێکردووە.

لەم پێوەندییەدا ئەوەی وەک هەمیشە هەستی پێکرا و هەستی پێ دەکرێ، مەسەلە و پرسی "مودیرییەتی قۆناغی تێپەڕین و قۆناغی دوای نەمانی ڕێژیمی ئێستایە" کە وەک دەرکەوت کاریگەریی لەسەر شۆڕشەکەش دانا. وەک زۆر جار باس کراوە؛ باشترین بەربژێر هەر ئەوە بوو کە لە نێوخۆی وڵاتدا دەرفەت و مەجالی ئەوە هەبا کە حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێکەوە بیر لەو قۆناغانە بکەنەوە و نەخشە ڕێگایەکی درووست وێنا بکەن و هیوا و هومێد بە شەقامەکان ببەخشن. بەڵام بەداخەوە لە نەبوونی ئەو دەرفەت و ئیمکانە لە نێوخۆی وڵات، دەبوو هێز و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات، پێکەوە لە خەمی قۆناغی تێپەڕین و پرسی ئاڵترناتیڤدا بان کە بەداخەوە بە هۆی پەرتەوازەیی و دووربوون لە نێوەڕۆک و پەیامەکانی شۆڕشی ژینا و هێندێک هۆکاری نادیاری دیکە، تا ئێستاش ئەو کارە بە تەواوەتی نەکراوە. بە واتایەکی دیکە؛ نەتەنیا ئەو کارە نەکراوە بەڵکوو خودی ئەو باسە تا ڕادەیەکی بەرچاو شوێنەواری ئەرێنیی لەسەر شۆڕشەکە دانا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دووربوون لە فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێوخۆی وڵات، ئەقڵییەتی تەواویەتخوازی و حەز بە گەڕانەوە بۆ ناوەندگەرایی و حاشاکردن لە فرەیی و جۆراوجۆریی پێکهاتەی نەتەوەیی لە وڵات و نەبوونی متمانە، لەو هۆکارانەن کە نەتەنیا بوونەتە هۆی پرش و بڵاویی نێوان هێزە سیاسییەکان و پێکنەهاتنی ئاڵترناتیڤ، بەڵکوو ڕاستەوخۆ شوێنەواریان لە سەر چالاکمانەوەی شۆڕشەکە دانا و شەقامیان تووشی جۆرێک لە بێهیوایی و لەهەمانکاتدا تێرامان(گەڕانەوەیەکی مەعریفی بۆ خۆی) کرد کە لەگەڵ ئەوەیدا کە لە کورتخایەندا نەرێنی بوو، بەڵام دەکرێ بۆ درێژخایەن لە قازانجی شۆڕشەکەدا بشکێتەوە و ئەرێنی بێ.

لایەنێکی دیکەی شۆڕشی ژینا پشتیوانیی کوڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و وڵاتان بوو کە لێرەدا بەتایبەتی مەبەستمان ڕۆژاواییەکانن. لە گەرمەی شۆڕشەکەدا کوڕ و کۆمەڵ و پارلمانەکانی ئورووپا بەشێوەی سەمبولێک و بە ئێعتباری دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ڕۆڵی بەرچاوی ژنان و کچان، پشتیوانیی خۆیان دەربڕی و تا ئێستاش کەم و زۆر بەردەوامن. بەڵام لەسەر ئاستی دەوڵەتان لەگەڵ ئەوەیکە بە پانەوە ڕەفتاری توندوتیژ و سەرکوتکەرانەی ڕێژیمیان مەحکووم دەکرد، هەموویان هەوڵیان ئەوە بوو کە زیاتر چاودێریی ڕەوتی ڕووداوەکان بکەن. لەسەر مەسەلەی بیرکردنەوە لە قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامی و دەرکەوتنی لاوازییەکانی پێوەندیدار بە مودیرییەتی شۆڕشەکە و ڕوانگە جیاواز و دوور لە یەکەکانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ داهاتووی ئێران و کێشەکانی پێوەندیدار بە پرسی هاوپەیمانی و ئاڵترناتیڤ، ڕۆژئاواییەکان هەڵوێستەیەکیان کرد و وەک سیاسەتی هەمیشەییان، سیلەچاوێکیان بڕییەوە سەر نیزامی دەسەڵاتدار لە تاران و هێنانەوە بەرباسی بەرجام.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لەم فەزایە و خۆکردنەوەیەک بەرووی وڵاتان و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و یەک لەوانە عەرەبستانی سعودی بە نێوبژیوانیی چین، بەجۆرێک دەیهەوێ سەرنجی ڕۆژاواییەکان بۆلای خۆی ڕابکیشێتەوە و هێندێک لە قورسایی شۆڕشی ژینا لەسەر خۆی کەم بکاتەوە. بەڵام لەسەر ئاستی نێوخۆی وڵات و بەرانبەر بە شۆڕشی ژینا، وێدەچی کە درێژە بە سیاسەتی فشار و سەرکوت بدات کە لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین:

١- گەلانی ئێران لە درێژەی ئەم شۆڕشەدا لە هەر مەجال و دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن و بە خۆڕێکخستنەوەیان بۆجارێکی دیکە شەقامەکان بەدەستەوە دەگرن و ئەم شۆڕشە لە ڕووی جەماوەرییەوە زیاتر پەرە دەستێنێ.

٢- بەسەرنجدان بە مەترسییەکانی ئەقڵییەتی تەواویەتخواز و حەز بە گەڕانەوە بۆ نیزامێکی تاقیکراوەی فاشل، شۆڕشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینا لە پرۆسەیەکی مەعریفیدا، زیاتر هیوابەخۆ دەبێت و لە خۆیدا بیر لە ڕێبەری و بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو دەکاتەوە. بۆیە لە گوڕگرتنەوەی شەقامەکاندا دروشمی" نه مان دەوێ نه ، مەرگ بۆ " زیاتر خۆی دەنوێنێ.

لەم نێوەدا کوردستان بە ئێعتباری بزووتنەوە پڕ لە سەروەرییە مێژووییەکەی و بە ئێعتباری پێشەنگبوونی لە شۆڕشی ژینادا، وەک "چاو و چرا"ی شۆڕشەکە دەمێنێتەوە و پێگەی خۆی دەپارێزی. لەنێوخۆی وڵاتدا خەڵک بە یەکگرتوویی و هوشیارییەوە دەجووڵێتەوە و لەسەر ئاستی حیزب و لایەنە کوردییەکانیش، وەک تا ئێستا نیشانی داوە، حیزبەکانی کوردستان بە پاراستنی پێوەندیی ئۆرگانیکی و ڕۆژانەیان لەگەڵ خەڵکی خۆیان، بە دەرک بە داخوازییەکانی سەر شەقام، پشتیان بە ئیرادەی گەلی خۆیان قایمە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک لە شۆڕشی ژینادا بە پێڕەوکردنی سیاسەتی درووست و واقعبینانە، هەوڵی داوە هاوکات لەگەڵ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات، بەرانبەر بە ئەقڵیەت و تێفکرینی تەواویەتیخوازی لە دەرەوەی وڵاتیش ڕابوەستێ، لەمەوبەولاش بە و ڕوانگەیەکی نێوخۆییانەوە بە پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان، لە پێکهێنانی هاوپەیمانی و بنیاتنانی نیزامێکی دێموکرات و وڵامدەردا ڕۆڵ دەبینێ.

١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئێعدام لەپێناو دەستەبەری ئامانجە سیاسییەکاندا



**عومەر باڵەکی**

شەهیدکردنی ژینا ئەمینی بە دەستی پۆلیس ئەخلاقی تاران بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕاپەرینێکی بەربەرین کە سەرانسەری ئێرانی گرتەوە. ئەو ڕاپەرینە بەچەشنێک بەربڵاو و هەمەچەشن بوو کە دەسەڵاتدارانی تارانی تووشی سەرسووڕمان کرد و بۆ ماوەیەک لە بەرانبەر شەپۆلی ناڕەزایەتییەکاندا تووشی سەرلێشواویی کردن. چونکە بە هیچ جۆر بە خەیاڵیاندا نەدەهات بەو هەمووە سەرکوت و زەبروزەنگەی دەرحەق بە گەلانی ئێران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا کردوویانە و لێی بەردەوامن، خەڵک بەو شێوە بەربەرینە و لە هەموو گۆشەوکەناری ئێراندا بەدژیان ڕاپەرن.

شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و ناڕەزایەتییەکان تەنیا لە سنوورەکانی ئێراندا قەتیس نەماوەیەوە، بەڵکوو سنوورەکانی وڵاتی بڕی و توانی لە سەرانسەری جیهاندا پشتیوانی کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ناوی ژینا (مهسا) بە میلیۆنان جار لە بیروڕای کۆمەڵگەی جیهانیدا دووپات ببێتەوە. ئەوەش ترسێکی زۆری لای دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی پێک هێنابوو هەتا ئەو ڕادەیە کە تەنانەت بەشێک لە دەسەڵاتداران بەتەواوی ترسی ڕووخانی نیزامیان ڕێ نیشتبوو، هەربۆیەش بۆ مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئامادە بوون دەست بۆ هەر کردەوەیەکی دژەئینسانی ببەن و لەو ڕاستایەدا زۆر بێبەزەیانە کەوتنە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەر شەقامەکان و هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی بە چەکی جۆراوجۆر بەگژ خەڵکدا هاتن و دەستیان تەنانەت لە منداڵانیش نەپاراست.

دوای نزیک بە چوار مانگ مانەوەی خەڵک لەسەر شەقامەکان و بەربەرەکانیی سەخت و دژوار لەبەرانبەر هێزە نیزامییەکان، بەهۆی سەرکوتی بێبەزیانە و ڕێکخراو نەبوونی خەڵک هەتا ڕادەیەک تای تەرازوو بە لای هێزە سەرکوتکەرەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا شکایەوە و هەر ئەوە بوو بە هەلێک کە دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەست بکەن بە ڕەشبگیری خەڵکی ناڕازی، بەچەشنێک کە دەستیان لە هیچ چین و توێژێک نەپاراست و بە هەزاران کەسیان لە ژن و پیاو، پیر و لاو دەستبەسەر کرد و لە زیندانەکان بە دڕندانەترین شێوە ئەزیەت و ئازاریان دان بۆ ئەوەی دان بە تاوانی نەکردوو دابنێن. هەروەها بە شێوازی سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دادگاکانی شۆڕشیان وەڕێ خستەوە و بەپەلەپەل تۆمەتی دوور لە ڕاستییان خستە پاڵ کۆمەڵێک دەستبەسەرکراو و حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاندن. داسەپاندنی حوکمی ئێعدام بە جۆرێک پەرەی گرت کە لە ماوەی تەنیا دوو مانگدا کۆمەڵگەی ئێران ڕۆژانە بە لانی کەمەوە گوێبیستی سەپاندنی حوکمی ئێعدام و بەڕێوەبردنی سێ حوکمی ئێعدام بووە. ئەو دژکردەوەیەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانیدا چ لە بواری قانوونیی و چ لە بواری سیاسییەوە بە سەر نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەخراپ شکایەوە. چونکە بابەتەکە پێوەندی بە گیانی مرۆڤەکانەوە بوو، و لە بواری قانوونییەوە لای کۆمەڵگەی قانوونیی ئێران ئەو پرسیارانە لە ئارادا بوون: ئایا ماوەی زەمەنیی تەواو لە بەردەستی لێکۆڵەوەری قانوونیدا بووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی وورد و هەمەلایەنە لەو پەروەندانە بکا؟ ئایا ڕێوشوێنی دادپەروەرانە لەگەڵ تۆمەتباران لە دادگادا ڕەچاو کراوە؟ ئایا تۆمەتباران دەستیان بە پارێزەر ڕاگەیشتووە؟ ئایا داسەپاندنی تۆمەتی "محاربە" و"افساد و فی‌الارض" کە لە سەر بنەمای ئەو تۆمەتگەلە حوکمێکی زۆر دەر کراوە دەتوانرێ بەسەر ئەو خەڵکە دەسبەسەرکراوە داببڕێ؟... هەموو ئەو پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە هەم لەو ماوەیەدا و هەم لە ماوەی ٤٤ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بێ‌وەڵام ماونەوە و هەر وەک ڕابردوو بەڕێوەبردنی ئێعدام لە نیزامی دادوەریی کۆماری ئیسلامیدا بۆتە بابەتێکی ئاسایی و بێ‌باکانە گیان‌لێ‌ئەستاندنی مرۆڤەکان بەرگی قانوونیان دەبەر دەکرێ.

ئەو ئاساییبوونەی سەپاندنی حوکمی ئێعدام و جێبەجێکردنی ئەو سزایە لە کۆماری ئیسلامیدا لە سەردەمانێکدایە کە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان سزای ئێعدامیان یا لە قانوونی سزاداندا سڕیوەتەوە، یان جێبەجێی ناکەن. چونکە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانە دوای پرۆسەیەکی دوورودرێژ و بە ئاکامە گەیشتوون کە جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام پێوەندی بە گیانی مرۆڤەکانەوە هەیە و ئەگەری ئەوە زۆرە لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێک زانیاریی هەڵە بە دەستی لێکۆڵەرانی دادوەری بگات و لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە هەڵەیە کەسێکی بێتاوان گیانی لێ بستێندرێ. لە هەمان کاتدا ئەوە سەڵمێندراوە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سزای ئێعدام نەیتوانیوە بەر بە تاوان بگرێت. لەم ڕووەوە لە سەردەمی ئێستادا لە ١٩٥ وڵاتی دنیا ١١١وڵات بەتەواوی حوکمی ئێعدامیان لە قانوونی سزادانی گشتیی خۆیان وەلا ناوە و ٧ وڵاتیش تەنیا لە بابەتی زۆر تایبەتیی وەک تاوانی سەردەمی شەڕ حوکمی ئێعدامیان هێشتۆتەوە، دەنا لە قانوونی سزادانیاندا نەماوە. ٢٤ وڵاتیش جێبەجێکردنی سزای ئێعدامیان هەڵپەساردووە کە بەپێی ئامارەکان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا حوکمی ئێعدامیان تێدا بەڕێوە نەچووە. بەڵام ٥٣ وڵات ماون کە هەتا ئێستاش حوکمی ئێعدامیان تیدا بەڕێوە دەچێ کە لەنێو ئەو ٥٣ وڵاتەشدا بەشی زۆریان تاکوتوک لە بابەتی زۆر هەستیاردا سزای ئێعدامیان لەسەر تاوانباران جێبەجێ کردووە.

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ٥٣ وڵاتەدایە و دوای وڵاتی چین لە پلەی دووهەمی ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەدایە کە سزای ئێعدامیان تێدا بەڕێوە دەچێت کە دیارە ئەگەر بەپێی حەشیمەت و ڕادەی ئێعدامەکان لە ساڵێکدا ئێران و چین پێکەوە بە بەری یەک بگیرێن، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەدا ڕادەوەستی کە حوکمی ئێعدامیان تێدا جێبەجێ دەکرێت. دوای ئەو ئەنجامە دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە بۆ لە ئێراندا ئاوا بە بەربڵاوی حوکمی ئێعدام بەڕێوە دەچێ؟

ئەو پرسیارە لە باشترین حاڵەتدا دەتوانی سێ وەڵامی هەبێ. یەکەم، لە قانوونی سزادانی ئیسلامیدا بازنەی ئەو تاوانانەی حوکمی ئێعدام دەیانگرێتەوە زۆر بەربڵاوە، هەربۆیە دادوەر بۆ دەرکردنی حوکمی ئێعدام لە زۆر بواردا دەستی ئاوەڵایە. دووهەم، دەتوانرێ ئەو خوێندنەوەی لێ بکرێ کە ئێرانییەکان لە خەڵکی وڵاتانی دیکە زیاتر حەزیان لە تاوانە کە ئەوە بەپێی لێکۆڵینەوەی ئاماری جیهانی بە تایبەتی لە تاوانی کوشتن کە سزاکەی ئێعدامە بەتەواوی ڕەد دەکاتەوە و نیشان دەدا کە خەڵکی ئێران زۆر کەمتر لە نێوەنجی جیهانی تاوان دەکەن. سێهەم، ئێعدام کەرەسەیەکی سەرکوتە بە دەستی دەسەڵاتدارانی تارانەوە، بە چەشنێک هەر کات بیانهەوەی دژبەر و جیابیران لە مەیدانی بەربەرەکانی دەر بکەن لە ڕێگای دامودەزگای بەناو دادەوە پەروەندەسازییان بۆ دەکەن و سزای ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێنن. کاتێکیش ئەو هۆکارانە دەچنە پاڵ یەک، ڕێژەی سەپاندن و بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدام زیاد دەکات. ڕێژەی چوونەسەری سزای ئێعدامیش هەروەکی پێشتر گوترا تەنیاوتەنیا بۆ چاوترسێنکردنی گەلانی ئێرانە و کەرەسەیەکە بۆ سەرکوتی جیابیران کە نیزامی سەرکوتکاری کۆماری ئیسلامی بەرگی قانوونی دەبەر کردووە.

لە ئێستاشدا هەروەک گوترا، ڕاپەرینی ژینا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەکی باش تاساند و کاتێک وەخۆ هاتنەوە، بێبەزییانە دەستیان بە سەرکوتی خەڵکی ناڕازیی سەر شەقامەکان کرد و لە هیچ جینایەتێک خۆیان نەپاراست. بە سەدان کەسیان لە سەرانسەری ئێراندا کوشت و بە هەزاران کەسیان بریندار و نقوستان کرد. دەیان هەزار کەسیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەستبەسەر کرد سەدان کەس لەو دەستبەسەرکراوانە لە بێدادگاکانی ڕژێمدا دوای بەڕواڵەت دادگاییکران حوکمی ئێعدامیان بە تاوانی "محاربە و افساد فی‌الارض" بەسەردا سەپێندرا. لە حاڵێکدا بەپێی دەقی قانوونە نامرۆڤانەکانی خودی ڕژێمیش دەربڕینی نارەزایەتی لە دەسەڵات ناچێتە خانەی تاوانی "محاربە و افساد فی‌الارض"، چونکە، بەپێی نێوەرۆکی ئەو قانوونانە هیچ کام لە خەڵکی نارازی سەرشەقامەکان بە چەک هێرش و هەڕەشەیان لە کەس نەکردووە و لە هەمان کاتدا بە دوای بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگەی خۆیانەوە نەبوون؛ واتە تەنانەت ئەو حوکمانە لە چوارچێوەی یاساکانی سزادانی ڕژێمدا قانوونییش نەبوون!

دەسەڵاتدرانی کۆماری ئیسلامی و دەزگای دادی ئەو نیزامە بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان بەرپرسیاری هەموو ئەو گیانانەن بە هۆکاری سەپاندنی سزای ئێعدام ئەستاندوویانن، چونکە بەپێی زانستی دەروونناسی و تاوانناسی چەندە کەسێک یا کەسانێک لە ڕوودانی تاوانێکدا بەرپرسیارن، دەوڵەت و سیستمی سیاسیی وڵاتیش بەو ڕادەیە بەرپرسیارە. چونکە ئەوە حکوومەت و سیستمی سیاسیی وڵاتە کەشوهەوای کۆمەڵگە لە بوارەکانی سیاسیی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ڕێک دەخا. حکومەت و دەوڵەتی بەرپرسیار هەوڵ دەدا بە ڕەخساندنی هەموو بەستێنەکانی ژیان کە نیازی کۆمەڵگەیە پێش بە پەرەگرتنی تاوان بگرێ، چونکە بەو ڕادەیە کە تاوان لە کۆمەڵگەدا کەم بێتەوە بەو ڕادەیەش کۆمەڵگە بەرەوە ئەمنییەت و سەقامگیری و خۆشبژیوی هەنگاو دەنێ. بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی نیزامێکی ئایدۆلۆژیک و داخراوە و هەموو بەرنامەکانی لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لەو چوارچێوە داخراوەدایە. بۆیە جێگا بە مرۆڤی ئازادیخواز و جیابیر لێژ دەکرێ.

لە جۆری سیستمە دەسەڵاتدارەتیی وەک کۆماری ئیسلامیدا هیچ کەس و لایەنێک لە بەرانبەر ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەدا بەرپرسیار نییە و هەموو دامودەزگای دەسەڵاتدارییەتی تەنیا لە پێناو ڕاگرتن و لەسەرپێ مانەوەی نیزامدا خۆیان بە دەرووەست دەزانن. بۆیە هەرکاتێک دەسەڵاتدارانی تاران گوێبیستی دەنگی نارەزایەتی خەڵک دەبن ترسیان ڕێ دەنیشێ و بەپەلە فتوای سەرکوتی خەڵک دەردەکەن و بەو فتوایە هێزە سەرکوتکارەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەکەونە خۆ و بەبێ تێفکرین و تەنیا بۆ ڕازیکردنی بەرپرسانی سەرەوەی خۆیان دەست دەکەن بە گرتن و کوشتنی خەڵک. بەڵام دەسەڵاتدارانی تاران دەبێ لەوە تێگەیشتبن وەک چۆن سەرکوتی بێبەزییانە و کوشتن و ئێعدام و گرتنی خەڵکی نارازی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا نەیتوانی کۆمەڵگەی ئازدیخوازی ئێران بەچۆک دابێنێ، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕیزی ئازادیخوازن و تێپەڕبوون لە نیزامی کۆماری ئیسلامی پتەوتر بووە و دەبێ؛ ئەو زەبروزەنگ و ئێعدامانەش دادیان نادەن.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٥ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# چەواشەکردنی چەمکەکان: جێگۆڕکێی بەهاکان و دژەبەهاکان



د.کامران ئەمین‌ئاوە

یەکێک لە نموونەکانی کەلکوەرگرتنی نارەوا و بێجێ لە بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بریتییە لە مەیدانداری و تەراتێنی هێزەکانی لایەنگری رێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی لە دەرەوەی ئێران. لەونێوەدا، کەناڵەکانی "ایران اینترناشنال" و "من و تو" وەک بنکەی پرۆپاگەندەکردن بۆ بنەماڵەی پەهلەوی، رۆڵێکی یەکجار گرنگیان لەئەستۆ گرتووە. ئەو کەناڵانەی راگەیاندن، هاودەنگ لەگەڵ لایەنگرانی رێژیمی پەهلەوی، بە پرۆپاگەندە و نیشاندانی دنیایەکی جوان لە بەهەشتی بەڵێندراوی پاشایەتیخوازان، و هەروەها بە هۆی بەراوەژوونیشاندانی رابردووی رەش و پڕ لە ستەم و تاوانی بنەماڵەی پەهلەوی، خەریکن جێگەی بەها و دژەبەهاکان دەگۆڕن. لێرەدا، پێویست بە درێژدادڕی سەبارەت بە تاوان و جینایەتەکانی رێژیمی پەهلەوی ناکات، چونکە لە چەند دەیەی رابردوودا پشتئەستوور بە بەڵگە و نیشانەکانی بەردەست، بە رادەی پێویست باسیان لێ کراوە. پێدەچێت کردار و رەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی، وایان لە هێندێک کەس کردبێ قەناعەت بەو پەندە بەناوبانگە بێنن کە دەڵێت: "هەزار رەحمەت لە کفندزی پێشوو"! چونکە بەرپرسانی کۆنەپەرست و ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی لەڕاستیدا دەستی شا و هێزە سەرکوتکەرەکانیان لەپشتەوەڕا بەستووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەویندارانی جەرگبڕژاوی ڕێژیمی هەڵوەشاوەی پاشایەتی، وەخت و بێوەخت لە میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆیاندا، شوێنەونکێ دەکەن و ڕاستییەکان چەواشە دەکەن. بە واتایەکی تر، هەوڵی بە تاوانبارکردنی میلیۆنان کەس لە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و بەتایبەتی هێزە چەپەکان و ئەو شۆڕشگێڕانە دەدەن کە بە هەڵگرتنی ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگریان لە خەبات لەدژی دەسەڵاتی پاشایەتیدا گێڕا و گیانی خۆیان لەو پێناوەدا خستە مەترسییەوە و هەزاران قوربانییان دا.

ئەوانەی هەوڵ دەدەن ڕواڵەتێکی جوان لە ڕێژیمی پاشایەتی پیشان بدەن، پێدەچێت هۆکاری سەرەکیی بە دەسەڵاتگەیشتنی هێزە ئایینییەکانیان لە ئێران لەبیر چووبێتەوە. هەروا بزانە دیکتاتۆریی تاکەکەسی، ئازادیکوژی و گرتن و بەندکردن و کوشتنی ئازادیخوازان و جیابیران بەشێکی جیانەکراوە و لێکدانەبڕاوی سیستەمی پەهلەوی نەبوون! هەروابزانە ئەو سەردەمە، سەردەمی خۆشبژێوی و گەشەی دیموکراسی بووە و ئەوە تەنیا تاقمێکی ئەمەگنەناس و پێنەزانن کە بە شێوەیەکی ناڕەوا، ڕێکخراوی ساواک بە ئەشکەنجەکردن، دژایەتیی ڕادەربڕین و شکاندنی پێنووسەکان تۆمەتبار دەکەن!
نابێ تەنانەت بۆ ساتێکیش ئەوە لەبیر کەین کە ڕێژیمی پەهلەوی لەبەر تایبەتمەندیی دژە چەپبوونی لە هەموو تەمەنی خۆیدا، مەیدانی بە مەلا کۆنەپەرستەکان دەدا و بە شێوەیەکی بەرچاو پشتیوانیی لێ دەکردن. هەر ئەوەش وای کرد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی مزگەوت و تەکیە و خانەقا و فەقێ و مەندیلبەسەرەکان و پیاوانی مینبەر و میحراو زیاتر بن. بۆیە ئێستا دەبێ وەبیر لایەنگرانی پەهلەوی -کە ڕێژیمی خومەینی بە بەڵای گیانی ئێران دەناسێنن- بهێنینەوە هەروا کە چۆن داریووش هۆمایون، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی ڕەستاخیز و وەزیری هەواڵگری و دنیاگەڕی و وتەبێژی دەوڵەت لە مانگی گەلاوێژ تا خەرمانانی ١٣٥٧، لە دیمانەیەکدا گوتبووی "ژمارەی مزگەوتەکان لە ئێران لە ماوەی فەرمانڕەوایی شای ئێراندا لە ٢٠٠ مزگەوتەوە گەیشتە ٥٥ هەزار مزگەوت"، ئەو مزگەوتانە لە لایەن حکوومەت و بەرپرسە جیاجیاکانی حکومەتەوە پاڵپشتی دەکران و ڕووکردن لە ئایین بە هاوکاری و یارمەتیی بێدرێغی حکوومەتی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند. ئەدی، ترس لە کۆمۆنیزم و گەورەنیشاندانی "هەڕەشەی سوور" ڕێگەی بۆ سەرکوتکردنی هەرچی زیاتری کۆمۆنیستەکان و باقی شۆڕشگێڕان لە ئێران خۆش کرد و بە کردەوە هەلی بۆ بەدەسەڵاتگەیشتنی ئاخوندەکان لە ئێران ڕەخساند.

بێگومان لە ئەگەری هەبوونی دیموکراسی و کراوەیی سیاسیدا، زاڵبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیستەمێکی ناکۆجێیی - تەنانەت لە چوارچێوەی سیستەمی پاشایەتیی مەرجداردا- ڕووداوەکانی ئێران دەیانتوانی بەرەو ئاقارێکی تر بڕۆن. کۆمەڵگەیەک کە هەرگیز دیموکراسی و پلۆرالیزمی سیاسیی ئەزموون نەکردبێت، لە کەوتنە تەڵەی هێزە کۆنەپەرستەکان پارێزراو نابێت؛ دیارە ئەمەش هەمان ئەو چارەنووسە بوو کە خەڵکی ئێران تووشی بوون. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، وەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چۆن شکستهێنانی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی نەبووە هۆی کەمبوونەوەی گرنگی و کاریگەریی یەکلاکەرەوە و مێژوویی ئەو بزووتنەوەیە، شکستهێنانی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧یش نابێتە هۆی داشکانی شانوشەوکەتی شۆڕشی ئێران و ئاوات و هیواکانی شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمە کە خوازیاری ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ڕزگاری لە ستەمی چینایەتی و نەتەوەیی بوون.
لەم قۆناغە زۆر هەستیارەی مێژوودا کە بزووتنەوەی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەری هەڵداوە و لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئێرانی گرتووەتەوە، زۆر گرنگە پەند و ئەزموون لە مێژوو و ڕووداوە مێژووییەکان وەربگرین، چونکە ئاشکرایە تاقیکردنەوەی تاقیکراوەکان هەڵەیە. هەر لەم پێوەندییەدا، بۆ تێپەڕینی کۆمەڵگە لەم قۆناغە مێژوویی-کۆمەڵایەتییە، یەکڕیزی و یەکگرتوویی هێزە گۆڕانخواز و پێشەنگ و دادپەروەریخواز و دێموکراتەکانی ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و جێگیرکردنی سیستەمێکی فیدرال و سکۆلار دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت. بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی و جۆراوجۆریی تێگەیشتنەکان، ڕوانگەکان و چاوەڕوانییەکانی هێزە سیاسی، پیشەیی و مەدەنییە جۆراوجۆرەکان، پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی گشتگیر لە هەموو ڕەوتە سیاسی و مەدەنییەکانی ئێران لە چوارچێوەی مەنشوور یان بنەما و ئەجێندایەکی هاوبەشدا ئەستەمە. سەرەڕای ئەوەش، دەکرێت و پێویستیشە ئەو هێزانەی ئامانجی ستراتیژیکی هاوبەشیان هەیە لە دەوری هەندێک خواست و داخوازی سەرەکی و گرنگ کۆ ببنەوە و کۆتایی بە پرژوبڵاویی زیانەدەر و خەسارهێنەری هێزە شۆڕشگێڕەکان بهێنن. لەونێوەدا، پابەندبوون بە هەندێ خاڵی سەرەکی و بنچینەیی وەک فیدرالیزم، سێکۆلاریزم، پلۆرالیزمی سیاسی، دێموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و فرەنەتەوەبوونی ئێران دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە نزیکبوونەوەی ئەواندا بگێڕێت کە خوازیاری بەدیهێنانی ئێرانێکی دێموکراتن. نابێ ئامانجی هێزە شۆڕشگێڕ و دێموکراسیخوازەکان لە چوارچێوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا بەرتەسک بێتەوە. پێویستە ئەو هێزانە بیر لە ڕۆژانی پاش کۆماری ئیسلامییش بکەنەوە و بە پشتبەستن بە ڕوانگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاشکرا و ڕوون، لەسەر پلان و دروشمگەلێک کە ئاشتی و ئاسایشی هەمیشەیی و سەقامگیر دەستەبەر بکا، و ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییەکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان و نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بن، ڕێک بکەون.

ئەوانەی کە هێشتا دەستیان بە دەسەڵات ڕانەگەیشتووە ، هەر لە ئێستاوە بە بیانووی "پاراستنی یەکپارچەیی ئێران" بە زمانی زبر و بە هەڕەشەکردن بەرەورووی جیابیران دەبنەوە و بەدوور لە هەرچەشنە نەرمینواندنێکی سیاسی، تاقەتی بیستنی ڕا و بۆچوونی جیاوازیان نییە، بێگومان بۆ هێزە کۆمارخواز و فیدرالیخواز و هەروەها نەتەوە بەشخوراو و بندەستەکانی ئێران ناتوانن هاوپەیمانێکی جێ متمانە و شیاوی پشتپێبەستن بن.

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٦ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەرخۆدانی بەردەوام



**کەریم پەرویزی**

لە زیندانەکانی ڕێژیمی ملهوڕی پاشایەتیدا ئەندامانی زۆر گرووپی دژبەری ڕێژیم زیندانی کرابوون. لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری توند و دڕندانەی دەزگای ساواکدا، هەندێ لەو زیندانییانە تێک شکان و داوای لێبوردنیان لە پاشای وڵات کرد! هەندێ لە زیندانییەکانیش خۆڕاگرییان نواند و یان لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون یان بە تەحەمولی ئازاری زۆر دانیان بە تاوانبارییاندا نەنا و قەبووڵیان نەکرد کە داوای لێبوردن لە پاشای تاوانبار بکەن. زیندانییەکی سەر بە هەیئەتی موئتەلیفەی ئیسلامی وێڕای دانپێدانان بە تاوانباربوونی خۆی، داوای لێبوردنی لە پاشاش کرد. هەندێک لە زیندانییانی سەر بە گرووپە چەپی و غەیرە ئیسلامییەکانیش لە هاوزیندانییەکانی هەبوون کە دانپێدانانیان نەبوو و داوای لێبوردنیان نەکردبوو! ئەم بابەتە لای ئەو زیندانییە سەر بە موئتەلیفەی ئیسلامییە بوو بە گرێکوێرەیەکی دەروونی کە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری ڕێژیمی دڕندەتر واتە ڕێژیمی خومەینی، ئەو زیندانییە پێشووە بوو بە بەرپرسی ئەشکەنجەکردنی زیندانییانی سیاسی لە ڕێژیمی تازەدا و هەموو ئەو هاوزیندانییە پێشووانەی کە سەر بە گرووپەکانی دیکە بوونی دەسبەسەر کرد؛ یان لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهیدی کردن یان ئەسپاردنی بە جوخەی مەرگ و تیرباران کردن و بەو شێوەیە ڕق و کینی سەرشۆڕیی خۆی لە زیندانی ڕێژیمی پێشوودا بەسەر زیندانییە خۆڕاگرەکانی ئەوەدەمدا هەڵڕشت!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورددا، زۆرجار دوژمنان ڕق و کینێکی لەڕادەبەدەریان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد نواندووە، کە پرسی دەروونییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە خۆڕاگری و خەباتکاریی کورد لاپەڕەیەکی زێڕینی تۆمار کردووە و دوژمنان کە پێشتر ناوی کوردیان بەو شێوە بیستووە، یان ڕووداوەکانیان بینیوە، ویستوویانە تۆڵەی ئەو ڕووداوانە لە کورد بکەنەوە. هەر وەک ئەو سەردەمەی کە ڕەزا میرپەنج هێشتا نەبووە ڕەزاشا و لە ئەرتەشی قەزاقدا بوو، کە خۆڕاگری و قارمانەتیی کوردی دەبینی، ڕقی لە کورد هەڵگرتبوو و دوای کرانی بە پاشای ئێران، بە هێرشە دڕندانەکانی بۆ سەر کوردستان دەیەویست ئەو گرێ دەروونییانەی تێراو بکا!

کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی ژیناشدا، بوو بە سەنگەری هەرەپێشی فیداکاری و گیانبازی و لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشگەریدا بوو و تەنانەت دروشمی ژن، ژیان، ئازادی کە ڕەمز و هێمای شۆڕشی نوێیە، لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و هەر ئەمە هۆکارێک بوو کە دوژمنانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک دەیانەویست کە تۆڵە لە کوردستان و کورد بکەنەوە.

هێرشی دڕندانەی سپای پاسداران بۆ شارەکانی جوانڕۆ و بۆکان و مەهاباد و خوێنڕشتنە بێبەزییانەکانیان لە شنۆ و سنە و بانە و سەقز و ئیلام و کرماشان و هەروەها مووشەکبارانکردنی کەمپی حیزبە کوردییەکان و هێرشی دڕۆنی بۆسەر ژن و منداڵ و قوتابخانەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان، هەموو بە دانپێدانانی خودی بەرپرسانی ڕێژیم لەوە سەرچاوەی دەگرت کە کوردستانییان بە سەرترۆپکی شۆڕش و حیزبە کوردییەکانیان بە پێشەنگی سەرهەڵدان دژی ڕێژیم دەزانی.

لەو نێوەدا هەندێک کەسی بەناو ئۆپۆزیسیۆنیش کە ئەو پێشەنگییەیان لە کوردستان پێ ناخۆش بوو و ڕقیان لە ناوی کوردستان و کورد دەبێتەوە، دەیانەویست دەور و ڕۆڵی کورد بە سووک نیشان بدەن و دووبارە گۆرانییە کۆنەکەیان دەوتەوە کە کوردەکان تەجزیەتەڵەبن!

وتووێژێک لە سایتی جەمارانی سەر بە ڕێژیم بڵاو بۆتەوە کە لەگەڵ ئاخوند ڕەزا پوورزەهبی، نوێنەری خامنەیی لە پارێزگای سنە ئەنجام دراوە. لەو وتووێژەدا نوێنەری خامنەیی سەبارەت بە پرسەکانی شۆڕشی ژینا دەدوێ و وێڕای دانپێدانان بە دەوری حیزبە کوردییەکان لە سەرهەڵدانەکان و پێشەنگیی کوردستان لە شۆڕش دژی ڕێژیمدا دەڵێ کە حیجابی زۆرەملێ لە کوردستان بەڕێوە ناچێ و تەنانەت پرسی "آتش بە اختیار" لە کوردستاندا نەک جێبەجێ نابێ بەڵکوو ئاکامی پێچەوانەشی دەبێ!

پرسێک بە ناوی "آتش بە اختیار" وتەیەکی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمە کە سەبارەت بە مۆرە بەکرێگیراوەکانی وتوویە کە لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەر کوێ ویستیان، بێ ئەمری دادگای ڕێژیم و هێزەکانی ڕێژیمیش دەتوانن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم و سەرکوتی خەڵک بە ئیختیاری خۆیان دژی خەڵک عەمەڵ بکەن.

هەر بۆیە لە پرسی لەچکی ژنان و حیجابی زۆرەملێشدا، دەبینین کە ئێستە بەتایبەت لە ناوچە فارسنشینەکاندا، بەسیجی و بەکرێگیراوەکان توندوتیژی دژی ژنانی بێ لەچک دەنوێنن و تەنانەت ڤیدیۆی ماست ڕژاندن بەسەر چەند ژندا بڵاو بۆوە. بەڵام ئەو جۆرە کردەوانە لە بەسیجییەکانی ڕێژیم لە کوردستان نابینرێ چونکە کوردستان شوێنێک نییە کە مل بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕێژیم کەچ بکا!

ئەم دانپێدانانەی نوێنەری خامنەیی لە پارێزگای سنە چەند لایەنی پرسەکە ڕوونتر دەردەخا:

یەکەم، خۆڕاگریی کوردستان، نەک لە پرسی لەچک و حیجابی زۆرەملێ، بەڵکوو لە هەموو پرسەکانی دیکەدا بەرامبەر ڕێژیمی ستەمکار بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم بە ترس و لەرزەوە لە کوردستان بجووڵێتەوە و تەنانەت خودی نوێنەری خامنەییش دەڵێ کە دۆخەکە هەستیارە و گەر بە هەستیاری نەجووڵێنەوە ڕەنگە دژکردەوەی نەخوازراو لە خەڵک ببینن! یانی بەرپرسانی هەرە سەرەوەی ڕێژیمش ترسیان لە کوردستان لێ نیشتووە و بە ترس و دڵەڕاوکێوە دەست بۆ بابەتەکان لە کوردستان دەبەن و ئەمە دەور و ڕۆڵی وشیاریی نەتەوەیی و لەسەرهەستبوونی گەلێک و ڕادەی خۆڕاگریی ئەم نەتەوەیە دەردەخا.

پرسێکی دیکە بریتییە لە ئەوەی کە مۆرەسازی و دامودەزگای دوورودرێژی بەکرێگیراوی سەر بە ڕێژیم هیچ ئاکامێکی بۆ ڕێژیم نەبووە!

ساڵانە بە هەزاران کەس لە مانۆڕدا دەردەخەن کە گوایە ئەوانە بەسیجییەکانی سەر بە ڕێژیمن و سازمان دراون و ڕێک خراون! خودی دامودەزگای ئیتلاعاتیی ڕێژیمیش لەنێو خەڵکدا بڵاوی دەکەنەوە کە گوایە زۆربەی خەڵک بوونەتە مۆرەی ڕێژیم و دەیانەوێ بێ ئێعتمادی لەنێو خەڵکدا بەتەواوی زاڵ بکەن!

بەڵام لە پرسێکی وەکوو لەچکی ژناندا، نوێنەری خامنەیی بە ڕاشکاوی دەڵێ کە ئاتش بە اختیاری ولام ناداتەوە! یانی ئەوەی کە هەموو دامودەزگای بەکرێگیراوەکانیان بێئاکام و شکست خواردووە و ئەو دەنگۆیانەی ئیتلاعاتیش کە هەموو خەڵک دڕدۆنگ بکا، پووچ و بێمانا دەکاتەوە. چونکە توانای ئەوەیان نییە کە لە کوردستاندا لەچکی بە زۆر بەسەر ژنانی کورددا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بدەن!

بابەتی سێهەم بریتییە لەوەی کە ساڵانێکی زۆرە کە ڕێژیم پڕوپاگەندەی ئەوە دەکا کە حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات بوونیان نەماوە و گەر مابێتن تەنیا ڕۆڵیان سیخوڕی بۆ ئیسراییل و ئامریکایە و هیچ پێگەیەکیان لەنێو خەڵکدا نییە.

بەڵام ئێستە بە سەرتاپای بەرپرسانی نیزامی و ئیتلاعاتییەوە دانیان پێدا ناوە کە حیزبە کوردییەکان تەنانەت لە ئاستی ئێراندا کاریگەرییان هەبووە بۆ سەرهەڵدانی خەڵک و نوێنەری خامنەیی لە پارێزگای سنەش لەم وتووێژەدا دانی پێدا دەنێ کە ناوێرن دژی ژنانی کورد بجووڵێنەوە، چونکە حیزبە کوردییەکان هەڵوێستیان دەبێ و دۆخی نێو کۆمەڵگایان لێ ئاڵۆز دەبێ و لێییان دیار نییە کە ئەمجارە چی ڕوو دەدا!

ئەمەی کە لە کوردستان دەگوزەرێ، شتێکی لەناکاو نییە کە لە پڕێکدا خەڵکی ئەم نیشتمانە، زۆر جیاواز لە شوێنەکانی دیکە لە ئێران و بەتایبەت جیاواز لە ناوچە فارسنشینەکان بن. ئەمە ئاکامی دەیان ساڵ خەبات و بەرخۆدانی بەردەوامی ئەم نەتەوەیە کە هەرچەند دوژمنان هەوڵیان داوە سەرکوتی بکەن و پرسەکەی بەلاڕێدا ببەن و تەنانەت بە هەندێک خێڵی دژبەیەک پێناسەمان بکەن، بەڵام نەوەتەی کورد قۆناخ بە قۆناخ پتەوتر لە جاران لە گۆڕەپانی خەباتی ڕزگاریخوازی و ئازادیخوازیدا ڕاوەستاوە و شانازیی شۆڕشی ژیناش بۆ ئەم نەتەوەیە دەگەڕێتەوە کە سەرەڕای مووشەکباران و هێرشی دڕندانە بۆسەر شارەکانی، ئێستاش لە ڕیزی پێشەنگایەتیی سەرهەڵدان و بەرخودانە و دامودەزگای خامنەیی ناچار کردووە کە دان بە ترس و دڵەڕاوکێکانیدا بنێ.

لە مێژوودا تۆمار نەکراوە کە نەتەوەیەک ئامادەی دانی نرخی ئازادی بێ، دوژمنان بتوانن بیسڕنەوە یان سەری پێ شۆڕ بکەن.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٦ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## گرینگتر لە قۆناغی بنیاتنانەوە




**عەلی بداغی**

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و لە چەند مانگی ڕابردوودا بەتایبەتی، پرسی هەرە گرینگی کۆڕوکۆبوونەوە سیاسی و میدیاییەکان، چۆنیەتیی دروستکردنەوەی هەیکەلی نیزامی سیاسیی ئێران و چەندیوچۆنیی مافی جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەیە. لەو نێوەدا حیزب و لایەنە سیاسییەکان هەرکام بەپێی پاشخانی خەباتی سیاسی، وزەی خەباتگێڕی، توانای میدیایی و قسەڕۆیشتوویی و نفووزیان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەوڵی چەسپاندن و تەنانەت سەپاندنی بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەدەن. بەڵام باسێک کە لەو نێوەدا کەمتر قسەی لەسەر کراوە ئەوەیە، ئەدی کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ و کێ دەبێ بیڕووخێنێت؟ هەروەها لە حاڵێکدا لەنێو پێکدژی ئایدۆلۆژی و مەرامە سیاسییەکان ساغبوونەوە لەسەر هاوپەیمانی و دانانی نەخشەڕێیەکان بۆ دروستکردنەوەی ئێران سەخت و دژوار دەنوێنێ و هەنگاوەکان لەو پێوەندییەدا خاو و بەشێنەیین، کەم کەس و لایەن خۆ لە باسی چۆن هێنانەخوارێی کۆماری ئیسلامی لە تەختی خونکاری دەدا؛ وەک بڵێی ئەم کارە گەلێک سووک و ئاسان بێت!

ئەوە کە لە بەردەوامیی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینی خەڵکدا حکوومەت کە تا ئێستا چەند جار لەهەمبەر گوشاری دەرەکی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وڵاتـانی بیانیـدا جـامی ژاری خـواردۆتەوە و نەرمشـی قارەمانـانەی! نوانـدووە، ئـاخۆ لەپێنـاو پاراسـتنی لانیکەمـی بەرژەونـدییەکانی خۆیشـیدا بـووبێ خـۆی بە دەسـتەوە دەدا و هەوڵ دەدا لەگەڵ هێـزە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـان بکەوێتە دانووستانەوە؟ یان لەبەرانبەر ویستی گۆڕانخوازانەی خەڵکدا ڕادەوەستێ و هەموو زەبروزەنگ و توندوتیژییەک دەنوێنێ و کوشتار دەکات؟ ئەمە فاکتەرێکی گرینگە لە گۆڕانکاری بنچینەیی لە دەسەڵاتدا، یان بە واتایەکی دی دیاریکردنی چۆنیەتیی قۆنـاغی گـوزار و تێـپەڕین لەو حکـوومەتە. هەڵـبەت وە نەبێـت کە بابەتەکـانی پێوەندیـدار بە قۆنـاغی دوای تێـپەڕین کەمبایەختر لە خودی چۆنیەتیی تێپەڕین بێت، چونکی هەر ئەو خەڵکەی ئێستا قۆڵیان لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەڵماڵیوە، ئەزموونی ڕووخاندنی نیزامی پاشایەتییان لەو وڵاتەدا هەیە و لە سەرەتای دەیەی پێنجەمی دەسەڵاتێکدا کە بەرهەمی ئەو گوزارەیە، لێبڕاون تۆماری ئەویش تێکەوە پێچن. هۆکاریش ئەوەیە ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕشی خەڵک وەدی نەهاتوون و پرۆسەی گوزار -لە نیزامی پاشایەتیی پەهلەوییەوە بۆ کۆماری ئیسلامی- پڕکەمایەسی و سەقەتی بووە.

بەو پێیە ئێسـتا هەنگـاوە بنەڕەتییەکـانی قۆنـاغی تێـپەڕین چییە؟ بێگومـان لەپـێش هەمـوو شـتێک کـۆکردنەوەی هێـزە دێموکراتیـک و گۆڕانخوازەکـانە لە نێوخـۆ و دەرەوە وڵات بـۆ گـۆڕینی هاوسـەنگیی هێـز لەنێـوان کۆمـاری ئیسـلامی و بەرەی خەڵک. بەرەی خەڵک پێویستە بەرفراوان بکرێت و هەموو هێـزە خەباتکـار، شۆڕشگێڕ و دێموکراتەکـان و ئەوانەی پیلان بۆ سەپاندنی هێژمۆنیی خۆیـان نـاگێڕن و بە خوێنـدنەوەی فاشیستی لە چەمکە دێموکراتیکەکـان هەوڵ بـۆ دەستبەسەرداگرتنی بەری ڕەنـج و خەبـاتی خەڵکـانی دی نـادەن، بگـرێتەوە. شۆڕشـی ژینـا ئەو دەرفەتەی دروسـت کـردووە کە هێـز و لایەنە سیاسییەکان و خەڵکـانی ناوەندنشین و نەتەوە بندەستەکانی پەراوێزخراو لە دۆخێکـی تایبەتـدا لەگەڵ یەکتـری بـکەونە وتـووێژ و بە ڕەوانـدنەوەی نیگەرانییە بەحەقەکـانی یەکتـری، لەسـەر لانیکەمـی داخـوازی بەڵام هاوبەشەکانیان ڕێککەوتن بکەن. مەرجی سەرەکییش بۆ پایەداری و سەقامگیریی ئەو ڕێککەوتـنە قبـووڵکردنی واقعییەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و تایبەتمەندییە فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی نەتەوەیی و ئـایینیی وڵاتە کە دەبێ وەک خۆیـان و بە نیازپـاکییەوە دانیان پێدا دابنرێ و مافەکانیان گەرەنتی بکرێن.

ئەوەندەی بۆ کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە کورد لە ئێران لە یەک سەدەی ڕابـردوودا پاشخانێکی دەوڵەمەنـد لە خەبـاتی بـۆ مـافە نەتەوایەتییەکـانی و بەربەرەکـانی دژی دەسـەڵاتی ناوەنـدگەرا هەیە، بەڵام جووڵانەوەی کورد لە ئێستادا ئەرکەکانی خۆی هەر لە چوارچێوەی دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانیدا قەتیس نەکردووە. بزووتنەوەی سیاسیی کورد لانیکەم لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی بۆ بەدیهێنـانی ماف و ئازادییەکانی گەلـی کـورد لە ئێـران لە چوارچێـوەی دەسـەڵاتێکی خـۆجێی لە فـۆڕمی خودموختـاری و دوایەش لە شـێوەی فیـدرالیزم لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا؛ هەوڵی داوە دەنگ و تریبوونی مافخوازی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی، ئـایینی و ڕەگەزی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و پەراوێزخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران بێت. کوردستان هەروەها پاشخانێکی دەوڵەمەندی دیکەشی لە کاری ڕێکخراوەیی لە چوارچێوەی حیزبی سیاسی، خەباتی ژنان و ڕێکخراوی سینفی و مەدەنیدا هەیە. بۆیە قۆناغی دوای یەکخستنی ڕیزی هێز و وزەی شۆڕش و گۆڕانخوازەکان، گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕی ئەو جۆرە لە ئەزموونانە لەگەڵ یەکترییە کە بەرەی خەڵک لە تەواوەتیی خۆیدا بەهێزتر دەکات. بەڵام لە بەرەی ئەوبەریشدا ڕێژیم دەستەوەستان دانەنیشتووە و بە کایە سیاسییەکانی لەنێوان پێکدژیی بەرژەوەندیی وڵاتاندا کۆمەڵێک دەرفەتی بۆخۆی دروست کردووە.

بەردەوامیی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لە تەنیشت درێژەی گوشارە نێودەوڵەتییەکان ئەوکی ڕێژیمی وەها گوشیوە کە ناچار بووە بە پاشەکشە لەبەرانبەر ڕکەبەرە ناوچەییەکانی و سازان لەگەڵیان بیهەوێ -ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووبێت- دەروویەک بە ڕوویدا بکرێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا کێشە و قەیرانەکانی وڵات کە هەرخۆی نیزامی سیاسیی وڵات یەک لەوان و خوڵقێنەری هەمووشیانە لەجێی خۆیانن. کۆماری ئیسلامی پتر لە چوار دەیە دەرفەتی هەبوو بە پشتبەستن بە شەرعییەتی سەرەتای شۆڕش کە هەیبوو _جگە لە کوردستان- و بە دەکارکردنی سەرچاوە زۆر و زەوەندە ئابوورییەکانی وڵات ماف و ئازادییەکان و ئەمنییەت بۆ خەڵک دابین بکات. بەڵام ڕێژیم هەموو سەرچاوەکانی لە هێزی ئینسانی و سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتی خستە خزمەتی سیاسەتی شەڕانخێوی و ئاژاوەنانەوە لە ناوچە لە پێناو مەرامە ئیدۆلۆژییەکانیدا. سیاسەتێک کە ئەگەرچی نەیتوانیوە سەقامگیری بۆ ڕێژیم بەدیاری بێنێ، کەچی ئێستاش لەسەری بەردەوامە.

بۆیە ئەوەی لە ئێستادا گرینگ و بنەڕەتی دەنوێنێ ئەوەیە: بە سەرنجدان بەوەی پێگەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە هەموو کاتێک لاوازترە، حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێویستە دەرفەتی زیاتر بە ڕێژیم نەدەن. ئەوان لەسەریانە کەلێن و کەلەبەری ناکۆکییەکانی خۆیان لە بەرژەوەندیی شۆڕشدا پڕ بکەنەوە و بەوەش بەرەی خەڵک لەهەمبەر دەسەڵاتی ڕێژیمدا بەهێزتر بکەن.

١٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ٨ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# مازۆخیزمی کۆماری ئیسلامی




**شەماڵ تەرغیبی**

"نەمانی ڕەوایی" یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکان یان باشترە بڵێین یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی داڕمان و ڕووخانی دەسەڵاتێکی سیاسییە. کۆماری ئیسلامی لە ئێستەدا گیرۆدەی ئەم دیاردە بووە و لەڕاستیدا ڕووداوەکانی شەش مانگی ڕابردوو ئەو ڕاستی و هەقیقەتەمان زیاتر پیشان دەدات؛ هەربۆیە بێ پێچوپەنا و شیکاری زیادی دەتوانین بڵێین ئەوەیکە ساڵانێکە ڕێژیمی تاران لێی دەترسێ و تووشی خەونەمارانەی دەکات لە ئێستەدا هاتووەتە دی.

لە بەرامبەریەکتر ڕاوەستانی دەسەڵات و خەڵک و سازبوونی ئیرادەی "نا"وتن بە دەسەڵات، مژارێکە کە بەپێچەوانەی ئیرادەی دەسەڵات بە کۆکردنەوەی ناڕازییان و لە زیندانخستنیان نەتەنیا چارەسەر نابێت بەڵکوو بۆخۆی دەبێتە هاندرێک بۆ زیاتربوون و بەهێزتربوونی تەوژمی ناڕەزایەتی؛ ڕەنگە دەسەڵات بتوانێ بە سەرکوت و زەبروزەنگ بۆ ماوەیەک کۆتایی بە ناڕەزایەتییەکان بهێنێ بەڵام بەدڵنیاییەوە ناتوانێ بۆ هەمیشە و لە درێژماوەدا خەڵک لە داخوازی و ویستەکانیان بکشێنێتەوە. ئەمە کەتوارێکی ئەزموونکراوە و بەدرێژایی مێژوو دەرەنجامی بەپێچەوانەی هەبووە. ئەوەیکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەزموون کراوە بریتی بووە لە بڕیاردان لە کاتی تەنگانە بۆ خۆدەربازکردن لە قەیران کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموو کات بۆخۆی بووەتە مایەی سەرهەڵدانی ئاریشە و قەیرانی نوێتر؛ ئەمەش بەو هۆیەوە کە بڕیارەکان لە تەنگەتاوی و بێ بیرکردنەوە و سادیستییانە دراون.

ئەوەیکە لەم بابەتەدا زیاتر دەکرێتە دەسمایەی نووسین، لەڕاستیدا دیاردەیەکە بەناوی مازۆخیزمی کۆماری ئیسلامی!

مازۆخیزم لە زانستی سایکۆلۆژی یان دەروونناسیدا بە جۆرێک گرفتی جەندەری – ڕەوانی دەوترێ کە تێیدا تاک بۆ چێژوەرگرتن، خۆی دەخاتە نێو بازنەیەکی ئازارهێنەر و بە ئازاردانی خۆی لە باری ڕەوانی و جەستەییەوە هەست بە خۆشی و چێژ دەکات.

هەنووکە کە دەسەڵات لە ئێراندا بەشێوەی یەکدەست و تاکڕەهەند بەڕێوە دەچێ و ڕوون بۆتەوە کە ئیتر بیانوو و پاساوەکانی وەک گەمارۆ نێونەتەوەییەکان تەنیا شوێندانەرییەکی کەمیان لەسەر ئابووریی سەقەت و لاوازی ئێران هەبووە، ڕوون دەبێتەوە کە کردار و ئاکاری دنەدەرانەی دەسەڵات بۆ سەرکوتی شەقام سەرچاوەگرتوو لە بیرکردنەوەیەکی نەخۆشە کە تێیدا دەسەڵات بۆ چێژوەرگرتن وەک تاکێکی تووشبوو بە مازۆخیزم ئازاری خۆی دەدات.

ڕووداوەکانی زیاتر لە ٢٠٠ ڕۆژی ڕابردوو لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا و سەرکوتە خوێناوییەکانی ئەو ماوەیە، لەڕاستیدا جۆرێک نەهێشتنی ڕەوایی بوو کە دەسەڵات بۆ خۆی لە ئەنجامی کەشێکی پڕاوپڕ لە خۆبەزلزانی درۆیین لە دژی خۆی ئەنجامی دا.

دەسەڵات تووشی چەشنێک لە نەفامی و هەڵەبیرکردنەوە و هەڵەبڕیاردان بووە؛ ئەمەش هەم لە ئاستی سیاسەتی دەرەکیدا خۆی دەنوێنێ و هەمیش لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆیی. بۆ وێنە لە ڕەوتی دانوستانەکان بۆ بەرجام ئەو کاتە کە دەیتوانی بە ئەنجامێکی پۆزەتیقی بگەیەنێ هەنگاوی هەڵەی هەڵێنایەوە و دڵخۆش بوو بەوەیکە ئورووپا لە وەرزی زستاندا تووشی سەرمایەکی کەموێنە دەبێت و بەهۆی شەڕی ئۆکراین و ڕووسیەوە لەمەڕ دابینکردنی وزە گرفتار دەبێ و ناچار دەبێ کە خواستەکانی ئێران جێبەجێ بکات بەڵام وەرزی سەرماش تەواو بوو و ئێستە دەبینین کە ئەوە کۆماری ئیسلامییە دیسانەوە دەپاڕێتەوە تاکوو چارەسەرێک بۆ بەرجام ببیندرێتەوە و لایەنی ڕۆژاواییش فیلی سوارە!

ئەم دەسەڵاتە بێشک خۆڕووخێنەرترین دەسەڵاتی سیاسی مێژووە کە هۆکار و بنەچەی سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدەرنەبوونی "نوێنەری خودا لەسەر عەرز" کە زۆرترین دەسەڵاتی ئیجرایی هەیە بەبێ ئەوەیکە هیچ کەس یان نیهادێک توانای لێپرسینەوەی لێی هەبێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەیکە ڕوونە و جێگای مشتومڕی نەهێشتووەتەوە لە ڕاستیدا ئەو کەتوارەیە کە ئەم دەسەڵاتە لە ڕێڕەوی خۆڕووخاندنـدایە و چرکەبەچـرکە بەهـۆی ئەو بڕیـارە سادیسـتی و مازۆخیزسـتیيانەی کە دەیـدات زیـاتر خـۆی لە گەنـداوی ڕووخـان نیزیـک دەکاتەوە. ئەم سیستمە دەسەڵاتدارییە ئەگەر تەنانەت هیچ دوژمنێکیشی نەبێ ئەوا دوژمن بۆ خۆی ساز دەکـات و ئەگەر هیچ کیشـە و ئاریشەیەکیشـی لەگەڵ خەڵکـدا نەبێت ئەوا هەوڵ دەدات کە ئەو ئاریشـەخوڵقێنییە بکـات، وەک لە چەنـد مـانگی ڕابردوودا بینیمان، کە ئەمە بەواتای مازۆخیزمێکی سیاسییە کە تاران پێڕەوی لێ دەکات.

٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ١٢ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئایا ئێران لە بەردەم شۆڕشدایە؟



**هەڤپەیڤین لەگەڵ جەک گۆڵدستۆن  فارسی: مێهرداد واعیزینەژاد  وەرگێڕانی بۆ کوردی: ساماڵ ئەحمەدی**

جەک گۆڵدستۆن مێژوونووسی شۆڕشەکانە. هەرچەند پسپۆڕییە سەرەکییەکەی مێژوو نییە و زیاتر کۆمەڵناس، یان بڵێین جەماوەرناسە. هەڵبەت ناسناوە فەرمییەکەی، "مامۆستای سیاسەتدانانی گشتی"یە. بەکورتییەکەی، لە پۆلێنبەندیی دنیای ئاکادیمیکدا جێیەکی دیار بۆ ئەو دەست نادات. بەڵام کە چاو لە پڕانیی نووسراوەکانی بکەین، دوو-سێ بابەت تۆختر و دیارترن: بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئاڵوگۆڕە جەماوەرییەکان، پەرەسەندن و شۆڕش. بەکورتی و کرمانجی، جەک گۆڵدستۆن "شۆڕشباز"ە. ناتوانێ دەست لە شۆڕشەکان هەڵگرێت؛ جا ئەورووپای سەدەی شازدە بێت، یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکەم. "کێشە"ی ئەو، گۆڕانە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکانە. یەکەم جار کە نامەم بۆی نووسی، ئەمدەزانی لەم دوو - سێ ساڵەی دواییدا وەرگێڕانی سێ بەرهەمی لە ئێران (١٣٩٧ - ١٣٩٩ - ١٤٠٠) بڵاو بوونەتەوە. کە لە کاتی دیاریکراودا چووم بۆ دیدارەکەمان، ناوەکەیم بە فارسی سێرچ کرد و هەر بەدەم چاکوچۆنییەوە لێیم پرسی: "ئاگادار بووی؟" گوتی: "نا، بەڵام پێم سەیر نییە. خولیای شۆڕش ئیشتیای تێگەیشتن لە واتای شۆڕشەکان زیاتر دەکات."

***

**پرسیار**: لەوانەیە پرسیاری یەکەمم ساویلکانە بنوێنێت، بەڵام وا بیر دەکەمەوە بۆ چوونە ناو باسەکەوە خراپ نییە. ئاخۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**شۆڕش پێشبینی دەکرێت؟ یان ڕەنگە ئاوا بپرسم باشتر بێت: تۆ کە چەندان دەیەیە سەرقاڵی توێژینەوەیت دەربارەی شۆڕشەکان، دەتوانی بە شێوەیەک ڕوودانی شۆڕشێک پێشبینی بکەیت؟**

**وەڵام**: ئەگەر دەکرێ بوومەلەرزە پێشبینی بکرێت، ئەوە دەشێ شۆڕشیش پێشبینی بکرێت. شۆڕش وەکوو ڕەوشی کەشوهەوا نییە کە پێشبینیی بکەین و کەمتاکورتێک وەڕاستیش بگەڕێت. لەوانەیە بەچاو ببینی کە ڕەوشی هەوا زریانییە، بەڵام پێوانەی زانستییشت بۆ پێوانی هەیە. بۆ نموونە، کە دەزانی پەستانی کەش دادەبەزێت، واتا زریان بەڕێوەیە، یان ئەگەری هەڵکردنی زۆرە. بەڵام دەربارەی شۆڕشەکان ئەو پێوەر و پێوانەیەمان نییە. ئەگەر هەبوایە باش بوو. بۆ نموونە، دەمانگوت "ژمارەی ناڕازییان". واتا ئەوەندەی ژمارەی ناڕازییان زیاتر بێت، ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕش زیاتر دەبێت.

جا ئەوە یەکێک لە قوتابییەکانی من لەبارەی ئەم پەیوەندییانەوە خەریکی لێکۆڵینەوەیە. بەڵام هیچ پەیوەندییەکی پتەوی لە نێوانیاندا نەدۆزیوەتەوە. هەمووی هەر ئەگەر و مەگەرە. جاریٚ هەر ناکریٚ بڵێی کێهەیان هۆیە و کێهەیان بەرهۆیە. بۆ نموونە، دەبینی تەمەنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ سەرکەوتنی لە ڕووخاندنی ڕژێمدا پەیوەندیی پێچەوانەی هەیە. بەڵام ئەم قسەیە بەو واتایە نییە کە بزووتنەوە تەمەندرێژەکان خراپن. واتاکەی ئەوەیە لەو بابەتانەدا کە لێمان کۆڵیونەتەوە، کاتێ کە حکوومەتێک بەهێز بووە، لە بەرامبەر ئەو خەڵکەیدا کە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان خۆی ڕاگرتووە و ناڕەزایەتییەکان بەردەوام بوون، بەڵام لە کۆتاییدا بە هیچ کوێ نەگەیشتوون. کەچی ئەو کاتەی کە حکوومت سست و لاواز بووە، بە چەند هەفتەیەک ڕووخاوە و هەمووان گوتوویانە چ بزووتنەوەیەکی کورت و سەرکەوتوو بوو.

هەڵبەت کۆمەڵێک نیشانە هەن ئەگەر بیانبینین دەتوانین بڵێین ئەگەری شۆڕش زیاترە. بۆ نموونە، ئەوەی کە حکوومەت ڕەواییی خۆی لەدەست دابێت، یان ناڕەزایەتیی بەرفرەوان وڵاتێکی ئیفلیج کردبێت. ئەم جۆرە شتانە پێویستن، بەڵام بێ گومان هەر ئەوانە بەس نین. بۆ ئەوەی بڵێین دۆخەکە شۆڕشگێڕانەیە، دەبێ حکوومەت لە قەیرانەوە گلابێت: قەیرانی ئابووری، سەربازی، یان گەندەڵی و ئابڕووتکاوی؛ شتێکی وا کە بەهۆیەوە خەڵک بڵێن ئەم حکوومەتە ناتوانێت وڵات ئیدارە بکات. پاشان دەبێ خەڵک ڕژابێتنە سەر شەقام. دەبێ کەسانێک لەناو دەسەڵاتدا هەبن کە بە خەڵک بڵێن تەنانەت لەناو دەسەڵاتیشدا هەمووان لایەنگری ڕژێم نین. لە ڕاستیدا دەبێ خەڵکی ناڕازی لەناو دەسەڵاتدا کەسانێکیان هەبێت. هەروەها دەبێ هێزە چەکدارەکانیش تووشی دوودڵی بووبێتن. بەو واتایەی کە دەسرێژ لە خەڵکی ناڕازی نەکەن. یان بچنە ڕیزی خەڵکی شۆڕشگێڕەوە. سەرەنجام ئەوەی کە هێزە بیانییەکان لایەنگری لە شۆڕشگێڕان بکەن، یان لانی کەم بێلایەن بن. بۆ نموونە، لە قۆناغێکدا وا دیار دەکەوت کە ئەسەد لە سووریا کۆتاییی هاتووە. ناڕەزایەتییەکان پەرەیان سەندبوو، هێزە سەربازییەکان دەچوونە ناو ڕیزی دژبەرانی حکوومەتەوە، بەڵام لەناکاو ڕووسیا هاتە ناو بابەتەکەوە و گوتی:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"نەخێر، نابێ ئەسەد بڕوات. ئێمە دەیهێڵینەوە." بەکورتی دەبێ پێنج مەرج هەبێت و پێشبینیی ئەوەی کە کەی هەر پێنج مەرجەکە وەڕاست دەگەڕێن، دژوارە. بۆ نموونە، تۆ نازانی فلان دەسەڵاتی بیانی تاکوو چ ڕاددەیەک پشتیوانی لە هاوپەیمانەکەی دەکات. نازانی هێزە سەربازییە پلەباڵاکان چییان لەبن سەردایە. نازانی چ بەشێکی پێکهاتەی دەسەڵات ئەگەری ئەوەی هەیە کە پشت بکاتە حکوومەت. لە ئەنجامدا، زۆر بابەتی وا لە مێژوودا هەبوو کە خەڵک ڕژاونەتە سەر شەقام و ناڕەزایەتییان دەربڕیوە، بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ ناڕەزایەتی دەستپێکی شۆڕشە، یان نا، ئەوە هەرگیز بەلێبڕاوییەوە ناگوترێت. تەنانەت دەکرێ بڵێی زۆر جار وا نییە!

**پرسیار:** یانی تەنانەت ئەگەر ئەو پێنج مەرجەی باسیشت کرد، هاوکات پێکەوە پەیدا ببن، ناکرێ بڵێی ئەگەری شۆڕش لە ئارادایە؟

- ئەگەر هەر پێنج مەرجەکە پەیدا ببن، واتا قەیرانی شۆڕش لە ئارادایە، یان وەک دەڵێن لە دۆخی شۆڕشداین. ئەوەی کە شۆڕشەکە سەرکەوتوو بێت یان نا، ئەوە دەبەسترێتەوە بەوەی کە ڕێبەرانی شۆڕشگێڕ تا چ ڕاددەیەک توانای ڕێنوێنی و یەکخستنی ڕیزەکانی خەڵکیان هەبێت. لەوانەیە قەیرانت هەبێت، بەڵام ڕێبەرایەتیی دروستت نەبێت؛ لەوانەیە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکە ماندوو ببێت، یان تووشی تێکهەڵچوونی ناوخۆیی ببێت و شکست بێنێت. لەبەر ئەمە، ئەگەر بزووتنەوەیەک بخوازێ بەئەنجام بگات، دەبێ ڕێبەرانی شیاوی هەبێت کە بتوانن وێنە و ئاسۆی داوڕۆژ بخەنە بەرچاوان و بۆ گەیشتن بەو وێنە و ئاسۆیە، هاوڕێ و هاودڵی خەڵک بن.

**پرسیار:** ئەگەر ڕێم بدەی لێرەدا باسێکی ئێران بکەم، لەبەر ئەوەی باسی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەکەی ئەم دواییەی ئێران زۆر گەرمە. لە ڕۆژان و هەفتەکانی دوای کوژرانی ژینا (مەهسا) ئەمینی، زۆر کەس دەیانگوت، لەبەر ئەوەی ناڕەزایەتییەکان تەنیا یەک ڕێبەرایەتیی نییە، شتێکی باشە، چونکە ناڕەزایەتیی خۆڕسک زەحمەتتر سەرکوت دەکرێت. بەڵام وەکوو تۆ باسی دەکەی، ئەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەو تایبەتمەندییانەی نەبێت وا باست کردن، ئەوە سەرکەوتوو نابێت.

- بەڵێ وایە. ڕێم بدە لە یەکێک لەو توێژینەوانەوە بۆت باس بکەم کە تازە کراوە و بۆ ئەو کەسانەی هیوایان بە گۆڕان هەیە دڵخۆشکەر نییە، بەڵام ڕەنگە ڕوونکەرەوە بێت. نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا ئێریکا چێنۆوت و ماریا ستیفان کتێبێکیان دەبارەی ناڕەزایەتیی دوور لە توندوتیژی بڵاو کردەوە. لەو کتێبەدا ناڕەزایەتییەکانی ئەم پەنجا ساڵەی دواییان تاوتوێ کرد و بەو ئەنجامە گەیشتن کە بۆ گۆڕانی ڕژێمێک ناڕەزایەتیی دوور لە توندوتیژی، کاریگەرترە لە ناڕەزایەتیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

توندوتیژانە. لەم دواییانەدا جارێکی دیکە داتاکانیان تاوتوێ کردووەتەوە و دیتوویانە کە ئەو قسەیە هێشتا هەر ڕاستە: واتا ناڕەزایەتیی سەرتاسەریی دوور لە توندوتیژی، لە ناڕەزایەتیی توندوتیژ، یان خەباتی چەکداری کاریگەرترە. بەڵام ڕاددەی سەرکەوتنی هەردوو مۆدێلەکەی ناڕەزایەتی لە دە ساڵی ڕابردوودا زۆر دابەزیوە. ڕاددەی سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوانەی توندوتیژییان تێدایە، بووەتە نزیکەی یەک لەسەر چوار و، ڕاددەی سەرکەوتنی ئەو ناڕەزایەتییانەی توندوتیژییان تێدا نییە لە نیوە کەمتر بووەتەوە. لە ئەنجامدا، وا دیارە ئیتر ئەو تیۆرییە ڕاست نییە کە پێی وایە زۆربەی ئەو ناڕەزایەتییانەی دوورن لە توندوتیژی، سەر دەکەون. چێنۆوت و ستیفان دەڵێن، ئەوە دەکرێ دوو هۆی هەبێت. یەکیان ئەوەی کە حکوومەتەکان فێر بوون چۆن بەرەنگاری ناڕەزایەتییەکانی خەڵک ببنەوە. واتا ئاگایان لە هێزە سەربازییەکان و کەسانی نوخبەی سیاسی بێت. وریا بن کاری وا نەکەن کاریگەریی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە، بە هێزە سەرکوتکەرەکان دەڵێن بەبێ ئامانج دەسڕێژ لە جەماوەر نەکەن. لە جیاتی ئەوە، گازی فرمێسکرێژ و فیشەکی لاستیکی بەکار دێنن. دوای ئەوەیش، شەوانە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی نارازییە سەرەکی و ناسراوەکان و دەیانگرن. واتا هۆیەکی ئەمەیە: یانی هەڵسوکەوتی حکوومەتەکان. بەڵام هۆیەکی دیکە، بە گوتەی چێنۆوت و ستیفان، ئەوەیە کە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی کە بە یارمەتیی ئینتەرنێت وەڕێ دەخرێن و ڕێبەر و هێزی چەکداریی مەیدانیی ڕاهێنراویان نییە، ئاسانتر سەرکوت دەکرێن. ڕاستییەکەی، ئەم جۆرە ناڕەزایەتییە بێڕێبەر و خۆڕسکانە بۆ دەستپێک و وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە باشن، بەڵام بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر سەرکوتدا زۆر کاریگەر نین. ڕێبەری شۆڕشگێڕیش لەوانەیە دەستگیر بکەن، یان بیکوژن. بەڵام کەسێکی وەکوو نێلسۆن ماندێلا سەرباری ئەوەی کە چەندان دەیە لە زیندان مایەوە، بەردەوام بۆ دژبەرانی ئاپارتاید پشتیوانێکی کاریگەر بوو. تەنانەت ئەو ڕێبەرانەی دەشکوژرێن هەر کاریگەرن، چونکە شەهیدبوونەکەیان زۆر جار دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ خەڵک و هەڵگیرسانی ئاگری ناڕەزایەتی. بەکورتی، بوونی ڕێبەر پێویستە. ئەگەر حکوومەت کەم تا زۆر توندوپتەو بێت، ناڕەزایەتییە خۆڕسک و بێڕێبەرەکان لە درێژماوەدا شتێکی ئەوتۆیان بەدەست ناکەوێت.

**پرسیار**: ئەوە سەرباری ئەوەیشە کە بە گوێرەی ئەو توێژینەوەیەی باست کرد، وێ دەچێت ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکانیش بەرە بەرە بەهێزتر ببن.

- بەڵێ بەهێزتر بوون. خۆ دەربارەی پێشکەوتنی بەرە بەرەی دیکتاتۆرەکانیش کۆمەڵێک توێژینەوە کراوە. دیکتاتۆرەکان لە یەکترەوە شت فێر دەبن: وەکوو شێوازەکانی دەستگیرکردن، تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵکەر، ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی جەماوەر و ئەو شتانە. بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە هەرچەندێکی تاکتیکەکانی سەرکوت پێش بکەون، دیسان هێزێک بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەکارهێنانی ئەو تاکتیکانە پێویستە. کە واتا ئەگەر بەشێکی بەرچاوی سوپا، یان پۆلیس بڵێت: "ئامادە نین ئەو کارە بکەین"، یان "پاراستنی ئێوە بابیی ئەو کارە نییە"، کاری حکوومەت لەنگە.

**پرسیار**: لێرەدا پرسیارێک هاتە مێشکمەوە کە دیسان پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەیە. چۆن دەکرێ ئەو دۆخە بەدەست بێت کە باست کرد؟ واتا ئەوەی کە هێزە چەکدارەکان، یان پۆلیس پشتی دیکتاتۆر بەر بدەن. ئاخۆ هەر لە بنەڕەتدا دەکرێ بۆ شتێکی لەو چەشنە بەرنامە دابنرێت؟ یان ئەوە لەو دیاردانەیە کە لەبەر ئەوەی نازانین کەی و چۆن هەڵدەکەوێ، ناتوانین بۆ ئەوەی ئاسانتر، یان خێراتر بێت، هیچی بۆ بکەین؟ لەو چرکە سیحراوییانەی کە تەنیا دەتوانین هیوادار بین هەڵکەوێت، یان ئەوپەڕەکەی خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

- لێرەدا گرنگیی ڕێبەرایەتی [سەرکردایەتی] دەردەکەوێت. دەبێ کەڵک لە هەلومەرج وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر هەلومەرجێک هەبێت. واتا دەبێ هێزە چەکدارەکانی ڕژێم بناسی و بزانی لە چ بارێکدا ئەگەری ئەوە هەیە کەسانێک پشتی ڕژێم بەر بدەن. دەبێ هەم ئەوانە بدۆزییەوە کە ئەگەری ناڕازیبوونیان هەیە و هەم هۆی ناڕازیبوونەکەیشیان بزانی. بۆ نموونە، لەوانەیە دیکتاتۆرێک، یان حکوومەتێک زیاتر گرنگی بە دەروەستی و وەفاداری بدات وەک لە پسپۆڕی و لێهاتوویی. لە ئەنجامدا ئەو ئەفسەرانەی ناو هێزە چەکدارەکان کە هەست دەکەن قەدریان نەزانراوە ناڕازی دەبن. یان لەوانەیە لە ڕیزەکانی خوارەوە سەربازی وا هەبن کە لەگەڵ جەماوەری ناڕازی هەست بە نزیکایەتی دەکەن؛ واتا بە خۆیان دەڵێن ئەمانەیش هەر خوشک و برای خۆمانن، ناتوانین بیانکوژین. ئەگەر بتوانن هەستێکی وایان بەلاوە هەڵخرێنن، یان کەمپینێک وەڕێ بخەن بەو ناوەرۆکەی کە ئێمەیش هەر خێزانی خۆتانین، لەگەڵ ئەم وڵاتە دوژمنایەتیمان نییە و تەنیا دژی حکوومەتین، جاری وایە ئەگەری هەیە وەڵامدەر بێت. بەڵام لێرەیشدا دیسان ڕێبەرایەتی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت خاڵی لاوازی و خاڵە خەسارهەڵگرەکان بدۆزێتەوە. واتا کەسی وا کە بزانێت چ کەسانێک لەناو هێزە چەکدارەکان، یان لە پۆلیسدا ئەگەری ئەوەیان تێدایە کە بە شێوەی نووستوو و پەنگراو ناڕازی بن و، چۆن دەکرێت بەوە ڕازی بکرێن کە بۆ لای خەڵک بێن.

ئەمە خاڵێک بوو. خاڵی دیکەیش کە پێم وایە سەبارەت بە ئێرانیش گرنگ بێت، ئەوەیە کە شۆڕشەکان کاتێک سەر دەکەون کە ئەو خەڵکەیان ڕەگەڵ بکەوێت وا لە سەرەتای نارەزایەتییەکانەوە لەسەر شەقام نەبوون. واتا کاتێک کە ناڕازییەکان هاوپەیمانییەک پێک دێنن لە گرووپی جیاواز بە کێشەی جیاوازەوە. بۆ نموونە، لە بزووتنەوەی نارەزایەتیی میسرییەکاندا لە گۆڕەپانی تەحریر سەرەتا هەر گەنجەکان بوون کە لە توندوتیژیی پۆلیس ناڕازی بوون، یان لەدەست بێکاری و ناڕوونیی دوارۆژی خۆیان وەزاڵە هاتبوون، بەڵام بزووتنەوەی ئەو گەنجانە کاتێک بەهێز بوو کە ئەندامان و لایەنگرانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"ئیخوانولموسلمین"یش ڕەگەڵیان کەوتن. کە ئیخوان بەو هەموو ڕێکخراو و هێزی مەیدانی و ڕێبەرییە بەهێزەیەوە هاتە گۆڕەپانەکەوە، نارازییەکان توانییان لە بەرامبەر ملهوڕەکانی حکوومەتدا بەرەنگاری بکەن و نەهێڵن کڵپەی نارەزایەتییەکان دامرکێت. سەرەنجام سوپاش ڕەگەڵیان کەوت، چونکە ئەندامانی سوپاش لە حوسنی موبارەک ڕازی نەبوون. لە ئەنجامدا بیریان لەوە کردەوە کە بێت و حوسنی موبارەک بڕووخێت و نارەزایەتییەکان سەرکەوتوو بن، هەر خۆمان جێگرەوەی بۆ دیاری دەکەین، دەی چی لەوە باشتر؟ واتا بە جۆرێک کەڵکیان لە هەلومەرج وەرگرت. بەڵام ڕووداوەکان بەو جۆرە نەچوونە پێشەوە کە ئەوان خۆیان لێ خۆش کردبوو. ئیخوانولموسلمین بە دەسەڵات گەیشتن کە بە هیچ شێوەیەک بە دڵی هێزە سەربازییەکان نەبوو. لە ئەنجامدا، مشووری ئەوەیشیان خوارد.

هەرچۆنێک بێت، مەبەستم ئەوەیە کە هاوپەیمانییەکی لەو جۆرە پێویستە. لە جێیەک خوێندمەوە کە نزیکەی لەسەدا ٤٠ی دەستبەسەرکراوانی ئەم دواییەی ئێران لەژێر تەمەنی بیستساڵیدان. واتا گەنجە هەرە لاوەکان هێزی سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیەن کە بۆ دەستپێکی کارەکە زۆریش باشە. بەڵام دەبێ جەماوەری ٢٥ تا ٤٥ ساڵییش ڕەگەڵیان کەون. بە بۆچوونی من، تاکوو ئەو کاتەی جەماوەری ئەو بەرەیەیش، ئامادە نەبن کار و پێگە و ژیانیان بخەنە مەترسییەوە و بڕژێنە سەر شەقام، هیچ ڕوو نادات. هەمووان دەزانن دەزگەی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی چەندە توندوتیژ و دڕە و، هیچ گوێی بە دەستبەسەرکردن و ئەشکەنجەدان نابزوێت. ئەو بەرە گەنجەی کە خێزانیان پێک هێناوە و کاریان هەیە، شتی زیاتریان هەیە بۆ لەدەستدان، لەبەر ئەوە بەزەحمەتتر خۆیان لە قەرەی مەترسی دەدەن. دەبێ چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بێنە سەر شەقام؟ هەرچۆنێک بێت ئەوانیش نارازین و خوازیاری گۆڕانن. بەڵام تاکوو ئەو کاتەی ئەزموونەکانی پێشوو (وەکوو ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی) لە زەینیاندا بمێنێت و ببینن کە هێزە چەکدارەکان هەروا پشتیوانی لە ڕژێم دەکەن و بڕیارەکەیان بۆ بەرگری لە ڕژێم هیچ درزێکی تێ نەکەوتووە، لەوانەیە پێیان باش بێت پەلە نەکەن تاکوو نیشانەیەک لەو خاڵی لاوازییە ببینن کە باسم کرد.

**پرسیار**: وەک تۆ دەڵێی، لایەنی بەرامبەری هێزی شۆڕشگێڕ تەنیا ڕژێم، یان هێزی سەرکوتکەر نییە. نامەوێ بڵێم سەرلەبەری کۆمەڵگەیە، بەڵام دیارە کە سیستەم و پێکهاتەیەک هەیە و شۆڕشگێڕ دەیەوێ تێکی بدات. جا لەم پرۆسەیەدا لەوانەیە زۆر کەس زیانی بەر بکەوێت. واتا لەوانەیە فەرمانبەرێک وا بیر بکاتەوە کە بێت و شۆڕش سەر بگرێت، حەتمەن دۆخم باشتر دەبێت؛ لەوانەیشە هەر خێرا وا بیر بکاتەوە کە کێ دەزانێ؛ ڕەنگە دۆخم خراپتریش ببێت. یانی وەک بڵێی هیچ گەرەنتییەک نییە.

- ئەو کەسەی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، بەبێ ئەملاولا هەر بیر لە بردنەوە دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پرسیار: ئەگەر وایە، ئاخۆ دەکرێ بڵێی ناڕەزایەتیی خەڵک هەرچەندی گشتگیر و قووڵ و کۆنیش بێت، بۆ شۆڕش هێشتا هەر کیفایەت نییە؟**

- ناڕەزایەتی هەرگیز کیفایەت نییە. چەند ساڵ لەمەوبەر نامیلکەیەکم دەربارەی شۆڕشەکان نووسی بە ناوی A Very Short Introduction to Revolutions کە بە ڕستەیەکی لەم شێوەیە دەست پێ دەکات: "زۆر کەس وا بیر دەکەنەوە کە شۆڕش کاتێک سەر هەڵدەدات کە خەڵک هێندە بێتاقەت ببێت، بگاتە تینی. لە چی بگاتە تینی؟" لە هەژاری، لە گەندەڵی، لە ستەم؟ ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە خەڵکی زۆربەی وڵاتانی پەرەنەسەندوو هەمووی تەمەنیان لەگەڵ ئەو شتانە دەژین؛ جاری وایە نەوە دوای نەوە هەروا دەبن. کەواتا وا نییە کە خەڵک دەگاتە تینیان و ئیدی تەقینەوە ڕوو دەدات. زۆر جار ئەو کاتەی دۆخەکە زۆر خراپە، خەڵک تووشی خەمۆکی دەبن، یان تۆڵەی بارە لەنگ و خراپەکەیان لە خۆیان و خەڵکی دەوروبەریان دەکەنەوە. هەڵبەتە ناڕەزایەتی دەبێتەوە هۆی ئەوەی کە خەڵک دژی دۆخی هەیی بن و گۆڕانیان بوێت، بەڵام ئەوە کیفایەت نییە. زۆرینەی مرۆڤەکان هەمیشە کێشەیەکیان هەیە کە بەهۆیەوە ناڕازی بن و وا هەست بکەن کە ئەوە شایانی ئەوان نییە و مافیان لەوە زیاترە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە بەشێک لەو جەماوەری خوازیاری گۆڕانە، لە هەلومەرجێکدا بن بتوانن کاریگەرییان هەبێت. بەڵام کەسێکی لە دەسەڵاتدایە، یان دۆخێکی هاوشێوەی هەیە، ئەگەر بکەوێتە ناو گەمەکەوە و بەئەنجام نەگات، لە خەڵکی دیکە زیاتر زیانی بەر دەکەوێت. لەوانەیە ئەگەر هەست بکات حکوومەت خیانەتی لە وڵات و لە خەڵکەکەی کردووە بچێتە ڕیزی ناڕازییانەوە. بۆ نموونە، زەمانی شا، بەشێکی هەراوی خەڵک -چ خەڵکی کۆڵان و بازاڕ، چ قوتابییان و چ ئەوانەی کە پێگەی باشیان هەبوو، وەکوو بازاڕییەکان و ئاخوندەکان- بەهەڵە، یان بەدروستی بەو بۆچوونە گەیشتبوون کە شا جێبەجێکەری خواستەکانی ئەمریکایە و ئێران و ئێرانیی بەلایەوە گرنگ نییە. قسەی "خومەینی"یش هەر ئەوە بوو، بۆیە توانیی زۆر کەسان ڕازی بکات بەوەی کە شا نەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی خەڵک نییە، بگرە دوژمنی خەڵکە. ئەگەر بەشێک لەوانەی لەناو دەسەڵاتیشدان بەو ئەنجامە گەیشتبێتن، ئەوە کارەکە بۆ فەرمانڕەوا دژوار دەبێت.

ڕەوشێکی کە لەوانەیە تێیدا کەسایەتییەکانی نزیک لە دەسەڵات پشت لە حکوومەت بکەن، ئەوەیە کە فەرمانڕەوا گرووپێک لەوانە هەڵکێشێت و ئەوانەی دیکە پشتگوێ بخات. ئەو کاتە لەوانەیە کەسێک، یان گرووپێک کە پێگەیەکی باشی هەبووە و ئێستا نەیماوە، بڵێت ئیتر لەم حکوومەتەدا من بە هیچ نابم. ڕەوشی لەم جۆرە زیاتر بە تێپەڕبوونی کات پەیدا دەبێت. ئەو کاتەی ڕژێمێک چەندان ساڵ دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت و بازنەی دەسەڵاتەکەی ساڵ بە ساڵ وێک بێتەوە، ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی بازنەکەوە، دەبنە سکاڵاکەر. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو جۆرە مرۆڤە ناڕازییانە بگەن بەوەی کە بڵێن "دەبێ ئەم حکوومەتە نەمێنێت"، پێویستە ڕووداوێکی بەرچاو ڕوو بدات: بۆ نموونە، قەیران، یان جۆرە ئابڕووچوونێکی بەرچاو، یان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تێکشکانی سەربازی، یان قەیرانی ئابووری، یان شتێکی وا کە ئەو کەسەی پێگەیەکی تاکوو ڕاددەیەک دڵخوازی هەیە، بڵێت وڵاتەکە خەریکە لەناو دەچێت و پێویستە دەسەڵات بگۆڕێت. بەڵام ڕووداوی لەو جۆرە دەگمەنە. شۆڕش دەگمەنە، ڕێکەوڕاست لەبەر ئەوەی کە دەبێ ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی خاوەن دەسەڵات و سامان بەو ئەنجامە بگەن کە پێگە و دۆخیان لە حکوومەتێکی دیکەدا باشتر دەبێت. ئەم هەڵکەوتەیش بەئاسانی هەڵناکەوێت، بەڵام کە هەڵکەوێت، واتا ئەو کاتەی ئەو جۆرە کەسانە بەو ئەنجامە بگەن، ئەگەری زۆرە کە پشتیوانی لە ناڕەزایەتیی خەڵک بکەن.

**پرسیار**: تێگەیشتنی من لە دۆخی ئێستای ئێران ئەوەیە کە، ئەو ناڕەزایەتییەی تۆ باسی دەکەی، کەسانی نزیکی حکوومەتیشی گرتووەتەوە. بازنەی دەسەڵات لەم ساڵانەی دواییدا وا وێک هاتووەتەوە کە بەشێکی زۆری ملکەچان و باوەڕپێکراوانی ڕێبەریش تێیدا جێیان نابێتەوە. تەنانەت شیاویی کەسێکی وەکوو عەلی لاریجانی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ساڵی ١٤٠٠ ڕەت کرایەوە. خێوەتەکەی ڕژێم ئیتر جێی کەسێکی وەکوو ئەویشی تێدا نابێتەوە. ساڵی ١٣٨٨ مووسەوی و ئەوانی دیکە گوتیان لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاری کراوە. هیچ کەس نەیدەگوت دەبێ ڕژێم بڕووخێت؛ چ ئەو و چ کەڕوبی، هەردووکیان شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧یان قبووڵ بوو. نەیاندەویست، یان نەیاندەتوانی ببن بە ڕێبەری شۆڕشێکی نوێ. تا ئەم چەند ساڵەی دواییش ڕێبەر بەڕواڵەتیش بوویێت گەمەی بە چاکسازیخوازەکان دەکرد. لەوانەیە هەوڵ دەدا وەکوو بەشێکی خێزانەکە بیانهێڵێتەوە. ڕاستییەکەی، من لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٩٦یشدا پێم سەیر بوو کە کەسایەتییەکی تاکوو ڕاددەیەک میانڕەوی وەکوو ڕۆحانی بچێتە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانەوە. کە چوو، خامنەی و خەڵکی دیکەیش پشتیوانییان لێی کرد و بردییانەوە. خۆم قەت پێم وا نەبوو ئەوە ڕوو بدات. بەڵام ئەنجامەکەی ئەوەی لێ کەوتەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا ڕێبەر بەکردەوە ڕای گەیاند، پێویست ناکا کەس بێت، هەر ئەم پیاوەی خۆم تەواوە. دیارە ئەم بابەتە زۆر لەوەیش توندترە و، لەوانەیە کەسانی وەکوو لاریجانی وا بیر بکەنەوە کە ئەمڕۆ دەستمان بە دەسەڵات ڕاناگات، ڕەنگە سبەی هەر بەتەواوی دەربکرێین؛ کەواتا هەتا درەنگ نەبووە با مشوورێکی لێ بخوێن و کارێک بکەین. هەڵبەت من پێم وایە هیچ ناکەن. چاوەڕێن خامنەیی بمرێت و چونکە جێنشینی دیار نییە، دوای ئەو ئەگەری هەیە هەموو شتێک ڕوو بدا. لەو کاتەدا ئەوانەیشی کە پەراوێز خراون دەتوانن برشتی خۆیان بەکار بێنن. بەکورتی، من وا بیر دەکەمەوە ئەگەر بەیانی خامنەیی بمرێت، دوور نییە چاکسازیخوازە نائومێدەکانی سەر بە حکوومەتیش بچنە ڕیزی خەڵکی ناڕازییەوە و بڵێن دەبێ ڕێبەری نوێ کەسێک بێت کە خەڵک پێی ڕازی بن. لەوانەیە وا بیر بکەنەوە ئێستا کە خەڵک توندئاژۆکانیان ناوێت، کەواتە ئێمە هەوڵ دەدەین و لەوانەیە بەدەستمانەوە بێت و سەر کەوین. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ هەمان یەکپارچەیی و نفووزی پێویستیان هەیە؟ سەرباری ئەوەیش، دیار نییە هەڵوێستی سوپای پاسداران چی دەبێت. هەرچییەک بێت، سوپا هێزێکی گەورەیە کە خاوەنی بەرژەوەندیی بەربڵاوی ئابوورییە و تاکوو ئێستا بۆ ڕژێم وەفادار بووە.

ئێستا کە باسی دوارۆژ هاتە گۆڕێ، با ئەم پرسیارە بکەم: کاتێ کە هەمووی ئەو مەرجانەی لە سەرەتای وتووێژەکەمانەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

باست کردن، بەدی بێن و حکوومەت بڕووخێت، چی ڕوو دەدات؟ ئەزموونی شۆڕشەکانی دیکە لەو بارەیەوە چییان پێیە؟ بەشی زۆری ئێرانییەکان کە لە قسەدا باسی دواڕۆژ دەکرێت، بەگاڵتە، یان بەجددی دەڵێن "سبەینێی ڕووخاندن". وەک بڵێی هیوا و ئاواتیان بۆ دواڕۆژ لەو دەربڕینەدا کورت دەکەنەوە. ئاگام لێیە بزەت دێتێ. پێت وایە ئەوە خەیاڵپڵاوییە؟

- سبەینێی ڕووخاندن حەتمەن ڕۆژێکی خۆشە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە. بەڵام ئەدی مانگێک دوای ڕووخاندن چی؟ ڕێم بدە نموونەیەک بێنمەوە: تونس. بۆچی تونس؟ چونکە لە قۆناغێکی دوای "بەهاری عەرەبی"دا وا دیار دەکەوت کە سەرکەوتووترین نموونەی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازییە لە دنیای ئیسلامدا. وا وێنا دەکرا کە کێشە و گرفتەکانیان چار کردووە. تەنانەت "خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ"یشیان وەرگرت. ئیسلامییەکانیشیان ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد و هەڵوێستێکی میانڕەوتریان نیشان دا. سەرباری ئەوانەیش کێشە ئابوورییەکان بەردەوام بوون و، ئەوە بووە بیانوویەک بۆ قەیس سەعید، سەرۆککۆماری تونس، کە پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە و بڵێت، پێویستە خۆم کاروبارەکان بەڕێوە ببەم، چونکە لەم قۆناغەدا وڵات پێویستی بە ڕێبەری بەهێز هەیە. کەچی ئێستا دەبینین هیوای سەقامگیریی دیموکراسی لە کزیی داوە. لە "سبەینێی ڕووخاندن"یشدا بە ئەگەری زۆرەوە لەوانەیە هەموو ناکۆکییە ئایینی و نەتەوەیی و جوگرافییەکان کە زۆر جار لە سەردەمی شۆڕشدا بەلاوە دەنرێن، جارێکی دیکە سەر هەڵدەنەوە. ئەگەر بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکە ڕێبەریی بەهێزی هەبێت کە پێشتر هەمووی ئەو گرووپانەی لە دەوری یەکتر کۆ کردبێتەوە و جۆرە پلانێکی نیشتمانیی دارشتبێت، ئەگەری کۆتاییەکی خۆش و تەنانەت دیموکراتیک زیاترە. بەڵام ئەگەر زۆر گرووپی جۆراوجۆر هەبێت کە سەرباری دژایەتیی حکوومەت هاوبەشییەکی وایان نەبێت و بەرنامەیەک دانەنرابێت، کارەکە قورسترە. بۆ نموونە، لە ئێران چارەنووسی هێزە سیاسی-ئایینییەکان چیی لێ دێت؟ کورد چی؟ ئاخۆ نەوەی نوێ و نەوەکانی پێشوو دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا ناکۆکیی توندیان ناکەوێتە نێوانەوە؟ ڕووسیا چی دەکات ئەگەر ببینێت لە ئێران شۆڕشێک کراوە بەرژەوەندییەکانی دەخاتە مەترسییەوە؟ مەبەستم ئەوەیە کە مەترسیی ڕووداوی ناخۆش زۆرە.

پرسیار: قسەکەت دەسەلمێنم. بەڵام خاڵێکی کە پێم وایە جێی هیوایە، ئەوەیە کە وا دیار دەکەوێت بەشی زۆری چالاکان و نارازییان لە ئاستی جیاوازدا تاکوو ڕادەیەک ئاگایان لەو مەترسییانە هەیە. لێرە و لەوێ دەتوانی ببینی کە ئەو بابەتانە باس دەکرێن و مشتومڕیان لێ دەکەوێتەوە. ڕەنگە وەڵامێکی ڕوون و ورد بۆ ئەوە نەبێت، بەڵام وێ دەچێت کە دەکرێ گەشبین بی بەوەی کە بەرە بەرە شتێکی وەکوو ئەو بەرنامە نیشتمانییەی گوتت، پێک بێت. واتا لە تاریکییەوە نەچینە ناو تاریکییەکی دیکەوە. دەمویست باسی خاڵێکیش بکەم کە زیاتر تێبینییە تا پرسیار: ئەوەی کەمێک لەمەوبەر ئاماژەت بە دووانەی چاکسازیخواز و توندڕۆ (بناژۆخواز) کرد. وێ دەچێت بەشێکی هەراوی خەڵکی ئێران ئەو دووانەیەیان تێپەڕ کردووە. واتا وێ دەچێت کە ئیتر ئەوە بابەتی بەرباس نەبێت، بەتایبەتی دوای نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ساڵی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٣٩٨ی هەتاوی. لەوانەیە هەڵەیش بم، بەڵام ناتوانم وا بیر بکەمەوە کە نارازییانی ئەمڕۆ ئیتر ڕووی خۆش نیشانی ئەو کەسە بدەن کە پێیان وایە بەشێک لە حکوومەت بووە.

- لەنێو ئەوەی لاوتردا حەتمەن وایە؛ مەبەستم ئەو ئەوەیەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا پێ گەیشتووە. بەردەوام بیستوویەتی کە ئێران وڵاتێکی بەهێز و سەربەرزە، بەڵام لە کردەوەدا دەبینێ وڵاتەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ هەژارتر و تەریکتر دەبێت. دەبینێ ئەوانەی خوێندوویانە و زانکۆیان تەواو کردووە بێکارن، یان ژیانیان لەنگە. ئەوە سروشتییە کە دڵشکاو و تووڕەیە. بەڵام ئەوەی کەمێک بەتەمەنتر، بۆ نموونە ئەوانەی لە نێوان چل بۆ پەنجا ساڵدان و لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشدا گەورە بوون، نەک لەم ساڵانەی دواییدا، ئەوانە ئەزموونیان جیاوازە و ڕەنگە بڵێین بەبێ ئەوەی ئاگایان لێ بێت بەشێک لە پڕوپاگەندەی ڕژێمیان وەرگرتووە. پێم وایە ئەم ئەوەیە هەر دەیەوێ بزانێ چی دەبێت. پێم وا نییە بەو شێوەی کە ژێر ٢٥ ساڵییەکان بەتەواوی نائومێد بوون، ئەمانیش نائومێد بووبن. هەموو شۆڕشە گەورەکانی مێژوو ڕێبەرانی ناسراویان هەبووە. هەموویان کاریزماتیک نەبوون، بەڵام یان وتاربێژی چاک بوون، یان بەباشی لە ڕێکخستن شارەزا بوون و توانیویانە دوورنوێن و وێنەیەک لە ڕژێمی دوارۆژ دروست بکەن کە ملیۆنان کەس وەجۆش و خروش بێنێت و ڕەگەڵ خۆیان بخات. بەبێ کەسانی وەکوو کاسترۆ، یان لێنین، یان ترۆتسکی بەئاسانی دەوڵەتێکی تازەی خۆڕاگر دانامەزرێت. واتا ئەگەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری، ڕێبەرێکی بەڕاستی بەتوانای نەبێت، دوورە لەوەی کە ڕژێمێکی یەکپارچەی لێ پێک بێت. بۆ نموونە، لە گرانادا شۆڕش کرا، بەڵام دوو ڕێبەرەکەی شۆڕشەکە کەوتنە گیانی یەکتر و هەموو ڕیسەکەیان کردەوە بە خوری. یان لە نیکاراگوای شۆڕش کرا بە ڕێبەرایەتییەکی هاوپەیمانی لە چەپەوە تاکوو کڵێسا و سەرمایەداران. ئەوانەیش دوای شۆڕش پێک هەڵپڕژان و سەرەنجام دانیەل ئۆرتێگا هەمووانی وەدەر نا و خەڵکی نارازییشی وەبەر دەسرێژی گوللە دا. کەواتە هێندە ئاسان نییە. بڕیارە چ کەسێک بە قسەکەی تۆ ئێران بگەیەنێتە "سبەینێی ڕووخاندن"؟ هەڵبەت جاری وایە ڕێبەرانی شۆڕش لە پرۆسەی شۆڕشدا پەیدا دەبن. ناپلیۆن پێش ئەوەی ببێت بەو ناپلیۆنە، ئەفسەرێکی ئاسایی بوو. کەس نەیدەزانی بڕیارە ببێت بەو ناپلیۆنە. بەڵام خاڵی جێی سەرنج لێرەدایە کە پێش ئەوەی نۆرە بگاتە سەر ناپلیۆن، ڕێبەرانێک لە خانەدانەکان و قەشەکان ڕەگەڵ شۆڕش کەوتبوون کە بەوە شۆڕشەکە سەر کەوت. بەکورتی ئەوە بەو ئاسانییە سەر ناگرێت.

**پرسیار**: خومەینییش هەر لەو دەستە ڕێبەرانە بوو کە ناوت هێنان، وا نییە؟

- بێ گومان. خومەینی لە ڕێنوێنیکردنی شۆڕشدا ڕێبەرێکی زۆر کاریگەر بوو. هەر کەسێک چیی پێ خۆش بووایە، ئەوی پێ دەگوت. ئەیگوت ئەگەر شا بڕوات ڕژێمێکی فەقیهسالار دێتە سەر کار کە ژنان ناچار دەکات چارشێو بە خۆیاندا بدەن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەچک بکەن. تەنیا گوتی ئێرانێکی نوێ بنیاد دەنێین و هەمووان لەژێر چەتری ئەو ئێرانەدا جێیان دەبێتەوە. لە کرێکارانی لایەنگری حزبی توودە لە پیشەسازیی نەوتەوە بگرە، تاکوو رۆشنبیرانی سکیولار و بازارییانی نەریتی. هەڵبەت کۆمەڵانی خەڵک باوەڕیان بەوە کرد و شوێنی کەوتن. دەیگوت بابەتی سەرەکی دژایەتیی شایە؛ کە شا بڕوات کۆمارێک بنیاد دەنێین کە پێک هاتبێت لە دیموکراسیی مۆدێرن و مێژوو و نەریتی ئایینیی ئێران. رێبەرایەتی ئەمەیە. واتا بتوانی هەموو ئەو کەسانەی کە پێشتر ئامادە نەبوون لەسەر مێزێک دابنیشن، کۆیان بکەیتەوە بۆ ئەوەی یەک بگرن. پێم وا نییە ئێرانی ئێستا کەسایەتییەکی وای تێدا بێت.

**پرسیار**: بەڵێ، لانی کەم لەم کاتەدا کەسایەتییەکمان بەو تایبەتمەندییانەوە نییە. بە بۆچوونی من، ئەوەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی رووی دا، ئاوارتە بوو، نابێ وەکوو نموونە و نەخشەرێگەی شۆڕشێکی دیکە بەتەمای بین. بەڵام وای دەبینم کە هەر ئەو وێنە و بیرەوەرییەی ساڵی (١٣٥٧)ە، روانگە و بیری یاریکەرانی سیاسیی ئەمڕۆ -ئەگەر بە نائاگاداریی خۆیشیان بێت- لێ بەرهەم هاتووە. واتا هەر لە خۆمەوە پێم وایە کە رژێمێک دەڕووخێت، خێرا رژێمێکی دیکە جێی دەگرێتەوە، وەکوو ئەوەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی. خومەینی گوتی: "من حکوومەت دیاری دەکەم" و کردیشی. هەمووانیش قبووڵیان کرد. هەڵبەت هەر دوای ئەوە شەڕی دەسەڵات دەستی پێ کرد، بەڵام پێم وایە گواستنەوەی دەسەڵات و سەقامگیربوونی رژێمی نوێ تا رادەیەک خێرا سەری گرت. ئاخر تۆ لە کتێبەکەتدا دەڵێی دوای شۆڕش، لە نێوان دە تا دوازدە ساڵی پێ دەچێت تاکوو رژێمی نوێ وای لێ بێت کە بڵێی سەقامگیرە. دەربارەی شۆڕشەکەی ئێران رەنگە بکرێ بڵێین لە کەمتر لە سێ ساڵدا (واتا بۆ نموونە لە هاوینی ١٣٦٠ی هەتاوییەوە) ئیتر رکابەرێک نەمابوو، رژێم سەقامگیر ببوو. دوای ئەوە، ئەگەر ململانێیەکیش بووبێت، لە نێوان شوێنکەوتووانی خومەینیدا بوو.

- تا ئەو جێیەی کە دەڵێی خومەینی دژبەرانی خۆی قەڵاچۆ کرد و نەیهێشت رێسی حکوومەت بێتەوە بە خوری، لەگەڵت هاوڕام. بەڵام لەوێوە کە دەڵێی حکوومەت دوای سێ ساڵ سەقامگیر بوو، هاوڕات نیم. پێم وایە تا پێش کۆتایی جەنگی ئێران و عێراق، ناکرێ بڵێین ئێران حکوومەتی سەقامگیری هەبوو. چونکە گەر جەنگەکەیان دۆڕاندبایە، رەنگە هەموو شتێک تێک چووبایە. لە ئەنجامدا، من پێم وایە ئەو کاتەی دەتوانین بڵێین ئەو حکوومەتە سەقامگیر بوو و ئیتر مەترسیی رووخانی لەسەر نەبوو، ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوییە. هەڵبەت پێش ئەوەیش رژێمێکی گیانسەخت بوو. دیارە لەژێر گوشاری جەنگدا یەکدەنگتر و پتەوتریش بوو. رژێمێک بوو کە گوێی بە کوشتن و دەستبەسەرکردن و دوورخستنەوەی دژبەرانی نەدەدا. بەڵام دەبێ ئەوەیش بڵێین کە خومەینی رێبەری وڵاتێک بوو کەوا لە جەنگدا بوو؛ ئەو جەنگەی کە ئێران بۆی ئامادە نەبوو. ئەو جەنگەی کە ئەمریکاش پشتیوانی دوژمنەکەی بوو. هەڵبەت ئەو رژێمانەی کە بەرهەمی شۆڕشن، تاکوو ماوەیەک دەتوانن پشت بە کوڵ و هەستی نیشتمانپەروەریی خەڵکەکەیان ببەستن؛ نموونەیشیان کەم نییە ئەو رژێمانەی بەرهەمی شۆڕشن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆراگری و ئیرادەیان بۆ جەنگ، دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی هەمووان. دوایین نموونە ئۆکراینایە. ئەو حکوومەتەی ئێستای ئۆکراینا بەرهەمی ڕاستەوخۆی شۆڕشی ٢٠١٤ی ئەو وڵاتەیە. ئۆکراینییەکان دەزانن ئەگەر پووتین لە جەنگەکەدا سەر کەوێت، دەیەوێت حکوومەتەکەیان بگۆڕێت و ئۆکراینا بگەڕێتەوە بۆ هەمان پێگەی بووکەڵەی بێبێجانی پووتین. هەر بۆیە ئۆکراینییەکان بۆ ئازادی و وڵاتەکەیان شەڕ دەکەن. بە ورە و لێهاتوویی و بوێرییەکی وەهاوە شەڕ دەکەن کە ساڵێک لەمەوبەر بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات. بەڵام ئەگەر ئەم جەنگە بە جەنگێکی دوای شۆڕش بزانی، ئەو پەرچەکردارە ئەوەندەیش سەیر و سەمەرە نییە، لەبەر ئەوەی شۆڕش هیوابەخشە. ئەو خەڵکەی شۆڕشیان کردووە، وا بیر دەکەنەوە کە دوارۆژێکیان لە پێشە، شیاوی ئەوەیە شەڕی بۆ بکەن. نایانەوێ بگەڕێنەوە بۆ سەردەمێک کە بۆ تێپەڕاندنی، ئەو هەموو گیانبازییەیان کردووە. بەکورتی ئەگەر بگەڕێمەوە سەر باسی خومەینی و ڕۆڵی ڕێبەر، کە بابەتی باسەکەمان بوو، پێم وایە خومەینی یەکێکە لە ڕێبەرانی شۆڕشگێڕی دیاری مێژوو و، ڕووخاندنی ئەو ڕژێمەی دای مەزراندووە، ڕێبەرێکی وەکوو خۆی دەوێت. تەنانەت ئەگەر کەسێکی وەکوو بۆریس یەڵتسین لەبەرچاو بگری، ڕاستە دوای ئەوەی بەدەسەڵات گەیشت بووە مایەی ئابڕووچوون، بەڵام کردەوەی پێشووی درەوشاوە بوو.

ئەوە یەڵتسین بوو کە توانیی خەڵکی ڕووسیا لە پشت دوورنوێنێک کۆ بکاتەوە و یەکیان بخات کە هەویەتییەکی جیاواز لە سۆڤیەتی هەیە. ئەو، هێمای زیندووی دوارۆژێک بوو کە خەڵک بەهیوای بوون و پێی وەجۆش و خرۆش دەهاتن: ڕووسیا وەکوو نەتەوەیەکی ئاسایی، نەک زەراڤەی سۆڤیەت کە زۆر کەس نەیاندەتوانی بە وڵاتی خۆیانی بزانن. کەواتا ئێرانیش ئەگەر بیەوێت لە کۆماری ئیسلامی تێپەڕ بێت، دەبێ کەسێک بێت و وێنە و ئاسۆیەک لە دوارۆژ بئافرێنێت کە جیاواز بێت لەوەی هەیە و بە دڵی خەڵک بێت. باشە، لە ڕژێمی دوای کۆماری ئیسلامیدا باڵاپۆشی (حیجاب) داسەپێندراو نییە. بەڵام بڕیارە وڵاتەکە چۆن بەڕێوە ببەین؟ کێیە ئەو کەسەی بڕیارە بەڕێوەی ببات؟ سیاسەتی دەرەوەمان چۆن دەبێت؟ لە ڕۆژاوا نزیک دەبێت؟ ئەدی جەماوەری ئایینی، یان کۆنەپارێز، یان نەریتی؟ پارەی نەوت چیی لێ دێت؟ بەکورتی، قسەی من ئەوەیە کە ئەو بزووتنەوەیە بەبێ ڕێبەر تووشی هەناسەبڕکێ دەبێت و دەکەوێت. هەر ئەوەندە کیفایەت نییە کە بڵێین ئێمە ئەو حکوومەتەمان ناوێت و دەبێ بڕوات. ئەوە ئاواتەخوازییە، نەک شۆڕش.

**پرسیار**: ئەمە هۆکارێکی ئەوەیە کە گوتم شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕوانگەی ئێمەی سەبارەت بە شۆڕش پێک هێناوە. ڕەنگە ڕاستەکەی ئەوە بێت کە بڵێم ڕوانگەی ئێمەی "شێواندووە". هەر بۆیە کە ناوی شۆڕش دێت، لەخۆوە بیر لە شۆڕشی ١٣٥٧ دەکەینەوە و ڕەوتی ئەو ڕووداوانە دەبینین. لە کاتێکدا پێم وایە نموونەیەکی باش نییە، چونکە تاکوو ڕاددەیەک ئاسان و خێرا ڕووی دا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- ڕاستە. لە شۆڕشی ساڵی ۱۳۵۷دا زۆر فاکتەری جۆراجۆر هاوکات بەدی هاتن. بەڵام هەر لەو شۆڕشەیشدا خەڵک یەک ساڵ خۆپێشاندانیان دەکرد. وا نەبوو کە بە شەوێک ڕژێم بگۆڕدرێت. گوشاری ئەمریکاش لەسەر شا و سوپا هەبوو. هەروەها شا و فەرمەندەکانی سوپا سەریان لێ شێوابوو. پێم وایە شا بەتەواوی "تێدا مابوو" کە ئەم هەموو ئێرانییە وێکڕا دەیانەوێت ئەو بڕوا. لەوانەیە بە خۆی گوتبێت، من پێم وا بوو خەڵک خۆشیان دەوێم. ئامادە نەبوو بە هەر نرخێک بێت کەڵەوەکێشی بکات و حکوومەتەکەی بپارێزێت. گوتی من نەخۆشم و پێویستم بە چارەسەر هەیە. دەچم بۆ نەخۆشخانە، بەختیار و ئەوانی دیکە کێشەکان چار دەکەن. بەڵام ئەوانەی مابوونەوەیش هی ئەوە نەبوون بڵێن سەد کەس لەسێدارە دەدەین و خەڵکی وەبەر دەسرێژ دەدەین. هەر نەیاندەزانی دەبێ چی بکەن. سەرەنجام دەستیان هەڵێنا و گوتیان کە خەڵک هێندە سوورن لەسەر ئەوەی کە ڕژێم بگۆڕدرێت ئێمە بۆچی پێشی لێ بگرین؛ با ڕێگەکەیان بۆ چۆڵ بکەین بزانین چی دەبێت. ڕێیان بە گەڕانەوەی خومەینی دا. بەڵام وا نییە بڵێی خێرا و ئاسان بوو. دەبوو گوشاری دەرەکی هەبێت؛ دەبوو ڕێبەرێکی وەکوو خومەینی پەیدا بێت؛ دەبوو شا و شوێنکەوتووەکانی ئیرادەیان نەمێنێت و خۆیان بەدەستەوە بدەن. دەبوو هەمووی ئەمانە هەبن، تاکوو شۆڕش ڕوو بدات.

**پرسیار**: ئەو بابەتەی دوایی کە باست کرد، جیاوازیی بنەڕەتیی ئەم حکوومەتە و حکوومەتی پێشووە. چونکە هیچ کام لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن بچن بۆ شوێنێکی دیکە. بێ گومان ڕوو لە ئەمریکا و میسر ناکەن!

- با بیرەوەرییەک بگێڕمەوە. جارێکیان چووبووم بۆ میسر، چوومە سەر مەزاری شا. هەستێکی سەیر بوو. کەشێکی زۆر جوان و ڕێکوپێکە. حکوومەتی میسریش زۆر باش پێی ڕادەگات. لەوێ وێستابووم و لە دڵی خۆمدا گوتم، شای ئێران لەو ژێرەدا خەوتووە. بیرم لەوەیش کردەوە کە خەڵکی ئێران هێندە لێی بێزار بوون کە ناچار بوو ڕا بکات، هەر بۆیە لێرە لەژێر خاکی میسردا خەوتووە.

**پرسیار**: خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کوڕی هەمان شا، ئەمڕۆ یەکێک لە ڕێبەرانی دیاری دژبەری کۆماری ئیسلامییە. پێم وایە ئەگەر سبەینێ خامنەیی بمرێت، دوور نییە چاکسازیخوازانی نائومێدی ناو حکوومەتیش ڕەگەڵ خەڵکی بکەون و بڵێن ڕێبەری نوێ دەبێ کەسێک بێت کە خەڵک پێی ڕازی بن.

- بەڵێ سەرنجڕاکێشە. هەڵبەت دیسان نموونەی دیکەی لەو جۆرەمان لە مێژوودا هەن. بەشێک لە سەرانی بنەماڵە پاشایەتییەکانی ئەورووپای ڕۆژاوا دەڵێن، دەمەوێ بگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم (بۆ نموونە لە بولگاریا، یان شوێنی دیکە) و ببم بە شا. دەی خۆ کەسیش گرنگییان پێ نادا. بەڵام نموونەی واشمان هەیە وەکوو فلیپین، سەرۆککۆماری ئێستای فلیپین،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

فردیناند مارکۆس جونیۆر، کوڕی هەمان مارکۆسە کە لە شۆڕشی دوور لە توندوتیژیی ساڵی ١٩٨٦دا کە بە "شۆڕشی زەرد" ناسراوە، وەلا نرا. کێ پێی وابوو جارێکی دیکە مارکۆسێک دەبێتەوە بە ڕێبەری فلیپین؟ بەڵام مارکۆسی کوڕ ماوەیەکی زۆر بەشێلگیرییەوە، خەریک بوو لەگەڵ گرووپە سیاسییەکانی ناو فلیپین پەیوەندیی ڕێک دەخست. وا نەبوو کتوپڕ خۆی باوێتە ناو گۆڕەپانەکە و بڵێ منیش هەم. سەرەتا بوو بە نوێنەری سینات؛ لەو کەسانە نزیک بووەوە کە دوای باوکی ببوون بە سەرۆککۆمار؛ سامانەکەی بەکار هێنا بۆ ئەوەی لایەنگرەکانی ئامادە بکات و هەڵبەت هەرەوەزی میدیاییشی وەڕی خست. بەکورتی چەندان ساڵ هەوڵی دا بۆ ئەوەی کە دەرفەت ڕەخسا کەڵکی لێ وەربگرێت و، وایشی کرد. بەڵام سەرەنجام یەک هۆکاری دیاریکەر لە سەرهەڵدانی ئەو بژارانەدا ئەوەیە کە هیچ بژارەیەکی دیکە نییە. بێ گومان ناوی پەهلەوی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا لە زۆر ناوی دیکە ناسراوترە، چ بە لایەنی ئەرێنی بێت، یان بە لایەنی نەرێنی. بەڵام سەرباری ئەوەیش، ئەگەر لەناو سوپای پاسداراندا لایەنگری نەبێت، لەوانەیە ناوبانگەکەی هیچی لێ شین نەبێت.

**پرسیار:** بە بۆچوونی من، ئەوەی باسی دەکەی بەڕاستی گرنگە. خۆزگە خەڵکێکی زۆر ئەم هەڤپەیڤینە بخوێننەوە. دیارە ئەو شتە نییە کە ئێمە دەمانەوێ ببیستین، بەڵام پەلەپیتکەیەکی توندە و دەتوانێت ڕێشاندەر بێت. چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە گۆڕینی ڕژێمی ئێستای ئێران کارێکی ئاسان نییە. دەبێ شۆڕشی ١٣٥٧ لە مێشکی خۆمان وەدەر نێین. من هەر پێم وایە ئەو شۆڕشە ئاسان و خێرا بوو. بەڵێ، وەکوو باست کرد، یەک ساڵ خەڵک خەبات و خۆپیشاندانیان دەکرد. بەڵام تەنانەت ساڵێکیش لە بەرامبەر ئەو هەموو ساڵەدا کە "ماو" بۆ ڕێکخستنی جووتیارانی چین هەوڵی بۆ دا، شتێکی وا نییە. بێ لەوەیش، ئەم جارەیان بەرامبەرەکەی ئێمە شا نییە، کە نەخۆش و بەرواڵەت خەمۆک بوو، ئامادەیش نەبوو بە هەر نرخێک بێت دەسەڵاتەکەی بپارێزێت. وەکوو باست کرد ئەمریکاش ڕۆڵی هەبوو. فەرمانڕەوایانی وەکوو شای ئێران و حوسنی موبارەک ئەگەر نیشانەی وایان بەرچاو بهاتایە کە پێیان وابووبێت ئەمریکا وەکوو پێشتر پشتیان ناگرێت، شیمانەی ئەوەیان دەخستە مێشکی خۆیانەوە کە ئیدی کار لە کار ترازاوە و هەموو شتێکیان لەدەست دەرچووە. دڵنیا نیم ئەمە دەربارەی خامنەیی، رووسیا، یان چین ڕاست بێت. پێت وایە ئەگەر پووتین، یان شی، پەیامێکی روون، یان بەئاماژە بدەن لەسەر ئەوەی کە "کات بەسەر چووە"، چی ڕوو دەدات؟

- بە بۆچوونی من، هیچ هێزێکی بیانی نوێڵی گوشاری تەواوی بۆ ئەوە نییە کە بە ڕژێمی ئێستای ئێران بڵێت "دەبێ بڕۆی". ڕەنگە هۆیەکی ئەوە بێت کە ئەم ڕژێمە چەندان دەیەیە لەگەڵ هەمووان ملە دەکات و گەمارۆی لەسەرە و ناچار بووە پشت بە خۆی ببەستێت. من پێم وایە ڕووسیا ئەگەر بزانێت ئەوە خەریکە حکوومەتێکی سەر بە ڕۆژاوا پێک دێت، دەستێوەردان دەکات. پێشم وا نییە دەستێوەردانەکەی بەو ڕادەیە بێت کە لە سووریا کردی، واتا بە هێزی ئاسمانی هێرش بکات؛ بەڵام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وای بۆ دەچم بێت و شەڕی دەسەڵات بێتە گۆڕێ و بۆ نموونە، چەند بەشێکی سوپای پاسداران تێیەوە بگلێن، ڕووسیا لە ئاستی پشتیوانیی دارایی، یان ڕاوێژی سەربازیدا خۆی تێ هەڵدەقورتێنێت.

بەڵام خاڵێک هەیە نابێ لەیادی بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ڕژێمە هەر لە ڕۆژێ هەوەڵێوە لە بەرامبەر هەڕەشەی ئەمریکادا وەستاوە. بە جۆرێک چارەنووسی خۆی بەدەست خۆی بووە و هەوڵ دەدات هەرواش بمێنێتەوە. با لێرە لەلایەن خۆمەوە وەکوو ئەمریکییەک شتێک بڵێم بۆ ئەوەی تۆمار بکرێت. من نەچوومەتە ئێران، بەڵام هەمیشە هۆگری کەلتووری ئێرانی بووم. منداڵەکانم کە دەچوونە قوتابخانە، نزیکترین هاوڕێکانیان ئێرانی بوون. لەبەر ئەوە هاتوچۆمان هەبووە. زۆربەی نەورۆزان دەچووینە ماڵیان. لە ڕوانگەی مێژووییشەوە ڕێزێکی تایبەتم بۆ ڕۆڵی ئێران لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هەیە. ڕاستییەکەی، پێم وایە دەبێ لەو کارەی لە سەرەتای شۆڕشەوە ئەمریکا لەگەڵ ئێران کردوویەتی، بێزاری دەرببڕین. بەگشتی پێم وایە ئەمریکا بەو شێوەیەی کە شایستەی گەل و خەڵکی ئێرانە، هەڵسوکەوتی نەکردووە. حیسابی حکوومەت جیاوازە کە هەر لە سەرەتاوە ئەمریکای بە دوژمن داناوە. بەکورتی دەمەوێ بڵێم، وەکوو ئەمریکییەک هیوادارم ئێران لەو دۆخەی ئێستای تێپەڕ بێت و ئێرانییەکان و شارستانییەتی ئێرانی جارێکی دیکە ئەو ڕۆڵە بەدەست بێننەوە کە پێشتر لە جیهاندا هەیانبووە. خۆم بەداخەوەم بۆ ئەوەی ئێران گۆشەگیرە و حکوومەتەکەی سەربەگێچەڵە. ئەم حکوومەتە هەم بۆ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەم بۆ ئارامیی جیهانیش زیانبارە. خۆزگە ئێران دەکەوتە سەر ڕێیەک کە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڵام لە ململانێی ڕۆژاوا و ڕووسیا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەفتارێکی هاوسەنگتری هەبوایە. هەڵبەت وەکوو کەسێکی بیانی، پێم باشە حکوومەتی ئێران لە سیاسەتی دەرەکیدا کردەوەخواز [پراگماتیک] بێت، نەک توندئاژۆ؛ حکوومەتێک بێت کە پەسندی خەڵک بێت، حکوومەتێکی وا کە ئابووریی ئێران ڕێک بخاتەوە. ڕاستییەکەی نازانم دەبێ چۆن بەو جێیە بگەن و، بەداخەوەم کە ئەوە دەڵێم: پێم وایە، بۆ گەیشتن بەو جێیە ڕێیەکی دوور ماوە. ڕژێم، بوون و نەبوونی خۆی لە سوپای پاسداران و هێزە سەرکوتکەرەکانی خەرج دەکات و دەرفەتی ئابووریی ئاوارتەی پێ داون. ڕوون نییە ئەو درزانەی کە دەبنە ڕێی گۆڕانی بنەڕەتی لە پێکهاتەیەکدا، بڕیارە لە کوێوە دیار بکەون.

**پرسیار**: ئەو دوورەدیمەنەی نیشانت داین هێندە تاریک و تنۆکە، نازانم چۆن بڵاوی بکەینەوە! دەڵێی هەرچی هەیە هەر هەواڵی ناخۆشە.

- هەواڵی خۆش ئەوەیە ئەگەر بە دیدی درێژماوە لە مێژوو بڕوانین، بە لای زۆرەوە ئەو گۆڕانەی خەڵکی وڵاتێک داوای دەکەن، بە شۆڕش وەدەست ناکەوێت. فەڕەنسییەکان سەد ساڵ هەوڵیان دا (شۆڕشەکانی ١٧٨٩، ١٨٣٠، ١٨٤٨، ١٨٧٠) تا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەیشتن بە کۆماری سێیەم، کە یەکەمین کۆماری دیموکراتیکی پایەداری فەرەنسا بوو. پێش ئەوە، هەرچی دەبینی هەر هەڵکشان و داکشان و بشێوییە. لە چین و رووسیاش رەنگە شۆرشێکی دیکە پێویست بێت تا بە حکوومەتێک بگەن کە وەڵامدەری خەڵک بێت. حکوومەتی ئێستای هەردوو وڵاتەکە لایەنگریان هەیە، بەڵام دژبەری تووڕەیشیان زۆرە. ئەگەر کێشە ئابوورییەکانی چین، یان گرفتی کۆڤید بەردەوام بێت، یان ئەگەر جەنگی رووسیا لە ئۆکراینا ببێتە جەنگی داخوران، لەوانەیە لایەنگرانی حکوومەتیش نائومێد بن. ئەگەری هەیە ئەو نارەزایەتییانەی ئێستایش هەن، پەرە بستێنن و تەنانەت گۆڕانی بنەرەتییشیان لێ بکەوێتەوە. لەو بارەدا، ئەگەر دواتر سەیری رابردوو بکەین، دەڵێین چەندە زۆری پێ چوو! دەربارەی ئێرانیش من گومانم نییە کە لاوانی نارازیی ئەمرۆ، ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان بە چاوی خۆیان دەبینن. پێم وا نییە ئەوە لە ساڵی ٢٠٢٣دا روو بدات، لانی کەم مادام کە خامنەیی زیندوو بێت و هەروا پاڵی وە تەختی دەسەڵاتەوە دابێت. ئەوەیشمان لەبەرچاو بێت کە ئەم سەردەمە لەو سەردەمانەیە کە دنیاش زۆر قەیرانی تێدایە. پۆپۆلیزمی تووڕەی راسترۆ، هەستی دژ بە کۆچبەران، تەنانەت رەگەزپەرستیی ئاشکرا لەو وڵاتانەیشدا کە بڕیارە نموونەی دیموکراسی بن، بەرچاوە. هەر لەم ئەمریکایە گۆڕەپانی سیاسەت پڕ بووە لە تیۆریی پیلان و پیلانگێڕی. خەڵکی میانمار و تایلەند سەرباری ئەوەی کە چەندان ساڵە بۆ دیموکراسی خەبات دەکەن، کەچی هەروا گرفتاری حکوومەتی سەربازین. چاو لە هەر شوێنێکی دنیا بکەی، سەرلێشێواویی خەڵک و دابەشبوونی کۆمەڵگە دەبینی. پایە سەرەکییەکانی ئابووریی مرۆڤ کە دروستکردنی کاڵا و دەستاودەستکردنی بوو، وەلەرزە کەوتوون و کاڵای دیجیتاڵی و ئاڵوویری دارایی بەرە بەرە جێی ئەوانەی گرتووەتەوە و، جەوهەری ئابووریی سەدەی بیست و یەکەم جۆرێکە، سامان لەناو دەست و بەرگی گرووپێکی بچووکدا کەڵەکە دەبێت، بەپێچەوانەی ئابووریی چەند دەیە لەمەوبەر کە زۆر "کار و پیشەی چینی ناوەندی"ی لێ دەکەوتەوە. ئەنجامی ئەم گۆڕانە ئەوە بووە کە نایەکسانی زیاتر بووە و خەڵک تووڕەن.

لە هەندێک لایەنەوە ئەم دۆخە لە دەیەی ١٩٣٠ دەچێ. سەردەمێکە کە زۆربەی وڵاتان لەوەی پێشتر هەبوو ناسەقامگیرترن. گەشبینیی خەڵک بە دوارۆژ و متمانەیان بە حکوومەتەکان، لەوەی پێشتر هەبوو کەمترە. تاکوو ئەم سەردەمە تێپەڕ نەکەین، دۆخەکە دژوارتر دەبێت. بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە دەیەی ١٩٣٠یش تێپەڕ بوو. داتەپینی ئابووری ترسناک بوو. خۆ جەنگی جیهانییش پێویستی بە روونکردنەوەی زیادە نییە. بەڵام دوای جەنگ، بەتایبەتی لە دەیەی ١٩٥٠وە لە زۆر شوێنی دنیا چەندان دەیە ئارامی و خۆشگوزەرانیی روو لە زێدەمان هەبوو. ئەم جارەیش هەر وایە. لەوانەیە گۆڕانی بەرەییش (گۆڕانی نەوەکان) پێویست بێت. بەرە، یان نەوەیەکی لاو کە هیوادارتر بێت و توانای پێکەوەهەڵکردنی زیاتر بێت سەر هەڵبدات و بە داهێنانی نوێی زانستی و تەکنەلۆژی، جارێکی دیکە روانینی مرۆڤ بۆ دوارۆژ بەرەو گەشبینی راکێشێت. بەکورتی، وا بیر دەکەمەوە کە لەم گەوەش تێپەڕ دەبین. بەڵام ئەوەی کە کەسێک (لە ئێران، یان هەر شوێنێکی دیکە) پێی وا بێت هەر کە نارەزایەتیی دەربڕی و تووڕەیی خۆی نیشان دا، دۆخەکە دەگۆڕێت، ئەوە خۆشباوەڕییە. جێی رێزە، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆشباوەڕییە. ئەگەر لە من بپرسن، دەڵێم ئەوە باشە کە نارەزایەتیی خۆیان نیشان دەدەن، بەڵام هۆشمەندانە و بەرپۆجێ هەڵسوکەوت بکەن. ئەگەر دەلوێت، ڕێکخستن بکەن. پێویستییە سەرەتاییەکانی گۆڕان دابین بکەن. ڕێبەرانێک پەیدا بکەن کە بتوانن بزووتنەوەیەک بەرەو پێشەوە ببەن و پەرەی پێ بدەن. هەوڵ بدەن دوژمن بناسن. هەر ئەوە بەس نییە کە بڵێی لەم ڕژێمە بێزارم. هەوڵ بدەن لەوە تێ بگەن کە چ کەسانێک لەم سیستەمەدا ئەگەری ئەوەیان تێدایە کە لەگەڵ گۆڕان هاوڕا بن. پاشان بیر لەوە بکەنەوە بڕیارە شێوەی دوارۆژ چۆن بێت. ئاخۆ هەر لە بنەڕەتەوە دەتوانن وێنەیەکی دوارۆژ لە مێشکی خۆتاندا وێنا بکەن کە هەمووی ئەو گرووپە ڕەنگاوڕەنگانەی ئێران لەسەری هاوڕا بن؟ ئەگەر ئەوەتان پێ دەکرێت، ئەوە شتێکتان هەیە کە شایانی ئەوەیە شەڕی بۆ بکەن. بەڵام بەبێ ئاسۆ و وێنەیەک لە دوارۆژ، ئەو شتەی بەدەستتانەوەیە هەر تووڕەییە و هەر بە تووڕەییش دژوارە دوارۆژی ڕوون بنیاد بنرێت.

**پرسیار**: پێم وایە بەشێکی زۆری ئەو ئێرانییانەی ساڵی ١٣٥٧ ڕژانە سەر شەقام، ئەگەر ئەم وتەیەی تۆ ببیستن، بە نیشانەی تەئیید و پەشیمانی، سەرت بۆ دەلەقێنن. با پرسیارێکی دیکە بکەم: مادام کە باس هاتە سەر شۆڕش، جاری وایە وێ دەچێت بیرەوەرییەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ نەک هەر بیرکردنەوەی خەڵک، بگرە بیرکردنەوە –یان ڕاستتر بڵێم جیهانبینیی سیاسی-ی فەرمانڕەوایانی ئێرانیشی پێک هێناوە. وەک بڵێی هەموو شتێک بە پێوانەی ئەو ڕووداوە دەپێون کە چل و چەند ساڵ لەمەوبەر ڕووی داوە. وا بیر دەکەنەوە ئەگەر هەنگاوێک پاشەکشە بکەن، کۆتاییان پێ دێت. چارەنووسی شا بە مایەی پەندلێوەرگرتن دەزانن. بەڵام حکوومەتێک تا کەی دەتوانێت لەسەر ئەو شێوازە بڕوات؛ سەرباری خەڵکی ناڕازی، قەیرانی بێژماری ناوخۆیی و بەبێ پەیوەندییەکی واتادار و ڕێگەخۆشکەری دەرەکییش؟

- ئەگەر ئامادە بی بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا هەموو کارێک بکەی، دەتوانی بمێنییەوە، بەو مەرجەی هێزی سەربازی پشتت بەرنەدات. مەکیاڤێللی بە فەرمانڕەوایان دەڵێت، ئەگەر دەتانەوێت ئیمتیاز بدەن، لە پێگەی بەهێزەوە بیدەن. چونکە ئەگەر لە کاتی لاوازیدا ئیمتیاز بدەی، دەڵێن ناچار بوو، هیچی دیکەی پێ نەدەکرا و بەوەیش شتێکی باشتان لەسەر نانووسن. کەواتا ئەگەر حکوومەتێک لە پێگەکەی دڵنیا بێت، دەتوانێ ئیمتیاز بدات و زیانیشی وێ نەکەوێت. بەڵام حکوومەتێکی لاواز بنوێنێت و وا بکات کە خەڵک ڕووهەڵماڵاوتر بن، ئەوە ڕەنگە ئیمتیاز نەدات. وێڕای ئەوەی کە بێت و بە هێزە سەربازییەکان پشتئەستوور بێت، یان باکی لە دڕندەیی نەبێت، ئەوە لەوانەیە بەشوێن وتەیەکی بەناوبانگی دیکەی مەکیاڤێللیدا دەڕوات: "لێت بترسن، باشترە لەوەی خۆشییان بوێت."

**پرسیار**: وا دیارە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییش بەشوێن ئەو وتەیەدا دەڕۆن. وەک بڵێی ئیتر سندووقی دەنگدان و بەشداریی خەڵک و ئەو ڕەواییەیش کە خۆیان باسی دەکەن، بەلایانەوە گرنگ نییە؛ نموونەکەی لادانی لاریجانی لە دوایین هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆمارییە. تەنانەت ئیتر نواندنی ڕواڵەتییش بە پێویست نازانن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە. ئەگەر دوای ئەوەی دەسرێژیان لە خەڵکی ناڕازی کرد و هەزاران کەسیان دەستبەسەر کرد و تەنانەت کەسانێکیان لەسێدارە دا، چەند فەقیهێکی پلەباڵا لە قوم، یان چەند نوێنەرێکی ناسراوی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی نارەزایەتییان دەربڕیبایە، یان بۆ نموونە بیانگوتایە ئەو رەفتارانە لە ڕاددە دەرچوون و متمانە و پرێستیژی رژێم و شۆڕشیان لەکەدار کردووە، ئەوە رەنگە رۆچنەیەک بکرایەتەوە کە بڵێین ئەگەری گۆڕان هەیە. بەڵام شتی وا ڕووی نەدا. لانی کەم من نەمدی هیچ کەسێک هاوارێک بکات. دەستە دەستە خەڵکیان گرت و بردیانن و چەند لاوێکیان لەدار دا، کەچی بێجگە لە خەڵکە ناڕازییەکە هیچ کەسێک دەنگی لێوە نەهات.

**پرسیار: وایە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەنگی جیاواز نییە. لەوانەیە جارجارە رەخنەیەکی نەرم، یان شاراوە دەربارەی دەسەڵاتی جێبەجێکەر ببیسترێت، بەڵام شتێکی وا نییە کە بڵێی ئەوە بەرهەڵستییەکی واتادارە.**

- بەو حاڵەیشەوە بەشێک لە ئێرانییەکان دەڵێن با وڵاتانی رۆژاوایی باڵوێز و نوێنەرەکانیان لە ئێران بانگ بکەنەوە و دەست بەسەر داراییەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵاتدا بگرن. بۆچی؟ چونکە ئەو رژێمە لەبەر ئەو رەفتارەی لەگەڵ خەڵکی ئێران دەیکات، چیی دیکە رەوایەتیی نەماوە. بەداخەوەم، شتی وا ڕوو نادات. لە ڕوانگەی وڵاتانی دیکەوە ئێران هەروا وڵاتێکی گەورە و مەترسیدارە. وڵاتان ئامادە نین لەبەر هەڵسوکەوتی ترسناک لەگەڵ خەڵکی ناڕازی ئەو هەنگاوانە بنێن. ئێستایش ئەوە قورسترین گەمارۆیان دژی ئەو رژێمە جێبەجێ کردووە، ئەویش لەبەر بەرنامەی ناوکی. ئەگەر چاوتان لەوە بێت کە لەوە زیاتر بکەن، چونکە رژێم دەسرێژ لە خەڵکی ناڕازی دەکات، واقعبینانە نییە. وڵاتانی دیکە بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوە. بەوردی هەموو شتێکی خۆیان هەڵدەسەنگێنن. دەیانەوێت دەروویەک بۆ بەکارهێنانی نفووزی خۆیان هەر بهێڵنەوە. نایانەوێت هەموو پردەکان بڕووخێنن. هەرچییەک بێت، بەرامبەرەکەیان وڵاتێکی گەورەی مەترسیدارە. ناتوانن بڵێن ئیدی قسە لەگەڵ ئەو حکوومەتە ناکەین. لە جیاتی ئەو، قسە لەگەڵ کێ دەکەی؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ئێران حکوومەتێک لەسەر کارە و شوێنێکی زۆر گرنگ و ستراتیژیکیشە. دیارە کە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیش هەروا لە دەستی ئەو حکوومەتەدایە. تا ئەو کاتەی کە ئەو حکوومەتە بەردەوامە، لایەنی بەرامبەری وڵاتانی دیکە هەر خۆیەتی. ئەگەر کاتێک وا دیار بکەوێت کە خەریکە کۆنترۆڵی دۆخەکەی لەدەست دەردەچێت و ئەگەر ئێرانییەکان بتوانن حکوومەتێک لە تاراوگە پێک بێنن کە پێگەی هەراوی لەنێو خەڵکدا هەبێت، ئەو کاتە ڕەنگە دۆخەکە بگۆڕێت. هەرچەندە ئەمریکا ئەم بژاردەیەیشی لە ڤەنێزوێلا تاقی کردەوە. حکوومەتەکەی ئێمە ڕای گەیاند کە مادۆرۆ لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاریی کردووە و لە ڕوانگەی ئێمەوە سەرۆککۆمار نییە و دیکتاتۆرە و خراپە و ئیدی ئێمە لە جیاتی ئەو، سەرۆکی پێشووی پەرلەمان، کە لە تاراوگەیە، بەفەرمی دەناسین. چەند ساڵێک بەم شێوەیە تێپەڕ بوو. چیی لێ هات؟ هیچ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هیچمان دەست نەکەوت. ئێستا دیسان حوللەمەرەسێ، گەڕاوینەتەوە سەر سێ و پەیوەندیمان لەگەڵ حکوومەتی ڤەنێزوێلا گرێ داوەتەوە. کەواتە ئەوەی کە بەکردەوە لە دنیای سیاسەتدا ڕوو دەدات ئەوەیە کە، بە بۆڵە و نابەدڵییەوە دەڵێن لەم حکوومەتە بێزارین، ئەوانیش لە ئێمە بێزارن، بەڵام هێندێک بابەت هەیە کە بەهۆیانەوە دەبێ پەیوەندیمان لەگەڵی هەبێت.

**پرسیار: پرسیارێکی گەورە بە لای خۆمەوە ئەوەیە کە ئەگەر چالاکانی سیاسیی ئێرانی بتوانن وڵاتانی بیانی ناچار بکەن کە هەڵوێستی توندتر لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بنوێنن، واتا گوشاری دەرەکی لەسەر حکوومەتی ئێران زیاتر بێت، ئاخۆ دەکرێت بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەو گوشارە خەڵکی ئێران لە ئاواتەکانیان نزیکتر دەکاتەوە؟**

- بڕوانە، ئەمریکا، جارێکی دیکەیش هەر بیست ساڵ لەمەوبەر هەوڵی دا کەسێک پەیدا بکات کە کاروباری عێراق بەدەستەوە بگرێت. چیی لێ هات؟ ئەحمەد چەڵەبی کڵاوی لەسەر هەمووان نا و ئەوە بوو کە دەیبینی. یان نموونەی تازەتر: سووریا. ئەمریکا هەوڵی دا لەگەڵ ڕێبەرانی دژی ئەسەد لە دەرەوەی سووریا دانوستان بکات، بەشکم حکوومەتێک لە تاراوگە پێک بێت، بەڵام ئەو کەسانە ئامادە نەبوون لەگەڵ یەکتر لە یەک ژووریشدا دابنیشن. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێی ئەمریکا حکوومەتێکی ئێرانیی لە تاراوگە بەفەرمی بناسێت، ئەوەندەیش ئاسان نییە. چ کەسێک و چ گرووپێک بەفەرمی بناسێت؟ ئەو ئێرانییانەی بەو بڕیارە ڕازی نین، چی؟ پێگەی دوارۆژی ئەمریکا لە ئێراندا چۆن دەبێت ئەگەر بەدیار بکەوێت جەماوەرێکی زۆر لەگەڵ ئەو بڕیارە هاوڕا نەبوون؟ بەکورتی، بۆ هیچ وڵاتێک، ویلایەتە یەکگرتووەکان بێت، یان هەر وڵاتێکی دیکە، عاقڵانە نییە کەسێک، یان گرووپێکی دیکە لە جێی ڕژێمی ئێستا بەفەرمی بناسێت، مەگەر ئەوەی کە بڕیارەکە بەڕوونی و پتەوی لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە پشتیوانیی لێ بکرێت. بەداخەوە لەم کاتەدا بڕیارەیەکی لەو جۆرە نییە.

بەڵام دوارۆژ لە پێشدا نەنووسراوەتەوە؛ دوارۆژ دروست دەکرێت. لەوانەیە دەرفەت بڕەخسێت و ڕێبەرانێک بێن و دوارۆژێکی باشتر دروست بکەن. من پێم وا نییە ئەمڕۆ و سبەینێ ئەوە ببێت، بەڵام ڕەنگە لە یەک دوو ساڵی دیکەدا بزووتنەوەیەکی نوێ لەسەر بزووتنەوەکانی ساڵانی ١٣٨٨ و ١٣٩٨ و بزووتنەوەکانی ئەم دواییە وەڕێ بخرێت و لەوەیش زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوات. پێشتریش گوتم: من پێم وا نییە بە مردنی خامنەیی - کە لەوانەیە دوور نەبێت - دۆخەکە بەراوەژوو ببێتەوە و دەرفەتی تازە هەڵکەوێت. لەو کاتە هەستیارەدا ئەو کەسە زیاترین سوودی پێ دەبڕێت کە لەوانی دیکە ئامادەتر بێت و پلان و ڕێکخستنی بۆ ئەوە هەبێت.

سەرچاوە: **https://telegra.ph**

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس – ڕێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕش پرۆسەی بنیاتنانی دامەزراوەکانی بەرخۆدانی خەڵکە




**سۆران شەمسی**

کۆمەڵگای ئێرانی ئەمڕۆ لە "شۆڕش"دایە. ئەم لێدوانە واقیعیترین وەسفی بارودۆخی ئەمڕۆیە. کۆمەڵگەی ئێران ماوەیەکە شۆڕشێکی دەست پێ کردووە و ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقامەکاندا دەگوزەرێت ساتێکی ئاشکرابوونیەتی. شۆڕشی درەنگ، بە هەموو جیاوازییەکانی شێوەی دەربڕین و ئەکتەرەکانییەوە، کۆمەڵێک هێز و نارەزایەتی مێژووییە کە دەتوانێ وەسفی ئێرانی هاوچەرخ بکات. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە زۆرێک هێزی جیاواز لەم شۆڕشەدا چالاکن، کە هەموو جارێک "نوێنەرایەتی"ی بەشێک لەم شۆڕشە دەکەن. ئەم ڕاستییە پێمان دەڵێت، سەرکوتکردنی شەقام و دەنگەکان لەم کاتەدا کۆتایی ئەم شۆڕشە نییە و توانای چارەسەرکردنی نییە؛ بەڵکو دەبێتە خولقێنەری سەردەمێک کە هێزی نوێ دەهێنێتە مەیدان. لە ڕاستیدا ساتەکانی دابەزین لەم شۆڕشەدا ساتەکانی نوێکردنەوەی ئاراستەیە.

بۆ تێگەیشتن لە دۆخەکە هیچ بژاردەیەکی ترمان نییە جگە لە پێداچوونەوە بە مێژووی ئەم شۆڕشە لە ئێستاوە، بۆ پێشەوە و دواوە، بۆ ناسینی هێزەکان و کەمێک باسی داهاتوو لە دەرئەنجامی ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە. ئەم بزووتنەوە بەرەو پێشەوە و دواوە گرنگە، چونکە تەحەدای هەر لێکدانەوەیەکی ئەپۆکالیپتیکی ئێستا دەکات. دەستەواژەی "جارێک و بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەمیشه" کە لەلایەن هەندێک هێزی ناڕازی و زۆرینەی هێزە سەرکوتکەرەکانەوە دووبارە دەکرێتەوە، وەهمێکی ناسیاسییە کە بەهۆی نەزانینی مێکانیزمەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت.

خوێندنەوەی بەشێک لە مێژوو، یان بە واتایەکی تر جیاکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە کۆمەڵگە پێیدا تێدەپەڕێت، توانای ئاگاداربوون لەو شتە دەدات کە ئێمە پێی دەڵێین هێزی کۆمەڵایەتی. ئەم خوێندنەوەیە لە بەردەوامی ناو کۆمەڵگا تێناگات و مێژووی کۆمەڵایەتی وەک مێژوونووسانی کلاسیک بۆ قۆناغە مێژووییەکان کورت دەکاتەوە. پێویستە بزانرێت هێزی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی هەموو ئەو شتانەیە کە کۆمەڵگا لە قۆناغێکی مێژووییدا ئەزموونی کردووە و لە خۆیدا هەڵیگرتووە.

دیارە کۆمەڵگەی ئێران لەبەردەم شۆڕشێکدایە کە نزیکەی پانزە ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ کردووە و لە سەردەمی جیاوازدا لە مێژووی خۆیدا نیشانی داوە. بزووتنەوەکانی ٩٦ و ٩٨ و بزووتنەوەی ژینا دەربڕینی جیاوازی شۆڕشێکن، هەرجارە بەشێک لە شۆڕشگێڕان و هەلومەرجەکانیان پیشان دەدات. لە ناوەڕاستی ئەم ساتانەدا ئەوەی دەگوزەرا بڕێکی زۆر بزووتنەوەی لاوەکی و تەنانەت نا بزووتنەوە بوو کە لەلایەن گێلد و چینە جیاوازەکانەوە لە شار و گوندەکاندا دەگوزەرا. ئەم شۆڕشە هەرگیز نەوەستاوە و کارەکەش کۆتایی نەهاتووە. بەردەوام زیندانەکان پڕ و خاڵی بوون، ماشێنی یاسا و فەرماننامەکانی حکوومەت کاریان کرد و بەرخۆدان دروست بوون.

کردار و کارلێکی چین و گرووپە چەوساوەکان لەگەڵ دونیای دەرەوە ململانێیەکی پەرشوبڵاو و فرە ناوەندە. کۆمەڵگای مۆدێرنی ئێران وەک هەر کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، لامەرکەزی و تۆڕدارە. لەم کۆمەڵگایەشدا پرۆسەکانی بەرەنگاربوونەوە لە دژی زاڵەکان مۆدێرن و پەرش و بڵاون. لەم خەباتەدا چەندین هێزی جیاواز بەشدارن. لە ساتەکانی ئەم "شۆڕشەی ئێستا"دا، ئەو هێزانەی کە پێکەوە دەجووڵان، بە جۆرێک لە پەیوەندیکردن بە یەکەوە دەبەسترێنەوە، هێزێک ئازاد دەکەن و دەتوانن خۆیان ئاشکرا بکەن. دەرکەوتنی شەقامی شۆڕشی ئێستا لە ڕاستیدا بەرهەمی پەیوەندیکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە.

شیکارییەکان بەگشتی یان مەیلیان هەیە کارەکتەری ناوازە و تایبەت بە بزووتنەوەی ئێستادا بچێنن و دەڵێن ئەمجارە "تەواو" جیاوازە و دەکەوێتە تەڵەی "کارەکە کۆتایی هاتووە"، یان لە گەڵاڵەیەکی ماکرۆ- مێژوویی لە وەهادا دایدەنێت شێوازی ئەوەی کە بە زۆر بە تایبەتمەندییە تایبەتەکانی حوکم بدرێت؛ لە ڕاستیدا یان دەکەونە داوی جۆرێک لە شیکاریی دەروونیی سیاسی یان بە گشتییە فەلسەفییەکان بابەتی بچووک پشتگوێ دەخەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەتوانین لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ بزووتنەوەکانی ڕابردوودا لە بزووتنەوەی ژینا تێبگەین؛ بزووتنەوەی ژینا ڕاپەڕینێکە کە بۆ یەکەمجار ئەو بەشەی چینی ناوەڕاستی لەم شۆڕشەدا هێنایە دەرەوە، کە زیاتر لە هەموو شتێک دەیانەوێت سیستەمەکە بگۆڕن، یان بە قسەیەکی باشتر، بێهیوا بوون لە چاکسازی لە حکوومەتدا. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ژینا بە هەمەچەشنی هێز و نەتەوە و تاکەکانیەوە، دەکرێ وەک سەرەتای پرۆسەی بەستنەوەی چینە نارەزایەتییە جیاوازەکان بە یەکترەوە تێبگەین.

چەندین هۆکار وای کردووە لەم ساتەوەختە مێژووییە تایبەتەدا ڕووبەڕووی ئەم جۆرە نوێیە لە قسەکردن ببینەوە و شایەتحاڵی سەرهەڵدانی ئەم هێزانە بین، بەتایبەت لە چینی ناوەڕاستدا. ویژدانی گشتیی چینی ناوەند لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا حکوومەتی وەک تاوانباری سەرەکی هەست پێکردووە.

ئەندامانی ئەم چینە لە هەژاریی خۆیان بە هۆی ناکارامەیی ئابووریی سیستەمەکە و بێبەشبوونی دامودەزگا بیرۆکراتیکییەکان لە بواری ئابووریدا تێدەگەن و بێ هیوا دەبن لە باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان.

پرسی حیجابی زۆرەملێ و لەڕاستیدا پرسی ژنان لەناکاو هێزێکی ئازاد کرد کە لە چینی ناوەڕاستدا بەتایبەت لە ڕووداوەکانی پێنج ساڵی ڕابردووەوە هەڵگیرابوو. پرسی "ژن" لەڕاستیدا بوو بە نوێنەری سیستەمێکی ناتەواوی و ترس و جیاکاری، کە زیاتر باسی دەکەین.

تێکچوونی دۆخی ئابووری و ترس لە ناکارامەیی حکوومەت و پرسی نەبوونی ئایندە وای کردبوو کە دۆخەکە لە ڕوانگەی چینی ناوەڕاستەوە بگاتە سنووری کارەسات؛ هەمان ئەو شتانەی پێشتر چینە خوارەکانی کۆمەڵگایان ئاوارە کردبوو. ئەم بیرۆکەیە وردە وردە هاوبەش بوو کە سیستەمی حوکمڕانی بە ڕوونی بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات. لەڕاستیدا ترسی مردن و هەژاری و داهاتوو لە هەموو شوێنێکدا بڵاو بووەوە؛ ئەو تێڕوانینەی کە حکوومەت نەیتوانی کەمی بکاتەوە. ڕەنگدانەوەی ئەم دۆخە لە قسەی ڕۆژانەدا بە ڕوونی دەبینرێت. توورەیی بەربڵاو نیشانەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە بوو کە کۆمەڵگای گرتبوو. ناوەڕۆکی سەرەکی دەق و وتارەکانی ناو شار و تۆڕە مەجازییەکان ئەو کارەساتەیە کە مرۆڤ لە ژیانیدا تووشی دەبێت و فۆرمی دەرەکیی دەربڕینەکەی تەنیا ئامرازێکە بۆ شاردنەوە یان ڕاگەیاندنی بێتوانایی لە گۆڕینی. توورەیی زارەکی ڕەنگدانەوەی ئەو توندوتیژییەی کە لە دامەزراوەی حکوومەتدا هەیە، کە بە شێوەیەکی مێکانیکی لە هەموو شوێنێکدا لە غیابی بابەتێکی سیاسی و ئاسۆی باشتربوونی بارودۆخەکاندا تیشک دەخرێتەوە. دەرئەنجامی زیادەڕۆیی بەرهەمهێنانی توورەیی و گەڕانەوەی بۆ خودی کەسەکە، خوڵقێنەری سووژەیەکی یاخی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێهیوایە. هەمان قەیران لە ناو کۆمەڵگەدا، واتە دروستبوونی ماکرۆ ستراکتۆرێکی هەموو جۆرە هەژموونیک و زیادبوونی سەرچاوەکانی ستەم، کە بەرهەمی بارودۆخی زاڵ بوو لە ژیاندا، ئامادەکارییەکانی بۆ سەرهەڵدانی دابین کرد.

بەڵگەی زۆر هەیە کە هەرزەکاران و گەنجانی تەمەن نێوان ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ جەستەی سەرەکیی خۆپیشاندەرانی سەر شەقامەکان پێک دەهێنن. کەمبوونەوەی تەمەنی تێکڕای شۆڕشگێڕان ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین سیمای ئەم ڕاپەڕینە لە شەقامدا بێت. کلیلی ئەم پرسە دەبێت لە پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندی چینایەتی و بارودۆخی ڕاستەقینەدا تێبگەین.

ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە ڕێگەی مێتۆدی حوکمڕانی و فەرمانەکانی حکوومەتەوە دروست دەبێت، تووڕەیی گشتییە. هاوپشتی کۆمەڵایەتیی جەماوەری نەتەوەکانی ئێران لەسەر نەویستنی ئەم دۆخە بەڕوونی دیارە. بەڵام ئەوەی بەتایبەتی وامان لێدەکات ئەو هێزە لە بزووتنەوەی ژینادا لەبەرچاو بگرین، ئەو بزووتنەوەیە کە گەنجی وەک هێزێکی سیاسی ڕزگار کردووە. هەرزەکاران بە قووڵی ئەو خراپەکارییەیان بینیوە کە دۆخەکە بەسەر کەسانی نزیکیانیدا سەپاندووە. جگە لەوەی کە ئەزموونیان کردووە، بینیویانە چۆن دایک و باوکیان لەم ساڵانەدا چەوساوە و بێهیوا و هەژار و بێ ئومێد بوون. نەفرەت و ناڕەحەتییەکانیان بیستووە و دەستیان لێداوە. بزووتنەوەی ژینا لەسەر شانی ئەو کەسانەیە کە ڕقیان لە سیستەمێکە کە خراپە و بێزارە لە دایک و باوک و کەسانی دەوروبەریان. تووڕەیی ئەوان دەرئەنجامی ساڵانێکی دووروودرێژی ستەمکارییە کە نەوەکانی ڕابردوو و دایک و باوکیان تووشی بوون؛ واتە ئەوانەی ڕووناکی شۆڕشی ئێستایان داگیرساند. ئەم مێژووە ئەوەیە کە چەندین ساڵ لەمەوبەر شۆڕشی ئێستای دەست پێکرد. کاردانەوەی نەوەی نوێ بەرامبەر بە سیستەمی دەسەڵاتدار و چینی دەسەڵاتدار نەک هەر لە پەیوەندیی نزیک و سۆزداری لەگەڵ قوربانییەکان سەرچاوە دەگرێت، بەڵکوو لەو لێکچوونەشەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ساتێکی مێژوویی تایبەتدا لە نێوان خۆی و ژینادا دۆزیویەتیەوە؛ ئەو ساتەی کە بوو بە ڕووداوێکی گرنگ لە شۆڕشدا و دەسەڵاتی شاراوەی خۆیان ئازاد کرد.

لەڕاستیدا هەرزەکاران، بەتایبەت کچانی هەرزەکار، درکیان بەوە دەکرد کە بەهۆی دووری لە ڕەچەڵەکی چینایەتییەوە بۆ دایک و باوکیان مەحاڵ دەهاتە بەرچاو و شتێکیان لە تایبەتمەندییە سیاسی و ناڕەزایەتییەکانی چینی ناوەڕاست لەبیر بوو؛ وە لە ساتێکی پێشبینی نەکراودا لە مەیدانی بێتوانایی دایک و باوکە تەمەن ناوەڕاست و بێهیواکانیان بازیان دا.

ناوەندیبوونی ژن لە بزووتنەوەی ژینادا تەنیا بۆ سەرەتای ئەم بزووتنەوەیە ناگەڕێتەوە، بەڵکوو شتێکە لە ناوەڕۆکەکەیدا تواوەتەوە. هەرچەندە هەموو جووڵانەوە و ڕاپەڕینێک، بەهۆی جێبەجێنەکردنی داواکارییەکان و سەرکوتی حکوومەتەوە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبێتە هەڵاتوو، واتە ڕەنگە تەشەنەی بکات بۆ پرسەکانی تر و تەواوی سیستەمی سیاسی، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چۆن دەتوانێت هەموو چالاکەکان کۆبکاتەوە هێزەکان لە هەر ساتێکدا و هاودەنگی نیشان بدەن لە مەیدانی سیاسیشدا ئەوە ناپێگەیشتووییە ئەگەر پێمان وابێت تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سیاسی بە پێویستیی بنیاتنەری تەبایی و دەتوانێ مرۆڤی هەمەچەشن و جیاواز یەک بخات. مەرجی هاوپشتیی سیاسی کە دەسەڵاتی ژێردەستەکانە، جەختکردنەوە لەسەر "بابەتی ماددیانەی نارەزایەتی."

لایەنی ماتریالیستیی ئەو نارەزایەتییە، سروشتی کۆنکرێتی و بابەتیی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە. ئەو دیاردە تایبەتە کە دەتوانێت هەموو هێزەکانی ناو شۆڕشێک بە یەکەوە ببەستێتەوە، هەرچەندە نموونەی خواستی ئەبستراکت بۆ ئازادی و نەهێشتنی جیاکارییە، بەڵام تەنیا بە ئاماژەدان بە بەردەوامی دەتوانرێت بزووتنەوەیەک بە زیندوویی بهێڵرێتەوە. روونە کە ئەم ستراتیژییە سیاسییە نادروستە چۆن هێزەکان بڵاوە پێ دەکات و ئەو دەستکەوتە تێکدەدات کە شکستی پێکهاتەی هەژموونییە. ژنان گەورەترین "کەمینە"ی دانیشتووانن کە کۆنترین سەرکوتەکانیان بینیوە. سیستەمی پیاوسالاری ساڵانێکە بە هاوکاریی سیستەمی حکوومەت حوکمڕانی جەستەیان دەکات. حیجابی زۆرەملێ باوترین یاسای ئەم ڕێسایە و هەڵوەشاندنەوەی بە سروشتی زۆرتر و کۆنترین داواکاری کۆنکرێتی و ماتریالیستی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئێرانە.

حکوومەتی باڵادەست زیاتر لە هەموو یاسایەکی تر مافی ممارەسەکردنی حکوومەتی بە یاسای حیجابی زۆرەملێ لەدەست داوە و ناشەرعییە. وە ڕێک بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەی زۆر و کۆنەوەیە کە دەتوانێت دروستکەری دروستکردنی جەماوەری بێت و "پەیوەندی" دروست بکات. بزووتنەوەیەکی کاریگەر و بەردەوام هەمیشە بە ئاماژەدان بە خواستێکی بابەتی و کۆنکرێتییە کە بتوانێت یەکڕیزی و هێز بەرهەم بهێنێت.

بابەتی نارەزایەتی لێرەدا شتێک نییە لە دەرەوەی بابەت و ژیانی ڕۆژانە، بزووتنەوەی ژینا لە کوشتنی ئەو لە گەشتی ئێرشاد دەستی پێکرد. ناوەندێکی بەناو ڕێنماییکار کە ژنێک بەهۆی یاسای ئیجباری حیجابەوە دەکوژێت، دەتوانین کوشتنی ژینا بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە لە مێژووی ژیانیدا بزانین. لە دەستەواژەی "ژن و ژیان و ئازادی"دا بە کورتی ڕووبەڕووی مێژووی شۆڕشی ئێستا و هێزەکانی دەبینەوە؛ شۆڕشێک کە لە بەرامبەر هەڵاواردن و هەژموون پێکهاتووە. داواکاری بۆ کەرامەت هەمان ئەو دەنگەیە کە لە ساڵی ٩٨دا بە ڕوونی بیستمان: ئێمە ژیانێکی شکۆمەندترمان دەوێت کە تێیدا مێزەکانمان بەردەوام بچووکتر نەبن. لەم ڕۆژانەدا "ژن" ئاماژەیە بۆ گەورەترین و بە سروشتی بەهێزترین گرووپی کەمینە کە داوای یەکسانی دەکەن و هەریەک لە سەرکەوتنەکانی دەتوانێت هێزی نوێ لە شۆڕشدا ئازاد بکات؛ هەروەک چۆن تا ئێستا کار یارمەتیدەر بووە بۆ ئازادکردنی عەقڵ و جەستەی ژن و کۆمەڵگا و هێزێکی بەرهەمهێناوە بەرامبەر بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەسەڵاتی حاکمی ژیان، کە پاڵی پێوەوە بۆ دواوە. ئەوەی بزووتنەوەی ژینا لە ڕێگەی نێوەندگیریی پرسی ژنانەوە بۆ شۆڕشی بەردەوام لە کۆتاییەکانی ئێراندا زیادی کرد، داخوازیی بەکۆمەڵ بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و دەستبەسەرداگرتنی "ژیان"ە وەک شتێک کە نکۆڵی لێ کراوە: داواکارییەک کە بە ڕوونی و دەربڕینانە تێیدا دەبیسترێت شەقامەکانی ئێران و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا نیوەشەو بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و هاوار دەبیسترێت.

شۆڕش پرۆسەیەکە لە سکی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرهەڵدەدات، لە خوارەوە، کە تەنها یەکجار کۆتایی دێت. هەر لە بزووتنەوەی ژینایەوە تا مانگرتنی کرێکارانی کارگەیەکی بچووک لە شارێکی دوورەدەست، زنجیرەی خۆیەتی. بۆیە هەموو ڕاپەڕینێک ئەگەر لە شەقامەکانەوە کۆ بکرێتەوە، هێز دروست دەکات و پەیوەندیی زیاتر دروست دەکات.

**شۆڕش بریتییە لە پرۆسەی "بنیاتنانی" دامەزراوەکانی بەرخۆدانی خەڵک.**

**٢٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ١٦ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئاوڕدانەوەیەک لە ناڕەزایەتییەکان و چۆنیەتیی بەشداریی کورد لەم شۆڕشە



ئومید محەممەدپووری

پێشەکی پێویستە بڵێین کە دوو جۆر خۆپیشاندانمان هەیە:

١- هێمنانە

٢- توندوتیژ

١- هێمنانە زیاتر وڵاتە دێموکراتەکان لەخۆ دەگرێت، بە حوکمی ئەوەی کە ئازادیی ڕادەربڕین و ناڕەزایەتیدەربڕین هەیە دەرەتانی ئەوە بە خۆپیشاندەران دەدرێت کە بە شێوازێکی هێمنانە و سەردەمیانە دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە.

٢- لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکاندا، ناڕازییان دەڕژێنە سەر شەقامەکان کە زۆر جار بەرەو نواندنی توندوتیژی پاڵ دەنرێن و زیاتر لە وڵاتە دیکتاتۆرەکانی وەکوو ئێران کە دەنگی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتەوە کپ دەکرێ دێتە بەرچاو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر ئاوڕێک لە دۆخی خۆپیشاندانەکان لە ئێران بدەینەوە، دەبینین هەر چەند ساڵ جارێک دەنگی ناڕەزایەتییەکان بەرز دەبووەوە. بۆ نموونە ناڕەزایەتییەکانی ٢٥جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨لە کاردانەوە بە دزینی دەنگی خەڵک لە بەناو هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری کە بە بزووتنەوەی سەوز ناوبانگی دەر کرد.

لە ساڵی ١٣٩٦بەنیسبەت گرانبوونی نرخی مەعیشەتی ژیان.

دواتر بەرەبەرە مەودای ناڕەزایەتییەکان کەمتر بووەوە:

لە خەزەڵوەری خوێنینی ساڵی ١٣٩٨ بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ٥٠٠٠ هاووڵاتی لە ئێران گیانی خۆیان لەدەست دا.

دۆخی ئێران وای کردووە کە خەڵک بە هەر بەهانە و پاساوێک دەڕژێنە سەر شەقامەکان. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زوڵم و جینایەت و ناکارامەیی دەسەڵاتدارانیش گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی و خەڵکی ناچار کردووە کە لە بەرانبەریدا بێدەنگ دانەنیشن و هەڵوێست بگرن.

بەڵام هەر جارە و بەشێوەیەک لە شێوەکان دیتمان کە ڕێژیم ئاراستەی خۆپیشاندانەکانی بە لاڕێدا بردووە و سەرکوتی کردووە بۆ نموونە: سووتاندنی کەشتیی نەوتهەڵگری سانچی، سووتاندنی بینای بازەرگانیی پلاسکۆ، خستنەخوارەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی و کوشتنی ١٧٦ سەرنشینی فڕۆکەکە.

هەمووی ئەوانە بۆ بە لاڕێدابردنی ڕوانگەی گشتی و کەمڕەنگکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هاتۆتە ئاراوە.

دەتوانین بڵێین هەتا ئەم شۆڕشەی دوایی کە بە ناو شۆڕشی ژینا کراوە لە پێکانی ئامانجەکانی، کە بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندانەکان بووە سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی لە هەست و سۆزی خەڵک کەڵکئاوەژوو وەربگرێت.

بە خۆشییەوە ئەورۆکە دەتوانین بڵێین کە ئاستی تێگەیشتن و ڕوانگەی خەڵک بەنیسبەت ئەم پیلانانەی ڕێژیم زیاتر بووە و ژیرتر لە جاران بیر دەکەنەوە و چیتر فریوی سێناریۆکان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ناخۆن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە شۆڕشی ئەمجارەدا بە خۆشییەوە هەموو نەتەوەکانی ژێردەستی فاشیزمی ئێرانی یەکریزی و یەک دەنگییەکیان لە نێوان ساز بووە. وەک چۆن دیتمان دروشم دەدرا "از تهران تا کوردستان جانم فدای ایران"، یان "کوردستان چشم و چراغ ایران" هەموو گەلاڵەکانی لە ماوەی ئەم ٤٥ ساڵە دایڕشتبوو بۆ دژایەتیکردنی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بوونە بڵقی سەر ئاو. بەخۆشییەوە نێو ماڵی کوردیش کۆدەنگی و یەکگرتوویەکی زۆری پێوە دیارە و هەمووان سوورن لەسەر ڕامالین و لەسەرکار لابردنی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی.

هەر لە ڕەوتی ئەم خۆپیشاندانانەدا دیتمان کە کورد هەم دەسپێشخەر و هەم پێشەنگ بووە بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتییەکان و بە جورئەتیش دەتوانم بڵێم کە ئامانجدارکردن و ئاراستەدارکردنی شۆڕشەکە بەشی هەرە زۆری لەلایەن کوردەوە کراوە. بەداخەوە نەهامەتی و چارەڕەشی و تێچووی گیانیش لە شارەکانی کوردستان زۆرتر بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە تاران ڕۆڵی فاشیستێک دەگێڕێت بەڵام لە کوردستان جگە لە فاشیستبوون، داگیرکەریشە، لە تاران یان ناوچە فارسنشینەکان بە باتووم لە دژی خەڵک ڕادەوەستێت بەڵام لە کوردستان بە فیشەکی جەنگی و بە تەقەی ڕاستەوخۆ بەرەنگاری کۆمەڵگاکەمان دەبێتەوە. ڕوانگەی سەرەکی ئەوەیە کە کێشەکان بەنیسبەت ناوچە کوردستان جیاوازن و هەڵسوکەوتی ڕێژیمیش لەگەڵیان جیاوازە. هەموو جارێک پتر هەوڵ بۆ مێلیتاریزەکردن و سەرکوتکردنێکی وەحشیانەتر و دڕەندانەتر دەدات. بۆیە نەتەوەی کورد دەبێ زۆر هەستیارتر و وشیارتر هەوڵی لەگەڵ بدات.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە هەموی ئەم جینایەت و دڕندەییانە دوور لە چاوی جیهانیان و کۆمەڵگای مافی مرۆڤ نەکراوە و بەردەوام فیلم و بەڵگە لەسەر جینایەتەکان بڵاو کراوەتەوە کەچی چاویان لەسەر داخستووە و پێداچوونەوەیەکی ئەوتۆشیان بۆ نەکردووە و ئەوەش دەبێتە خاڵێکی نێگەتیف و شەرمەزاری و شوورەییەک بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە دەم لە جیهانیبوون دەدەن و پشتیوانی لە مافی مرۆڤ دەکەن.

لێرەدا وتەیەکی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوومان دێتەوە بیر کە دەفەرمێت: خەڵک نابێ چاوەڕێی ئەوە بن وڵاتانی دەرەکی نیشتمانمان بۆ ڕزگار بکەن، ئەوان دەتوانن یارمەتیدەر بن بەڵام ناتوانن ڕزگاریدەر بن.

بۆیە ئێمە دەبێ پشت بە خۆمان و خەڵکمان ببەستین و ڕەمزی سەرکەوتن لە یەکگرتنەدایە و نابێ هەر چاوەڕێی فریادڕەس و ناجی بین. گەورەترین ناجی و فریادڕەسی ئێمە هەر خۆمانین.

پێویستە ئەوە بخەینەوە بیری هەموو دانیشتووانی ئێران کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ئەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەنیا کورد بوو کە لە دژی ئەم ڕێژیمە وەستاونەوە و بەرانبەر بە ڕێفراندۆمە درۆیین و ساختەچییەکەی دەنگی نەخێریان بەرز کردۆتەوە، تا ئێستاش حیزب و ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان هەر لەم سەنگەری دژایەتیکردن و بەرخۆدانە وەستاونەتەوە. ئەوڕۆکە ئاستی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان گەیشتۆتە شوێنێک کە کاربەدەستانی حکوومەتی خۆیان دەزانن کە کورسیی دەسەڵات تا سەر بۆیان نامێنێت و بۆ ئەزەل و ئەبەد نامێننەوە، بۆیە هەوڵ دەدەن وەکوو زێڕ و خوێنی وڵات و هاووڵاتیان هەڵبمژن و ئێرانێکی کاول و وێران لە دوای خۆیان بەجێ بێڵن.

سەرباقی ئەوەش لێیان ڕوونە کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بە حوکمی ئەوەی کە دەزانن ناتوانن کوردستان بکێشنە ژێر ڕکێفی خۆیان بۆیە بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە دەنگی کورد کپ بکەن.

ئەگەر دەبینین کە تا ئێستا ڕێژیم هەر پەلەقاژە دەکات و دواهەناسەکانی خۆی دەدات بەڵام لەسەر کارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئاڵتێرناتیڤسازیی پێویستی بۆ نەکراوە یان ئەوە کە بەرەیەکی یەکگرتوو لە مابەینی هەموو نەتەوەکانی ئێران پێک نەهاتووە و پێویستە کە چیهرە ناودار و حیزب و ئۆپۆزسیۆنە سیاسییەکان زیاتر لێکنیزێک ببنەوە و ئەم هەستە تەکرەوی و تەمامییەتی ئەرزی بە قسەی خۆیان لا بنێن و بیر لە مەنفەعەت و بەرژەوەندیی خەڵک بکەنەوە. لاوازی لەم بەشەدا بووەتە بەرگێکی براوە بۆ کۆماری ئیسلامی و کاتی پێ دەکرێت تا بەڵکوو ماوەیەکی زیاتر لەسەر کار بمێنێت و تۆڵە لە خەڵک بکاتەوە.

٢٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ١٦ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ترس لە ژن لە شۆڕشی ژینادا



سمایل شەرەفی

لەگەڵ پەرەسەندنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆری و دواى ئەوەیکە ڕیژیم بۆی دەرکەوت کە بە سەرکوت و داپڵۆسین ناتوانێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی شەقامەکانی وڵات بەچۆکدا بێنێ، بەرپرسانی ڕێژیم بە سفارشی ژوورە فکرییەکانیان هەوڵیانداب بە جۆرێک بکەونە لامەلامەکردن و ڕێی فڕوفێڵی کۆن بگرنە بەر. ئەوەبوو کە دوای کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژەی هەر سێ دەزگای دەوڵەت، قەزایی و پارلمانی ڕێژیم بە سفارشی ڕێبەری نیزام هەوڵیان ئەوە بوو کە بە خەیاڵی خۆیان لەگەڵ ئەوەی پێداگربوون لەسەر بە "ئاژاوەگێر و تێکدەر" ناوهێنانی "شۆڕشی ژینا"، هەوڵیاندا درگای "ڕەحم" و "مێهرەبانی" بەسەر خەڵک و لایەنە بەشداربووەکانی شۆڕشەکەدا بکەنەوە. لەم پێوەندییەدا سەرۆکی پارلمانی ڕێژیم (قالیباف) لە توێی قسەکانیدا لە پارلمان وتی کە لە بەرنامەماندایە درگای دیالۆگ بەڕووی ڕەوت و جەریانە سیاسییەکانی نێوخۆدا بکەینەوە و هێندێک ڕیفۆرمی ساختاریش هەبێت. لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی دەوڵەتی ڕەئیسی ڕایانگەیاند کە پۆلیسی ئەمنییەتی ئەخلاق (گشت ارشاد) سڕ دەکرێ و لە جێیی ئۆرگانێکی دیکەی نەرم دادەنێن و موحسنی ئێژەیی، سەرۆکی دەزگای دادوەریش بە سپاس لە "دڵڕەحمی"ی جەنابی ئایەتوڵڵا خامنەیی، مزگێنیی ئازادکردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەشێک لە "ئاژاوەگێڕانی فریوخواردووی"ی بە خەڵک دا.

بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە خۆگێلکردن لە ماهییەت و نێوەرۆک و داخوازییە ڕوون و ئاشکراکانی شۆڕشەکە، پێیان وابوو بە هێندێک وردە پاشەکشێ و خۆڵ لە چاوکردن، دەتوانن وا بنوێنن کە گوێیان لە دەنگی خەڵک بووە و بە پێچانەوەی هێندێک نوسخەی غەڵەت، خەڵکی ڕاپەڕیو ڕاپێچی ماڵەکانیان دەکەن و شەقامەکان چۆڵ دەمێننەوە. بەڵام هەر زۆر زوو دەوکەوت کە نە کۆماری ئیسلامی ئێران بەو ئاسانییە مل بۆ داخوازییەکانی خەڵک کە نەمانی ڕێژیم و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و نیزامێکی دێموکراتە ڕادەکێشێ و نە خەڵک بە کەمتر لەوەی کە چەند مانگە داوای دەکەن ڕازی دەبن و واز لە مانەوەیان لە شەقامەکان دێنن.

بۆیە لە فازێکی دیکەی سەرکوتی سیستماتیکی ڕێژیمدا ڕەوتێکی دیکە لە هێرش بۆ سەر خەڵکی ڕاپەڕیو دەستی پێکردەوە و لە مانگی ڕەشەمەدا پیلانی ڕەشی هێرشی ژاراویکردنی قوتابخانەکان ئیستارتی لێ درا و لە ساڵی نوێی هەتاویدا بۆ جارێکی دیکە هەڵسوکەوتی سەرکوتکەرانەی هێزە ئەمنییەتییەکان بۆ سەر ژنان و کچان لە سەیرانگە و شوێنە گشتییەکان لە شێوازێکی دیکەدا خۆی دەرخستەوە.

نووکی ئەم هێرش و سەرکوتکارییانەی ڕێژیم زیاتر لە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ، کچان و ژنانی وڵاتە. ئەوەی ڕێژیم لە ماوەی یەک دوو مانگی ڕابردوودا بە هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانەکانی کچان و فشار بەمەبەستی حیجابی زۆرەملێ لەسەر شەقامەکان و سەیرانگەکەکاندا کردوویەتی، تۆڵەکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە ژنان و کچانی وڵات کە لە شۆڕشی ژینادا ڕۆڵی پێشەنگایەتی و ڕێبەرییان هەبوو و هەیە.

ڕێژیم کە بۆی دەرکەوت ناتوانێ بە دانی هێندێک ئاوانسی فریودەرانەی بێنێوەرۆک، خەڵک ئەهۆن بکاتەوە و ڕاپەرینەکە بەلارێدا بەرێت و ئاستی داخوازییەکانی خەڵک نزم و سووک نیشان بدات، بە پێی ماهییەتی هەمیشەیی خۆی توند و تۆڵتر دەستی دایەوە سەرکوت و تۆڵەکردنەوە. بە ئامانجگرتنی کچان و ژنانی وڵات؛ ژاراویکردنی قوتابخانەکان و پێداگریی توندی ئیمامانی منبەری مزگەوتەکانیان لەسەر ڕووپۆشی ژنان، دەقیقەن حاڵیبوونیانە لە ماهییەتی شۆڕشی ژینا و هێزی لێبڕاو ژنان لە گۆڕانکارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی کە لەم وڵاتە دەستی پێکردوە و ئارمانجەکانی تێپەڕینی سەداسەدیەتی لە نیزامی ئیدئۆلۆژیکی دینی و هەنگاونانیەتی بەرەو دنیایەکی ئازاد و دێموکرات.

شۆڕشی ژینا کە جیا لە لایەنە سیاسییەکەی هەڵگری گۆڕانکارییەکی قووڵ و بنەڕەتیی کۆمەڵایەتییە، لە ڕووی زەمەنییەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە تەبەعییەت لە بارگاوییبوونی بە گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان(سبک زندگی) و جیهانبینیی تاکی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی وڵات بۆ چۆنیەتیی تێکەڵاوبوونی بە جیهانی ئازاد بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی و ئینترنێت و تێڕوانینی بۆ هەزینەی ئەم گۆڕانکارییانە و بەراوردکردنی بە ئاکامی ڕەفتار(شۆڕش)ەکە، وا وێدەچێ بەخێرایی شۆڕشی ١٣٥٧ نەچێتە پێش. بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە جیا لە بەرەوپێشچوون و تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نییە.

بۆیە بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لایەنی هەرە توندڕەوی ئەم ڕێژیمە ئێستا لە ڕیزی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم شۆڕشەدان. مەلا توندڕەوەکان لە تریبوونەکانی مزگەوت و حوسەینییەکانەوە ڕۆژانە خوازیاری چاودێریی توندی جموجۆڵی خەڵک و بەتایبەت ڕەفتاری ژنان و کچانن و سەردارانی شەڕانخێوی سپای پاسدارانیش بە هەڕەشەکانیان تیر و شیر نیشانی گەلانی ناڕازیی وڵات دەدەن.

بەئامانجگرتنی مەسەلەی ڕووپۆشی ژنان و کچان کە وەک هێندێک بۆچوون باسی دەکەن لەوانەیە دابەزاندنی ئاستی داخوازییەکانی خەڵکی لە نەمانی دیکتاتۆرییەوە بۆ حیجابی لە پشت بێت، هەم بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەم بە نیسبەت ڕەفتاری خەڵکەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕدرێ. هەموو لایەک باش دەزانن کە پرسی سەرەکیی گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران وەک بەرپرسانی ڕێژیم بە بێڕێزییەوە ناوی لێ دەبەن؛"ڕووتبوونەوە" نییە. خەڵک نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و وڵاتێکی دێموکراتیکی دەوێ. لەم قۆناغە لە شۆڕشی ژینادا خەبات دژ بە حیجابی زۆرەملێ بە لای خەڵکی ناڕازیی وڵاتەوە، نەتەنیا بەمانای دابەزاندنی ئاستی داخوازییە سەرەکییەکان و لەبیربردنەوەیان نییە، بەڵکوو دەقیقەن لێدان لە ماهییەتی کۆنەپەرەستانە و ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییە و خودی کاربەدەستانی ڕێژیمیش ئەمەیان باش لێ حاڵییە. بۆیە بە هەموو شێوەیەک کەوتوونەتە گیانی کچان و ژنانی وڵات و پێیان وایە بە هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکان و داپۆشین و بەرتەسکردنەوەی شێوازی ژیانیان، دەتوانن لە پێشەنگایەتیی شۆڕشی ژینا بدەن و لەباری بەرن.

٢٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ١٧ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## لە ئازایەتیی کچان دەترسێ!




**ئاسۆ مینبەری**

زیاتر لە ٧ مانگە ئێران و کوردستان بووەتە گۆڕەپانی بەلـرفەی نارەزایەتییەکـان دژی چیبەتیی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران و ئەم شەپۆلە لە نارەزایەتییەکان ئەگەرچی هەندێ جار کزیی پێوە دیار بووە، بەڵام هێشتا بەردەوامە.

لەم ماوەیەدا هەموومان بینیمان کە رێژیم بە هەموو دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیەوە چۆن ویستوویەتی داخوازیی رەوای خەڵک لە رێگەی توندوتیژی و ئاکاری دژەمرۆڤانەوە سەرکوت بکات و وای نیشان بدات کە هێشتا خۆی و دەسەڵاتەکەی بەپێوەن!

ئامار و وردەکارییەکان لە نارەزایەتییەکانی چەند مانگی رابردوو کە لەلایەن ناوەندە مـافی مرۆییەکـانەوە بڵاو کـراونەتەوە بەروونی ئاستی درندەیی رێژیم بەرانبەر بە خەڵک و داخوازییە رواکانیان نیشان دەدەن. بەپێێ ئامارەکـان بەدەر لە کوژران و برینداربوونی سەدان کەس، کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵک بەهۆی تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکانەوە بینـایی چاویـان لەدەست داوە و ژمارەیەکی زۆریشیان ئێستاش بە زامی ساچمەکانی نێو لەشیانەوە دەژین و پێویستیان بە نەشتەرگەریی چەندبارە هەیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەپێی ئەو ناسینەی کە لە ڕێژیمی ئێران هەیە، هیچ ئاکار و کردەوەیەکی نامرۆڤانە لێی بەدوور نییە، هەر لەم چوارچێوەیەشدایە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا جۆرەکانی سەرکوت و توندوتیژیی بەرانبەر بە خۆپیشاندەران بەکار هێناوە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خۆپیشاندەری کردووەتە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆ و گیانی زۆر کەسی ئەستاندووە.

ڕێژیم بەپێی نەریتی کۆنی خۆی هەمیشە لە نارەزایەتییەکاندا بەنیسبەت کوردستان توندوتیژتر بووە ،چونکە پرسی کوردستان هەمیشە بۆ ڕێژیم پرسێکی ئەمنییەتی بووە و هەر جۆرە جووڵەیەک تەنانەت ئەگەر بچووکیش بوو بێت لای ڕێژیم بە مەترسییەکی گەورە بینراوە و هەوڵ بۆ سەرکوتی خەڵکیش لەوپەڕی خۆیدا بووە.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژیناشدا پرسەکە هەروا بوو، ئەگەرچی ژینا کچێکی کورد بوو و لە پێتەختی ئێراندا و بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئیرشاد گیانی لێ ئەستێندرا و چەخماخەی ئاگر و شۆڕشەکە لە کوردستانەوە لێ درا، بەڵام بڵێسەی ئەم ئاگرە هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە و هەموو کۆمەڵگەی بەنیسبەت پرسەکانی ژنان هەستیار کردەوە؛ هەر لەم پێناوەشدا بوو کە یەکەمین ژن لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا لە کرماشان بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکان گیانی لەدەست دا.

ئەوەی کە ڕێژیم چاوەڕوانی نەدەکرد، بەرەنگاربوونەوەی بەربڵاوی خەڵک و هەڵوێستی گشتیی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بوو. دژکردەوەیەکی گشتگیر کە بەتەواوەتی ڕێژیمی تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێی نەمان کرد، هەر بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئیرادەی خەڵک دەستەوداوێنی فرتوفێڵی جیاواز بوو.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا یەکێک لە خاڵە گرینگ و جێی بایەخەکان بەشداریی بەرچاوی ژنان و کچان بوو، هەر بۆیەش ڕێژیم بە هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان هەوڵی دا کچان چاوترسێن بکات و ئاگری شۆڕشەکە بەرەو کوژانەوە ببات. بەپێی هەواڵ و ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان ڕۆژانە هێرش دەکرێتە سەر قوتابخانەکانی کچان و بە ماددەی شیمیایی هەوڵی ژارخواردووکردنیان دەدرێت کە ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە گیانلەدەستانی قوتابییانیشی بەدواوە بووە. ئەم کردەوەیە، ڕەنگە لە جۆری خۆیدا نوێ بێت بەڵام چاوەڕوانکراو بوو لە دەسەڵاتێک کە بە زۆر خۆی سەپاندووە و هەر لە سەرەتاوە هیچ ڕەواییەکی نەبووە و بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی لە هەموو شێوازێکی توندوتیژی کەڵکی وەرگرتووە، هەموو کردەوەیەک چاوەڕوانکراوە.

لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمدا شایەتحاڵان دەگێڕنەوە کە چۆن ڕێژیم بە ناردنی تیمی تایبەت بۆ ئەو گوند و شوێنانەی دژایەتییان لەگەل ڕێژیم زۆر بوو و هەر لە سەرەتاوە متمانەیان بەم ڕێژیمە نەبوو، هەوڵی نەزۆککردنی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژنانیان دەدا تاکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانێ پێش بە بەردەوامبوونی نەسڵەکان بگرێ و نەهێڵێ نەوەی داهاتوو لەسەر ڕێچکەی باوباپیرانیان درێژە بە خەبات لەپێناو ئازادیدا بدەن. ئێستا پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٤ دەیە، کۆماری ئیسلامی دڕندەتر لە ڕابردوو، دەستی بۆ کردەوەی قێزەونی ژارخواردووکردنی قوتابییان بردووە تاکوو بە خەیاڵی خۆی کچان لە خەباتی شوناسخوازی، مافویستی و داخوازییە ڕەواکانیان پاشگەز بکاتەوە.

بێگومان دەرمانداوکردنی کچان کردەوەیەکی مەترسیدارە و دەتوانێ لەسەر داهاتوویان کاریگەریی نەرێنیی هەبێ بەڵام ئەم کردەوەیە هیچکات ناتوانێ ئیرادەی ئەم توێژە بەچۆکدا بێنێت. ئەم کردەوەیەی ڕێژیم ئاماژەیەکی ڕوون بۆ دەستەوەستانی ڕێژیم بەرانبەر بە ئیرادەی کچانێکە کە دەزانێ لە داهاتووشدا هەر گەورەترین مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتە نگریسەکەی دەبن، ڕێژیم لە ئازایەتیی کچان دەترسێ چونکە ئەوان بوون کە بە لابردنی سەرپۆشەکانیان هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتی سیستماتیکی ژنان بەرەنگاری ڕێژیم و دەسەڵاتەکەی بوونەوە و هاواری پەنگخواردووی خۆیان کرد بە گڕکانێک بۆ لەنێوبردنی ئەم دەسەڵاتە.

ئەوەی کە لەم قۆناغەدا گرینگە، یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستیی خەڵک بەرانبەر بە کردەوە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمە و هەر ئەو خەڵکە هەمیشە سەلماندوویانە کە هیچکات لە بەرانبەر ڕێژیم و دڕندەیییەکانیدا بێدەنگ نابن و بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە بەردەوام ئەگەرچێ هەوراز و نشێوەکان زۆریش بن!

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢١ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و ڕێکخراو




**سمایل شەرەفی**

ڕۆژی جێژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ بۆ بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و خەڵکی کوردستان بە گشتی، دەرفەتێکی تایبەت بوو کە جارێکی دیکە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خۆیان لە لایەک وەفادارییان بە ڕێبازی شەهیدان و گیانفیداییان نیشان بدەن و لە لایەکی دیکەوە پەیامی بەردەوامیی و زیندووبوونی ئەم ڕاپەڕینە بە گوێی هەموو لایەکدا بدەن.

لەم دەرفەتەدا خەڵک وێڕای بەسەرکردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و کۆبوونەوەیان لەسەر گڵکۆی شەهیدان، بە کردەوە سەلماندیان کە ئەوانەی لەپێناو خاک و خەڵکی خۆیاندا گیانفیدایی دەکەن، بۆ هەمیشە لە دڵ و یادەوەرییەکاندا دەمێننەوە و دەبنە سەرمەشقی ژیان و خەباتی ئەوانەی دوای خۆیان و نەسڵەکانی دیکە. لەم سەردانانەدا نەسڵی نوێی کۆمەڵی کوردەواری بە بەشداریی بەرچاو و چالاکانە و خۆڕازاندنەوەیان بە جامانە و هەوری و وتنەوەی سروودەکانی "ئەی شەهیدان" و "نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین"، سەلماندیان کە خوێنی بەناحەقڕژاوی ئەوانەی کە تەنیا تاوانیان ئازادییخوازیی و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی بەختەوەر و ئینسانی بوو، نەتەنیا بە فیڕۆ ناچێ، بەڵکوو دەبێتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەوێنی لێبڕاوی و دەروەستبوونی نەسڵەکانی دیکە بە خاک و خەڵکی ئەم نیشتمانە.

لەم ڕێوڕەسمانەدا بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان وێڕای شانازیکردن بە ڕۆڵە شەهیدەکانیان کە لەپێناو بەها و ئەرزشە بەرزە ئینسانی و نیشتمانییەکاندا گیانیان بەخت کردووە، بە بەشداریی جەماوەری خەڵک لە ڕێوڕەسمەکانی سەر گڵکۆی شەهیدەکان گەزگەز باڵایان کرد و ڕاستەوخۆ بۆیان دەرکەوت کە شەهیدەکانیان تەنیا هی ئەوان نین، بەڵکوو "قارەمان" و "شەهیدی کوردستانن."

لە فۆرم و شێوازی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی سەر گڵکۆی شەهیداندا بۆمان دەردەکەوێ کە کۆمەڵگەی کوردستان چەندە خاوەن بیرۆکە و داهێنانی جوانی ئەمڕۆییە. کۆمەڵگەیەک کە بەشێوەیەکی خۆڕێکخراو هەوڵ دەدات لە هەموو دەرفەتێکدا بە خۆنیشاندان، خۆبەخاوەنزانینی پرسەکان، خۆدوورخستنەوە لە بێ تەفاوەتی و کەمتەرخەمی و ناڕازایەتیدەربڕین دژ بە زوڵم و بێدادیی دوژمن و خۆفرۆشیی هێندێک مۆرەی نەفس نزمی خۆماڵی، کەڵک وەربگرێت. بنەماڵەی شەهیدان و بەشداربووانی دیکەی سەر گڵکۆی شەهیدان بە خۆڕازاندنەوەی خۆیان و منداڵەکانیان بە جل و بەرگی جوانی کوردی و کەڵکوەرگرتن لە هەوری و جامانە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕێوڕەسمەکاندا مانا و مەفهوومێکی تایبەتی وەرگرتووە، هەوڵیاندا پەیامی ژیانەوە و قبووڵنەکردنی مەرگ و نەهامەتی بە گوێی دوژمناندا بدەن. ئەوان بە بەرزکردنەوەی درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەلماندیانەوە کە دڵی شۆڕشی ژینا هەر لە کوردستانەوە لێ دەدا و بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، شۆڕشی ژینا هەروا زیندوو و بەردەوامە.

دووپاتبوونەوەی درووشمی ئاشنا و لەبەردڵانی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" کە لە زۆربەی ئەم ڕێوڕەسمانەدا چەندین پاتە دەبووەوە، پەیامێکی دیکەی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ بەرزیی و گەورەیی پێگەی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕەگ و ڕیشەی بە تان و پۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆچووە و بۆتە بەشێک لە کلتووری سیاسی و فەرهەنگیی ئەم میللەتە. ئەم پەیامەی خەڵکی کوردستان کە لە هەموو بۆنە و دەرفەتێکدا دووپاتە دەبێتەوە ئەگەر لە لایەک بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێی فەخر و شانازییە، لە لایەکی دیکەوە قورسایی بەرپرسایەتییەکی مێژوویییە کە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بەردەوام هەوڵیانداوە بە گرتنەبەری هەڵوێست و سیاسەتی درووست و بەرپرسانە خۆیان بەرانبەری بە بەرپرسیار و دەرووەست بزانن.

هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و وتنەوەی سروودەکانی "ئەی ڕەقیب " و "خوایە وەتەن ئاواکەی" لە سەر گڵکۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەهیدانی شۆڕشی ژینا کە هەر هەموویان بەشێکن لە هێما وپێناسەکانی شوناسی نەتەوەیی، دەرخەری ئاستێکی بەرز و گەشەسەندووی هوشیاریی نەتەوەییە. ئەمە ئەگەر لە لایەک نیشانەی خاوەنداریێتیی کۆمەڵی کوردەوارییە لە پرسێکی گەورەی نەتەوەیی کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسیی نەتەوەییدا بوون و بەردەوامیی هەیە، لە لایەکی دیکەوە پەیامێکی ڕوون و پڕ لە قسەیە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە بە ئەقڵییەتێکی تەواویەتخوازانەوە هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە حاشا لە فرەنەتەوەیی وڵاتی ئێران و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و گەلانی دیکە بکات. ئەمە وڵامێکی پەتییە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە بە خەیاڵی خۆیان دەیانهەوێ - ئاخوندئاساکان کە سواری شەپۆلەکانی شۆڕشی ٥٧ بوون — نێوەرۆک و ماهییەتی شۆڕشی ژینا نادیدە بگرن و ئەقڵییەتی تەواویەتخوازیی خۆیان بەرەوپێش بەرن کە بێگومان وەک دەرکەوت، جیا لە مایەپووچبوون دەسکەوتێکی دیکەیان عایید نابێ.

کۆمەڵگەی کوردستان کە لە شۆڕشی ژینادا ڕۆڵی پێشەنگایەتی گێڕا و پەیام و درووشمە مودێڕنەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"ی تێدا لە دایک بوو، بە حوکمی زیندووبوون و ڕێکخراوبوونی و هەروەها بە هۆی بزووتنەوەیەکی لەمێژینەی نەتەوەیی و حیزبێک کە خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی وەک کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، لە درێژەی خەبات بۆ ئازادی و دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانیدا تەسلیمی هیچ نیزام و ئەقڵیەتێکی سەرکوتکەر، کۆنەپەرەست و تەواویەتخواز نابێت و خاوەنداریێتی لە مان و مەوجوودیەتی خۆی دەکات.

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٣ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# درێژەی شۆڕش



بابەک ناسری

ئەوەی لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە ئێراندا بەڕوونی پێشبینی دەکرا و دوایەش ئەو دڵنیاییەی لێ کەوتەوە ئەوە بوو، کە بارودۆخی کۆمەڵگە هەرگیز بۆ سەردەمی پێش خەرمانانی ١٤٠١ ناگەڕێتەوە. شۆڕشێک کە سەرەڕای بەستێنە لەبارەکانی بەڵام بەو بەربڵاوییە بە هیچ شێوەیەک بۆ دەسەڵاتی پاوانخوازی ئاخوندی چاوەڕوانکراو نەبوو، خەریکە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەدا پێکدێنێ.

لاوازیی کۆمەڵایەتی، ناکارامەیی دەوڵەت، پێشێلکاریی ئاشکرای مافی هاووڵاتیان، بەربڵاوبوونی هەژاری و بێدەرەتانیی ئابووری کە هەرگیز هەوڵێکی جیددی بۆ چارەسەرکردنی نەدرا و بە دەیان کێشەی هەڵپەسێردراوی دی کە بوونە هۆی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە، هەموو پلان و پیلانەکانی حاکمییەتی شێواند و بەسەر یەکی دادان.

ڕەشەکوژی لە کوردستان و هەینیی ڕەش و خوێنینی زاهیدانیش نزیکبوونەوەیەکی کەموێنەی لەنێو خەڵکی ئێران و نەتەوە جیاوازەکانی نێو ئەو جوغرافیایەدا پێکهێنا. ئەوەش خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی تا ڕادەیەک تووڕە کرد کە لە وتارێکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نهێنیدا فەرمان بە هێزە مرۆڤکوژەکانی بدات لە کوشتاری خەڵکدا سڵ نەکەن و دەست لە منداڵیش نەپارێزن. هەر ئەوەش کۆڵەکە لەرزۆکەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی ئەوەندەی دی لە تێکرمان نزیک کردۆتەوە.

لە گەرمەی ڕووداوەکانی شۆڕشدا و بەمەبەستی فریودانی ڕای گشتی و بەلاڕێدابردنی ئاراستەی سەرەکیی شۆڕش شایەتی چەند هەوڵێکی نزۆک لەلایەن حکومەتەوە بووین کە بەهۆی ڕیسوایی خۆیان و ژیری و وشیاریی خەڵکەوە سەرکەوتوو نەبوون و تێیدا مایەپووچ هاتنەوە. هەرچەند لە ئیستاشدا دەزگای پرۆپاگاندای ڕێژیم لە هەوڵی دانانی خاڵی کۆتایی لەسەر ئەو شۆڕشەن و بانگەشەی زاڵبوون بەسەر دۆخەکەدا دەکەن، بەڵام وەک دەبینین خەڵک هەر بۆنە و دەرفەتێک دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی لە ڕێژیم ڕاسێن و بە هەر شێوەیەکی مومکین نارەزایەتیی و بێزاریی خۆیان دەربڕن.

حکومەت بۆ دەربازبوون لە مەترسیی ڕووخان و چارەسەریی کێشە نێوخۆییەکان ناچار بوو دەستەوداوێنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی بەرجام بێ و بۆ پاڵپشتیکردنی ڕێژیم پشت بە هێزی سیاسی و نیزامیی چین و ڕووسیە ببەستێ. بێگومان ڕێککەوتنی لەڕووی ناچاری لەگەڵ عەرەبستانیش کە هەر لەجێدا ئاڵۆزی و گرفتی تایبەت بە خۆی هەیە و پاشان سەفەری نوێنەری تایبەتی خامنەیی بۆ هەندێ وڵاتی دراوسێ بە مەبەستی گرتنەبەری هەندێ ڕێوشوێنی ئەمنییەتی، دوایین پەلەقاژەکانی ڕێژیم بێ کە دەرەنجامەکانی لە داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە. کەچی سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵە نێوخۆیی و دەرەکییانەی ڕێژیم بارودۆخی گشتیی کۆمەڵگە بە بەراورد لەگەڵ سەرەتاکانی شۆڕشی ژینادا ئاڵۆگۆڕێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە، قەیرانەکان کەمتر نا، بەڵکوو زیاتریش بوون و هەمدیسان حکومەت دەستەوەستان ماوەتەوە.
لە بەرەیەکی دیکەشدا، ناوەندە نێونەتەوەییەکان و چالاکانی سیاسی لە هەموو دنیادا، بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین و بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی ئەو هەموو پێشێلکارییە ئاشکرایانەی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، هەوڵێکی بەرین و بێوچانیان بۆ وەلامدەرکردنی کۆماری ئیسلامی دەست پێ کردوە و هەر ئەوەش تووڕەییەکی گشتیی زێدەی لە بەرانبەر حکومەتدا پێک هێناوە.

سیناریۆی تێرۆری بەکۆمەڵ و بیولۆژیکیی قوتابیان و خوێندکارانی کچ کە تا ئێستا زیاتر لە سێزدە هەزار کەسی لە نەخۆشخانەکان خستووە، خۆی جۆرێک لە خۆکوژیی حکومەتێک دەچێ کە خەریکە دوایین هەناسەکانی خۆی تەی بکات. بەردەوامیی دەرمانداوکردنی قوتابییان بەر لە هەر کەس بنەماڵەکانیانی تووڕە و هەراسان کردووە و بۆ دەربڕینی ئەو بێزارییە گشتییە دەبێ چاوەڕێی شەپۆلێکی نوێی نارەزایەتییەکان لە ڕۆژانی داهاتوودا بین. هەروەها پێشبینی دەکرێ لەسۆنگەی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی هەڵاوسان (تورم) کە لە سنووری پەنجا لە سەدیش تێپەڕیوە، شەپۆلەکانی دواتری شۆڕشی بەدوادا بێت و لافاوی بەربڵاوی تووڕەیی و بێزاریی خەڵک لەگەڵ خۆیدا بێنێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

فرەیی و لەسەریەک کەڵەکەبوونی کێشە ئابووری و سیاسییەکان لە نێوخۆ و قەیرانی نەبوونی مەشرووعییەتی نیزام لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هاوکات لەگەڵ بڕیارە نادروستەکانی دەسەڵاتداران، گرێیەکی نەکراوەی بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامییە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕێژیمەی لاوازتر کردوە. هەروەها کێشەی حیجابیش لەو گرفتە بێ کۆتاییانەی حکوومەتە کە نە بۆی چارەسەر دەکرێ و نە توانای دەربازبوونیشی لەو گرێ ئیدئۆلۆژییە هەیە.

کەوتنەسەریەکی ئەو هەمووە کێشە و گرفتە جۆراوجۆرانە دەریایەکی لە قەیران بۆ کۆماری ئیسلامی پێک هێناوە کە درەنگ یا زوو ئەم ڕێژیمە لە نێو خۆیدا قووت دەدات. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لە لێواری خنکان دایە و وێناچێ ئەو دەموساتەش زۆر بخایەنێ.

٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## حیجابی زۆرەملێ و شۆڕشی ژینا



**ڕەزا دانشجوو**

وتاری ئەم دواییەی عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە حیجابی زۆرەملێ، چەند خاڵێکی گرنگی تێدایە کە دەتوانێت بەشێک لە لایەنە شاراوەکانی ئەو پرسە ڕوون بکاتەوە.

خامنەیی لەم وتارەدا بەڕوونی هێڵێکی سووری بۆ نەیارانی حیجابی ئیجباری کێشا و بە حەرامی شەرعی و سیاسی وەسفی کرد. بە پێچەوانەی هەموو وتارەکانی پێشووی خامنەیی کە بە گشتی لە حاڵەتە هاوشێوەکاندا لانیکەم لە قسەکانیدا دوولایەنە باسی حیجابی دەکرد، بەم شێوەیەی کە لە هەمان کاتدا کە جەختی لەسەر حیجابی زۆرەملێ دەکردەوە، هەمیشە داوای دۆزینەوەی چارەسەری فەرهەنگیی بۆ کێشەی حیجاب دەکرد؛ بەڵام ئەمجارە زۆر بەڕاشکاوی داوای بەربەرەکانیی لەگەڵ ئەم کەسانە کرد کە ڕێز لە حیجابی دەستوری ناگرن. خاڵێکی تری گرنگی قسەکانی خامنەیی بەکارهێنانی دەستەواژەی "حەرامی سیاسی" بوو. وشەیەک کە ڕەنگە بۆ یەکەمجار لەنێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان باسی لێکرابێت!! وشەیەکی تەواو بێمانا و ناڕوون. لە کاتێکدا خامنەیی لە هەموو وتارەکانی پێشوویدا سەبارەت بە حیجاب، جەختی لەسەر شەریعەت و دین و بەکارهێنانی ڕاسپاردە، فەرمووده و قسەکانی کەسانی ئایینی بوو، بەڵام ئەمجارەیان بەڕوونی هەڵوێستێکی تەواو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سیاسیی لەبارەی حیجابەوە گرتەبەر. بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە و هۆکارەکانی، سەرەتا ئاوڕێک لە مێژووی حیجاب و داپۆشین لە ئێران دەدەینەوە و لە کۆتاییدا وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگە دەدەینەوە کە هۆکاری گرنگیی حیجاب بۆ کۆماری ئیسلامی و عەلی خامنەیی چییە؟

## مێژووی حیجاب لە ئێران

حیجاب وەک وشە بە واتای پەردە و بەربەست دێت و لە ڕوانگەی مرۆڤە ئایینییەکانەوە، ڕووپۆشێکی تایبەتە کە بەپێی فێرکارییە ئایینییەکان پێویستە ژنان ڕەچاوی بکەن، هەرچەندە لە باسی حیجابدا شەریعەت تاقمێک سنووری بۆ پیاوانیش دیاری کردووە، بەڵام ئەوەی بەگشتی وەک حیجاب ئاماژەی پێ دەکرێت تایبەت بە ژنانە. دیارە وشەی حیجاب وشەیەکی ئیسلامییە و پەیوەندی بە سەردەمی دوای ئیسلامەوە هەیە و ئەوەی پێشتر هەبووە پۆشاکێکی تایبەت بووە کە لە هەموو قۆناغێکدا بەپێی تایبەتمەندییەکانی کاتی لەنێو خەڵکدا باو بووە. بۆ نموونە لە کتێبی "جلوبەرگی دێرینی ئێرانییەکان" لە نووسینی "جەلیل زیاپوور" لەبارەی جل وبەرگی ژنانی سەردەمی ماد هاتووە: "ئەو بنەمایەی پێویستە لە بەرچاو بگیرێت ئەوەیە کە بەپێی ئەو پەیکەرانەی پێش زایین دۆزراوەتەوە، جلوبەرگی ژنانی ئەو سەردەمە کەمێک لە جلوبەرگی پیاوان جیاواز بووە." نووسەر لە درێژەدا باس لەوە دەکات: "ژن و پیاو بە جیاوازیی نێوان سەرپۆشەکانیان جیا دەکرێنەوە. وا دیارە ژنانیش شتێکیان لەسەر سەریان داناوە و قژی درێژیان لە ژێرەوە دیارە." بە کەڵکوەرگرتن لە بەڵگە دۆزراوەکانی سەردەمی ساسانی وەک قاپ و پلێتی زیو، دەتوانێت بگوترێت کە یەکێک لە گرنگترین ڕووپۆشەکان بۆ ژنان شتێکی وەک چارشێو بووە. بەکارهێنانی چارشێو لەم قۆناغەدا وەک قۆناغەکانی پێشوو نەبووە و هەندێک جار ژنان چارشێوەکانیان لە نیوقەد یان لەسەر شانیان بەستووە کە لە مۆتیڤەکانی کەوانەی بۆستان لە کرماشان لەسەر شانی "ئاناهیتا"دا دەبینرێت.

لە سەردەمی دوای ئیسلام لە ئێران، بە هۆی نەبوونی حکوومەتێکی سەربەخۆ و لە ڕاستیدا جۆرێک لەژێر سەرپەرشتی بوونی خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسیدا، فەرمان و دەستوری خەلیفە شێواز و جۆری جلوبەرگی دیاری دەکرد. مەشرووتە و بزووتنەوەی ڕوناکبیری لە ئێران شەپۆلی یەکەمی دژایەتی حیجابیان خوڵقاند. لە کاتێکدا لە سەردەمی قاجاردا، جگە لە دیوەخانی پاشا، تەنانەت لە کۆشکی شاشدا، ژنانی و خزمەتگوزارانی شا پێویست بوو حیجابی تەواو بپارێزن، بزووتنەوەی ڕووناکبیری دوای سەردەمی قاجار توانی تا ڕادەیەک دۆخەکە بگۆڕێت.

دوای هاتنە سەرکاری پەهلەوی و لەژێر سیاسەتە "ئێرانی کۆن "دا، ئەمجارە شێوازی کارلێککردن لەگەڵ حیجابدا بەتەواوی گۆڕا، ئێستا حیجاب قەدەغە کرابوو، گۆڕانکارییەک کە بەهۆی تێڕوانینی کاڵفامانەی پەهلەوی بۆ هەلومەرجی کۆمەڵگە بوو بە کێشەیەکی تەواو گەورە و دوو جەمسەری لەنێو خەڵکی کۆمەڵگەدا دروست کرد. مۆدێرنیتەی دەستووری ڕەزاخانی بە هیچ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شێوەیەک ئەو شتە نەبوو کە ڕووناکبیرانی سەربەخۆ بەدوایدا دەگەڕان. ململانێ لەگەڵ حیجاب لە سەردەمی دووەمی پەهلەویدا بەردەوام بوو و پۆشینی حیجاب بوو بە دژە بەها. نەپۆشینی حیجاب نیشانەی ڕووناکبیری بوو و حیجاب نیشانەی دواکەوتوویی. لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ٥٧ وهاتنە سەرکاری خومەینی، ئەو کەشوهەوای دوو جەمسەرییەی لە سالانی دەسەڵاتی پەهلەویدا دروست ببوو، ئەمجارە لە دیوەکەی تەروە پەیڕەو کرا. خومەینی بە یارمەتیی ئەم فەزایە بەردەستە زۆر زوو هێرشی کردە سەر حیجابی ئیختیاری و لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی 57 دا ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر بە پێگەی حیجاب لە کۆمەڵگەدا ڕاگەیاند و خوازیاری ڕەچاوکردنی حیجاب لە هەموو شوێن و فەرمانگەکاندا بوو.

هەرچەندە تا ساڵی ٦٢ هەتاوی بە کردەوە هیچ یاسایەک سەبارەت بە حیجابی ئیجباری نەبووە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی بێ حیجاب هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردووە. سەرەڕای دەربڕینی دژایەتیی و ناڕەزایەتی لەلایەن بەشێکی زۆر لە گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت ژنان، لە هەموو سالانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ کاتێک ڕێژیم ئامادە نەبووە پاشەکشە لە یاسای ئیجباری حیجاب بکات.

## حیجابی زۆرەملێ و شۆڕشی ژینا

یاسای حیجابی زۆرەملێ وەک پێناسەی حکوومەتی، تەنیا تایبەتە بۆ کۆماری ئیسلامی و تالیبان و بەدەر لەو دوو دەسەڵاتە ساختەیە، لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامیدا بوونی نییە. تەنانەت سعوودیە، وەک وڵاتێک کە میوانداریی پیرۆزترین شوێنە ئیسلامییەکان دەکات و ساڵانێکە نازناوی سەرکردەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەگەڵدایە یاسای حیجابی زۆرەملێ هەڵوەشاندەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی هێشتاش بە پاراستنی حیجابی ئیجباری پابەندە. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ژنانی ئێران دژایەتیی خۆیان بۆ یاسای حیجابی ئیجباری دەربڕیوە.

هەرچەندە لە سالانی سەرەتای کۆماری ئیسلامیدا، وەک گوتمان، بە هۆی ئەو جەمسەرگیرییەی کە پەهلەوییەکان دروستیان کرد، نەیارانی حیجابی ئیجباری بەشێکی کەم لە کۆمەڵگە و زۆرتر چینی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بوون، بەڵام لە درێژەی ساڵاندا، ژنانی ئێرانی توانییان ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەدا پێناسە بکەنەوە و زۆر زیاتر لە ڕابردوو لە بوارەکانی جیاوازدا ئامادە بن و بەئاشکرا بۆ وەرگرتنەوەی مافە دەستبەسەرداگیراوەکانیان خەبات بکەن. ئەم خەبات و تێکۆشانە هەمیشە ڕەوتێکی تەواو پێشکەوتووخوازانە و بەرەو سەرەوەی هەبووە. کوشتنی جەرگبڕی ژینا ئەمینی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی ئیجباری، خاڵی وەرچەرخان بوو لە خەباتی ژنانی ئێرانی دژ بە حیجابی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زۆرەملێ.

بوونی دیار و بەرچاوی ژنان لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" لە هێڵی پێشەوەی خەبات دژی دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهـ و هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە ئازادییە ڕەواکان یەکێک لە دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی شۆڕشی ژینایە. ژنێک کە ئێستا لە دەرەوەی چوارچێوەی نەریتە پیاوسالارییەکان و بە یارمەتیی تواناکانی، ڕۆڵی خۆی لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا پێناسە دەکاتەوە. لابردنی ڕووسەری و لەچەک کە لە کاتی بە خاکسپاردنی ژینا دەستی پێ کرد، هەر زوو بوو بە تەحەدای شۆڕشگێڕانە بۆ ژنانی شۆڕش، ئەو ژنانەی کە لابردن و سووتاندنی لەچەک و ڕووسەرییان زۆر زیاتر لە ناڕەزایەتییەک لە دژی حیجابی ئیجباری دەزانن، لە ڕاستیدا، بەلای ئەوانەوە هێرشکردنە سەر حیجابی زۆرەملێ هێرشکردنە سەر نۆرم، فەرمان و بەهایەک کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ دیاریی کردووە.

ئێستا دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە هۆکاری هەڵوێستی توندی عەلی خامنەیی بەرامبەر بە دۆخی حیجاب لە کۆمەڵگەدا چییە، ئەوەی کۆماری ئیسلامی و سەرکردایەتییەکەی لێی دەترسن، بەدڵنیاییەوە بوون یا نەبوونی حیجاب نییە! ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی حوکمڕانی شەرمەزارانەی خۆیدا، نیشانی داوە کە تاکە هێڵی سووری ڕاگرتن و پاراستنی تاج و تەختی وەلایەتی فەقیهە و باقی بابەتەکان هەمیشە جێی باس و پشتگوێخستنن. ئەو ڕژیمەی کە تەسلیمبوون وەک "نەرمی نواندنی قارەمانانە" لەبەردەم "شەیتانی گەورە"دا باس دەکات و کاتێک نەگاتە کۆتاییەکی باش، جارێکی تر پەنا بۆ لای شەیتان بردن ڕەوا دەزانێت! دەسەڵاتێک کە ڕۆژێک دروشمی وێرانکردن و خاپوورکردنی ماڵی سعوودیە دەدا و ڕۆژی دواتر بە یارمەتیی هاوڕێی کۆمۆنیستی لەگەڵ سعوودی لەسەر یەک سفرە دادەنیشێت، بەدڵنیاییەوە جگە لە پاراستنی دەسەڵاتی خامنەیی هیچی تری بۆ گرنگ نییە.

لە ڕاستیدا کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ لابردنی حیجاب ئەوەیە کە ژنە تێکۆشەرەکان هەرگیز بە ئازادکردنی حیجاب ڕازی نابن و ئەمەش تەنیا سەرەتای ڕێبازەکەیە و لەنێوبردنی ڕێژیم ئامانجی سەرەکییە. ئەوەی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێت، دارمان و ڕووخانی یەک لەدوای یەکی ئەو نۆرمە ساختەیانەیە کە ڕێژیم وەک بەها و ئەرزش بۆ خەڵک پێناسەی کردووە و ساڵانێکە لە پشت ئەو بەهایانە خۆی حەشارداوە. خاڵێکی تر کە بۆ کۆماری ئیسلامی گرنگە، ئەو بەشە توندڕەوی مەزهەبییە کۆمەڵگەیە کە تەنیا بە هۆی ئەو نۆرمانەوە بە کۆماری ئیسلامییەوە پەیوەستە. دیارە لادانی کۆماری ئیسلامی لەم بەهایانە دەبێتە دوورکەوتنەوە و نەمانی ئەم بەشە لەگەڵ ڕژیم. هەرچەند ڕێژەی ئەم لایەنگرانەی کۆماری ئیسلامی زۆر نییە، بەڵام بۆ ڕێژیمێک کە کەس لە دەوروبەری خۆی نابێت، مانەوەیان زۆر گرنگە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی ژینا خەریکە پەردەلادانە، بەڵام نەک لە ڕووخساری ژن، لە ڕووخساری ئەو دەسەڵاتە دڕندە و خوێناوییەی کە ساڵانێکە خەریکی لەنێوبردنی هەموو نۆرمەکانی ئینسانی و ڕاستەقینەکانی ژیان لە پشت تاقمێک بەهاگەلی درۆ و ساختەییە. کچ و کوڕانی نەوەی نوێی شۆڕشی ژینا هەمان منداڵە براش و بوێرەکەی چیرۆکی "هانس کریستیان ئەندەرسۆن"ن کە حیجاب و پەردەکانیان فڕێ داوەتە لایەک و هاوار دەکەن کە: "دیکتاتۆری پیر ڕووتە و هیچی لەبەردا نییە".

**٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٦ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## چینی بنیاتنەر بەڵام پەراوێزخراو



**عەلی بداغی**

ساڵی نوێ بۆ کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێران لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا دەستی پێ کردووە. گرانی، نەبوونی ئەمنییەتی کاری، نەبوونی بیمە و نەبوونی ئیمەنی و پاراستن لە شوێنی کار تەنیا چەند کێشەیەکی بەردەم کۆمەڵگەی کرێکاری لە وڵاتە.

بێبەشی و بێئەنوایی چینی کرێکار لە ئێران و خراپتربوونی ساڵ بە ساڵ دۆخی ئەوان لە حاڵێکدایە کە کرێکاران وەک چینێکی دیاری کۆمەڵگە ڕۆڵی زۆر بنەڕەتییان لە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧دا هەبوو کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. بە جۆرێک کە خومەینی توانیبووی بە دروشمی بریقەداری وەک "نەهێشتنی کاخنسینی"، "بەخۆڕایی کردنی ئاو و برق و هاتوچۆ" و "خاوەنخانوو"کردنی هەموو کرێچی و بێلانەوماڵەکان سەرنجی زۆرینەی ڕەهای کرێکاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەم جۆرە کرێکارەکان بە مانگرتنە سەرانسەری و بەردەوامەکانیان، خومەینییان لە "نۆفێل لۆشاتۆ"ی پاریسەوە هێنایەوە جەماران و گەیاندیانە ترۆپکی دەسەڵات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کـۆمەڵگەی کرێکـاریی ئەوکـاتی ئێـران کە بە هیـوای چاکسـازی لە قـانوونی کـار، نەهێشـتنی هەڵاواردنـی ڕەگەزی، جێبەجێبـوونی کۆنڤانسـیۆنەکانی پێوەندیـدار بە مـافی کرێکـاران، مـافی پێکهێنـانی سـەندیکای سـەربەخۆی کرێکـاری، کەمکـردنەوەی سـەعاتی کـاری حەوتـووانە، زیـادکردنی مز و حەقدەست و پاداشـتی سـاڵانەیان بەشدارییان لە شـۆڕش و سەرخستنیدا کردبوو، هەر زۆر زوو مزی ئەو پاڵپشتییەیان وەرگرت: لە یەکەم بەهـاری دەسـەڵاتی کۆماری ئیسلامی و لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ١ـی مەی، ڕۆژی جیهـانیی کرێکـاردا ڕێکخراوە کرێکارییەکـان کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوت و "خـانە کـارگر" کە لەلایەن کۆمەڵێـک سـەندیکا و شـوڕای کرێکـارییەوە دروست کرابـوو، کەوتە بەر پەلامـاری "حیزبوڵڵایی"ەکـان و دەستی بەسـەردا گیرا! بەم جـۆرە هەتـا ئێسـتاش شەڕ و ملبەملەی کـۆمەڵگەی کرێکـاری کە داخـوازی مافەکانیـانن و کۆمـاری ئیسلامی کە حاشایان لێ دەکا و پەراوێزیان دەخات، درێژەی هەیە.

کرێکاران لە ئێران لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە ڕیزی پێشـەوەی قوربانییـانی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێـژیم لە نـاوچەدان. بە واتـایەکی دی حەشـیمەتی کرێکـاری بەر لە هەمـوو چین و تـوێژێکی دیـکەی کـۆمەڵگە تێچـووی سیاسـەتی چەوتـی ئـابووری و بانکـداریی ڕێـژیم، گەنـدەڵی و ناکـارامەیی کـارگێڕانی حکوومەت و لێکەوتەکـانی گەمـارۆ دەرەکییەکانی سەر ڕێـژیم دەدەن. کێشـەکانی ئەمسـاڵی کـۆمەڵگەی کرێکـارییش درێژکـراوەی هەر هەمـان ئاریشـەکانی سـاڵانی رابردوویـانن: کەمیـی مـووچە و دواکەوتـن و نەدرانـی ئەو کەمە مـووچەیەش، قەیرانـی ئـابووری و مـۆتەکەی بێکـاریی چاوەڕوانکراو، گرێبەستی سپی و کـاتی لە بەرژەوەنـدیی خاوەنکـار، بیمەنەکران -چـونکی یەک لە سێ کرێکـاران لە ئێران بیمەن- و نەبوونی ستانداردەکانی پاراستنی ئەمنیەتی گیانی لە شوێنی کار.

چینی کرێکار لە ئێران سەرەڕای شوێنندانەریی زۆریان لەسەر کەمی و زۆریی ئاستی بەرهەمهێنـان لە وڵاتـدا، بەڵام کەمترین پشکیان لە بەری ڕەنج و ماندووبوونیان پێ نابڕێ. مووچە و حەقدەستی کرێکاران لەمساڵدا کە نرخی هەڵاوسان لە سەتا پەنجا بەرەوژوور هەڵکشاوە و لە بارودۆخێکدا کە هێڵی هەژاری بۆ بنەماڵەیەکی چوار کەسی لانیکەم ١٤ میلیۆن تمەن دیـاری کـراوە، وەڵامـدەری سـەرەتاییترین پێداویسـتییەکانی ژیـانی بنەمـاڵەیەکی کرێکـار نییە. دەردی سـەرباری دەردانیش کاتێک دەگاتێ کە ئەو کەمە مز و مووچەیەشیان بەوەخت نادرێتێ و بە چەند مانگ دوا دەخرێت.
کۆمەڵگەی کرێکـاری لە ئێـران مـافی دامەزرانـدنی ڕێکخـراوەی سـەربەخو، ئـازاد و سینفیی نییە و ڕێکخراوەکـانی وەک "شـوڕا ئیسلامییەکانی کار" هەموو کاتێک لە بەرژەوەندیی خاوەنکار و دەوڵەتدا دەجووڵێنەوە، بۆیەشە هەمـوو ڕۆچنەیەکـی یاسـایی بـۆ دادخـوازی لە کرێکـاران داخـراوە و نـاڕەزایەتیی مەیـدانیی کرێکـارانیش بە زەبروزەنـگ و گـرتن و بەنـدکردن وەڵام دەدرێتەوە. هاوکات دیاردەی کاری منداڵان، هەڵاواردنی ژنـان لە بـازاڕی کـار، بێبەشکردنیان لە پێدانی مووچەی وەک یەک بۆ کاری وەک یەک لەگەڵ پیاوان و دەیان حاڵەتی دیکەی دژ بە ماف و بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی کرێکاری؛ لایەنەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دیکەی ئەو باس و بارودۆخەن کە لەلایەن ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە پەرەیان پێ دەدرێ.
زۆرترین زەبر کە کۆمەڵگەی کرێکاری لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە سۆنگەی سیاسەتی ئابووریی ڕێژیمەوە خواردوویەتی، بۆ پرۆژەی حکوومەت بۆ خسووسی یان "خسوولەتی"کردن لە سێ دەیەی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە. پێچەوانەی وڵاتانی دی کە "خسووسیکردن" دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و سەرچاوە و ئیمکاناتە گشتییەکان لە نێوان خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، لە کۆماری ئیسلامیدا بوو بە هۆی پاوانکردنی کۆمپانیا و کارگە و کارخانەکان لەلایەن دەوڵەت یان ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە. ئەو سیاسەتە سەقەتەش بووە هۆی بێئەنوایی زیاتری کرێکاران، هەرەسهێنانی ئابووریی وڵات، هەڵکشانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری بێکاریی کرێکاران و فرۆشتن و تاڵانکردنی سامان و دارایی یەکە ئابوورییەکان و زۆر زیان و خەساری دی کە قورسایی و بارگرانیی ئەو سیاسەتە هەر لەسەر شانی کۆمەڵگەی کرێکاری بووە.

بەپێی ئامارەکان کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێران لە کەرتی گشتی و تایبەتیی ژێر چاودێریی ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی زیاتر لە ١٤ میلیۆن کەسە و نیزیک چوار میلیۆن کرێکاری خانەنشینکراو هەن کە ساڵی ڕابردوویان لە دۆخێکدا بەڕێ کرد کە لانیکەمی مووچەی مانگانەی ئەو ساڵەیان لەچاو هێڵی هەژاری و سەبەتەی بژێوی بنەماڵەکان سەتا ٥٠ی کورتیی هێنابوو. کۆمەڵگەی کرێکاری ساڵی نوێشیان لە دۆخێکدا دەست پێ کردووە کە دیاریکردنی پێنج میلیون و سێسەد هەزار تمەن وەک لانیکەمی مووچە بۆ ساڵی ١٤٠٢، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی نرخی هەڵاوسانی سەروو سەتا ٥٠ و هەلکشانی هێڵی هەژاری بۆ سەروو ١٤ میلیۆن تمەن، کاریگەریی قورس و نالەباری لەسەر ژیانیان داناوە.
جیا لە هاوبەشیی لە بەشمەینەتی و بێمافیی چینی کرێکار لە هەموو ئێران، بەڵام چوار دەیە سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووری و بەئەمنیەتیکردنی کوردستان دۆخێکی جیاوازتری بۆ کرێکاران لە کوردستان خوڵقاندووە. لە حاڵێکدا کە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان لەسەر سنووری وڵاتانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تورکیە و ئازەربایجان هەڵکەوتوون و ئەمە دەرفەتێکی زێڕین بە وەبەرهێنان و پەرەسەندنی ئابووری دەستەبەر دەکات؛ بەڵام بەهۆی ڕوانینی ئەمنیەتی و سیاسەتی خۆبەخاوەننەکردنی کوردستان پێچەوانە شوێنە هاوشێوەکان ئەو کوردستان نەکراوە بە ناوچە ئازادی ئابووری و لەو هەڵکەوتە و دەرفەتە گرینگە بێبەش کراوە. هەروەها لە کوردستان سەرەڕای بێکاریی زۆر سەرووتر لە نێونجیی بێکاریی وڵات، بە هۆی کەمیی کارگە و کارخانەکان حەشیمەتی کرێکارانی ڕەسمیی خاوەن گرێبەست زۆر کەمن. زۆرینەی حەشیمەتی کرێکار لە کوردستان لە یەکە بچووکەکانی دەرەوەی بازنەی قانوونەکانی کار و کەرتی بیناسازییدا سەرقاڵن، یان بە پیشە ساختە (کاذب)ەکانی وەک دەستگێڕییەوە خەریکن، یان لە ناوچە سنوورییەکاندا بەناچار ڕوویان لە کۆڵبەری کردووە کە لە ساڵدا سەدان کەس لەوان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی یان تەقینەوەی مین لەبن پێیاندا دەکوژرێن و بریندار دەبن. کێشەیەکی سەرەکیی دیکەی کۆمەڵگەی کرێکاری لە کوردستان ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەوان بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە و لە ئەگەری بێکاربوون یان تووشبوون بە ڕووداوی کاردا لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەموو مافێکیان بێبەشن.

لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ژینا کرێکاران بەشێکی جیانەکراوە لە شەپۆلی نارەزایەتییەکان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەن و هاواری مافخوازیی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی گشتیی شەقام کردووە. هاواری مافخوازیی کرێکاران بۆ ئەوە بڵێن دابینبوونی بژێوی ژیان و لەگەڵ ئەویشدا پاراستنی حورمەت و کەرامەتیان لەلای سیستم مافی بێئەملاوئەولای ئەوانە. ئەوان کە لەدەست هەژاری و برسێتی وەزاڵە هاتوون و لەدژی هەڵاواردن و نابەرابەری ڕاپەڕیون، دەیانەوێ چەوسانەوەی خەڵکی هەژار و تاڵانبڕی و دەستبەسەرداگرتنی سامانی وڵات لەلایەن دەسەڵاتەوە کۆتایی پێ بێت. ئەوان کە چ لە ڕابردوودا و چ ئێستا لە هەموو کۆبوونەوە و نارەزایەتییەکاندا داوای یەکسانیی مافی ژن و پیاویان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکاندا کردووە، هاتوون "نا"یەکی دیکە بە هەڵاواردنی ڕەگەزی بڵێنەوە. ئەوان لە تەنیشت هەموو بەشمەینەتییەکانی خۆیان خەمی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵیان هەیە. دەڵێن منداڵان مافی خۆیانە ژیانێکی شادیان لە ئەمنییەت و ئاسوودەییدا هەبێت و داوا دەکەن خوێندن بۆ منداڵان بەخۆڕایی بێت و منداڵان نابێ وەبەر کار بنرێن. ئەوان ئازادیی ڕادەربڕین، مافی کۆبوونەوە و نارەزایەتیدەربڕین بەبێ ئەمنییەتیکردنی خواستەکانیان دەوێ و پێ لەسەر مافی هەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان دادەگرن. ئەوان داوا دەکەن بێهداشت و دەرمان بۆ هەموو خەڵک بەخۆڕایی بێت و بانگکردن و گرتنی چالاکانی کرێکاری مەحکووم دەکەن.

کۆمەڵگەی کرێکاری ئەمڕۆکە باشتر لە هەر کاتێک دڵنیایە باشتربوونی دۆخی ماف و ژیانیان لەلایەن حکوومەتەوە دوور لە چاوەڕوانییە، چونکی ئەو حکوومەتە نەک ئامادە نییە ڕێز بۆ کەرامەت و پێگەی کرێکاران لە بنەماڵە و کۆمەڵگە دابنێ، بەڵکوو بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازیی کرێکاران پتر لە هەموو کاتێک تیر و شیریان لێ دەسوێ. ڕێژیمێک کە ژنان و منداڵان لە شەقامەکاندا دەداتە بەر ڕەهێڵەی ئاگر و ئاسن، سێرە لە چاوی خەڵک دەگرێ و هێرشی شیمیایی دەکاتە سەر قوتابییان؛ تەنیا یەک شتی بۆ گرینگە ئەویش مانەوەی خۆی و لە پێناو ئەو مانەوەیەشدا وەە هەمیشە ئامادەیە دەست بۆ هەموو جینایەتێک ببات. بۆیە بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە تەنیا ڕێگای چارەسەری بنەڕەتیی ئەو دۆخە، خەبات سەرخستنی شۆڕشی ژینایە و سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەش یەکیەتی و یەکرێزیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی وڵاتی گەرەکە.

بێگومان کرێکاران بەشێکی سەرەکیی ئەو شۆڕشەن کە دەتوانن بە نارەزایەتیی بەردەوام و بەربڵاو و بە مانگرتنی سەرانسەری لە هەموو کارخانە و ناوەندە پیشەسازییەکان ڕەوتی سەرکەوتنی شۆڕش خێراتر بکەن.

٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٢٧ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پرسیاری نوێ



کەریم پەرویزی

مارتین هایدگەر یەکێک لەو بیرمەندە گەورانەی ئاڵمانە کە خاوەنی قوتابخانەی بیری و هزریی تایبەتی خۆی بووە و لە سەدەی بیستەمی زایینیدا یەکێک لە کەسە بەناوبانگ و کاریگەرەکانی زانستگا و بنکە فیکرییەکان بوو کە وانەکان و بیرکردنەوەکانی هەم بە بایەخەوە وەر دەگیرا و هەم ئێستاش وەکوو بیرمەندێکی گەورە خەریکی دۆزینەوەی کۆدە قورسەکانی تێگەیشتنی ئەون.

یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکانی بیرکردنەوەی هایدگر بریتی لە پێناسەی ئەو بۆ مرۆڤ و بوونی لە جیهاندا بوو. ئەو دەیگوت بیرمەندە پێشووترەکان لەسەر دەمی ئەرەستوو و ئەفلاتوون بەملاوە، مرۆڤ و "هەستی" یا بوونیان لێک جیا کردەوە و وەکوو بوونەوەرێک کە دەڕوانێتە جیهان چاویان لێ دەکرد، لەحالێکدا هەستی یان بوون بریتیە لە "مرۆڤ لە جیهان"دا واتە ئەو مەوقعیەتەی کە بوون لە جیهان پێناسە دەکا.

هەر لە درێژەدا دەڵێ کە بیرکردنەوە و هزرین بریتییە لە ڕۆیشتن بە ڕێگای تایبەتی خۆتدا، بەو مانایە کە هەر بیرمەند



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و خاوەن هزرێک، تەنانەت گەر بیر لە ڕێگا و بیرکردنەوەکانی پێشووش دەکاتەوە، بە ناچاری دەبێ ڕێگای نوێ بۆ بیرکردنەوە لەو شتانە تاقی بکاتەوە دەنا بیرکردنەوە دادەخرێ و درگای هزرین گاڵە دەدرێ. گەر دەتەوێ بیر بکەیەوە، دەبێ بیر لە ڕێگای تایبەتی خۆت بکەیەوە و وڵامی نوێ بدۆزیەوە.

دوای زیاتر لە چل ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی و دەیان ساڵ تاوانباریی ئەم ڕێژیمە، دۆخێکی دیکە لە ئێران هاتە ئاراوە. شۆڕشێک لە سەرتاسەری ئێران بەرپا بوو بە ناوی شۆڕشی ژینا.

لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا، ئەوە ڕووداوەکانی پێتەختی سیاسی نەبوون کە وڵاتیان دەجووڵاند، بەڵکوو دڵی ڕووداوەکان لە پەراوێزەکانەوە لێی دەدا! کوردستان بوو بە دڵی بورکان و سیستمی سیاسیی هەژاند و بەلووچستان پێتەختی بە دوای خۆیدا دەکێشا.

ئەم هەژانە نوێیە، بە ڕادەیەک کاریگەر بوو کە لە پێتەختی ئێراندا دروشمی پشتیوانی لەکوردستان دەدرا: "تهران بشه کوردستان، ایران میشه گلستان"

هەژانەکە بە ڕادەیەک توند بوو کە کۆماری ئیسلامی شێتانە کەوتە مووشەکبارانی بنکەی حیزبە کوردییەکان و بنەماڵەکانیان و ڕایگەیاند کە ڕووداوەکانی ئێران بە دەستی حیزبە کوردییەکان ڕوویان داوە!!

ئەم هەژانە تەنانەت گەیشتە دوورترین قوژبنەکان و تەنانەت کوڕی شای پێشوو کە لایەنگرەکانی لە هەرە پان ئێرانیستە شۆڤێنیستەکانن، بەناچاری لەگەڵ کەسێکی کورددا دانیشت و ئامادە بوو کە هاوپەیمانی بێ، هەرچەند تەنیا بۆ ئەوەی بوو کە خۆی وەکوو ڕێبەری شۆڕشی نوێ بناسێنێ و تەنیا بۆ ماوەی کاتی پێویستی پێ بوو! بەڵام ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتەکان نوێ بوون!

لە ئێستەدا گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناتوانن خۆیان لە باس و خواستی نەتەوە ستەملێکراوەکان بدزنەوە! چ بە دژبەری یان بە لایەنگری یان بە هۆکاری پەڕاندنەوە بێ یان هەر ڕوانگەیەکی دیکە، ناچارن باس لە ویستی نەتەوەکان لە ئێران بکەن و گەر زۆر دژی بن و بە تەجزیەتەڵەبیش ناوی ببەن، هەر دانی پێدا دەنێن کە پرسێکی گرنگ لەو وڵاتەدا هەیە!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا وایان کردووە کە لایەنگرانی کۆماری و پاشایەتی و هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی سیاسی، هەموو ڕۆژانی هەینی دادەنیشن بە دیار زاهێدانەوە و گوێ بۆ وتەکانی مەولانای بەلووچ ڕادەگرن تا بزانن چ دەڵێ!

لە ماڵپەڕ و ڕادیۆ و تلویزیۆن و کاناڵە میدیاییەکاندا گەر بگەڕێی ڕۆژانە باس لەسەر دۆخی ئێران و چۆنیەتیی هەڵسوکەت لەگەڵ نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێراندا دەبینی. جا ئەوانەی مۆرەی ڕێژیمن بە ناوی تەجزیەتەڵەب باس لە نەتەوەکان دەکەن یان گرووپە فاشیستییەکان بە گورزی تەمامییەتی ئەرزی دەیانەوێ نەتەوەکان بترسێنن یان بە هەر شێوازی دیکە، باس لەسەر پرسی نەتەوە جیاوازەکان لە ئێران هەیە. گەر خۆشیان بڕوایان پێ نەکردبێ بەو باس و دیالۆگ و هەڕەشە و گوڕەشانەش وردەوردە جێ دەکەوێ کە ئیدی ئێران وەکوو وڵاتێکی یەک نەتەوەیی کە هەندێ وردە ئەقەلییەت و کەمینەی تێدایە نەبینرێ و ڕوومەتی ڕاستەقینە دەردەکەوێ کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە.

بۆ وێنە لە ماڵپەڕی ئیرانی ئێمرووزدا بابەتی کەسێک بە ناوی پەرویز هودایی بڵاو بۆتەوە کە لە ڕوانگەی بەقەول لایەنگرانەوە باس لە ویستی نەتەوەکان دەکا، بەڵام لەنێو بابەتەکەیدا ویستی نەتەوەکان لە ئێران بە "رویاهای شیطانی" ناو دەبا!

ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە کە لە دیمەنی یەکەمدا پارادۆکسیکاڵن لە شۆڕشی نوێی ژینادا زۆر بە فراوانی دەبینی. زۆر کەس هەن پێشتر باسیان لە دێموکراسی و ویستی دێموکراتیکی خەڵک دەکرد، بەڵام کە دەڵێن خەڵک لەگەڵ سیستمی میراتی و باوکسالاریدا نین، دەست دەکەن بە هەڵوێستی توند نواندن و تەنانەت ڕای گشتی و دەنگی خەڵک بە نەزان دەناسێنن و پێیان وایە کە تەنیا هۆکاری یەکپارچە مانەوەی ئێران باوکی تاجدارە دەنا دونیا خراپ دەبێ!

لەولاشەوە کەسانی دیکە دەبینی کە چەکی دەستی پێشمەرگە بە زەرەر دەزانن بەڵام کە دەگاتە سوپای پاسداران، پێیان وایە کە سوپا دەبێ بمێنێ بۆ سەرکوت!

لە نێو حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا و لەنێو ئەندام و لایەنگرانیاندا دەنگ و لێکدانەوەی جیا جیا دەبینی و هەڵوێستی جیاواز دەردەکەوێ کە هەندێ جار پێکدژی یان تەزادیان لەگەڵ یەک هەیە.

لە کۆی باسەکەدا کە چاو لە دیمەنە گشتییەکە دەکەی ڕەنگە سیمایەکی ئاڵۆزت بێتە بەرچاو، بەڵام زیاتر لەوەی نیشانەی ئاڵۆزیی ڕووداوەکان و هەڵوێستەکان بێ نیشانەی لەدایکبوونێکی دیکەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دۆخی ئێستا لە ئێران و لە کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دۆخێکی تازەیە. بە هاتنەئارای شۆڕشی ژینا، ئیدی نەزمی کۆن و بیرکردنەوەی پێشوو وڵامدەری ئێستا نییە و وڵامە پێشووەکان چیدی ناتوانن ڕێکاری وردی هەنووکەیی نیشان بدەن. وەکوو هایدگر دەڵێ مرۆڤ لە جیهاندا پێناسەی بوونی دەکرێ بەو مانا کە تێفکرینی مرۆڤ لەم دۆخەی تێدایە دەتوانێ ناسنامەی ئەمڕۆی دیاری بکا و "هستی" یان مانای بوون لەلای ئەو بناسێنێ.

گەر هەمان ڕێکاری پار بگیرێتە بەر، ڕەنگە وڵامی ڕێگای بەردەمی ئەمڕۆی پێ نەبێ و تەنیا وەک نۆستالژیایەک بێتە بەرچاو. هزرین بۆ ئەمڕۆ و دۆخی هەنووکەیی بریتییە لەوەی کە وڵامی ڕووداوەکان و دۆخە نوێیەکان بداتەوە؛ پرسیاری نوێ، وڵامی نوێی دەوێ.

١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٣٠ی ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئاستی وشیاریی نەتەوەیی کورد لەهەمبەر فاشیزمی ئایینی و قەومیدا




**شەهرام سوبحانی**

کوردستان وەک بەشێکی زیندوو و چالاک لە بواری کۆمەڵایەتی، مەدەنی و سیاسی هەموو کات جێگەی ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتدارانی هەر دوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بووە. هەربۆیە هەمیشە بە چاوێکی ئەمنییەتی و ترسەوە بەڕێوەیان بردووە و بە داڕشتنی سیاسەتی جۆراوجۆر پلانی تەفرەقە و دووبەرەکێ سازکردن لە نێوان کوردەکانیان داوە. بۆ نموونە دابەشکردنی کوردەکانی ئیلام و کرماشان و لوڕستان لە سەردەمی ڕەزاخان بەمەبەستی جیاکردنەوەی کوردەکان لە یەک، هەناردنی کوردەکان بۆ پارێزگای خوراسان یان نیشتەجێکردنی فارسەکان لە کوردستان و هەوڵی گۆڕینی جوگرافیای کوردستان، یەکێکی تر لەو سیاسەتانە بوو کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر بەردەوامن لەسەر ئەم پرۆسەیە، تاکوو کوردەکان لاواز بکەن. بە سیاسەتی مێلیتاریزەکردنی شارە گەورەکانی کوردستان هەوڵی کۆنترۆڵی گشتییان داوە. تاکوو کورد نەتوانێ ببێت بە فاکتەریی سەرەکی بۆ نەتەوەکانی ئێران بۆ دەسپێکردنی شۆڕشێکی نوێی دژی دەسەڵاتی ڕێژیم، بەڵام بە پێچەوانە هەوڵەکانیان بێئاکام مانەوە، چونکە شۆڕشی ژینا و دەسپێکردنی خۆپیشاندانەکان بۆ ماوەی پترلە ٦مانگ، دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستیی کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەو ڕاستییە مێژووییەن کە کورد لەهەمبەر نەتەوەکانی دیکە لە ئێران ئاستی وشیاریی نەتەوەیی زیاترە، هەر بۆیە شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە دەست پێدەکا و دوای چەندین ڕۆژ تەواوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قەوارەی سیاسیی ئێران لەخۆ دەگرێتەوە. هەر وەک هەموومان شایەتی ئەو شۆڕشە بەرینە بووین کە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی چاویان لەدەست کوردستان و حیزبەکانی بوو، بەتایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی ڕێبەریی ئەم شۆڕشەی وەئەستۆ گرتبوو کە هەموومان شایەتی ئەوە بووین کە کەسایەتییەکانی ئێران لە بەیاننامەکانی ناوەندی هاوکاری وەک خەتە فیکرییەک کەڵکیان وەردەگرت. هەر بۆیە ئەم ڕاستییە دەرخەری ئەوەیە کە کورد لە ئێران بەنیسبەت نەتەوەکانی تر زووتر لە ماهییەتی ڕێژیمی ئاخوندی ئاگادار بووەوە و دژی ئەم دەسەڵاتە شۆڕشی کردووە کە لەئاکامدا مەسیح عەلینژاد دێنێتە دەنگ و لە وتووێژێکیدا سەبارەت بە کوردستان دەڵێ: درووود بۆ خەڵکی کوردستان کە لە ٤٣ ساڵی ڕابردووە هەتا ئێستا بەردەوام دژی حکوومەتی ئاخوندی شۆڕشیان کردووە و هەموو کات ئاڵایان لە ئاست حکوومەتی دیکتاتۆری ئێران بەرز بووە. وەک بەرگێکی زێڕین لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا دەمێنێتەوە کە خۆیان ئێعتراف بەو وشیاری نەتەوەیی کورد دەکەن.

شۆڕشی ژینا تەنیا دەرخەری بەشێک لە وشیاری نەتەوەی کورد بوو لەهەمبەر فاشیزمی ئایینیدا، ئاوڕدانەوە لە مێژوویی دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کورد وشیارتر لە نەتەوەکانی ئێران دژی هەر دوو دەسەڵاتی توتالیتەری کۆماری ئیسلامی و پەهلەوی ڕاوەستاوە و دژی زوڵم و بێدادییەکانیان شۆڕشی کردووە. واتا کوردستان ئەزموونێکی باشی لە هەر دوو دەسەڵات هەیە. هەر بۆیە ئێستا ئێمە بوینەتە سەرچاوەیەک بۆ دانانی خەتە فیکرییەک بە خەڵکی ئێران و بەگشتی کوردستان کە لە ئاکامدا ترسی خستە نێو کاربەدەستانی ڕێژیم لەهەمبەر کوردستان و حیزبەکاندا و وای لێکرد کە چەن مانگی ڕابردوو بە هەموو هێز و توانایەوە هێرش بکاتە سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لەم هێرشەدا بە کەڵکوەرگرتن لە چەکی پێشکەوتوو(مووشەک)هەوڵی سڕینەوە و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانی دا بەڵام بە پێچەوانە ئەو شۆڕشە زیاتر لە دوێنێ پەرەی سەند و مووشەک و درۆنەکانی ڕێژیم هیچکات نەیانتوانی خەڵک و حیزب لە یەک جیا بکەنەوە. لە چەن مانگی ڕابردوودا شایەتی ئەوە بووین کە نەتەوەکانی تر لە ئێران بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا و کۆمەڵگەی کوردستان بە دروشمی جۆراوجۆر ڕژانە سەر شەقامەکان و دەیانگوت: "کورد و بلوچ برادرند، تشنەی خون رهبرند"، یان لە تارانی پێتەختی ئێران شایەتی ئەم دروشمە بووین کە دەیانگوت: "کوردستان کوردستان چشم و چراغ ایران" کە ئەمە پەیامێکی توند، دژی چەواشەکاریی مێژووی ڕاستەقینەی کوردەکان بوو کە لە ٤٤ساڵی ڕابردووە هەتا ئێستا کورد وەک تێرۆریست لە قەڵەم دراوە. نموونەیەکی دیکە لە ئاستی وشیاری نەتەوەیی کورد لەهەمبەر فاشیزمی قەومیدا دەتوانین ئاماژە بە سەردەمی کۆماری کوردستان بکەین واتا یەکەم دەوڵەتی مودێرنی کورد کە لەسەر دەستی پێشەوای کوردان "پێشەوا قازی محەممەد" دامەزرا، قۆناغێکی پڕاوپڕ لە خەبات و تێکۆشانی مێژوویی نەتەوەیی کورد لەهەمبەر دەسەڵاتی دیکتاتۆری پەهلەوییەکان بوو کە لەسەر ئایدیای ناوەندگەرایی سیاسەتیان دەکرد؛ کوردەکان دژی ئەو زوڵمە دەستیان دایە شۆڕش و حیزبی دێموکراتیش دامەزرا، کە دەسکەوتەکەی هەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دوای چەند مانگ دەردەکەوێت کە ئەویش دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بەنێوی کۆماری کوردستان بوو کە هەتاهەتایە ناوی لە ئاسمانی مێژووی نەتەوەیی کورددا دەدرەوشێتەوە. هەر ئەو کۆمارە دەیتوانی ئەزموونێکی باش بێ بۆ نەتەوەکانی دیکە لە ئێران کە ئەوانیش وەک کوردەکان خاوەن خاک و زێدی خۆیان بن و سەروەریی خاکەکەیان بەدەستەوە بێ. بەڵام بەداخەوە فاشیزمی قەومی پەهلەوی ڕێگەی نەدا کە کۆماری کوردستان بتوانێ زیاتر پەرە بستێنێ ئەگینا وەک یەکەم ئەزموونی حکوومەتێکی دێموکرات دەیتوانی لەهەمبەر نەتەوەکانی دیکەش لە ئێران کاریگەر بێ. نموونەیەکی تر: سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی بوو کە بە خۆشحاڵییەوە حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری خەڵکی ڕۆژهەڵات یەکەم ئۆپۆزیسیون بوو کە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی بایکوت کرد. چونکە دەیزانی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی وەڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی گەلانی ئێران نییە واتا کۆمەڵگەی کوردستان لە ٤٤ ساڵ پێشەوە ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ناسیبوو، بەڵام لە ئێراندا ئێستا بەو ئاستی وشیارییە گەیشتوون کە کۆماری ئیسلامی هیچ قازانجێکی بۆ نەتەوەکانی تر نییە؛ هەر بۆیە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری لەم نەهامەتییە بە ڕووخانی ڕێژیم دەزانن و دیانهەوێ کۆماری ئیسلامی سێبەری شوومی لەسەر خاکی ئێران هەڵگرێت و بڕوا.

نموونەیەکی دیکە بەشدارینەکردنی حیزبی دێموکرات لە مەنشووری جۆرج بوو، کە هەتاهەتایە وەک بەرگێکی زێڕین لە مێژوویی سیاسیی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

حیزبی دێموکرات بە پێی ئەوەیکە بە تەمەنترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەروەها خاوەن ئەزموونی هەڵسوکەوت لەگەڵ دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییە، لای ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەم مەنشوورە فۆرماڵیتەیە، لەعابێکە بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان بەناوی دێموکراسی کە تەنیا ناوی دێموکراسی لەسەرە و هیچی دیکە، تەنیا دروشمێک بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و هەڵخڵەتاندنی خەڵک، هەر بۆیە بە بەشدارینەکردنی لەم مەنشوورە خەڵکی کوردستان و ئێرانی ئاگادار کردەوە کە خاڵەکانی ئەم مەنشوورە بە قازانجی گەلانی ئێران تەواو نابێ. واتا وەڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی گەلانی ئێران نییە؛ چونکە بەپێی یەکێک لە بەندەکانی ئەو مەنشوورە، باوەڕی بە مافی نەتەوەکانی ئێران نییە و هەر لە سەر بنەمای سەنترالیزم سیاسەتیان داڕشتبوو. هەر بۆیە لەم ڕۆژانەدا حامید ئیسماعیلیوون وەک یەکێک لە بەشداربووانی مەنشووری جۆرج تاون دەستی لەکار کێشایەوە؛ دەرکەوتن و لێدوانەکانی لە میدیاکانی دەرەوی وڵات سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو مەنشوورە لەسەر بنەمای دێموکراسی و مافی نەتەوەکانی ئێران دانەڕێژراوە. هەر وەک خۆیان باسی دەکەن لە دێموکراسیدا سەپاندنی ڕا و بۆچوون واتایەکی نییە. دەست لەکارکێشانەوە لەم مەنشوورە هەڵوێستێکی بەجێ بوو بۆ ئەوەیکە خەڵک باشتر لە ماهییەتی ئەم مەنشوورە ئاگادار بن.هەر بۆیە پێم وایە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی ئێران و کوردستان لە دەست فاشیزمی ئایینی "کۆماری ئیسلامی" و فاشیزمی قەومیی "پەهلەوی" پاراستنی یەکگرتوویی و هاودەنگی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نێوان نەتەوەکانی ئێرانە، چونکە تەنیا یەکگرتوویی گەلانی ئێرانە دەتوانێ زامنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێموکراتیک بێ. هەر وەک د.قاسملوو دەفەرمێ: تەنیا دێموکراسییە دەتوانێ وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی ئێرانی فرە نەتەوە بێ. با هەموومان پێکەوە بە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە و لایەنە سیاسییەکانەوە بڵێین: بەڵێ بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵ.

١٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٣ی مای ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پێویستیی بناغەیەکی پتەو بۆ داهاتوویەکی یەکانگیر



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

دۆخی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای سەرکوت و زەبروزەنگی دڕندانە و هەمەلایەنە بەرەو شڵەژانی زیاتر دەڕوات. ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو نیشانیان داوە ڕێژیم بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات، لەلایەک لە هیچ کردەوەیەکی دڕندانە و خوێناوی خۆ ناپارێزێ و لەلایەکی دیکە تەنیا چەکی دەسەڵات بۆ مانەوەی هەر هێزی سەرکوت و ترس و تۆقاندن و بەندیخانەیە؛ چەکێک کە ئیدی کاریگەریی ساڵانی پێشووی نەماوە و بەڕوونی دیارە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتایبەت ژنان، کرێکاران و بەگشتی کۆمەڵانی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران ترسیان شکاوە ولە ڕاستیدا ئەوە ئاخوندەکان و دەستوپێوەندەکانیان سەریان لێ شێواوە و ترسیان ڕێ نیشتووە و نازانن چۆن لەو گێژاوەی بۆخۆیان خوڵقاندوویانە، بێنەدەرێ.

سەرکوت و لێدان و گرتن و ئەشکەنجە ئەگەر توانیویەتی تا ڕادەیەک شەقامی شارەکان بێدەنگ بکات، ئەوە خەبات و بەربەرەکانێ بە شێوازی جۆراوجۆر هەر بەردەوامە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەمجارە دەبێ بۆ هەمیشە و هەتا لەگۆڕنانی ئەو ڕێژیمە نگریسە پاشەکشێ بە ئاخوندەکان بکەن. لێرەدا ئەوەی زۆر بەڕوونی دیارە و خۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەنوێنێ چاوەترسیی خەڵکی بەتایبەت کچان و ژنانی ئازادیخوازە کە زیاتر لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشیی کۆماری ئیسلامیدا تووشیی چەوسانەوە و سەرکوت و نەهامەتی هاتوون.

کۆماری پەت و سێدارە پەشۆکاوە و نازانێ لە ئاست شەپۆلی نارەزایەتی و بێزاریی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و لە دەرەوەش لە ئاست ئەو تەریکبوونەوەی بەسەر خۆیدا سەپاندووە چ بکات. ڕێژیم دەزانێ چووکترین پاشەکشێ لە هەمبەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە مانای ڕووخانی هەیمەنە و تابۆی ڕەشی کۆماری ئیسلامییە، هەربۆیەش بە هیچ شێوەیەک لە ئاست ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران، بەتایبەت ژنان و لابردنی "حیجابی ئیجباریی" نەرمی نانوێنێ و زۆر پێداگرن لەو سیاسەتەی گرتوویانەتە بەر. بەوحاڵەش ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕووی داوە و دەیبینین بەپێچەوانەی ویستی دەسەڵاتە و تابۆی ڕەشیی کۆماری ئیسلامی شکاوە و سەرکوت و زەبروزەنگ وەڵامدەریی دۆخی شۆڕشیی ژن، ژیان ئازادی نییە. بۆ وێنە ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا خۆپێشاندەران بۆ ئەوەی نەناسرێن و پاشان تووشی گرتن و بەندیخانە نەبن، دەموچاویان دادەپۆشی، ئێستا ئەوە سەرکوتکەران، بەتایبەت "لیباس شەخسییەکانن" کە لە ترسی ڕق و تۆڵەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە، دەموچاویان دادەپۆشن. ئەوە پێمان دەڵێ ترس لە تۆڵەی کۆمەڵانی خەڵک و بێهیوایی بە داهاتووی کۆماری ئیسلامی هێزە سەرکوتکەرەکانی هەراسان کردووە و بیر لە داهاتووی خۆیان دەکەنەوە.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیی، شۆڕشی ژینای کوردستان بەردەوامە و بێگومان سەرەڕای سەرکوت و گرتن و ئاخنینی بەندیخانەکان لە ئازادیخوازان، لە داهاتوودا زۆر بەهێزتر لە پێشوو پەرە دەستێنێ. کۆماری ئیسلامی بە گرتنی نووسەران، ڕەخنەگران و بەگشتی ئازادیخوازان و سیما ناسراوەکانی کۆمەڵگەی ئێران، ناتوانێ دەنگی ئازادیخوازی کپ بکات و وەک ڕابردوو خۆی لە ئاکامەکانی ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی خەڵکی ئێران دەرباز بکات. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە و دەبێ بەهێند بگیرێ، لەلایەک چۆنیەتیی کانالیزەکردنی ئەو شۆڕشە و بەهێزکردنیەتی بە کەمترین تێچوویە و لەلایەکی دیکە کەڵکوەرگرتن لە هەموو پۆتانسیەلەکانی گەلانی ئێران و یەکگرتوویی نەتەوەکان بۆ مەبەستی بەئاکامگەیاندنی خەباتی گەلانی ئێرانە. دیارە جگە لە کوردستان و بەلووچستان کە لەڕاستیدا بوون بە کۆڵەکەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بەتایبەت ژنان توانیویانە بە نافەرمانیی مەدەنی بەتەواوی دەسەڵاتی ئاخوندەکان تەنگەتاو بکەن و ڕێژیم هیچی بۆ بەرگری لە بەناو بەها ئیسلامییەکانی بەتایبەت "حیجاب" نەماوە جگە لە هەڕەشە لە ژنان و کچان و پلۆمپکردنی دووکان و بازار و شوێنە بازرگانییەکان. بەوحاڵەش وەک چۆن دەمڕاستەکانی دەسەڵات بەناچاری دانیان پێ داناوە ئەو چەکە، واتە هەڕەشە و گرتن و ... ئیتر کاریگەریی نەماوە و سەرکوتکەرانی ڕێژیم ناتوانن شەپۆلی نافەرمانی مەدەنی و نا بۆ حیجابی ئیجباری کۆنترۆڵ بکەن، ڕەوتی ڕووداوەکان وانیشان دەدەن کە ڕێژیم بە لەبەرچاوگرتنی هەموو هۆکارەکان هەنگاو بەهەنگاو ناچار بە پاشەکشێ دەبێ و خۆڕاگریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەلایەک و داماوی ئاخوندەکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ کپکردنی شەپۆلی نارەزایەتییەکان لەلایەکی دیکە پێمان دەڵێن نە کۆمەڵانی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران دەیانهەوێ وەک پێشوو ملکەچیی یاسادواکەوتووەکانی کۆماری ئیسلامی بن و واز لە ویست و داخوازییەکانیان بێنن نە ئاخوندەکان سەرەڕای هاری لە سەرکوت و کوشت و برین دەتوانن ڕاپەڕینی گەلانی ئێران سەرکوت بکەن.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، شۆڕشێکی هەڵقوڵاوە لە ناخی کۆمەڵگە و پەنگخواردووی ڕق و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە لە ستەم و دیکتاتۆری ئاخوندەکان کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەستیان لە بینەقاقای گەلانی ئێران ناوە و وڵاتێکی پڕ پیت و بەرەکەتی وەک ئێرانیان وێران کردووە. ئەو شۆڕشە دەبێ بە کەمترین تێچوو دەسکەوتی مەزنی بەدواوە بێ؛ هەر بۆیەش دەبێ بەپێی هەلومەرجی خەبات شێوە و شێوازی نوێ لەخۆ بگرێ، ئەگەر لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا شەقامەکانی شارەکان لە بەستێنی نارەزایەتییەکان بوو و ئێستا کۆماری ئیسلامی بە هێزی سەرکوتی خۆی توانییەتی شەپۆلی نارەزایەتییەکان بە ڕواڵەت هێوەر بکاتەوە، بەڵام نارەزایەتییەکان، بەتایبەت لەلایەن کچان و ژنان و هەروەها کرێکاران بەردەوامە و کۆماری ئیسلامی دەزانێ ئەو هێوەربوونەوەیە سەرەتایەکە بۆ سەرهەڵدانێکی گەورەتر کە دەتوانێ هەڵیتەکێنێ. نووسەران و ڕۆژنامەوانان و هونەرمەندان و بەگشتی سیما ناسراوەکانی وڵات هەتا ئێستای شۆڕش کەمترخەمیان نەکردووە و توانیویانە ڕۆڵی خۆیان لە پێشڤەچوونی شۆڕشی ژینادا بەڕێوە بەرن. بەڵام بۆ داهاتووی ئەو شۆڕشە دەبێ کاری ڕێکخراوەیی چالاکتر بکرێ.

لە کوردستان وەک مەکۆی شۆڕشی ژینا، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات توانیویانە لە هەموو بوارەکاندا شوێندانەر بن لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و خەباتی جەماوەریی لە کوردستان چالاک بکەن. هەرچەند ئەو خەبات و تێکۆشانە تێچووی خۆی هەبووە و زۆر لە لاوەکانمان بەدەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون و بە سەدان کەسیش لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لەژێر ئەشکەنجەدان، بەڵام زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین پیلانی کۆماریی ئیسلامی لە کوردستان شکستی هێنا و حیزبەکانی کوردستان بە لێکدانەوەیەکی دروست و بابەتیانە توانیان هەم ڕەوتی نارەزایەتییەکان لە کوردستان پەرە پێ بدەن و هەم لە داوی ئاخوندەکان نەکەون کە بەتەمابوون بۆ مەبەستەکانیان نەتەوەی کورد و ئەوەی وەک "شەوە" لێی بەگومانن "جیاوازیخوازیی" زەق بکەنەوە. هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی بە مووشەک و پەهپاد کردە ئامانج و دەستی لە هیچ جینایەتێک نەپاراست.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیی لە ڕاستیدا پشوودرێژیی دەوێ و دەبێ هەموو لایەک بەپێی توانای ڕێخۆشکەر بن بۆ سەرکەوتنی. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش باش بزانیین دەسەڵاتی کۆنەپەرست و دواکەوتووی ئاخوندەکان بە چەنگ و ددان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پارێزگاری لە ڕژێمەکەیان دەکەن و لەو ڕێیەدا هێڵی سووریان نییە. بەدڵنیاییەوە یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتایبەت خوێندکاران، ژنان و کچانی ئازادیخواز و کرێکاران و مافخوراوەکان دەتوانێ زامنی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بێ. ئەو ڕەوتەش لەلایەک بەسراوەتەوە بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و پیشەییەکان کە چەندە دەتوانن نارەزایەتییەکان کانالیزە بکەن و لەلایەکی دیکەش دەبێ بالانسیی هێز بە کار و چالاکی و خەباتی خۆمان بەسوودی شۆڕش بگۆڕین.

ئەو شۆڕشە هەتا ئێستا ڕەنگدانەوەی لە دەرەوەی وڵات زۆر باش بووە و هەم یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا لە ئاستیدا هەڵوێستی ئەرێنییان هەبووە و هەم لە دونیای مەجازیدا کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە ڕەوتی سەرکوت و زەبروزەنگ و کوشتاری لاوانی ئازادیخوازی ئێران پووشبەسەر بکات. کەوابوو کۆماری ئیسلامی لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهان و کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ئێران لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا مەحکووم کراوە. هەروەها ئەو ڕێژیمە بەردەوام بووە لە سیاسەتەکانی کە هەڕەشەن بۆ سەقامگیریی جیهان و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و سەرەڕای هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە، ئەوەی دیار و ڕوونە بێمتمانەیی وڵاتانی ناوچەیە بە کۆماری ئیسلامی. ئەو بێمتمانەییەش دەبێتە هۆی تەریککەوتنەوەی زیاتری ڕێژیم لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسی و پێوەندییەکان و. ...

شۆڕشی ژینای کوردان، ئەگەر لەلایەک زۆر بەهێز بووە و توانیویەتی بۆ یەکەمجار لە ماوەی دەسەلاتی ئاخوندەکان بۆ ماوەی چەند مانگ بەردەوام بێ و ڕێژیم هەراسان بکا، بەداخەوە خاڵی لاوازیشی هەیە کە لەلایەن ڕێژیمەوە کەڵکی لێ وەرگرتووە. نایەکگرتوویی، دووریی ئۆپۆزیسیونی دەرەوە لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، نەبوونی ڕێبەرایەتییەک کە زمانحاڵی شۆڕش و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێ و هەروەها پێداگریی لە سەر کەسایەتیی سێلێبریتی کە سەرەڕای ڕۆڵی ئەرێنی و ئەکتیڤیان، جێگە و پێگەی ڕێکخراوەیی و جەماوەرییان نییە، دەرکردنی مەنشووری لە چەشنی "جۆرجتاون"، بەلام بەدوور لە ڕاستییەکانی ئێران و ویست و داخوازییەکانی گەلانی ستەمدیدەی ئەم وڵاتە، هەمووی خاڵەلاوازەکانی ئەو شۆڕشەن. ئەو خاڵە لاوازانە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا دەبێ چارەسەر بکرێن و هەموو لا و لایەنێک دەبێ تێ بکۆشن لەسەر بەستێنی لێکتێگەیشتن؛ نەک خۆداسەپاندن، لەبەرەیەکدا یەک بگرنەوە. ئەوەی لێرەدا گرینگە ڕۆڵی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانە کە دەبێ لە هەمان کاتدا بۆخۆیان یەکگرتوو بن و هەڵوێستێکی کوردانەیان لە ئاست ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا هەبێ، دەبێ تێ بکۆشن هاوپەیمانییەک لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا هەر لە ئێستاوە پێکبێنن. نەتەوەکانی کورد و بەلووچ لە درێژەی شۆڕشی ژینادا زۆر شەهید و تێچوویان داوە و ئاخوندە دەسەلاتدارەکان زۆر بێبەزەییانەتر لە شوێنەکانی دیکە دەزگای سەرکوتیان بۆ سەرکوتی ئەو دوو نەتەوەیە وەگەڕ خستووە، هەربۆیەش بۆ بەردەوامی شۆڕش و خەبات و کەمکردنەوەی تێچوویەکەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەبێ تێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکۆشێ بەرەیەکی بەرفراوان لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلانی ئێران پێک بێنێ کە زامنی ماف و داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێران بێ.

داهاتووی نەتەوەکانی ئێران بە کوردەوە بە هاوپەیمانی و یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران و دانانان بە مافی نەتەوەیی بەر لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەسراوەتەوە، ئەگینا هەر ڕێژیمێک لە داهاتوودا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، بۆ ئێمەی کورد و گەلانی ئێران نارەوایە.

**١٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٥ی مای ٢٠٢٣ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ویستی ئێمە لە خواستی ئەوان ناچێ!



**ئاسۆ مینبەری**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەروەک چەند مانگی ڕابردوو کە ژمارەیەک میدیا ببوون بە تریبوونێک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی هەندێ کەس کە خۆیان بە مۆرەیەکی گرینگ لە هاوکێشەکانی ئەمڕۆی ئێراندا دەزانی، دیسانەوە ئەم میدیایانە بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەک ئەویش بە شێوەی ئامانجدار هەوڵیان دا هەندێ بابەت بکەنە ڕۆژەڤ و هاوکێشەکان بە قازانجی لایەنە دیاریکراوەکەی خۆیان بشکێننەوە.

ئەوەی کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بینیمان، هەوڵدانی لایەنە جیاوازەکان بۆ پێکهێنانی بەرە یان هاوپەیمانییەک بوو کە بتوانێ لەم ڕێگەیەوە ئاڵترناتیڤێکی گونجاو بۆ قۆناغی تێپەڕین لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دیاری بکرێ، بێگومان هەمووشمان بینیمان کە چۆن هەندێ کەس و لایەن بەبێ گرینگیدان بە قازانجە گشتییەکە، ویستیان خۆیان و ڕەوتێکی تایبەت کە تەنیا پەسەندکراوی خۆیان بوو بەسەر باقی لایەنەکاندا بسەپێنن و دۆخەکە بەرەو ئاقارێک ببەن کە زیاتر لە قازانجی گشتی، قازانجی تاکەکەسیی خۆیانی تێدا بێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم نێوانەدا ڕەوتی پاشایەتیخوازی بە هێنانەپێشی سیمبول و کارەکتەری دیاری ڕەوتەکەیان توانی بە پشتبەستن بە پارە و سامانێک کە پێشتر حەمەڕەزاشا لە ڕاکردنەکەیدا لە سامانی گشتیی وڵاتی بەتاڵان بردبوو، و بە بەدەستەوەگرتنی چەند میدیای دیار و بەرچاو زیاتر لە باقی کەس و لایەنەکان دەرفەتی خۆدەرخستن و دیاربوونی هەبێ. ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو مەنشووری مەهسا ڕۆیشت و لەوێشدا پاشایەتیخوازەکان ویستیان هێژمۆنیی خۆیان بەسەر باقی ئەندامەکانی ئەم گرووپەدا بسەپێنن. هاتنەدەرەوەی حامید ئیسماعیلیوون لە مەنشوورەکە و ئەو هۆکارانەی کە ناوبراو بۆ هاتنەدەرەوە لە مەنشوورەکە باسی کرد و هەروەها جیابوونەوەی ئەندامانی دیکەی مەنشوورەکە لە کوڕی شا یان بەپێچەوانەکەی هەموویان بوون بە هۆکار بۆ ئەوەی کە ئەو تۆزقاڵە هیوایەش کە هەندێ لایەن بە مەنشوورەکەیان بوو لەنێو بچێ و هاوکێشەکە گۆڕانی بەسەردا بێت.

بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە هەوڵی بەردەوامی میدیاکانی سەر بە پاشایەتیخوازانە کە هێشتا پەلەقاژەی وەسەرتەختخستنەوەی ئەم بنەماڵەیە دەکەن و بە پڕوپاگەندە دەیانەوێ بڵێن تۆرەمەی شا شانسی ئەوەی هەیە دەسەڵاتی داهاتووی ئێران بگرێتە دەست.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، یەکێک لەو مێدیایانە بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی ژنە ئەکتەرێکی ئێرانی کە لە ڕێوڕەسمێکدا لە ئێران بەبێ سەرپۆش بەشدار بووە و گوارەکانی نیشانی "شیر و خورشید"ی پێوە بووە، هەرایەکی ساز کرد تاکوو جارێکی تر وەبیر خەڵک بێنێتەوە کە هیوای پاشایەتیخوازی لە ئێران هێشتا هەیە و خەڵک دەتوانن پشتی پێ ببەستن. ئەوەی کە لەم ڤیدیۆیەدا گرینگە نە بێ سەرپۆشبوونی ئەم ژنە ئەکتەرەیە کە لە هەموو ساڵانی کاری خۆیدا و لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا کاری بۆ پەرەدان بە هەوڵە سیستماتیکەکانی ڕێژیم کردووە و لە پەرەدان بە کلیشە ڕەگەزییەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە و نە پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی شۆڕشێ ژینا، ژن، ژیان، ئازادییە کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و ئەو هەموو خوێنەشی بۆ ڕژا!

زۆرجار باس لەوە کراوە کە خواستی دانیشتووانی ناوەند جیاواز لە خواستی نەتەوە بندەستەکان لە ئێرانە، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە لە شۆڕشی ژینادا زۆر بەڕوونی خۆی دەرخست. پاش قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی ژنان وەکوو توێژی ستەملێکراوی کۆمەڵگە لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران هاتنە سەر شەقام، بەڵام هاتنەسەر شەقام بە چ مەبەستێک؟ ئایا خواستی ئەوان و ژنانی کوردستان یەکێک بوو؟ ئایا هەموویان لەپێناو یەک ئامانجدا هاتنە مەیدان؟ تاکوو ئێستا کە زیاتر لە ٧ مانگ بەسەر دەسپێکی ئەم شۆڕشەدا تێپەڕیوە ئایا دەسکەوتێکیش هەبووە؟ قازانجەکە کێ کردوویەتی و هاوکێشەکە بۆ کێ لەبار بووە؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژنان لە کوردستان مەرگی ژینا بەهۆی حیجابی زۆرەملێیان کرد بە دەرفەتێکی نوێ بـۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەرانی خـاک و نیشتمانەکەیان، لەم پێناوەدا کەوتنە بەر فیشەکی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێم و زامی ساچمە و لەدەستدانی ئازیزانیان چێشت و بوون بە هاواری پەنگخواردووی نەتەوەکەیـان، بەڵام ئەمانە تەنیا بـۆ لابردنی سەرپۆش نەبوو بەڵکوو لە پێناو خواستی نەتەوەکەیانـدا بـوو، لە بەرانـبەردا ژنـان لە ناوەنـد وەک هەمیشـە دەرفەتەکەیـان قۆسـتەوە تـاکوو بتـوانن سەرپۆشەکانیان لاببەن، چونکە لای ئەوان ئازادی هەر لابردنی ئەو لەچکە بوو!

بێگومان زۆر بـوون ئەو ژن و کچانەش کە لە شارەکانی دیکەی ئێرانـدا لە شۆڕشی ژینـادا گیانیـان لـێ ئەستێندرا، بینـایی چاوەکانیان لەدەست دا و ئاواتەکانیـان لەگەڵیـان نێژران، بەڵام لە ٢٦ی خەرمانـانی ١٤٠١ەوە هەتـا ئەمڕۆ وێنە و ڤیدیۆ بڵاوکراوەکان لە شارەکانی دیکەی ئێران جیاوازییەکەیان بە باشی دەرخستووە. لە کوردستاندا هێشتا بچووکترین دەرفەت ئاگری شۆڕشەکە هەڵدەگیرسێنێتەوە، خەڵک دێنێتەوە سەر شەقام و ئـارامی لە دەسەڵات ئەبـڕێ بەڵام لە تـارانی پێتەختی جەلادەکاندا، ژنە ئەکتەرەکان سەرپۆش لا دەبەن و گوارەیەکی "شێر و خورشید" لە گوێ دەکەن و وەک بڵێی هەوڵی زۆریان بـۆ سـەرکەوتنی شۆڕشـەکە داوە، دەچنە بەر چـاوی کامێراکـان و پڕوپاگەنـدە بـۆ کـوڕی دیکتاتۆرێک دەکەن کە وەک ڕژێمی ئیسلامیی ئێران تینووی خوێنی خەڵک و بەتایبەتیش نەتەوە بندەستەکان بوو.

تێگەیشتن لە دۆخەکە سەخت نییە، لەم ڕستەیەدا کورت دەبێتەوە کە خواستی ئێمە لە خواستی ئەوان ناچێ!

١٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٥ی مای ٢٠٢٣ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژنانی کورد ئەو هێزەیان هەبووە شەقامەکانی شار بجووڵێنن



(دەقی قسەکانی د. کوێستان گادانی، بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە کۆنفرانسی "ژن، ژیان، ئازادی" لە پارلمانی ئورووپا)

ئامادەبووانی بەڕێز!

خاتوون و ئاغایانی ڕێزدار!

سڵاو و ڕێزی من وەک نوێنەری بەشێک لە بزووتنەوەیەکی مافخواز و ڕزگاریخواز قەبووڵ بفەرموون.

پێم خۆشە سەرەتای قسەکانم بە گێڕانەوەی چەند ڕستە لە دوایین قسەکانی فیلسووفی هاوچەرخ "سلاڤۆی ژیژەک" دەست پێ بکەم، کە لەمەڕ بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە، کردوویەتی. هەڵبەت ئەو بزووتنەوەیە و کۆی ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵی ڕابردووی ئێران، سەرنجی زۆربەی هەرەزۆری بیرمەند و سیاستوانانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. بەڵام ژیژەک ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ دەکا و دەڵێ: "ئەمن بیستبووم کە بزووتنەوەیەک دژ بە دەسەڵات لە ئێران لە ئارادایە، بەڵام دروشمەکانیانم پێ سەرنجڕاکێش نەبوو، بەیانییەک کە لەخەو هەستام و چاوم لە هەواڵەکان کرد، دروشمێکی تازە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاپچڵەکاندم، ئەویش دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو. ئەو دروشمەم پێ دروشمێکی پێشڕەو بوو. پێم سەیر بوو چۆنە گۆڕانێکی وا بنەڕەتی ڕووی داوە و دواتر کە سەر و سۆراغم کرد، دیتم ئەو دروشمە لە کوردستانەوە سەری هەڵداوە و ئەو جار هۆکارەکەیم زانی".

ئەگەر ئەو هۆکارانەی لە زەینی "ژیژەک"دا بوون وەلا بنێین و ئەو هۆکارانە بخەینە بەرباس کە لە ئەزموونی ژیاوی خەڵکی کورددان، بەو ئاکامە دەگەین کە چالاکیی ژنان و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، ڕۆڵێکی پێشڕەوە بووە. ئەدەبیاتی مودێرنی کورد لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، پڕە لە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژن. وێنەیەک کە تێیدا ژن نە ئامرازە و نە تەنیا مەعشووق و خۆشەویست و دەستەوەستان، بەڵکوو وێنەی ژنی کورد لە ئەدەبیات و هونەردا وێنەیەکی بەرانبەرە لەگەڵ پیاوان. جودا لەوەی کە لە بنکە و بنیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، ژنی کورد زیاتر لە حەوت دەیەیە کە ڕۆڵی کارای هەیە.

بەڕێزان!

٧٧ ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "یەکیەتیی ژنانی کورد" دامەزراوە و لەو حەفتا و حەوت ساڵەدا، ئەو یەکیەتیی ژنانە تا ئێستاش هەر چالاکە و بەرنامە و پرۆگرامەکانی خۆی بەڕێوە بردووە و لە سیاسەت و باری کۆمەڵایەتیی کورددا ڕۆڵی گێڕاوە. هەروەها ژنان لەنێو حیزبەکانیشدا قسەیان بۆ گوتن پێ بووە. لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە، لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵکی ئێران و ژنانی ئێرانی دەنگیان بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دا و لە ڕێفڕاندۆمێکدا وەڵامی ئەرێیان پێ دا، ژنانی کورد وێڕای پیاوان، تەنیا ناوچەیەکی ئێران بوون کە بە تێکڕایی بەشدارییان لە ڕێفڕاندۆمی کۆماری ئیسلامیدا نەکرد و نەچوونە ژێر باری یاسا و ڕێساکانی ئەو سیستەمە داپڵۆسێنەر و دژە ئینسانییەوە.

جودا لەوە، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتان خەریکی ساتوسەودای ئابووری و سیاسی بوون لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، خەڵکی کورد و حیزبی دێموکرات بە نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە، لە یەکەم ساڵی هاتنەسەرکاریەوە، دژی وەستان و پاش هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و کۆمەڵکوژیی خەڵکی کورد، حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی کەرامەتی ئینسانی و بۆ بەرگری لە خەڵکی مەدەنی و وەدەستهێنانی ئازادی و بەربەرەکانی لەدژی کۆماری ئیسلامی، هاتە مەیدانی خەباتەوە و دژی ئەو ڕێژیمە شەڕی کرد و لە بەرانبەریدا ڕاوەستا. لە هەموو ئەو ڕەوتەدا ژنانی کوردیش وێڕای پیاوان لە هێزەکانی پێشمەرگە و بەرگریدا خۆیان سازمان دا و دژبە سیستەمی گەندەڵی سیاسیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئاخوندی شەڕیان کرد.

لە دەیەکانی دواتردا، هەموو بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی کۆمەڵایەتی کە لە کوردستان بەڕێوە چوون، نیشانیان داوە، ژنانی کورد لە هیچ کاتێکدا نەچوونەتە ژێر باری یاساکانی مەزهەبی ڕێژیمەوە و بە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و جۆری پۆشەمەنیی و دەربڕینی بیروڕای خۆیان، دژبە ڕێژیم وەستاونەتەوە و تێچووی ئەو خەبات و خۆڕاگرییەیان داوە. لەو ڕێیەدا ئاماری ژنانی زیندانی و کووژراوی کورد بە دەست ڕێژیم ڕاستییەکان دەردەخا.

لە تازەترین وێستگەی خەباتی ژنانی کورد لە ئێران دژبە سیستەمی کۆماری ئیسلامییش، هەموو ڕاگەیەن و میدیاکان و ویژدانە ئاگاکانی جیهان دەزانن، ئەوە ژنانی کورد بوون کە پاش مەرگی "ژینا ئەمینی"، کچەلاوی کوردی سەقزی، بە جێگای شیوەن و گریان و دۆشدامان، دروشمی "ژن، ژیان ئازادی"یان بەرز کردەوە و ئەو دروشمە بەرە بەرە هەموو ئێران و جیهانی تەنییەوە.

ئەگەر سەرنجێکی وردتر و بەئینسافانە بدەین، دەزانین ئاخێزگەی ئەو دروشمە هەر پێشتریش کوردستان بووە و ئەوە ژنانی زوڵمچەشتووی کورد بوون کە هەم ستەمی نەتەوەیی و هەم ستەمی جینسی و هەم ستەمی مەزهەبییان دەرک کردبوو. هەر بۆیە لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامیدا، قەت ملیان بۆ ویستەکانی ئەو سیستەمە ڕانەکێشا و هەمیشە دژ بە نابەرانبەری و نەبوونی ئازادی جووڵاونەتەوە و بۆ ماڤی ژنان و بە گشتی مافەکانی مرۆڤی پەسەندکراو لە چوارچێوەی "جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ" دا تێکۆشاون.

## ئامادەبووانی هێژا!

تاڵە ئەو قسەیەی دەیکەم، بەڵام لە زۆر سەردەمی تاریکی ئەو سیستەمە حکوومەتییەدا، ژنانی کورد بەتەنیا ماونەتەوە، هەر وەک بزووتنەوە سیاسی و پێشکەوتنخوازانەکەی ئەو نەتەوەیە کە بەردەوام سەرکوت کراوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گرتن و زەبروزەنگ، کوشتن، تێرۆر و ئێعدام ویستوویەتی بەچۆکی دابێنیت. بۆیە ئەگەر ئێستا بە یارمەتی ڕاگەیەنە گشتییەکان و دوای ئەزموونێکی تاڵی چل و چەند ساڵە، خەڵکی گەلانی دیکەی ئێران و ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران، دەنگیان هەڵبڕیوە، ژنانی کورد هەر لە سەرەتاوە پێشەنگی ئازادیخوازی بوون و وەک باسم کرد زیاتر لە ٧٧ ساڵە بەردەوام و بەرێکخراو، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان شەڕ دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە نەک هەر لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ژنان ڕۆڵی پێشەنگیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە ئێرتجاعی و دواکەوتووەکان هەبووە. جیهان لە خۆبوردوویی ژنانی "ڕۆژئاوای کوردستان"ی لە بەرانبەر "داعیش"دا لە بیر ناچێتەوە. لە کاتێکدا کە هێزی ڕەشی داعیش، هەڕەشەیەکی جیهانی ساز کردبوو، و هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی لە خوێن و کوشتاردا نوقم کردبوو، ژنانی جەنگاوەری ڕۆژئاوای کوردستان بە توانا و ئیمانێکی ئینسانییەوە، لە بەرانبەریاندا ڕاوەستان و شکستیان بە داعیش و هێزە داپڵۆسێنەرەکەی هێنا و لەو ڕێیەدا هەزاران ژنی جەنگاوەری کورد شەهید بوون.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەبێ ئەو ڕاستییە باس بکرێ؛ کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکان بە ڕادەی قورساییەک کە ژنانی کورد لەو بزووتنەوەیەدا بوویانە، بایەخیان پێ نەدراوە و پرس و ڕایان پێ نەکراوە. سیاسییەکانی جیهان دەبوو و دەبێ، ئەو ڕاستییە بزانن پتر لە چل ساڵە ژنی کورد سینگی کردووەتە قەڵغانی هەموو ژنانی ئێرانی و لە بزووتنەوەی نوێشدا، ڕۆڵی ڕادیکاڵ و کارای هەبووە و هەیەتی. ئێستاش شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە و ئامادەیی ژنانی کورد و حوزووریان لە شەقامەکان لەگەڵ باقی ژنانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەڕاستی بۆ بەراورد نابن. ئێوە بە چاوی خۆتان و لە ڕێگەی وێنە و دیمەنەکانی نێو سۆسیالمێدیاوە دەبینن کە بە سەدان و هەزارن ژن دەڕژێنە سەر شەقامەکان و لە بەرانبەر هێزە سەرکوتکەرەکاندا، داوای مافی ژنان دەکەن. لێرەدا دەمەوێ سەرنجتان بۆ خاڵێکی تایبەت ڕابکێشم. ژنانی کورد تەنیا بە دروشمدان لە سەر باڵەخانە و دروشم نووسین لەسەر دیوارەکان و کۆبوونەوەی چەند کەسی، دەست هەڵناگرن و ئەو هێزەیان هەبووە و هەیە کە شەقام بجووڵێنن. ڕاپەڕینەکانی ژنان لە چەند مانگی ڕابردوو لە شارەکانی سنە، مەهاباد ، بۆکان، جوانڕۆ، سەقز، دیواندەرە، مەریوان، شنۆ، پیرانشار و زۆر شاری دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. ئەگەرچی بەداخەوە ڕاگەیەن و تەلەویزیۆنە فارسیزمانەکانی دەرەوەی ئێران، کەمترین گرینگییان بەو بابەتە داوە و لە پەراوێزدا ئاوڕیان لێ داوەتەوە، هەر وەک چۆن، ئاوڕێکی کەمیشیان وەسەر سەدان لاوی شەهید و سەدان زیندانی دراوەتەوە کە لە شارە کوردەکان لەو ماوەیەدا بە دەست ڕێژیمی ئیران کووژراون و بەند کراون.

**بەڕێزان!**

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر بناغەی سڕینەوە و هەڵاواردن داندراوە. لە حاڵێکدا کە ئازادیی ئایین و ئایینزا وەک یەکێک لە بنەماکانی مافی مرۆڤ لە چەمکی جیهانداگریی مافی مرۆڤدا دانی پێدا نراوە و لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بەڕەسمی ناسراوە؛ بەڵام ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێراندا نەک هەر مافی کەمینە ئایینییەکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڕەسمی ناناسێ، بەڵکوو لە هەموو ڕێگەیەکی سەرکوت و پشتگوێخستن و ڕێگرییەوە ماف و ئازادییەکانیان پێشێل دەکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەنیشت سیاسەتی ڕەسمیی پێشێلکردنی مافی کەمە ئایینییەکان، ئایین وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی ژنان و بێبەشکردنی ئەوان لە ئازادیی ئایین و بروامەندی بەکار دێنێت کە ئەو پێشێلکردنی مافە لە دیاردەکانی وەک کوشتن لەسەر نامووس و پارێزراوبوون لە سزادا دەگاتە لوتکە. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەروەها بە گەڕانەوە بۆ ئایینزای ڕەسمیی خۆی کۆمەڵگەی ئێل جی بی تی (LGBT) بەتوندی سەرکوت و تەنانەت ئێعدامیان دەکات. بۆیە پشتگرتنی خەباتی خەڵکی ئێران بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆیی و لە پێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانترە.

لێرەوە دیسان ئێمە وەک بەشێک لە بزووتنەوەی سەرانسەریی ئازادیخواز و، وەک نوێنەرانی خەڵکی کورد، دەنگمان بەرز دەکەینەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری و یەکسانی. دەنگمان بەرز دەکەینەوە بۆ وەدەستهێنانی مافی وەکیەک و بەرابەر و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سێکۆلاری دێموکرات و فیدراڵ، کە تێیدا هەم مافی ژن و پیاو پارێزراو بێت و هەم مافی هەموو نەتەوەکانی نێو جواغرافیای ئێران.

### لەو پێوەندییەشدا چەند داخوازییەکتان بەرەوڕوو دەکەین:

١- هەروەک دەزانن لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دەسبەسەر کران کە بەشێکی زۆریان ئێستاش لە گرتووخانەکاندان و ئەشکەنجە دەکرێن و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر. ئەوان لە ڕووی داراییەوە توانای گرتنی پارێزەر یان دابینکردنی پێداویستییەکانی بێهداشت و سڵامەتییان نییە. بۆیە داواتان لێ دەکەین یارمەتییان بدەن بۆوەی بتوانن بۆ داکۆکی لە خۆیان پارێزەریان هەبێ و دەرەقەتی تێچووە پزیشکی و دەرمانییەکان بێن.

٢- ژنانی کورد سەرەڕای پاشخانی زۆریان لە خەبات و داکۆکی لە مافی مرۆڤ تا ئاستێکی زۆر لە کۆمەڵگەی جیهانیدا پەراوێز خراون. داوا دەکەین لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ باس لەسەر پرسی ئێران بایەخی پتر بە دەور و چالاکیی ژنانی کورد بدرێ، بەتایبەت کە ژنانی کورد ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان لە کاری ڕێکخراوەییدا هەیە و دەتوانن لە ڕەوتی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا یارمەتیدەرێکی باش بن.

٣- زۆر لە ژنانی چالاکی کورد ناچار بە جێهێشتنی وڵات دەبن و پەنا بۆ وڵاتانی دراوسێ یان ئورووپا دێنن و دەکەونە بەردەم داهاتوویەکی نارۆون. ئێمە داوا لە یەکیەتیی ئورووپا، بەتایبەت بەڕێز پینا پجرنوو جێگری سەرۆکی پارلمانی ئورووپا دەکەین لە پێناو دەستەبەری داهاتوویەکی ڕوون بۆ ئەوان تێبکۆشن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٤- زۆر لە ژنانی چالاکی سیاسیی کوردی ئێران بە منداڵ و بنەماڵەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە چەند بنکەیەکدا نیشتەجێن. ئەوان لەڕووی ئابووری و بژێوی ژیانەوە دۆخی شیاوی کەسێتیی سیاسیی خۆیانیان نییە و تا سەرباقی ئەووش تا ئێستا لەلایەن ئێرانەوە چەند جار هێرشی مووشەکییان کراوتە سەر کە کوژران و بریندارբوونی چەند کەس لەوانی لێ کەوتۆتەوە. ئێمە داوا لە یەکیەتیی ئورووپا و کۆمەڵگەی جیهانی دەکەین لە ڕێگەی ڕێوشوێنەکانی خۆیەوە گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن بۆوەی ئەمنییەتی گیانیی ئەو ژن و منداڵ و کۆمەڵە خەڵکە دابین ببێت.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئینسانییە و بۆ ڕزگاری لە دەست سیستەمی دژە ئینسانی کۆماری ئیسلامی، دەستی هاوکاری بۆ هەمووو ئێوەش درێژ دەکەین.

بژین و سەرکەوتوو بن.

"ژن، ژیان، ئازادی."

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٧ی مای ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مستەفا مەولوودی: سەرەڕای ستراتیژیی جیاوازی لایەنەکان پێویستە ناوەندی هاوکاری بەرین بێتەوە، یان دەنا ناوەندێکی گەورەتر پێک بێنین



**ئاماژە:**

لە هەشت مانگەی شۆڕشی ژینادا پرسی پێگە و چەندوچۆنیی شۆڕشەکە، هەنگاوی بەکردەوە و جووڵە سیاسییەکانی حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دواجار نەخشەڕێیەکی سیاسی کە زۆرینەی لایەنەکان لەسەری ڕێک کەوتبێتن لە بابەتە ڕۆژەڤەکانی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان و ئێرانە. "کوردستان" بە کۆمەڵێک پرس و پرسیارەوە دیمانەیەکی لەگەڵ مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری و بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە:

**کوردستان**: کاک مستەفا ٧ مانگ لەوەپێش و لەسۆنگەی نارەزایەتییەکان بە کوشتنی ژینا ئەمینی ڕاپەڕینێکی بەرین لە ئێران وەڕێ کەوت. ئەم ڕاپەڕینە ڕاستە سەرکوت کرا، بەڵام پێتان وایە ڕێژیم توانیبێتی بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بێت؟

**مستەفا مەولوودی**: من باوەڕم وا نییە کە ڕێژیم توانیبێتی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران سەرکوت بکات. ئەگەر بەهۆی فشارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک چوار مانگی پێش ئێستا خەڵک بە ڕۆژانە لەسەر شەقام نین و وەک پێشوو ڕۆژانە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە مەیدانەکاندا دیار نین، ئەوە بە مانای ئەوە نییە خەڵک تەسلیم بوون و ڕاپەڕین سەرکوت کراوە. ئەوە نییە ڕۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر شاهیدی نارەزایەتی و لە مەیداندابوون و مانگرتنی چین و توێژەکانی خەڵکی وڵاتین. بۆیە ڕێژیم سەرەڕای ئیدیعاکانی نەک نەیتوانیوە بە سەر دۆخەکەدا زاڵ ببێت، بەک نەیتوانیوە ئیرادە لە خەڵک بستێنێ و خەڵک لە ویست و خواستەکانی پەژیوان بکاتەوە؛ بگرە هەر ئەو ڕاپەڕینە و بەردەوامییەکەی و مافخوازیی خەڵک گەورەترین کێشەی بۆ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دروست کردووە.

ئەو ڕاپەڕینە کە زۆرتر بە بزاڤی ژنان و گەنجان پێناسە کراوە؛ لە بەردەوامیی خۆیدا ئێستاش دەبینین بەربەرەکانێی ئازایانەی لاوان ژنان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشاندا، ڕێژیمیان دەستەوەستان کردووە. ئەمەش وای کردووە کە ڕێژیم هەموو توانا مەزهەبی، قانوونی و ئەمنییەتییەکانی بخاتە گەڕ بۆوەی ئەم جووڵانەوەیە بوەستێنێ. دەبینین کە بە جەریمەکردن و پێشگرتن لە کار و سنووردارکردنی ژنان لە زۆر باری ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتیدا بەربەستی قورسی بۆ دروست کردوون و ڕاستەوخۆش ڕۆژانە لە ئیدارەکان، لە شەقام و شوێنە گشتییەکان بەربینگیان پێ دەگرن، هەستیان خەوشدار و بریندار دەکەن؛ بەڵام ژنان و گەنجان کۆڵ نادەن. ڕێژیم تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە کە ژیان و کاری تاک بخەنە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری، بەڵکوو لە تاکتیکی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک کەڵک وەردەگرێ و ڕۆژانە بە دەیان ڕێستوران و پاساژ و دوکان پلۆمپ دەکرێن و دادەخرێن، بەڵام خەڵک پێملی ئیرادە و گوشارەکانی ڕێژیم نەبووە و نافەرمانیی مەدەنی بە شێوەیەکی بەردەوام درێژەی هەیە. بۆیە ئەگەر کورتی بکەمەوە ئەمن لام وایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نە توانیویەتی ڕاپەڕینی خەڵک سەرکوت بکات و نە دەشتوانێ بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بێت و لە نیهایەتیدا ئەوە خەڵک و ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکە چارەنووسی ڕێژیم یەکلا دەکاتەوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا و بەبۆنەی ١ی مانگی مەی (ڕۆژی جیهانیی کرێکاران) دەبینین کە مانگرتن لە زۆربەی شارەکان لەنێو چین و توێژی جۆراوجۆریی کرێکاران و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئارادایە و خەڵک و چینی جۆراوجۆریش پشتگیرییان دەکەن. بۆیە بەدڵنیاییەوە ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی ساڵی بەردەوامی و پێشکەوتنی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵک دەبێت.

**کوردستان: پرسی هاوپەیمانی یان ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی کە دەکەوێتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چەندە لە دامرکاندنی کاتیی شۆڕشەکەدا کاریگەری هەبوو. وەک ئەوەی نەیانتوانی هیوا و هۆمێد بۆ بەردەوامیی خەڵک لەسەر شەقام بێڵێتەوە؟**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

من بـاوەڕم وایە خەڵکی ئێـران حیسـابی خۆیـان لەگەڵ ڕێـژیم یەکلا کـردۆتەوە و لێـی تێپەڕیـون و هەوڵ دەدەن بـۆوەی بیڕوخێنن؛ بۆیە لە مەیدانی خەباتەکەشدا زۆر چاوەڕوانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەیان نەکردووە. تەنـانەت خواستەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە زۆر بـوار و ڕەهەنـددا لە پـێش بەشـێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە تـاراوگەیە و، ئەوە بە تەواوی بە دروشم و ویست و جۆری چالاکییەکانیـانەوە دیـارە. بەڵام سروشـتییە ڕاپەڕیـن و بزووتنەوەیەکی بەربەرینی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بیهەوێ لە ڕێژیم تێپەڕێ و نیزامێکی دێموکراتیک و بەرپرس بێنێتە ئـاراوە، پێویستی بە ئـاڵترنـاتیڤی دیـار و جێگـای متمانەی خەڵک هەیە کە ببێت بە ئادرەس و جێگەی ئەو ڕێژیمە بگرێتەوە. بۆیە:

**یەکەم**، بـۆ خەڵکـی ئێـران و جۆراوجۆرییەکـانی وڵات گـرینگە بـزانن چ کەسـایەتی و لایەنێـک ڕێبەرایەتیـی سیاسـیی جووڵانەوەکە دەکات.

**دووهەم**، بـۆ دنیـای دەرەوەش گـرینگە کە نیزامـی سیاسـیی ئێـران بە چ شـێوەیەک دەگـۆڕدرێ و، ئەو گۆڕانکـارییە چەنـدە کاریگەری لەسەر ئـاسایش و سەقامگیری سیاسی و ئـارامی نـاوچەکە دەبێت. چونکە وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران بەو پێگە گرینگە و هەڵکەوتەی جوغرافیایی و سیاسییە هەستیارەی دەتوانێ کاریگەری زۆری لەسەر جێگیـری و نـاجێگیریی سیاسی و ئەمنییەتی لە نـاوچەکەدا. هەبێت و لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا ئەوە فاکتەرێکی گرینگە.

**سێهەم**، وڵاتـانی نـاوچەکەش بەو ئەزموونەی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی دەستێوەردەرانە و قەیرانخوڵقێنییەکـانی هەیانە، بۆیان گرینگە بزانن ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران چەندە ڕێز لە پێوەندییە سیاسییە باشەکان دەگرێ.

**چوارەم**، بۆ دانیشتووان و پێکهاتەکـانی ئێرانیش گرینگە بەپێی ئەزموونێک کە لە ڕێژیمی پاشایەتی و کۆمـاری ئیسلامی هەیانە، بیر لە دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆنێک بکەنەوە کە داهـاتووی سیاسیی وڵات بەپێی ویستی ئەوان دەستەبەر بکـات و جارێکی دیکە ناچار نەبنەوە شۆڕش و ڕاپەڕین بۆ دیسان گۆڕینەکەی وەڕێ بخەن.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو دۆخە دەبینین بەداخەوە کە ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانیوە تـا ئێسـتا ئاڵترنـاتیڤێکی بەو تـایبەتمەنـدییە پێک بێنێ و خۆی بناسێنێ. ئەوەش دەتـوانێ کـاریگەری نێگەتیڤی هەبێ لەسەر چاوەڕوانی و بیرکردنەوەی خەڵک، بەڵام بەو حاڵەش ئاڵترناتیڤی دێموکراتیک لە خەیاڵگەی خەڵکی ئێراندا غایب نییە و خەڵک بیـری لـێ دەکـاتەوە. من بـاوەڕم وایە لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێـران لە نێوخۆی وڵات و بە ئەزموونێک کە لە مێژوودا هەیـانە ئۆپۆزیسیۆنی دژی ڕێژیم و ڕێبەری بۆ داهاتووی ئێران دروست دەکەن و ئەوە نابێ جێگەی نیگەرانی بێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**کوردستان**: کوردستان ئادرەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکە بوو. ناوەندی هاوکاریش وەک ڕێکخەری ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان پێناسە دەکرا، کورد زۆرترین قوربانیی لەو شۆڕشەدا دا. بەڵام هەتا ئێستا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نەیانتوانیوە لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش ڕێک بکەون. بۆ؟

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەواوی قۆناغەکانی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا لە خەبات بەدژی پاوانخوازی و هێرش و سەرکوت بەردەوام پێشەنگ بوون و ڕێژیم نەیتوانیوە قەت بۆ ساتێکیش لە کوردستان ئارخەیان بێت. سروشتییە خەبات و بەربەرەکانێی کورد تێچووی زۆری هەبووە، بەڵام ئەو نەتەوەیە کۆڵی نەداوە، هەر ئەو کۆڵنەدان و خەباتگێڕییەش بۆتە پێناسە و شوناس بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان وایە شۆڕشی "ژینا" ڕەنگە ئەگەر لە کوردستان جەغماغەکەی لێ نەدرابا لەوانە بوو زوو دابمرکێ و ئەو کاریگەری و شوێندانەرییەی ئێستای نەبوا. ئەوە خەڵکی کوردستان بوون لەگەڵ بەخاکسپاردنی تەرمی ژینادا دەنگیان هەڵبڕی و ڕاپەڕینەکەیان وەڕێ خست و لە بەردەوامیی کوردستاندا ڕاپەڕینەکە بۆ ناوچەکانی دیکەش پەلی هاویشت. بۆیە کورد ئەمجارەش لە خەبات و شۆڕشدا پێشەنگ بوو، و مخابن لە تێچووشی شۆڕش و قوربانیدانەشەکدا پشکی شێری بەرکەوت. بەو پێشەکییەوە دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکە.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەت "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" و بە تایبەتیتر حیزبی دێموکرات لەو ڕاپەڕینەدا دەوری بەرچاویان هەبوو. خەڵکی کوردستانیش هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ئازایانە لە مەیداندا بوون، بەڵام ڕێنوێنی و هەڵوێستی حیزبەکانیشیان ڕەچاو کردووە. ئەوەش پێوەندییەکی باشی لەنێوان هێزە سیاسییەکان و بزوتنەوەی سیاسی- مەدەنی خەڵکی کوردستان و هەر وەها خەڵکی ئێرانیشدا دروست کردووە و دەکرێ بە بەشێک لە دەسکەوتە باشەکانی شۆڕشی ژینا دابندرێت. بەڵام سەرەڕای ئەو هاوخەباتی و شوێندانەرییە بەداخەوە حیزبە کوردییەکان تا ئێستا لە داڕشتنی پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا بە ئەنجامی کۆتایی نەگەیشتوون کە لە ڕوانگەی منەوە دوو هۆکاری هەیە:

**یەکەم**، حیزبەکان لەگەڵ ئەوەدا کە پێوەندیی باشیان لەگەڵ یەکتر هەیە، بەڵام خوێندنەوەیان بۆ ڕووداوەکان و بەو پێیەش هەڵوێستە سیاسییەکانیان زۆر لێک جیاوازە. ئەوەش کارەکەی کەمێک قورس کردوە و زۆر هاسان نییە کە هەموو ئەو بۆچوون و هەڵوێستانە لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی گشتگیردا کۆ بکرێنەوە.

**دووهەم**، چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکی کوردستان زۆر گرێدراوی چارەنووسی خەڵکی ئێرانە. هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە داڕشتنی سیاسەتدا ناتوانن هەر بیر لە کوردستان بکەنەوە، بەڵکوو پێویستە بیرێکی جیددی لە هەموو بابەتەکانی سەرانسەری ئێران لەگەڵ ئێرانییەکان لە تاران و هەموو گەلانی ئەو وڵاتە بکەنەوە. ئەوەش کێشەکەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دوو هێندە قورستر کردووە، بۆیە زۆر هاسان نییە هەموو حیزبەکان لە ماوەیەکی زەمەنیی ژورتدا بتوانن لە چوارچێوەیەکدا خۆیان ببیننەوە. بەڵام سەرباری ئەو دۆخە روونە کە کورد پێویستە هەم لە نێوخۆیدا کۆدەنگ بێ و هەم لەگەڵ ئێرانییەکان بۆ رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک لەسەر خەت بێ. لە دارشتنی پلاتفۆرم و نەخشەرێی سیاسیدا کورد دەبێ بەپێی سەنگ و قورساییەکەی نەخشی هەبێ و بە بارتەقای خەبات و تێکۆشانەکەی مافەکانی لە داهاتووی ئێراندا جێگیر بکرێت.

**کوردستان**: بەڕاشکاوی و لە چوارچێوەی پرسیارەکەی پێشوودا بۆچی حەوت مانگ پاش دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا، حیزبی دێموکڕات لە هیچ هاوپەیمانییەکی کوردستان و ئێرانیدا دەرنەکەوتووە؟

حیزبی دێموکرات، حیزبێکی بەئەزموون و وردبینە و بەتەواوی هەست بە هەستیاریی دۆخەکە و ئەرکی سەرشانی خۆی دەکات. بۆ حیزبی دێموکرات هەر کات بیهەوێ زۆر قورس نییە وەک خۆی پێش زۆر هێزی سیاسیی دیکە پلاتفۆرمی تایبەت بە خۆی بڵاو بکاتەوە. لەو پلاتفۆرمەشدا بەزۆری خواست و داوای خەڵکی کوردستان تێیدا رەنگ بداتەوە و بەڕوونی بڵێ کە پێویستە چ جۆرە نیزامێک لەسەر کار بێ و چۆن وەڵامی پێویستیی سیاسیی پێکهاتەکان و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی بداتەوە. هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێ دا، کوردستان لە ئێستادا حیزب و گرووپی جۆراوجۆری تێدایە و جیاوازیی دیاریش لە تاکتیک و ستراتیژی حیزبەکاندا هەیە. بۆ نیزیک کردنەوەی هەموو یان زۆربەی حیزبەکان لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەشی تەواو و گشتگیر، کات و دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی باشی گەرەکە. دیارە دەشزانین کە کات درەنگە، بەڵام بەڕاستی دیالۆگ و قسەکردنەکان بەباشی و تەواوی نەکراوە بۆیە تا ئێستا لێکتێگەیشتنی تەواویش دروست نەبووە.

هەروەها بابەتی کوردستان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تەواوەتیی ئێران و پێکهاتەکانی دیکەی ئەو وڵاتەوە هەیە. پێویستە پلاتفۆرمێک لەلایەن کورد -بە تایبەت ئەوەی حیزب تێیدا بەشدار بێت- ووە بدرێتە دەرێ کە بەڕوونی و بەتەواوی وەڵامی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەستیارەکانی ئێرانی داهاتووی تێدا بەدی بکرێ. دەبێ بزانین لەگەڵ کێ دەکەوینە دیالۆگ، داوای چ جۆرە نیزامێک بۆ داهاتووی ئێران دەکەین، لەسەر چ شتێک رێکدەکەوین بۆوەی چارەنووسی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەش بە دەردی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی نەچێ و ئەوەش کارێکی هیند هاسان نییە. پێش هەموو شتێک یەکڕیز و یەکگوتاریی هێزە سیاسییە کوردییەکانی گەرەکە کە تا ئێستا ئەوە نەهاتۆتە دی. لەڕاستیدا خەباتێکی سەختە و دەبێ لەگەڵ ئێرانییەکان لە مەیدانی قسە و دیالۆگدا بیبەینەوە و سەنگ و قورسایی خۆمانمان هەبێت. جیا لەوەش دەکرێ ئەو وەدرەنگکەوتنەش هەمووی بە زیان نەقەبڵێندرێ، بەڵکوو بە دەرفەتێک بۆ شەنوکەوکردنی هەموو بابەت و کەلێن و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

قوژبنەکان دابندرێ. بۆ ئەوەی لە پلاتفۆرم و هاوپەیمانییەکدا خۆمان ببینەوە کە جێگای پەسندی خەڵکی کوردستان بێت و زۆرینەی نیزیک بە تەواوی خواستەکانی خەڵکەکەمانی تێدا دەستەبەر بووبێت.

**کوردستان: لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لانیکەم چوار مەنشوور وەک نەخشەڕێ بۆ ئێرانی داهاتوو بڵاو بوونەتەوە. کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو مەنشوورانە لەسەر ڕەوتی شۆڕشی خەڵک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

یەکێک لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا ئەوە بووە حیزب و کەسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی لە هەموو ئاستەکاندا بیر لە جۆری نیزامی داهاتوو لە ئێراندا بکەنەوە و هەر حیزب و لایەنێک لە ڕوانگەی خۆیەوە نەخشەڕێگای داهاتوو دەستنیشان دەکات. ئەوە لەجێدا شتێکی باشە. هەر لەو ڕوانگەوە هەر بەشێک بە ڕادەی تێگەیشتن و دنیابینیی خۆی مەنشوور و نەخشەڕێی خۆی دێنێتە گۆڕێ و لەو ڕێگایەشەوە دەکرێ زۆرتر زانیاری و ناسین لەسەر دنیابینی و هەڵوێستی حیزب و کەسەکان وەدەست بێنی و ئەوە یارمەتی دەکات لە جێگای ئەوەی هەموو حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان بەجیا و یەک بە یەک بکەونە دیالۆگ و قسەکردن، بلۆکی سیاسی دروست ببێت و؛ بلۆکە سیاسییەکان دەکرێ لەگەڵ یەکتر دیالۆگ بکەن. هەر ئەوەش زۆر و کەم چاوەڕوانی لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا درووست کردوە. تەنانەت دنیای دەرەوەش زۆرتر سەرنجیان کەوتە سەر بیرکردنەوە لە داهاتووی ئێران. ئەوانە هەموویان دەکرێ بە خاڵی باشی جووڵانەوەکە دابندرێن. بەڵام ئەگەر بپرسین کە ئەو مەنشوورانە بەگشتی چەندە بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی ئێران دارێژراون؟ ئاخۆ کۆمەڵگەی ئێرانیان بەو جۆرەی کە هەیە ناسیوە؟ یان لە دارشتنی مەنشوورەکاندا چەندە پرژاونەتە سەر هەموو بابەتەکان و وڵامی چاوەڕوانییەکانیان داوەتەوە؟ ئەمن بە ڕاشکاوی دەڵێم نا. چوونکە یەکەم؛ مەنشوورەکان گشتگیر نەبوون. دووهەم؛ لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیان وەک هەیە تێ نەگەیشتوون. سێهەم؛ لەگەڵ ئەوەدا باس لە جیاوازییەکان دەکرێ بەڵام بەڕوونی باس لەو جیاوازی و جۆراوجۆرییانە ناکەن کە لەکۆمەڵگەی ئێراندا هەن و دەبێ دانیان پێدا بنرێت. هەر بۆیە ڕێگای گونجاویان بۆ چارەسەری کێشەکان دەستنیشان نەکردووە. لە نیهایەتدا ئەو مەنشوورانە وەک پێویست لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا وەرنەگیراون و نەبوونەتە هۆی یەکیەتیی نێو هێزەکان و بگرە تەنانەت بوونەتە هۆی ئاڵۆزی و بەریەککەوتنیش. لەئێستادا دەبینن لەباتی ئەوەی ببین بە ئادرەس و سەرچاوەی کۆکردنەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ کەموکورییەکان زیاتر دەردەکەون و تووشی لێکدابڕان و لێکترازان دەبن. هیوادارین ئەو ئەزموونانە ببن بە دەرسێک بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کۆی حیزبەکان کە ئەگەر بیر لە مەنشوور و نەخشەڕێ دەکەنەوە، با پلاتفۆرمەکە هەڵقوڵاوی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ و پێویستیی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو پێکهاتەکانی ئێران تێدا بگونجێندرێ.

**کوردستان: سەنگی کورد لە دیالۆگەکانی ئێستای نێوان ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی چەندە بووە؟**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بە سەرنجدان بە ئەزموونەکانی هەشت مانگی ڕابردوو لە بنەڕەت ڕا پێتان وایە ئەو دیالۆگانە دەسکەوتیان بووبێ؟**

سەنگی کورد بە زۆر پێوانە دەبێ بەهێز بێ و بەهێزیشە.

**یەکەم**، کورد هەموو کاتێک لە سەنگەری پێشەوەی خەباتدا بووە لەدژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و لەو پێناوەدا هەزینەی زۆری داوە، بەڵام کۆڵی نەداوە.

**دووهەم**، کورد پێش هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێران ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ناسی و دەنگی پێ نەدا و خەباتی بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە کرد و بەبەردەوامی تێکۆشاوە بۆ هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک.

**سێهەم**، کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان باوەڕیان بە دێموکراسی و ئازادی و مافی سیاسی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانیی مرۆڤەکان هەیە و بۆ وەدیهێنانی ئەو دروشمانە تێکۆشاون. ئەو فاکتەرانە وای کردوە کوردستان ببێتە چەقی ڕووداوەکان و ئەوەش تایبەتمەندییەکی گرینگی داوە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرەڕای هەموو سەختی و دژوارییەکان و تێچوویەک، کوردستان و پرسی کورد لە بزووتنەوەی سیاسیی ئێراندا زۆر دیارە و ناکرێ بە هیچ شێوەیەک پشت گوێ بخرێ. هەربۆیە لەئێستادا بە هەر شێوەیەک باس لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ئێراندا بکرێت، کوردستان یەکێک لە فاکتۆر و دادە بەهێزەکانە بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ. زۆر هێز و دەستە و حیزب و کەسایەتی سیاسییش کە باس لە دیالۆگ دەکەن ناتوانن کوردستان وەک فاکتۆرێکی بەهێز لەبەرچاو نەگرن. لەنێو هەموو ئەو مەنشوورانەی تا ئێستا بڵاو کراونەتەوە یان قسە لە داهاتووی ئێران دەکرێ، باسی کوردستان و حیزبەکانی کوردستان و مافی خەڵکی کوردستان کەم و زۆر بوونیان هەیە. هەر ئەوەی کە ئەو بەستێنە دروست بوو و ئێرانییەکان بە خوێندنەوەی جیاواز ئامادەن دیالۆگ بکەن و بەیەکەوە بابەتەکان بێننە بەرباس بۆ خۆی دەسکەوتە. هەروەها بیرکردنەوە لەوەی بە دیالۆگ پێویستە بابەتەکان یەکلا بکەینەوە و هیچ لایەک لانیکەم بوێری ئەوەی نییە دیالۆگ بە ڕێگەیەکی ناموناسب بزانێ ئەوەش خۆی لە خۆیدا باشە، بەڵام ئەنجامی چی بووە جارێ ناکرێ لەسەر ئەو بابەتە یەکلایەنە قەزاوەت بکەین و حوکمی کۆتایی بدەین. هەشت مانگ زەمانێکی کەم نییە بۆ دەرکەوتنی ئەنجامی دیالۆگ. بەڵام بەو هەمووە جیاوازییانە کە لەنێو هێزەکان و کەسایەتییە ئێرانییەکاندا هەیە، پێویستە کاتی زۆرتر بە دیالۆگ بدرێ و چاوەڕوان بین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کوردستان**: کۆمەڵە وەک یەکێک لە حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری چووە نێو بەرەیەکەوە کە ئێوە بەڕاشکاوی ڕەتتان کردەوە. ئەمە چەندە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و چارەنووسی ناوەندی هاوکاری داناوە؟

پێوەندیی سیاسی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە پێوەندییەکی سیاسیی تەندروستە. ئەوەی ئەو ماوەیەش بەیەکەوە لە ناوەندی هاوکاری کاریان کردووە، ئەزموونێکی باش بووە. بەڵام هەروەک لە ناوی ناوەندی هاوکاری ڕا دیارە ئەو دوو حیزبە لە پێوەندی لەگەڵ بابەتە سیاسییەکاندا بەیەکەوە هاوکاری دەکەن و هیچ قەدەغە و قۆرغێک بەڕوونی دیاری نەکراوە کە ئەو دوو لایەنە بەتەنیا نەکرێ لەسەر بابەتێکی سیاسی بەتەنیا خۆیان بەشدار بن. هەروەک تا ئێستا ئەگەر لایەنێک چۆتە نێو هاوپەیمانی یان هاوکاری لەگەڵ لایەنی دیکە هیچ کاردانەوەیەکی نگەتیڤ لەلایەنی بەرانبەر نەبیندراوە، ئەوەش زۆر سروشتییە ئەو دوو حیزبە هاوکاری لەگەڵ یەکتر دەکەن. خۆ لە کار و تێکۆشاندا خەت و نیشان و دارولەلە بۆ یەکتر دانانێن. بۆ نموونە هەر وەک لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێ کراوە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ مەنشووری "جۆرج تاون"ی ئیمزا کرد و حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەدا ڕایگەیاند ئەو مەنشوورەی قبووڵ نییە، بەڵام ئەو بابەتەی بەئاسایی وەرگرت و لەگەڵ کۆمەڵەش لە هاوکارییەکانیدا بەردەوام بووە و بەردەوامیش دەبێت. هیوادارم هاوڕێیانی کۆمەڵەش هەر بەو خوێندنەوەیە بۆ هاوکاری و پێوەندیی سیاسییەکانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات بڕواننە بابەتی لەو چەشنە.

**کوردستان**: بە ڕای ئێوە کاتی ئەوە نەهاتووە ناوەندێکی گەورەتر بە بەشداریی هەموو حیزبەکان دابمەزرێ؟

پێویستی ئەوەی ناوەندێک یان شتێکی گەورەتر لە ناوەندی هاوکاری لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و کەسایەتییە سیاسییەکان بێتە ئاراوە دەمێکە هەستی پێ دەکرێ و لەو پێوەندییەدا حیزبێکی بە ئەزموون و خاوەن کاریگەریی وەک حیزبی دێموکرات چاوەڕوانی زۆرتریشی لێ دەکرێ کە خەم لەو بابەتە بخوات. ئەوە نەک لە خوێندنەوەی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا غایب نییە، بگرە زۆر جاران لەنێو تەشکیلات و ڕێبەرایەتیی حیزب ئەو بابەتە باس کراوە. تەنانەت لە ناوەندی هاوکاری و لە دانیشتن لەگەڵ حیزبەکانی دیکەشدا باس لەو چاوەڕوانی و زەروورەتە کراوە. لە یەک قسەدا بە گشتی بۆ دروستکردنی ناوەندێکی گەورەتر هاوڕا و موافقین بەڵام کەی و چۆن و بە چ پێکهاتە و سیاسەت و فۆرمولێک بێت، ئەوە دیالۆگ و قسەکردنی زۆرتری پێویستە.

من هەر لەو توویژەدا باسم کردوە بە خۆشییەوە پێوەندیی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکان، پێوەندییەکی باش و سالمە، بەڵام لە تاکتیک و ستراتیژیدا جیاوازیی زۆر لە نێوان جەریانەکاندا هەیە هەم لە پێوەندی لەگەڵ مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان هەمیش سەبارەت بە تێڕوانینمان بۆ داهاتووی ئێران و چۆنیەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەشداری کورد لە کایە سیاسییەکان و بەشداری سیاسی و ئیدارەدانی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی. بەڵام سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکان ئەوە یەکێک لە پێویستییە سیاسییەکانی کوردستانە کە هەموو حیزبەکان دەبێ کاتی بۆ تەرخان بکەن و وەک بابەتێکی هەنووکەیی سەیری بکەن. حیزبی دێموکراتیش پێش هەموویان ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێ لەو پێناوەدا هەنگاو هەڵێنێت.

**کوردستان**: دوای هێرشە مووشەکییەکانی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزب و سەرەڕای زیان و خەسارە گیانی و ماددییەکانی، میدیاکان بە بەردەوامی باس لەو گوشارانە دەکەن کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی بەغدا و هەولێرەوە لەسەر حیزبی دروست کردووە. دۆخەکە ئێستا بە شێوەیەکە؟

گوشارەکانی ئێران لەسەر حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بابەتێکی تازە نییە. دەمێکە ئەوە لە ئارادایە و هەرجارە بە جۆرێک دەورووژێندرێ. ڕۆژانەش لە دەزگای جۆراوجۆری ڕاگەیاندندا لێدوانی بەرپرسانی سیاسی و ئەمنی و سەربازیی ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبیسین و دەزانین ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان ڕێژیمی ئێران و حکومەتی عێراقدا کراوە. زۆر و کەم لە نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکەش ئاگادارین. بەڵام ئەوە کە ئەو ڕێککەوتنە چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی سیاسی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە ئەوە جەوهەری باسەکەیە.

سروشتییە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئیرادەی خۆیان دەستیان بە تێکۆشان کردووە و جۆر و شێوەی خەباتیش هەر بۆخۆیان دیاریی دەکەن و هیچ دەوڵەت و لایەنێک ناتوانێ ئەو ئیرادەیە لە خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بستێنێ. بۆیە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بە شێوەی جۆراوجۆر تا سەرکەوتنی کۆتایی درێژەی دەبێت و بەتایبەت هەر ئەوەش لە حیزبی دێموکڕات چاوەڕوان دەکرێت.

**کوردستان**: ئەمن پێموایە ئەوەی حکوومەتی ئێران دەخوازێ ناڕەوایە و لەگەڵ بەها و پرەنسیپەکانی پێوەندیی باشی دراوسێیەتیی باش ناتەبایە، بۆیە ناکرێ ئەوانە جێبەجێ ببن، بۆ؟

**یەکەم**، خەباتی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان تەواو خەباتێکی سیاسی و ڕەوا و ڕێگەپێدراوە.

**دووەم**، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکڕات بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، وا نەجووڵاونەوە و ناجووڵێنەوە کە زیان بە بەرژەوەندیی سیاسیی هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بگەیەنن.

**سێیەم**، ئەوەندەی ئێمە گوێمان لێ بووە، لێدوانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بەرپرسانە بووە. ئەوان پێویستە زیاتریش هەست بە بەرپرسایەتیی سیاسیی خۆیان لە ئاست ئەو پرسەدا بکەن.

**چوارەم**، ئەو حیزبانە و بەتایبەت حیزبی دێموکڕات ئەزموونی سیاسیی باشیان هەیە و بە سەختییەکان ڕاهاتوون. بەرگەی هەموو قۆناغێکی دژواری خەبات دەگرن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک واز لە خەبات و تێکۆشان بەو شێوەی کە خۆیان بە دروستی دەزانن و هەلومەرج بوار دەدا ناهێنن.

**پێنجەم**، لە کۆتاییدا سەردەمی ئەوە نەماوە ڕێژیمێک بیهەوێ لە وڵاتێکی دیکە ئیرادەی چۆنی پێ باشە ئاوا خۆی بەسەر گەل و دەوڵەتی ئەو وڵاتەدا بسەپێنێ و بە ئاسانی بۆی بچەسپێ، ئەو سەردەمە کۆتایی هاتووە.

**کاک مستەفا زۆر سپاس بۆ ئەو کاتەی بۆ چاوپێکەوتنەکە تەرخانتان کرد.**

ئێوەش ماندوو نەبن

**١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٧ی مای ٢٠٢٣ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئاساییکردنەوە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا



سمایل شەرەفی

ئاساییکردنەوەی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر و عادەتدانی خەڵکی وڵات بە بارودۆخی مەوجوود و خۆبواردنی هاووڵاتی لە پرسیارکردن و نارەزایەتینواندن بەرانبەر بە کەموکوڕی و سەرکوت، هەوڵی هەمیشەیی سیستەمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە مەزهەب و بنەما ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆی و ترساندنی خەڵک بەرانبەر بە هەر سەرهەڵدان و دەنگهەڵبڕینێک، بەردەوام هەوڵی داوە خەڵک ملکەچی دۆخی ئارایی بکات و نادڵخوازترین هەلومەرج بە ئاسایی نیشان بدات. بەشێک لە ئامرازەکانی پرسی ئاساییکردنەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٤ ساڵە کەڵکی لێ وەردەگرێ، گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت و داپلۆسینە. بە شێوەیەک کە خودی ئەمری "سەرکوت" لە کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی سیستماتیک، هەوڵی ئاساییکردنەوەی بەردەوامی بۆ دراوە.

بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵک کە بەشێکە لە سیاسەتی ئاساییکردنەوەی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر لە ئێران، وەک هەنگاوی یەکەم بە مەبەستی ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەئاساییوەرگرتنی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە و پرسی ئاساییکردنەوەی پێ پاساو دراوە. قەیرانخوڵقێنی پلانێکی دیکەی پرۆسەی ئاساییکردنەوەیە کە ئەلحەق ژووره ڕەشە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

فکرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێیدا شارەزا و خیبرەن.

لە شۆڕشی ژینادا کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوویەوە، هەر لە حەوتووەکانی سەرەتای شۆڕشەکەوە هەوڵی ئەوە بوو کە بەناولێنانی شۆڕشی ژینا بە "اختشاش"، هەڵسوکەوتی سەرکوتکارانەی خۆی بەرانبەر بە شۆڕشگێڕەکانی سەر شەقامەکانی وڵات، ئاسایی و یاسایی پێناسە بکات. هەر لە درێژەی ئەم پیلانەدا و لە مەرحەلەی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیدا، بەهێرشی موشەکی بۆ سەر حیزبە کوردییەکان و بەستنەوەی ناڕەزایەتییەکانی کوردستان بە ئامریکا و ئیسرائیل و دەستوپێوەندیی دەرەکی و بیانی، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە زەمینەی ئاساییبوونی هێرش و پەلامار بۆ سەر کوردستان، بڕەخسێنێ.

لە درێژەی ئەم شۆڕشەدا ڕێژیم بە شێوەی جوراوجۆر لە چەند مەرحەلەی جیاوازدا بە گرتنەپێشی کۆمەڵێک سیاسەتی سەرکوتکارانەی وەک هێرشی کیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان و توندوتۆڵکردنەوەی ڕێگارەکانی پاراستنی حیجاب و پەلاماردانی ژنانی بێحیجاب، لە فازێکی دیکەی سیاسەتی ئاساییکردنەوەدا هەوڵی ئەوە بووە کە وا بنوێنێ کە شۆڕشی ژینا کۆتایی پێ هاتووە و ئەوەی هەیە کۆمەڵێک ناهەنجاریی کۆمەڵایەتییە کە بەپێی ڕەوتی ئاسایی ساڵانی پێشوو، بەرخوردیان لەگەڵ دەکرێ.

لە درێژەی ئەم قۆناغە لە ئاساییبنیشاندانی دۆخەکە و بە خەیاڵی خاوی خۆیان خۆدزینەوە و ڕزگاربوونیان لە شۆڕشی ژینا و بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک دژ بە دیکتاتۆرییەت، لە کوردستان کە شۆڕشەکە تێیدا سەری هەڵدا و بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران پەلی هاویشت، سەرقاڵی ئاساییبنیشاندانی دۆخەکەن. لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا ڕێژیم لە کوردستان بە وەڕێخستنی کۆمەڵێک فستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی فەرهەنگی و هونەری دەیهەوێ وا نیشان بدات کە ئەو خەڵکەی کە چەند مانگ پێش هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمی نەمانی ڕێژیمیان دا و لە درێژەی سەرکوتێکی سیستماتیکی ڕەشدا بە دەیان کەسیان لێ کوژراو و بە سەدان و هەزارانیان لێ بریندار و زیندانی کران، هیچ کێشەیەکیان نەماوە و لە سەر شەقامەکان – هەر ئەو شوێنەی کە تێیدا خەباتیان کرد و خوێنیان دا – سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆیانن و گوێ لە موزیک ڕادەگرن و دادەپەڕن!! ئەوە لە حاڵێکدایە کە خەڵکی بنەماڵەی قوربانییانی شۆڕشی ژینا لەسەر گڵکۆی شەهیدەکانیان سروودی شۆڕشگێڕانە دەڵێنەوە و بە کۆبوونەوەی سەدان کەس لە خەڵکی شارەکان لەسەر مەزاری شەهیدان، بەردەوامیی شۆڕشەکە بە گوێی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا دەدەنەوە.

ئەوەی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا لە کوردستان دەیکات نەتەنیا هەوڵێکی سیستماتیکی پلان بۆدانراوە بۆ ئاساییکردنەوە و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نیشاندانی دۆخەکە بە دڵخوازی خۆی، بەڵکوو تەحقیرکردنی کۆمەڵگەی کوردستان و شەقامە پڕ لە خەبات و خوێنەکانیەتی. وەک ئەوەی لە کوردستان "نە ی هاتبێ و نە بۆران."

لەم پێوەندییەدا کەم نین ئەو کەسانەش کە نائاگایانە یان بە پیلان و نەفسنزمییەوە کەوتنە داوی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران. کاتێک کە لە شارێکی خاوەن شناسنامەی پڕ لە شانازی و شکۆ کە تێیدا لە شۆڕشی ژینادا بە دەیان کەس لە لاوەکانی بە دەستی هێزە سەرکوتکار و بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵتانی خوێن کران، کۆمەڵە کەسێکی دیاری فەرهەنگی بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسیی کوردستان و باری دەروونیی کۆمەڵگە، بە پێکهێنانی کۆڕی هونەری، هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی ڕێژیم بۆ ئاساییینیشاندانی دۆخی کوردستان، ڕەفتار دەکەن، پێویستە بە جیددی ڕەخنەیان لێ بگیردرێ و لۆمە بکرێن. ئەوان ئەگەر بە هەر هۆکارێک نەیانتوانیوە لە پاڵ خەڵک بن و بەشداری شۆڕشەکە بن، بۆیان نییە خۆی بە زام و برینی بنەماڵەی شەهیدان، زیانلێکەوتووان و زیندانییانی سیاسیدا بکەن و دۆخەکە بە دڵخوازی دیکتاتۆرییەت ئاسایی نیشان بدەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا هێندێک ئاوانس و چراسەوزی نیشان داوە کە ئەگەر لە لایەک بۆ خۆدەربازکردن لەژێر تەوژمی بارودۆخی نێوخۆی وڵات و شۆڕشی ژینادایە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕاست لە پیناو ئاساییینیشاندانی دۆخی نێوخۆ و خۆگێلکردنی لە داخوازییەکانی خەڵکی سەرشەقامەکانی وڵاتە.

هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی خەڵک دژ بە ڕێژیم و خەبات بۆ ئازادی و سەربەستی و گەیشتن بە وڵاتێکی دڵخواز، بەم سیاسەتانەی ڕێژیم – لەوانەیە تووشی نووشست و خاوبوونەوە بێت – لە ڕاوەستان و بەرەوپێشچوون ناکەوێ. بەڵام نابێ هێندێک کەس – جا چ بەشێک بن لە پیلانەکە و خۆشخزمەتی بکەن و چ ئاگایان لە پیلانەکان نەبووبێ و تێکەوتبێتن – ببن بە بەشێک لە سیاسەتی پیلانگێڕی و شەقامەکانی تەژی لە شۆڕش و ئیرادەی کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆرییەت، بە چوون بەرەو ئاساییبوونەوە نیشان بدەن.

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٨ی مای ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## هەلومەرجی هەنوکەیی و ئەرکی ڕێکخراوە کوردستانییەکان




مستەفا شەڵماشی

دوای زیاتر لە حەوت مانگ ڕاپەڕینی ژینا کە زۆر هێز و لایەن بە شۆڕشی ژینای ناو دەبەن، هێشتا گوڕوتین بە جووڵانەوەی دێموکڕاسیخوازی و مافخوازانەی نەتەوەکان و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ژنانی ئێرانەوە هەر ماوە. لەگەڵ ئەوەی شەقام تا ڕاددەیەک ئارامە، بەڵام ژیلەمۆی بن خۆڵەمیشی شۆڕش لە بنەوە هەروا دەگەشێتەوە و جاروبار لێرولەوێ گڕکانێکی بچوک وەدەر دەخا. لەوەش گرنگتر ئەوەیە مەودای نێوان کۆمەڵانی خەڵک و نیزامی کۆماری ئیسلامی، کەلێنێکی ئەوەندە گەورەی تێ کەوتووە کە بە هیچ شێوەیەک شیمانەی ئەوە ناکرێ پڕ بێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر سەرنجێک بدەینە ڕەفتاری کاربەدەستانی ڕێژیمیش ئەوە بەڕوونی دەردەکەوێ کە هیوابڕاو بوون لەوەی بتوانن کۆمەڵانی خەڵک ڕازی بکەن و بە هەموو توانایانەوە ڕێگای سەرکوت و تۆقاندنیان گرتوەتە بەر.

فاکتەرێکی گرینگی گۆڕانکارییەکان ئەوەیە پێش ئەم قۆناغە، واتە پێش سەرهەڵدانی ژینا جاروبار کۆمەڵە خەڵکێک لەلایەن خودی ڕێژیمەوە ئەرکدار دەکران لافی ئاڵوگۆڕ لێ بدەن و ئیسلاحی ڕێژیم وەک چارەسەر بۆ گرفتە کەڵەکەبووەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران بێننە گۆڕێ. کە دیارە بۆ ماوەیەک لەنێو خەڵکیشدا کەسانێک دڵیان پێ خۆش دەکرد و بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازییەوە پەیوەست دەبون. بەڵام دوای چەندین جار دووبارەبوونەوەی بەڵێنی بەناو ئیسلاحتەڵەبان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا و بێئاکام مانەوەی قەول و بەڵێنەکانیان، ئیدی زۆرینەی ڕەهای ئەو خەڵکەش بەتەواوی دەستی هیوایان لە چاکسازی لەنێو کۆماری ئیسلامیدا بەردا و ئێستا هەموو لە بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامیدان.

لە کاتێکدا هەمووان دەزانن سازش لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و ڕێژیمدا ئیدی ئیمکانی نییە، مێژووش پێمان دەڵێ هەر ڕێژیمێک نەتوانێ لانی زۆری کۆمەڵگەی خۆی ڕازی بکا، شک لە ڕووخانیدا نییە. تەنیا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە سەرەڕای ئەو هەمووە قەیرانە جۆراوجۆرانەی کە ڕووبەڕووی ڕێژیم بونەتەوە، بۆچی تا ئێستا ڕێژیم نەڕووخاوە؟

بە باوەڕی من بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە لە نێوخۆی ڕێژیم نا، بەڵکوو لە دەرەوەی ڕێژیمدا بگەڕێین. ڕێژیم لە نێوخۆیدا ئەوەندە دەستەویەخەی قەیرانە کە ئەگەر دەرەوە، بەتایبەتی ئوپۆزیسیۆن بچووکترین ئامادەیی هەبێ و بتوانێ ئاڵتەرناتیڤسازی بکا، زەمینەی نێوخۆیی بەتەواوی بۆ ڕووخان ئامادەیە. ڕێژیم تا ئێستا بە دوو هۆ توانیویەتی خۆی ڕابگرێ. هۆی یەکەم نەبوونی ئاڵتەرناتیڤێکی دیموکرات پێکهاتوو لە هەموو هێزەکانی دژبەری ڕێژیم کە توانیبێتی هەموو هێزی نەتەوە بندەستەکان و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. هۆی دووەمیش دامودەزگای سەرکوتکەری ڕێژیمە کە بێبەزەییانە ڕوو بەڕووی کۆمەڵانی خەڵک دەبنەوە کە دیارە هەواڵە دزەپێکراوەکان باس لەوە دەکەن هەڵوەرینێکی زۆر لەنێو ئەوانیشدا هەیە و ئەوانەش کە ماون بێتوو ئاڵتەرناتیڤێکی بەهێز بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ببینن، هەڵوەرینەکە زیاتر دەبێت و ڕێژیم بۆ پاراستنی خۆی ئەو هێزەشی بە دەستەوە نامێنێ و ڕێژیم لە ماوەیەکی کورتدا بەسەر تیۆریسیێنەکانیدا دەڕووخێ.

مادام وایە بە بوونی ئەو هەمووە دژبەرەی کۆماری ئیسلامی کە ساڵەهایە لە مەیدانی سیاسەتدا خۆ دەنوێنن، ئەدی ئاڵتەرناتیڤ بۆ دروست نابێ؟ ئەم باسە کلیلی سەرەکیی کردنەوەی دەرگاکەیە بە ڕووی ئاڵتەرناتیڤسازیدا. بۆ دیتنەوەی ئەو کلیلە پێویستە شیکارییەک و هەڵسەنگاندنێک بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بکەین. ئۆپۆزیسیۆن بەپێی شوێنی چالاکبوون و ئیمکاناتی مانۆڕدانی دابەش دەبێ بە سەر ئۆپۆزیسیونی نێوخۆ و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە. ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ سەرەڕای ئەوەی قوربانیی زۆر دەدا، بەڵام ئیمکانی خۆڕێکخستنی کەمە و زۆریش دەستەویەخەیە لەگەڵ دژوارییەکانی ژیان بەتایبەت لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا کە خەریکە بەتەواوی شیرازەی تێک دەچێ و خەڵک لەبن باری نەداری و بێکاری و گرانیدا بەتەواوی دەچەمێتەوە. سەرەڕای هەمووی ئەوانەش زۆر بە ورەوە لە قۆناغی جۆراوجۆردا سەر وەدەر دەنێ و ڕێژیم دەستەوەستان دەکا. بەڵام هێزەکانی پرشوبڵاوە و نەیتوانیوە بە جۆرێک خۆ ڕێک بخا کە بتوانێ پاڵێک بە دیواری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بنهەڵـوڵی ڕێـژیمەوە بنـێ و بە لای دابێنـێ. ئەوان هەرچەنـد لەڕووی مەعـنەوی و ئەوەی بە درووشـمەکانیانەوە دیـارە یەکگرتنێکـی تـا ڕاددەیەک باشیان پێشـان دا، بەتـایبەت بە هەڵگرتنـی دروشمی (ژن، ژیان،ئـازادی) کە لە کوردستـانەوە سەری هەڵـدا و بە پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکـانی کوردستان و بلوچستان کە بە توندی لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت دەکـران، یەکگرتنێکـی جوانیـان ڕاگەیانـد. بەڵام تـا ئێسـتا نەیـانتوانیوە ڕێبەریەکـی یەکگرتـوو پێـک بێـنن و پلاتفۆڕمێـک کە داخوازییەکانی نەتەوەکان و چین و تـوێژە جیاوازەکـانی تێدابێ بەرهەم بێنن. ئەوەی کە زۆریش دیـارە ئەوەیە کە بـۆ ئەو ئەرکە زۆرتر چاویان لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتە.

ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش بە سەر چوار گرووپی جیاوازدا دابەش بووە:

- حیزب و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە مافخوراوەکان
- سەڵتەنەتخوازەکان
- حیزب وڕێکخراوە ئێرانییە کۆماریخواز و چەپەکان
- ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق.

ئەوەی ڕوونە هیچ کام لەم چوار گرووپە بەتەنیا نـاتوانن ببنە ئاڵتەرنـاتیڤ. بـاس ئەوەیە کامیـان دەتـوانن بە بیرێکـی کراوە و بەرنامەیەکی هەمەگیر ببنە مۆتۆڕی وەڕێخستنی یەکگرتنێک لەدژی کۆماری ئیسلامی کە لانی زۆری ئەو گرووپـانە لە دەوری خـۆی کـۆ بکـاتەوە. دوای بەرفـراوان بـوونی شۆڕشـی ژینـا و ڕاکێشـانی سـەرنجی کـۆمەڵگەی نێـونەتەوەیی، سـەڵتەنەتخوازەکان و لە سـەرویانەوە ڕەزا پەهـلەوی زۆریـان هەوڵ دا ئەو هەلە بقـۆزنەوە بـۆ ئەوەی خۆیـان وەک ئاڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی پێشان بدەن. ئەوان بە سپۆنسەریکردنی مێدیا زەبەلاحەکـان و دامەزرانـدنی چەند ڕێکخراوی یەک لە دوای یەکی وەک "شورای ملی ایرانیان"، "فرشگرد"، "ققنوس"، "شورای تصمیم"، "پیام نوین" هەتـا "بەزمی وەکالەت" کە هیچکامیـان مـاوەی تەمەنیـان لە مانـگ تـێنەپەڕی، هەوڵیـان دا ئادرەسێک لە خۆیـان دروست بکەن. دواجـار ئەو ڕەوتە لەگەڵ چەند کاراکتەرێک لە زانکۆی جۆرج تاون کۆ بوونەوە و هەشت کەس پێکەوە مەنشوورێکیان ڕاگەیانـد. بوونی کەسـی یەکەمی ڕێکخراوێکی سیاسیی کورد وەک تەنیا هێزێک بو کە پێی لە نێوخۆی وڵات و خاوەنی مێژوویەکـی خەبـات بـوو، بـووە هۆی ئەوەی ئەو مەنشوورە هەم لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەم لەنێو حیزب و ڕیکخراوەکـان لە کوردستان و ئێران بەتـایبەت لە سۆشیالمێدیادا کاردانەوەی زۆری لـێ کەوتەوە. بەتـایبەت کە دەرکەوت مەنشوری "مهسا" هیچی بـۆ چارەسـەری مەسەلەی نەتەوەکان لە ئیراندا تێدا نییە و زۆرتر پەیمان و گەرەنتی وەرگرتنە بـۆ پاراستنی خـاکی ئێران و پتر لەوەش وەدەرخستنی ڕەزا پەهلەوی. بەمجۆرە شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی بەو مەنشورە، سۆشیال مێدیای داگرت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هێشتا جەوهەری مەنشوورەکە ویشک نەبۆوە کە دوو کەس لە گرووپەکە - عەلی کەریمی و گوڵشیفتە فەراهانی- لێی چوونە دەر و شەش کەسیان مانەوە. تا لەم دواییانەدا "حامید ئیسماعیلیون" و "ڕەزا پەهلەوی"یش لێی هاتنە دەر و هەریەک بە جۆرێک و بە هۆی جیاوازەوە مەنشوور و گرووپیان بەجێ هێشت. بەمجۆرە یەکەم لێکەوتەکانی ئەو مەنشوورە ئەوە بوو کە ئاڵتەرناتیڤسازی بە بەشداریی سەڵتەنەتتەڵەبەکان بۆ هەمیشە لە مەیدان دەرچوو.

گرووپی کۆماریخوازان و چەپەکانیش هەر لە بنەڕەتڕا توانای ئەوەیان نەبووە و نییە کە ببنە مۆتۆڕی پێکهێنانی بەرەیەکی هەمەلایەنە و بەهێز بۆ ئاڵتەرناتیڤسازی، هەرچەند دەتوانن بەشێک بن لە بەرەیەکی بەربڵاوتر. موجاهیدینی خەڵقیش کە ڕێکخراوێکی بەهێز لە دەرەوەی وڵاتن، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کرانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبووە بەرەو ڕووی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە و ئاستەمە بتوانن سەرنجی باقی ئۆپۆزیسیۆن ڕاکێشن و ببنە بناغە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی گەورە. ئەگەرچی ئەم ڕەوتە لە باری مەسەلەی نەتەوەکانەوە هەنگاوێکیان هەڵێناوە و لانیکەم قەبوڵیان کردووە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و ئەوەش دیارە هۆی مێژوویی هەیە و زۆرتر بۆ هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٣٦٢دا و کاتێک لە شورای ملیی بەرگریدا بوو، گەڵاڵەی خودموختاریی بردە شورا و لەوێدا پەسند کرا و موجاهیدینیش تا ئێستا بەو بڕیارە وەفادار ماوەتەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە و بە باوەڕی من دەتوانێ ببێتە مۆتۆری بەرەیەکی بەهێز لەدژی کۆماری ئیسلامی و دەتوانێ بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی دیکەش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، "بەرەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران"ە. ئەوان هەم لە نێوخۆی وڵات زۆرترین قوربانییان داوە و گەورەترین بەشدارییان لە شۆڕشی ژینادا هەبووە، بەتایبەت کورد و بلوچ، کە دەتوانن و حەقی خۆیانە ببنە خاوەنداری سەرەکیی شۆڕشی ژینا و ببنە کاتالیزاتۆر بۆ وەڕێخستنی بەرەیەکی هەمەلایەنە و بەربڵاو کە بتوانێ ببێتە ئاڵتەرناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی. هەم بەرەیەکی ئەوتۆ دەتوانێ پلاتفۆڕمێک پێشکەش بکا کە مافی هەموو نەتەوەکانی، بە "نەتەوەی فارسیش"ەوە دەستەبەر کردبێ، گەرەنتیی پێکەوەژیانی بەئاشتیانەی هەموو نەتەوەکان بێ لە ئێرانی داهاتوودا، نیزامێکی سێکولار و دێموکرات دامەزرێنێ و مافی چین وتوێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بە تایبەت ئازادی و یەکسانی بۆ ژن و پیاو بەرهەم بێنێ.

هەڵبەت لەنێو نەتەوەکانیشدا نەتەوەی کورد لە هەمووان زیاتر لە شۆڕشی ژینادا پشکی بەر دەکەوێ. هەم بەهۆی ئەوەی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ڕێکخراوترین نەتەوەیە، زۆرترین قوربانیی داوە و هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەبەرەکانێی ئەو ڕێژیمەی کردووە، هەم شۆڕشی ژینا بە هۆی شەهیدکرانی کچە کوردێکەوە لە کوردستان سەری هەڵدا و دروشمی سەرەکییەکەی -ژن، ژیان، ئازادی- هەر لە کوردستانەوە هات و مانگرتن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندانیش هەر لەوێوە دەستی پێ کرد. جگە لەوەش هیچ نەتەوەیەکی دیکە لە ئێراندا وەک کورد ڕێکخراو نییە، حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان دەیان ساڵ مێژووی خەبات و بەرخۆدانیان هەیە و لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا خاوەن پرەستیژ و نفووزن.

لە ئێستادا پێویستە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، بە هاوکاری حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوە مافخوراوەکانی دیکەی ئێران، پێشنیارەکانی خۆیان سەبارەت بە داهاتووی ئێران و ئاڵتەرناتیڤی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بخەنە بەردەم بیروڕای گشتی و داوا لە حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا بکەن، کە پێشنیارەکانیان پەسند بکەن و بەم جۆرە ئاسایشی داهاتووی ئێران و مافی هەموو پێکهاتەکانی ئێران دەستەبەر بکەن. لەو نێوەدا چاوەڕوانییەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک گەورەترین و خاوەن ڕابردووترین حیزب زیاترە کە بتوانێ تەوەری سەرەکیی ئەو هاوپەیمانییە بەرینە بێت و بتوانێ دەستپێشخەری گرتنی کۆنفرانسێک لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بێت و لەوێدا لایەنەکان پێشنیارەکان خۆیان بێنێتە گۆڕێ و هەوڵ بدەن هاودەنگیی پێویست دەستەبەر بکەن. با چیدی ڕێگا نەدرێ لێرەولەوێ کەسانێک خۆیان بکەنە پاڵەوانی مەیدانەکە و لەسەر حیسابی شۆڕشی ژینا خۆیان بێننە گۆڕێ، ئەوە تەنیا حیزب و ڕێکخراوە خاوەن پێگەکان دەتوانن ببنە ئاڵتەر ناتیڤ. بەبێ بەشداری و ڕازیبوونی نەتەوە مافخوراوەکانی ئێرانیش هیچ ئاڵتەرناتیڤێک ناتوانێ ڕێژیم بە چۆک دابێنێ و داهاتویەکی گەش بۆ هەموو نەتەوەکان لە ئێراندا دەستەبەر بکا. تەنانەت ئەگەر ڕێژیمیش بڕووخێ، بەبێ دەسبەرکردنی مافی هەموو نەتەوەکان، ئێران هیچ کاتێک ئاسایش بە خۆیەوە نابینێ و ڕێگای پێشکەوتنیشی هەموار نابێ.

**١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٨ی مای ٢٠٢٣ی زایینی**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەلاقەی "شۆڕشی ژینا"وە



**ئەلبورز ڕوویینتەن**

**لە یەکەم ساتی دەستپێکردنی بەهاری عەرەبییەوە هیوای هاتنەئارای دۆخێکی نوێ بۆ بەشێک لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەن زۆر لایەن و چاودێری سیاسییەوە دروست بوو، بە تایبەتی کە شۆڕشگێڕەکانی ئەو وەرچەرخانە نەوەیەکی نوێ بوون کە لە ڕێگەی سۆشیال‌میدیاوە هەماهەنگ دەبوون و دونیای پێشکەوتوویان ناسیبوو، و داوای نەهێشتنی دیکتاتۆریەکانی دەکرد، بۆ ئەوەی لەمپەری بەرانبەر گەیشتن بە ئازادییەکان و دیموکراسی کە سەرەتای هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن بوو نەمێنێ.**

**دوای زیاتر لە دە ساڵ لە دەستپێکی یەکەم هەنگاوی ئەو شۆڕشە ناتوانین بڵێین کە ئامانجی نەوەی شۆڕشگێر هاتوتە دی، چونکە وێڕای شەڕ و قوربانییەکی بێوێنە، بەڵام بەشێکی بەرچاوی ئەو دیکتاتۆریانە لەجێی خۆیاندان و تەنانەت هەوڵی گەڕانەوە بۆ دۆخی ڕابردوو دەدەن.**

**لەنێو ئەو وڵاتانە دۆخی سووریە بۆ ئێمە گرینگیەکی زۆری هەبوو، چونکە لە ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕش لە سووریە**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پارچەیەکی کوردستان لە ژێردەستیی داگیرکەر ڕزگار دەبوو، ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی کە یەکێکی دیکە لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە هاوکێشەی چوار وڵاتی سووریە، عێراق، تورکیە و ئێراندا کە بەردەوام لە سەر پرسی کورد هاوپەیمان بوون و بەو هاوپەیمانییەش کوردیان گەمارو دەدا و ئاسانتر شۆڕش و جوڵانەوەکانیان یەک لە دوای یەک سەرکوت دەکرد، نەمێنێ یا لانی کەم وەک پێشتر نەمێنێ.

بەڵام لە ئێستادا بەشار ئەسەد هەروا لە دەسەڵاتی سووریەدا ماوەتەوە و دەیهەوێ لە گەڵ تورکیەش ڕێک بکەوێ بۆ ئەوەی لە بەرانبەر کارتی سوپای ئازادی سووریە کە لە لایەن تورکیە بە خەونی نئوعوسمانی ئەردوغان پشتیوانی دەکرێن، ئەو دەسەڵاتە جێگەی پرسیارەی کورد لە ڕۆژئاوا نەهێڵێت و جارێکی دوای دەیان ساڵ شەڕ و نائارامی لەسەر خاکی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جاران. بۆ ئەوەی ئەو دۆخە بێتە ئاراوە هەر لە ڕۆژی یەکەم کە شۆڕش لە سووریە دروست بوو ئێران خەریکی پیلان و شەڕە، کە بە ئاکامەکەی گەیشتووە. بەڵام لە دۆخێکی وەهادا، واتە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی هاوپەیمانی چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی کورد چۆن دەبێ پرسیارێکی شایانی لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوەیە.

تورکیە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ١٤ مانگی مەی لە ئەگەری بردنەوەی هەر لایەنێک دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ سووریە و ئەوەش دەبێتە هۆی گوشارهێنان بۆ سەر کورد، لە لایەکی دیکە بەهۆی هەبوونی گرفتی نێوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و هەبوونی پەیوەندییە بەربڵاوەکانی عێراق و ئێران، هاتنە نێو هاوکێشەی تورکیە و سووریە گوشارێکی زیاتر بۆ سەر کورد بەگشتی و هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی دروست دەکات. لە ئەگەرێکی وەهادا گەڕانەوە بۆ ڕابردووی دژی کورد بە تایبەتی بە هاوکاری و هەماهەنگی ئەو چوار وڵاتەی کوردستانی بە سەردا دابەشکراوە زیادتر دەبیندرێت، ئەوەش دۆخێکە دەبێ بیری لێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی شیکردنەوەیەک بۆ دۆخی کورد و کوردستانمان دەست کەوێ.

لە گەڵ هەمووی ئەوانەدا ئێران لە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆی لەگەڵ عەرەبستان و کردنەوەی دەرگا بۆ هاتنی زیاتری چین و ڕوسیە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، بۆ ئەوەی خۆی لەو تەریککەوتەییە ڕزگار بکات. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەو سیاسەتەی خۆی سەرکەوتوو بێت، ئەوە دەتوانێ کارتی ئاشتی لەگەڵ ناوچە و هێنانی چین و ڕوسیە بەرانبەر ڕۆژئاوا بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی ئەوان پەلکێشی سەر مێزی دانوستاندن بکاتەوە و ئیمتیازی نوێ وەربگرێ، هەروەها دەرفەتێکی زیاتر بۆ سەرکوتی شۆڕش لە نێوخۆ بە دەست بهێنێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە کاتێکدا هەموو ئەو گۆڕانکاریانەو هەموو ئەو دۆخە نەرێنییەی کە بە نیسبەت کورد هەیە، تەنیا دەرفەت بۆ ڕزگاری، شۆڕش و هەستانەوەی خەڵک لە ئێران و بەتایبەتی دۆخی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتە. چونکە ئێران وێڕای ئەوەی لە سیاسەتی دەرەوەدا هەندێک سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی شۆڕش لە نێوخۆ هەر وەک وڵاتێکی لاواز سەیر دەکرێت و بۆ هیچ لایەنێک وەک وڵاتێکی سەقامگیر نابیندرێت. بە تایبەتی لە دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی ئێران وڵاتێکە لە لێواری دارمان بۆ هەموو وڵاتانی دیکە، لەلایەکی دیکە لە ناکاو هەستانەوەی خەڵک ئەو وڵاتە بەرەو داڕوخانی کۆتایی دەبات. بەگوێرەی هەموو ئەو شیکردنەوانەی کە هەن ئەو ناسەقامگیرییەی نێوخۆی پێشبینی ناکرێ. لەبارەی هەستانەوەی نێوخۆی ئێرانیش کوردستان ڕۆڵێکی تایبەتیی هەیە، چونکە تەنیا شوێنە کە ئۆپۆزیسیۆنی کاریگەر و خەڵکێکی ئامادەی شۆڕشی لە هەموو ئێراندا هەیە. واتە دیسان باری قورسی نرخدان لەسەر شانی کورد و کوردستانە.

بە دیتنی ئەو ڕاستیيانە جارێکی دەردەکەوێ شۆڕشی کورد و کوردستان لە ڕۆژهەڵات سەرەتا کاریگەریی بە سەر ئێران هەیە و دواتر لە ڕێگەی ئێرانەوە کاریگەری لەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێ، هەربۆیە وێڕای لە بەرچاوگرتنی هەموو ئەستەمییەکانی بەردەوامیی شۆڕش و دۆخی ڕۆژهەڵات لە ئەگەری سەرکەوتووبوونمان کاریگەریمان زیاتر دەردەکەوێ، ئەوەش بەڵگەیەکی باشە بۆ ئەوەی کار بکەین بۆ ئەوەی شۆڕش بە هێزەوە بەردەوام بێت کە وێڕای هەموو ئەستەمییەکان کردەنییە.

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ٨ی مای ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هۆکارەکانی بە ئاکامنەگەیشتنی شۆڕشی ژینا و ئەرکی لایەنە سیاسییەکان لە ئێستادا



شەهرام سوبحانی

هەر وەک ئاگادارین لە دوای شۆڕشی ژینا و دەسپێکی قۆناغێکی بەرینتر لە خەباتی گەلەکەمان دژی هەر چەشنە زێهنییەتێکی چەوسێنەر و کۆنەپەرەست، کۆمەڵگەی کوردستان و بەگشتی ئێران کەوتە قۆناغێکی هەستیار و مێژووییەوە کە چارەنووسساز و کاریگەر بوو، بەتایبەت چارەنووس و پرسی کورد لە ئێرانی داهاتوودا دیاری دەکا هەر بۆیە ئەم شۆڕشە بەرینە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە مێژووی سیاسیی کوردستان و ئێراندا بێوێنە بووە.

خاڵی جیاوازی ئەم شۆڕشە لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی چەن ساڵی ڕابردوو لەوەدا بوو کە هەموو چین و توێژێکی ئێرانی لەخۆ گرتەوە، بە هەموو بیرو بۆچوونێکی جیاواز و ئایینی جۆراوجۆرەوە؛ نەتەوەی جیاواز ڕژانە سەر شەقامەکان و قسەی سەر زاریان ڕووخانی ڕێژیم و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێموکرات بوو.

شۆڕشێک کە زیاتر لە ٧ مانگە درێژەی هەیە و وەک بۆمەلەرزەیەک کۆشکی زۆردارانی جەمارانی وەلەرزە خستووە کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ بلێسەی ئەو شۆڕشە هەر ڕۆژ بە جۆرێک لە جۆرەکان دەگەشێتەوە. شۆڕشێک کە لەسەر چەمکی ئازادی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکسانی و پێکەوەژیانی گەلانی ئێران هاتە گۆڕێ و بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی شەقامەکانی تەواوی ئێرانی هەژاند و تەواوی قەوارەی سیاسیی ئێران و کوردستان و دونیاشی گرتەوە. شۆڕشێک کە بووە هەوێنی ئاشتی و ئازادی و دڵخۆشیەک بۆ هەموو گەلانی ئێران بەتایبەت نەتەوەی کورد بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات کە تێیدا مافی هەموو نەتەوەکان پارێزراو بێت. بەڵام بەداخەوە بە هۆی نەبوونی ئاڵتێرناتیڤ هیچ لایەنێکی پێوەندیدار بەم شۆڕشەوە نەیتوانی ئەو بەرە یەکگرتوویە ساز بکات کە بتوانێ ئەو شۆڕشە بە ئاکام بگەیێنێ. هەر بۆیە دوای پتر لە ٧ مانگ خۆڕاگری و فیداکاریی خەڵکی خۆنەویستی کوردستان و ئێران لە شەقامەکان، کۆماری ئیسلامی بە سەرکوت و خەفەقانی خەڵکی مافخواز و مێلیتاریزەکردنی شارەکان توانی جارێکی تر شارەکان بهێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام تەنیا بە زەبری سەرکوت و خەفەقان کە پێم وایە ئەمە تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتییە و ناتوانێ پێش لەو شەپۆلە بگرێ کە خۆیان بۆ شۆڕشێکی نوێی و بەرین تر ئامادە کردووە. هەر وەک ئاماژەم پێ کرد بە هۆی  نەبوونی یەکیەتیی فیکری و سیاسیی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەتایبەت کوردستان، نەمانتوانی وێژمانێکی واحید و نەتەوەیی دەستەبەر بکەین کە وێژمان و وێستی خەڵکی خۆمان بێت.

یەکێکی تر لە هۆکارەکان، مەنشووری "جۆرج تاون"بوو کە وەک کۆسپێکی گەورە لە سەر پرۆسەی ئەم شۆڕشە توانی زەبرێکی گەورە لەم شۆڕشە بوەشێنێ، کە هیچ قازانجێکی بۆ گەلانی ئێران نەبوو تەنیا دروشمێک بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و لەعابێک بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان بەناو دێموکراسی، بەڵام بە خوەشحاڵییەوە حیزبی دێموکرات وەک هەمیشە بە بەشدارینەکردنی لە مەنشووری "جۆرج تاون" بەرگێکی زێڕینی لە مێژووی سیاسیی خۆیدا تۆمار کرد کە بۆ هەمیشە لە ئاسمانی خەباتی نەتەوەیی کوردا دەمێنێتەوە کە ئەمڕۆکانە هەموومان شایەتی ئەوە هەین کە یەکەیەکە بەشداربووانی ئەو مەنشوورە دەس لە کار دەکێشنەوە. دوێنێ "حامیدی ئیسماعیلیون"و ئەمڕۆ "نازەنین بونیادی" ئەویش تەنیا بە هۆی نادێموکراتیکبوونی خاڵە ناودێرکراوەکانی مەنشوورەکە! هەر وەک نازەنین بونیادی ئاماژەی پێ کرد وەک هەمیشە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار لە سەر بنەمای جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دەمێنمەوە و هەر وەها لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەی بەو خاڵەش کرد کە ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و سێکۆلاریسم یاریدەری خەڵکی ئێران بین. واتا قسەکانی دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون کە مەنشووری "جۆرج تاون" تەنیا لەعابێک بوو بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک، جا بۆیە لە ئێستادا ئەرکە لە سەر هەموو لایەنە سیاسییەکان کە بەرەیەکی بەهێز دابمەزرێنن کە پێک هاتبێ لە هەموو لایەنە سیاسییەکان و هەموو نەتەوەکانی ئێران کە تەرکیزیان لەسەر دێموکراسیی ڕاستەقینە بێ، نەک تەنیا دروشمێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. واتا تەرکیزی هەموو لایەنەکان دەبێ لەسەر بە گژداچوونەوەی هەر دوو دەسەڵاتی فاشیزمی ئایینی(کۆماری ئیسلامی)و قەومی( پەهلەوی)بێت کە هەر کامیان کۆسپێکی گەورەن لە بەردەم شۆڕشی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی و وڵاتێکی دێموکراتیک،هەر چەن پەهلەوییەکان دەسەڵات



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نین بەڵام پێم وایە ئەگەر بەرەیەک ساز نەبێت بە ڕاشکاوانە دەڵێم دەتوانن پرۆسەی شۆڕشەکە بەدوا بخەن یان بیدزن. هەر وەک ئەوەی لە شۆڕشی ژینادا بینیمان خەڵک هەموو ڕۆژێک بە گروتینەوە لە شەقامەکان دژی کۆماری ئیسلامی خەباتیان دەکرد لە کاتێکدا ڕەزا پەهلەوی لە میدیاکانا وتی: وکاڵەت بە من بدەن،هەر ئەم قسە هێز و وزەی خەڵکی ئێرانی لە شۆڕشەکە دوور خستەوە و سەرنجی بەلای دروشمە پووچ و بێ بنەماکانی ڕاکێشا و گڕوتینی ئەو شۆڕشەی کەم کردەوە و نەفەسێکی تازەی بە کۆماری ئیسلامی بەخشی. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە دەس لەکار کێشانەوەی یەکەیەکەی بەشداربووانی مەنشووری"جۆرج تاون" ڕووی ڕاستەقینەیانی دەرخست. جا بۆیە ئەگەر بمانهەوێ شۆڕشی ٥٧ دووپات نەبێتەوە، دەبێ هەر لە ئێستاوە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین و بەرفراوان بە دروشمی"بەڵێ بۆ دامەزراندنی ئێرانی دێموکراتیک"دەتوانین لەم قۆناغە هەستیارە مێژووییە داچارەنووسی وڵاتەکەمان وەئەستۆ بگرین و ببینە ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز کە لە ئاکامدا بتوانێ سرنجی وڵاتانی دەرەوەش بەلای خۆیدا ڕاکێشێ و هەم دەتوانێ ڕێگەخۆشکەرێک بێت بۆ چارەنووسی پرسی کورد و گەلانی ستەملێکراو لە داهاتووی ئێران، چونکە ئەم بەرەیە دۆستایەتیی کورد لەگەڵ گەلانی ئێران زیاتر دەکا و ئەو چەواشەکارییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و پاشماوەکانی پەهلەوی دەردەخا کە بە دەیان ساڵە کورد وەک تێرۆریست و جیاییخواز لە قەڵەم دەدەن.

ئەوەی لێرە جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران لە ئێستادا چاوکراوەن، بیر وهزری نەتەوەکان وەک سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا نییە، بیرکردنەوەیان بیرکردنەوەیەکی تەسک و توندوتیژانە لەهەمبەر پرسی نەتەوەکانی ئێران نییە؛ واتا خەڵکی ئێران نایانهەوێ دوای ڕووخانی ڕێژیم دەسەڵاتێکی فاشیزمی قەومی وەک پەهلەوی بێتە سەر کار.

هەر بۆیە خواستی خەڵکی ئێران خواستێکی دێموکراتیک و ئینسانییە و لەو بارەوە بە کردەوە و دروشمی سەر شەقامەکان سەلماندوویانە کە خواستی ئەوان دامەزراندنی حکوومەتی پاشایەتی نییە؛ کە هەر وەک هەموومان شایەتی ئەو دروشمانە بووین کە دەیانگوت: مەرگ بۆ ستەمکار چ شا بێت و چ ڕێبەر جا بۆیە لەو باوەڕەدام کە هیچ دروشمێکی پڕ و پووچ و بێ بنەمای پەهلەوییەکان ناتوانێ لە ویست و داواخوازییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران کەم کاتەوە.

دڵنیام ئەم شۆڕشە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرینتر لەمجارە دەس پێ دەکاتەوە کە دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکان پێکەوە لە هەوڵدا بن بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی بەهێز لە دیسکۆرسی نەتەوەیی گەلانی ئێران تاکوو بتوانن ئەو چاوەڕوانییەی کە خەڵک لێمانی هەیە بەدیی بێنین. لێرەدا وەکوو خۆم ڕابۆچوونم لە سەر ئەم پرۆسە ئەوەیە کە لە هەنگاوی یەکەمدا کورد دەبێت لە فیکری وێژمانێکی نەتەوەییدا بێ تاکوو بتوانێ یەکگرتوویی و هاودەنگی لە نێوان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکدا دروس بکا. دووهەم، دامەزراندنی هێزێکی نیزامیی هاوبەش، لە هەموو حیزبەکان واتا باڵێکی نیزامی کە تەنیا ئەرکی خەبات بۆ ئازادیی کوردستان بێت نەک تەنیا قەتیس و بەستراو بە حیزبێک یان ئایدۆلۆژیک. سێهەم، دۆزینەوەی هاوپەیمان و دۆست و یارگرتن لەسەر کێشەی پرسی نەتەوەکان لە ئێران چونکە هەر وەک د.قاسملوو کە دەیگوت: کۆماری ئیسلامی بە تەنیا بۆ ئێمە ناڕووخێ. جا بۆیە لە دنیای سیاسەتدا دۆست و هاوپەیمانی زیاتر دەتوانێ دەسکەوت و ئامانجەکانمان بۆ دەستەبەر بکات. چوارەم، پێکهێنانی بازنەیەکی بەرین لە هەموو کەسایەتییەکانی کوردستان واتا تەواوی کەسایەتییە سیاسییە، هونەری، ئەدەبی، و ... کە ئەرکدار کرابێتن بۆ سازکردنی یەکگرتوویی و وێژمانی نەتەوەیی بە هەر چەکێک کە پێیانە چونکە کەسایەتییەکان لە تەواوی دنیادا فاکتەرێکی سەرەکین بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو. هەر بۆیە لەسەر ئەو باوەڕەم بە هاتنیان بۆ گۆڕپانی سیاسی لەم بەشەدا دەکرێ پەرە بە بیر وهزری نەتەوەیی و دیسکۆرسی نەتەوەیی بدرێ و لە کۆتاییدا کۆمەڵگە بەرەو یەکبوون و یەکدەس بوون بەرێ.

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ١٠ی مای ٢٠٢٣ی زایینی

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا دژی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی



**خەبات ساڵحپوور**

ئەوە ماوەی ٢٠ ساڵە کە خۆپیشاندانەکان لە ئێراندا پەرەی گرتووە و بووەتە دیاردەیەکی گرینگی ڕۆژانەی نێو کۆمەڵگا. گرینگیی نارەزایەتییەکان خستنە بەرباسی داخوازییەکانە کە خەڵکی نارازی داوای مافگەلێکی وەک: مافی سیاسی، مافی ئابووری، مافی کۆمەڵایەتی و مافی کلتووری دەکەن کە ئەمانە مافی هەر مرۆڤێکن لە جیهاندا، بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە داواکاریی نارازییەکان لەهەمبەر دەسەڵاتێکدایە کە نەک مافی مرۆڤ پێشێل دەکات، بەڵکوو لە بنەڕەتدا باوەڕی پێی نییە. پێش ئەوەیکە بچمە سەر بابەتەکە سەرەتا دەمهەوێ ٢ خاڵی گرینگ لە یەک جیا بکەمەوە کە پێناسەی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزم و جیاوازیی ئەو دووانەیە. لە ڕاستیدا داگیرکاری بە هێرشی سەربازی وڵاتێک بۆسەر چوارچێوە و سەروەریی وڵاتێکی دیکە دەگوترێ کە درێژخایەن نییە و کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر بواری ئابووری و کلتووری و کۆمەڵایەتی نییە، لە حاڵێکدا کاتێک کە وڵات یان نەتەوەیەک بە کۆلۆنی دەکرێت، لایەنی کۆلۆنیالیست نەک هەوڵ دەدات دەستتێوەردان لە هەموو پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بکات، بەڵکوو کاریگەریی نەرێنیشی تا دەیان ساڵ پاش ڕزگاربوونی وڵات دەمێنێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پێناسەی چەمکی ئێرانچییەتی:

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەییە کە پێکدێت لە فارسەکان، ئازەرییەکان، کوردەکان، بەلووچەکان، عەربەکان، تورکەکان و ... . خەڵکی ئێران بە خەڵکی پەراوێز و ناوەند پۆلێن مندی دەکرێن. تاقە بنەمای ئەو دابەشکارییە هەڵکەوتەی جوغرافیایی نییە، بەڵکوو پێگەی سیاسی و مافی بڕیاردان و دەستڕاگەیشتن بە سەروەت و سامانە گشتییەکان بنەمایەکی بەهێزی ئەو دابەشکارییەیە. لایەنێکی گرینگی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی سیاسەتی بە هی خۆ زانینە کە دەیهەوێت کوردستان و باقی نەتەوەکانی جیاواز لە فارس بە ژێر مەجمووعەی ئێرانی بوون پێناسە بکات و تەنانەت لە بواری مێژوویی‌دا مێژوویەکی دەستکرد دروست بکات، زمانی تەواوی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران وەک بەشێک لە زمانی فارسی پێناسە بکات و فەرهەنگیان وەک فەرهەنگی فارسی کە لە ڕاستی‌دا فەرهەنگی فارس هیچی نییە بێجگە لە سفرەی حەوت سین و هێلکەی ڕەنگکراو نەبێت. ئەم ئێرانچییەتیەی کە ئێمە باسی لێوە دەکەین لە بواری تیۆریکەوە پێی دەگوترێ ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە د. سەعید شەمس لە وتارێکدا بەم جۆرە ناسیۆنالیزمە دەڵێت ناسیۆنالیزمی ڕەسمی و باس دەکات کە ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمەیە یەکەم جار لە ڕووسیە سەرچاوەی گرتووە و لە ئێستادا وڵاتانی ڕووسیە، تورکیە و ئێران ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە پەیڕەو دەکەن.

ئامانج لە دروستکردنی ناسیۆنالیزمی ڕەسمی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەیەکی یەکدەست و سڕینەوەی ناسیۆنالیزمی جیاواز لە ناسیۆنالیزمی ڕەسمی کە ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە نەتەوە و زمانەکانی دیکە لەنێو خۆیدا دەتوێنێتەوە و تەنیا مەشرووعییەت دەدات بە یەک نەتەوە لە وڵاتدا.

## ▪ کورتە مێژووی ئێرانچییەتی:

ئەم ئێرانچییەتییە تەنیا تایبەت بە دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی و ئایینی شیعە نییە، بەڵکوو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی قاجارەکان و هەر لەو کاتەوە ئەو سیاسەتە دژ بە نەتەوەی کورد و بەمەبەستی ڕەواییدان بە تاڵانکردنی کوردستان بوونی هەیە و لە زەمانی دەسەڵاتدارێتی پەهلەوییەکاندا بوو بە یەکێک لە بنەما بنچینەییەکانی سیاسەت لەگەڵ کورددا و لە ڕێگەی ئامووزش، زۆری سەرکوت و بەرنامە داڕشتن بۆ چۆنیەتیی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەیەکی یەکدەست کە تا بە ئێستا یەکێک لە گەورەترین هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی فارس زمانە. ئەگەر ئێمە چاو لە مێژووی حاکمیەتی فارسەکان بکەین بەردەوام لە دوو ڕێگەوەهەوڵیان داوە کە دەسەڵاتدارێتی خۆیان بە سەر ئێرانی فرەنەتەوەدا بسەپێنن، ئێرانێک کە سنوورەکانی دەستکردن و لە ڕێگەی لکاندنی چەند نەتەوەی جیاواز پێکەوە دروست بووە، یەکەم: لە ڕێگەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاشایەتی کە بەردەوام زەقی دەکەنەوە، بۆ نموونە دەسەڵاتدارێتی هەخامەنشییەکان و پاشایەتیی کوروش کە مێژوویەکی ساختەی بۆ دروست دەکەن و بەردەوام زەقی دەکەنەوە یان لە زەمانی پاشایەتیی پەهلەویدا کە بەردەوام شوعاری "خدا، شاه، میهن" دەگوترایەوە، بە شایان دەگوت کە نوێنەری خودایە لە سەر گۆی زەوی و تا ئەو ئاستە بەرزیان دەکردەوە کە دەتوانین ئاماژە بە سازمانی پەروەرش ئەفکار بکەین: کە ئەو سازمانە لە ڕێکەوتی ١٣١٧/١١/٢٢ لە زەمانی حکوومەتداریی پەهلەوی دروست بووە بەمەبەستی سازکردنی پشتوانەی ئیدئۆلۆژی و مەشرووعییەت بۆ ڕەزا پەهلەوی کە بە تەقلید لە ئاڵمان و بریتانیای فاشیست دروست کرا. لە زۆربەی لێدوانەکاندا شوعاری "خدا، شاه، میهن"یان بەمەبەستی پیرۆز نیشاندانی شا بڵاو دەکردەوە. کاری ئەم سازمانە بڵاوکردنەوەی باستانگەرایی، ئارياييگەرایی و تەوجیهی کردەوەکانی دەوڵەت لەم بارەیەوە بوو.

ڕێگەی دووهەمی سەپاندنی دەسەڵات لەلایەن ئێلیتی فارسەوە مەزهەبە کە ئەوان کاتێک کە پاشایەتی لەنێو خەڵکدا ئیعتباری نەما هەوڵیان دا کە مەزهەب لەنێو خەڵکدا زەق بکەنەوە و لە ڕێگەی دەسەڵاتی دینی و نفووزی ئایینی شیعەوە خەڵک گوێڕایەڵی خۆیان بکەن، بۆ نموونە لە زەمانی حاکمیەتی قاجارەکاندا لە ساڵی ١٨٨٠ی زایینی کە حکوومەتی قاجارەکان وەک سەفەوییەکان مەشرووعییەتی دینیان بۆ حکوومەتکردن نەبوو، حاکمیەتی قاجار مەجبوور بوو کە باج بدات بە ئایینی شیعە بۆ گوێڕایەڵیی خەڵک لە حاکمیەت و مەشرووعیەتدان بە پاشایەتی، بەڵام لە شۆڕشی ئەم جارەدا ، ئایینی شیعە نەقشێکی وەک بەڕێوەبەر تێدا نییە، ئەمە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا تا وەکوو ئێستا تەنیا شۆڕشێکە کە ئایینی شیعە ڕۆڵی تێدا نییە و خەڵک گوێڕایەڵی ئەوان نین چونکە هەر وەک ئەحمەد کەسرەوی کە لە ساڵی ١٣٢٤ بوو بەقوربانیی دەمارگرژیی ئایینی شیعە و لەلایەن فیدائییانی ئیسلامەوە تیرۆر کرا؛ دەڵێت: دەبێ ئایینی شیعە لە ئێراندا بە دەسەڵات بگات هەتا خەڵک نێوەڕۆکی واقعی ئەوانی بۆ دەرکەوێ. ئێستا ئەگەر چاو لە دەسەڵاتداریی ئایینی شیعە و دۆخی ئێران بکەین دەزانین کە بە ڕاستی دەسەڵاتی دینی دیکتاتۆرییەت دەهێنێتە مەیدانی دەسەڵاتی سیاسییەوە. ئێستا ئەگەر چاو لە میدیا فارس زمانەکانی دژ بە ڕێژیمی ئێران بکەین بە هۆی ئەوەیکە ئایینی شیعە چیدیکە وەک پێشتر پشتیوانیی خەڵکی لە پشت نەماوە و لە بەرەبەری ڕۆیشتندایە، هەر بۆیە ئێلیتی فارس لە هەوڵی زەقکردنەوەی کوڕی شای پێشوودایە و هەروەها تاج و تەخت و سەڵتەنەت وەک مونجیی ئێرانی فرەنەتەوە نیشان دەدات کە ئەو وەک قەوم ناویان دەبات. ئەگەر ئێمە چاو لە مێژووی حاکمیەتی دوو ڕێژیمی کۆلۆنیالیستی ئێران لە سەدەی ڕابردوودا واتا پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم دوو ڕێژیمە ڕوانینیان بەنیسبەت پرسی کورد نەگۆڕدراوە و تەنیا خاڵی جیاوازی بەینیان لە کۆت و شەڵوار و عەبا وعەمامەدایە و گوتاری کۆلۆنیالیستیی ئێرانی لە کوردستان پیادە دەکەن. لە ڕاستیدا لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد چەشنێکی دیکەی لە خەباتی دژە کۆلۆنیالیستی بە خۆیەوە بینیوە و کوردایەتی خاوەنی هەوێنی شۆڕشێکی دێموکراتیکە، چونکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵگری گوتارێکە کە دەیهەوێ دژ بە چەوساندنەوە و ملکەچبوون بێت چونکە گوتاری دوژمن هەوڵ دەدات بۆ سەقامگیریی دۆخی ملکەچبوون و نوخبە و ڕەوشەنفکری ئێرانی بەگشتی جوغرافیایەکی سیاسی، کلتووری، سروشتی و دایمی بۆ ئێران لە نەزەر دەگرن و دەڵێن کە هەرچی لەو چوارچێوەیەدا بێت دەبێتە ئێرانی و کوردستانیش لەو چوارچێوەیەدایە و بە ڕای ئەوان کوردستانیش بەشێکە لە ئێران. بەڵام لێرەدا پارادۆکسێک بوونی هەیە، ئەوان باس لە ئێرانی بوونی کورد دەکەن و دەڵێن کە کورد ئێرانییە، بەڵام هەر جووڵەیەکی کورد بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان دەزانن. یان بە واتایەکی دیکە ناسیۆنالیزمی ڕەسمی کە باسمان کرد یان سیاسەتی یەک بوون (ئێرانی و فارس) کە لە جوغرافیای ئێراندا بوونی هەیە. ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا بێت و ئەوانی قەبووڵ بێت ئەوە ناوی یەک بوونە و ئەوەی ئەو بخاتە خەتەرەوە ئەوە دوژمنی ئەوان ە. لە ئێستادا ماوەی زیاتر لە ٧ مانگە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و لە سەووی ئەوانەوە ژنانی تێکۆشەر بۆ مافە مرۆییەکانی خۆیان هاتوونەتە سەر شەقام. ئەگەر چاو بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بخشێنین لە ڕاستیدا دەبینین کە خەڵک لە ڕێژیمی تۆتالیتەری ئێران وەزاڵە هاتوون و لە دەیەی ڕابردوودا بەردەوام هەوڵ دراوە بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران، بەڵام هەر جارە و بە هۆکارێکی جیاواز خەڵکیان سەرکوت کردووە یان بە قەناعەتێکی درۆیین گەیاندووە، بەڵام لە شۆڕشی ئەم جارەدا کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرووی ئەو کۆمەڵگای ئێران بەگشتی بەو قەناعەتە دەگات کە تەنیا لە نەمانی ئەو سیستەمەدایە کە مافەکانیان دەبیننەوە و مەرگی ژینا ئەمینی بوو بە جەرەقەیەک بۆ تەقینەوەی تووڕەیی خەڵک لەهەمبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆی ئێران. لە ڕاستیدا هەموو شۆڕشێک کارتێکەریی هەیە، بۆ نموونە ئەو فرۆشیارەی سەر شەقامەکەی توونس، محەممەد بوعەزیزی، لە ١٠ی دێسامبری ٢٠١٠دا بوو بە کاتالیزۆری شۆڕشی توونس و بەهاری عەرەبی، مەرگی ژینا ئەمینی کچە کوردی تەمەن ٢٢ساڵ بوو بە کاتالیزۆری ئاخێزی ئێستای کوردستان و ئێران. لە ڕاستیدا مەرگی ژینا وەک چەخماخەیەک بوو لە ئەنباری بارووتدا، چونکە ناڕەزایەتییەکانی دەیەی ڕابردوو یان خود خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی تا ساڵی ١٣٩٨ وەک پێشزەمینەیەک وا بوو کە ترسی خەڵکی لەهەمبەر دەسەڵاتداران شکاند و بوو بە شۆڕشی ژینا. ئەوەیکە لێرەدا گرینگە و دەمهەوێ زیاتر باسی لەسەر بکەم بە کارهێنانی ناوی مەهسا دژ بە ناوی ژینا و هەوڵی ئێلیتی فارس بۆ کەم بایەخ دان و کەمڕەنگکردنەوەی شۆڕشی ژینایە. سەرەتا دەمهەوێ باس لە وتەی چەند کەسێکی ناسراو و بەرچاوی فارس زمان و وتەکانیان لەهەمبەر کوژران و مەرگی کارەساتباری ژینا ئەمینی بکەین. سادق زیبا کەلام لەهەمبەر کوژرانی ژینادا دەڵێ: "قتل مهسا امینی نه محصول شکاف قومی بلکه محصول شکاف فرهنگی است." یان ڕەزا پەهلەوی دەڵێت: "مهسا امینی محصول سرکوب جمهوری اسلامی است که باید برای مخالفت با آن ملت ایران در مقابل آن قرار گیرند و این جنبش در تاریخ ایران نقطه عطفی است که زنان ایرانی آن را برعهده گرفته‌اند." وتەکانی سەرەوە نموونەیەکی چووکە لە قسەکانی باوەڕمەندان بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بوو، کە هیچ باسێک لە کوردبوونی ژینا نەکراوە و ئەو بابەتە بووەتە قوربانی ئەمری سیاسەتکردنی فکریەتی فارس مێحوەر. تام کمیک پارلەمانتاری کانادا لە لێدوانێکدا لەسەر ئەو بابەتەدا دەڵێ کە تاوانی ژینا ئەمینی تەنیا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیجاب نەبوو، بەڵکوو کوردبوونی ژینا لە مردنی ئەودا بێگومان کاریگەریی هەبووە. لایەنی ئەوی تر(فارس) بەردەوام هەوڵ دەدات کە بابەتەکە بە مەسەلەی حیجاب نیشان بدات کە کوردبوونی ژینا بەگشتی لەلای ئێلیتی فارس ڕەش کراوەتەوە و باسێک لە کوردبوونی ئەو ناکرێت و دەگوترێ کە ئەو خۆپیشاندانانە دژکردەوەیەکە دژی حیجاب؛ هەروەها دێت لەهەمبەر ناوی ژینا کە ناوێکی کوردییە بە زمانی دایکی ژینایە ناوێک کە لەلایەن حاکمیەتی فارسەوە بەسەریدا سەپاوە و تەنیا لە ناسنامەکەیدا بوونی هەیە بۆی دیاری دەکات. لە ڕاستیدا بە کارهێنانی ناوی مەهسا لەهەمبەر ژینادا هەوڵدانە بۆ پەراوێزخستنی ژینا بە هەموو توخمەکانی شوناسیەوە و گۆڕینی بۆ ئەو مۆدێلە کە ناسیۆنالیزمی سەردەست لای پەسەندە. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی ڕەسمی (ئێرانی) دەترسێت کە لە ڕێگەی ژیناوە پرسی کورد کە ئەو بە کێشە ناوی دەبات، کە ڕاستیدا ئەو کێشەی ئەوە بۆ کورد پرسی نەتەوەییە، وەک کێشەیەکی سیاسی سەر هەڵبدات و پارادۆکسە(تەزادە) نێوخۆییەکانی ئاشکرا بکات. ئەگەرچی خەبات بۆ ئازادی سنوورەکانی ئێتنیک، ڕەگەز و ئایین تێدەپەڕێنێ، بەڵام چاوپۆشیکردن لە ویستی ژینا بۆ ئەوەیکە وەک ژینا بناسێندرێ هەڵگری پەیامێکی مەترسیدارە بەو مانایە کە ئازادیی ئێران دەتوانێ بە مانی ئازادبوونی کورد نەبێ!، چونکە ئازادیی ئێران دەتوانێ دیسان زیندانێک بۆ کورد ساز بکاتەوە. بۆ نموونە فارسەکان دێن دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە نێو دڵی کۆمەڵگای کوردستان سەری هەڵ داوە و نیشانەی وشیاریی کۆمەڵگای کوردستانە بە سەر وای پیاو سالارانەی "مرد، میهن، ئابادی" لە بار دەبەن و دەڵێن کە پیاوی فارسەکە پارێزەری ئێرانە و ئەوە پیاوی فارسە کە بووەتە هۆی ئاوەدانیی ئێران ئەگەر ئەو نەبێ یەکگرتوویی نەتەوەیی هەڵدەوەشێتەوە. ئەگەر باس لە نیشتمانی پیاوی ئێرانی ئەکەین ئەوکات ئازادیی ژنی کورد وڵاتی ئێران دەخاتە مەترسییەوە. یان خود لە ئاستی نێو دەوڵەتیشدا دەبینین، کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە بێ ئاماژە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە بزاڤی کورد لە باکوورە سەرچاوە دەگرێت و لەنێو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە بە دروشمێکی سەرەکی، دەستی داوە بە زۆر ئاسمیلەکردنی ئەم دروشمە و لە هەموو شوێنە نێودەوڵەتییەکان و کەسایەتییە نێودەوڵەتیکان ئەو دروشمە وەک دروشمێکی فارسی و نێوخۆیی کۆمەڵگای فارس دەزانن تا وەکوو وەک پێشکەوتوویی کۆمەڵگای فارس بە جیهان نیشان بدەن. یان ئەگەر چاو لە میدیاکانی فارس زمانی دەرەوەی وڵات بۆ نموونە میدیایەکی ناسراو وەک ئیران ئینترنەشناڵ بکەین کە وا نیشان دەدات کە خەڵکی کوردستان خەڵکی ئێرانن و بەشێکی لە ئێران یان ڕوومالکردنی ڕووداوەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کە بە شێوەیەکی بێ بایەخ نیشانیان دەدات کە دەبینین سێ جار مانگرتنی گشتیی خەڵکی ڕۆژهەڵات کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە جۆری خۆیدا بێوێنەیە بە شێوەیەکی بێ نرخ ڕوومالّ دەکات یان خۆپیشاندانەکانی دیاسپۆرای کورد سانسۆر دەکات. چونکە هێما نەتەوەییەکانی کورد بە ئازادانە بە کار دەهێنن، دروشمە نەتەوەییەکانی کورد سانسۆر دەکات، کاریگەریی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان کز نیشان دەدرێت و باسێک لە توانایی هێزی پێشمەرگە ناکرێت. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەنیسبەت بەشەکانی دیکەی ئێران لە بواری سیاسییەوە ئاگاهییەکی زیاتری هەیە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کار و چالاکیی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان و خەباتی بێپسانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و پارێزگاریی ئەم هێزە لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کورد و هەروەها بوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و کار و چالاکیان لەنێو کۆمەڵگادا، کە ئەگەر تەنیا چاو لە دروشمگەلی جیاوازی خەڵکی ڕۆژهەڵات بکەین دەبینین کە ئاستی ئاگاهیی خەڵک تا چەندەیە و حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان و هێزی پێشمەرگە تا چەندە لەنێو خەڵکدا مەشروعییەتیان هەیە، کە خەڵک دروشمی "پێشمەرگە، پێشمەرگە پێویستیمان پێتانە"یان دوای مووشەکبارانی کەمپەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە وتەوە و خەڵک لە شارە جیاوازەکان دروشمی "هەموو خاکی ڕۆژهەڵات بووەتە قەڵای دێموکرات"یان وتەوە. یان دژ بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ئێران دروشمی "کوردستان، کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان"، "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی"، "ژینا ڕۆڵەی کوردستانە، کوژراوی دەستی فارسانە". ئەمانە هەمووی نیشان لە ئاگاهیی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان دەدات کە میدیا ئێرانییەکان لە هەوڵی شاردنەوەی ئەم دروشمانەدان، کە وتنی ئەم دروشمانە نیشانەی تەعەهودی نەتەوەیی خەڵکە بە نیسبەت خاکی کوردستان و خەڵک نیشانیان دا کە تەواوی هەوڵەکانی دەسەڵاتی سەردەست و ئێلیتی فارس نەیانتوانیوە کە بەو شێوەیە کە دەیانهەوێت کورد ئاسیمیلە بکەن و بیهێننە ژێر ڕکێفی ئەم نەزمە سەمبۆلیکەوە. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم کە شۆڕشی ژینا تەنیا شەڕ نییە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری، بەڵکوو شەڕێکە بۆ ناسنامە و پرسیارێک لە بەینی بوون و نەبووندا، ماوەی یەک سەدەیە کە ناسنامەی نەتەوەکانی ئێران لەلایەن دەسەڵاتداری فارسەوە بەپێی پیلان و بە زۆری سەرکوت بەردەوام دەشاردرێتەوە کە نەک لە هەلومەرجی ئێستادا بەڵکوو بەستێنێکی درێژی بۆ ئامادە کراوە و نەتەوەکانی دیکەی ئێران داوای ئەو مافە نەتەوەییانە دەکەن کە لێیان زەوت کراوە کە ناتوانن خۆیان وەک نەتەوەیەک نیشان بدەن و هەوڵی لادانی ئەو پەردە ڕەشە دەدەن کە وەک ناسیۆنالیزمی ئێرانی/فارسی لە بەرچاویان کێشراوە ئەوە تا بە ئێستاکە بووەتە کێشەیەکی گەورە و دەسەڵاتی فارس بەردەوام و بە زۆری سەرکوت، هەوڵی شاردنەوەیان هەبووە، کە ئیتر توانای شاردنەوەیان نەماوە وخەڵکی وەزاڵەهاتووی سەر شەقام شەڕ بۆ لابردنی عەمامە و هێنانی تاج و کۆت و شەڵوار ناکات، بەڵکوو داوای بەرابەری دەکات لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند، مافی ناساندنیان وەکوو کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکەمەن و هتد. کە ئەم داواکارییە لە دروشمی "نە سلطنت نە رهبری، دێموکراسی و برابری"دا بە جوانی ڕوون و ئاشکرایە کە تەنیا دێموکراسییە دەتوانێت پارێزگاری لە مافەکانی خەڵکی ئێرانی فرەنەتەوە بکات.

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = ١٠ی مای ٢٠٢٣ی زایینی

---

کۆکردنەوەی و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = مای ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com